# سیماكانی تازەكردنەوەی
# شیعری كوردی ١٨٩٨ – ١٩٣٢

**خودانێ ئیمتیازێ**
**حافظ قاضي**

**سەرنڤیسەر**
**مؤید طیب**

**مافێن چاپکرنێ د پاراستی نە**

- **ژمارا وەشانێ:** (١٠٩)
- **ناڤێ پەرتووکێ:** سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی ١٨٩٨ — ١٩٣٢
- **دانانا:** یادگار ڕەسول حەمەدەمین باڵەکی
- **دەرهینانا ناڤەرۆکی:** نازدار جزیری
- **بەرگ:** بەیار جەمیل
- **سەرپەرشتکارێ چاپێ:** زاگرۆس مەحموود
- **چاپا ئێکێ**
- **تیراژ:** (١٠٠٠) دانه
- **ژمارا سپاردنێ:** (     ) ل سالا ٢٠٠٥
- **چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ - هەولێر**



**ئەدرێس**
**کوردستانا عێراقێ – دهۆك**
**ئاڤاهیێ ئێکەتیا سەندیکایێن**
**کرێکارێن کوردستانێ**
**قاتێ سێیەم**
**تەلەفۆن: ٧٢٢٥٣٧٦ — ٧٢٢٢١٢٥**

**www.spirez.org**
**www.spirezpage.net**



**SPIREZ PRESS & PUBLISHER**
**دار سپیرێز للطباعة والنشر**

# سیماکانی تازەکردنەوەی
# شیعری کوردی
# ١٨٩٨ – ١٩٣٢

یادگار ڕەسول حەمەدەمین باڵەکی

٢٠٠٥

ئەم کتێبە، نامەیکی ماستەرە، پێشکێشی کۆلیژی پەروەردەی،
زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر، کراوە و بەشێکە بووە لە
پێویستییەکانی پلەی ماستەر لە ئەدبی کوردیدا.
نامەکە بەسەرپەرشتی د. فەرهاد پیربالّ قەساب بووە.

## پێشکەشە بە:

**گیانی بەهەشتیی دایکم**
**پێشکەشە**

# ناوەڕۆك


**پێشەكی** ............................................ ٩
**بەشی یەكەم** ......................................... ١٥
★ دەروازەیەك بۆ تازەگەری .................................. ١٧
★ هۆكار ەكانی سەرهەڵدانی تازەگەری لە شیعری كوردیدا........... ٢٧
★ ڕۆژنامەگەری و ڕەگە سەرتاییەكانی تازەكردنەوە................ ٤٩

**بەشی دووەم** ......................................... ٧٧
★ گۆڤارەكانی (ژین – ئەستەمبول – ١٩١٨) و (كوردستان – ئەستەمبول – ١٩١٩) و ڕۆلیان لە تازەكردنەوەی شیعری كوردیدا ................ ٧٩
★ عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەكاری و ڕوڵی لە تازەكردنەوەی شیعری كوردیدا..................................................... ٨٩
★ مستەفا شەوقی – قازی زادە و ڕۆڵی لە تازەكردنەوەی شیعری كوردیدا ..................................................... ١١١
**بەشی سێیەم** ......................................... ١٢٣
★ جموجوڵی بڵاوكردنەوەی شیعری كوردی لە گۆڤار و ڕۆژنامە كوردییەكاندا لە ماوەی ساڵانی ١٩٢٠ – ١٩٣٢ دا .............. ١٢٥
★ تازەكردنەوەی فۆڕمی شیعر .................................. ١٣٧
★ تازەكردنەوەی ناوەڕۆكی شیعر ............................... ١٥٩

**ئەنجام** ............................................. ١٧٩
**سوپاس وپێزانین** ....................................... ١٨١
**بیبلیۆگرافیا** ......................................... ١٨٣
**كورتەی باسەكە بە زمانی عەرەبی** ........................... ١٩٧
**كورتەی باسەكە بە زمانی ئینگلیزی** .......................... ١٩٩

# پێشەکی

(سـيماكانى تازەكردنـەوەی شـيعر-ـی كـوردی ١٨٩٨-١٩٣٢)، هەوڵێكـە بـۆ دەسـت نيشـانكردنی ئـەو گۆڕانكارييانـەی كـەوا بەسـەر فـۆڕم و نـاوەڕۆكی شـيعری بڵاوكـراوەی كوردی لە گۆڤار و ڕۆژنامەكاندا، هاتوون، لە ماوەی سـاڵانی ئامـاژە بـۆ كـراو دا. لـە ڕێـی ئەمەوەش ناساندن و ديارخستنی ڕۆڵی ئەو شاعيرانەيە، كە ئەو گۆڕانكاريانەيان ئـەنجام داوەو ڕۆڵيان لە تازەكردنەوەی شيعری كورديدا هەبووە.

سنووری باسەكەمان، لەگەڵ دەستپێكی ڕۆژنامەگەريی كوردی (ڕۆژنامەی كوردسـتان ١٨٩٨)، كە خاڵی دەستپێكی بڵاوكردنەوەی شيعری كورديشە، دەست پێـدەكات. هـەروەها لەگەڵ دەرچوونی يەكەم ژمارەی گۆڤاری (هاوار) لە ١٥- ٥ -١٩٣٢ كۆتايی پێـدێت، كـە لـەو كاتەدا و لە ڕێی ئەم گۆڤارەوە چەند چالاكييەكی تری شيعری كـوردی لـە شـام لـە سـەر دەستی قەدری جان و جگەرخوێن و كامەران بەدرخان و عوسمـان سـەبری و...، هاتنـە كايەوە.

هەڵبژاردنی بابەتێكی لەو جۆرە بە مەبەسـتی لێـدوان و ئەنجامـدانی توێژينـەوە لـە بارەيەوە، بۆ چەند هۆيەك دەگەڕێتەوە، گرنگترينيان:

١- گۆڤار و ڕۆژنامە كورديەكانی ئەم ماوەيە گەنجينەيەكی گەورەی ڕۆشنبيريی كـوردين، كە بەشێك لە پانتايی سەر لاپەڕەكانييان بۆ شيعر تەرخان كراون. ساغ نەكرانەوەی بەشێكی زۆر لەو شـيعرانە و نـەبوونی يـان كـەمی بـاس و لێكۆڵينـەوە دەربارەيـان و مانەوەيان بەبێ ئاوڕلێدانەوە، لە هۆ سەرەكيەكان بـوون بـۆ ئـەوەی ئـەم باسـەی بـۆ تەرخان بكەين.

٢- كە لە تازەكردنەوەی شيعری كوردی دەدوێين، لەو باوەڕەوە بۆی دەچين كە شـيعر تـا بڵاونەكرێتــەوە و كەسـانێكی زۆر لــە ڕێـی بڵاوكراوەكانــەوە پێـی ئاشـنا نــەبن، كاريگـەرييەكی ئـەوتۆ دروسـت ناكـات. لـە سـنووری ئـەو تێڕوانينـەوە و بـۆ ئـەوەی بتوانين بە گوێرەی ڕێڕەوی مێژوويی سيما تازەكانی شـيعری كـوردی دەسـت نيشـان

بکەین، گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی ئەو ماوەیەمان هەڵبژارد و لە سەر بنچینەی زووتر بڵاوکردنەوەی شیعر، ئەو گۆڕانکاریانەمان دەرخستوون کە قۆناغێك لەگەڵ قۆناغی پێش خۆی جیادەکەنەوە.

نووسین لەبارەی تازەکردنەوەی شیعری کوردییەوە پیکهاتەی کۆمەڵێك کتێب و لێکۆڵینەوەی جۆراو جۆری نووسەرانی کوردە و هەریەکەیان کەم تا زۆر هەوڵیان داوە لایەنە شاراوەکانی ئەم بابەتە ئاشکرا بکەن. بەڵام جیاکاری ئەم باسەی ئێمە لەگەڵ ئەواندا لە دوو خاڵی سەرەکی دایە:

١- ئەو لێکۆڵینەوانەی بۆ تازەکردنەوەی شیعری کوردی تەرخان کراون، زیاتر لە شیعری دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و سنووردارتر لە ساڵانی بیستەکان دەست پێدەکەن. هەرچی باسەکەی ئێمەیە بە بەڵگەوە ڕەگە سەرەتاییەکانی تازەکردنەوە بەر لەو ماوەیە دەست نیشان دەکات.

٢- زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی پێشتر کە لەم دیاردەیە دواون، لەسەر بنچینەی بڵاوکرانەوەی شیعر لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا نەکراون و زیاتر هەوڵیان داوە چەند شیعرێکی شاعیرانی ئەو ماوەیە لە ڕێی دیوانەکانیانەوە وەربگرن. لە کاتێکدا لە باسەکەی ئێمەدا وێڕای ئەوەی کە ئەو شیعرانە وەرگیراون کە لەو ماوەیەدا بڵاوکراونەتەوە، ڕۆڵی چەند شاعیرێکیش دەرخراوە کە تائێستا باس لە خۆیان و شیعرەکانیان نەکراوە یان بە کەمی باسکراون.

دیارە هەر کارێك ئەنجام بدرێ بەبێ گرفت بەڕێوە ناچێت، بەڵام لە ڕێی هەوڵی بەردەوامدا دەکرێ بەشێك لەو گرفتانە چارەسەر بکرێن. گرفتی ئێمەش لەم باسەدا بە پلەی یەکەم بریتی بوو لە بە ئەستەم دۆزینەوەی تێکڕای ژمارەکانی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی لە ماوەی ساڵانی ١٨٩٨-١٩٣٢ دەرچوون، بەڵام دوای گەڕان و پرسیارکردنێکی زۆر توانیمان تا ڕاددەیەکی باش بەسەر ئەم گرفتەدا زاڵ ببین و زۆربەی ژمارەی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی ئەو ماوەیە بدۆزینەوە، کە شیعریان تێدا هەیە. هەروەها کۆنی ڕێنووسی شیعرەکان و وەرگێڕانی بۆ سەر ڕێنووسی ئێستا گرفتێکی تر بوو، کە ماوەیەکی تەواوی لێ گرتین تا توانیمان بە سەر ئەم گرفتەشدا زاڵ ببین.

ناوەڕۆکی باسەکە، بێجگە لە پێشەکی، لە سێ بەش و ئەنجامەکانی کارکردنەکە پێك هاتووە.

لە بەشی یەکەمدا وێڕای ناساندنی چەمکی تازەگەری و بە کورتی دیاریکردنی قۆناغەکانیی لە شیعری تورکی و عەرەبی و فارسیدا، باس لەو هۆکارانە کراوە کە بوونەتە زەمینە و ڕێخۆشکەر بۆ تازەبوونەوەی شیعری کوردی، لە ناویشیاندا بە فراوانتر باس لە ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری لەسەر ئەو تازەبوونەوەیەدا وەك هۆکارێکی کاریگەر کراوە و لەوێشدا ڕەگە سەرەتاییەکانی تازەکردنەوە و بەتایبەتی لە شیعرە بڵاوکراوەکانی حاجی قادری کۆیی دەست نیشان کراوە.

لە بەشی دووەمیشدا، دوابەدوای باسکردنی جموجۆڵی بڵاوکردنەوەی شیعر لە گۆڤارەکانی (ژین-ئەستەمبول-١٩١٨) و (کوردستان-ئەستەمبول-١٩١٩)، ڕۆڵی هەریەك لە شاعیرانی تازەکەرەوە عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری و مستەفا شەوقی-قازی زادە دیاری کراوە.

لە بەشی سێیەمیشدا، وێڕای باسکردنی جموجۆڵی بڵاوکردنەوەی شیعر لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ماوەی نێوان ١٩٢٠-١٩٣٢ و دیارخستنی ناو و ژمارەی شیعرەکانی تێکڕای ئەو شاعیرانەی کە شیعریان بڵاوکراوەتەوە، لە دوو باسی تایبەت بە فۆڕم و ناوەڕۆك، باس لە هەموو ئەو داهێنان و ڕەگەزە تازانە کراوە، کە لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠-١٩٣٢ هاتوونەتە ناو شیعری بڵاوکراوەی کوردییەوە.

لە ئەنجامەکانیشدا بە کورتی هەموو ئەو لایەنە گرنگانەمان دەرخستوون، کە لە دووتوێی ئەم باسەدا پێیان گەیشتووین.

**یادگار ڕەسول باڵەکی**
**سێشەممە ٩- ٩- ٢٠٠٣**
**سۆران**

# تێبــيني

١- له سەرچاوه و پەراوێزی سەرچاوەکاندا پشتمان به سیستمی (کۆد- خـزن) بەستووه؛ هـەر سەرچـاوەو ژمـارەی تایبـەتی خـۆی هەیـە و بـە گـوێرەی ڕیزبەنـدی پیتـە ئەبجەدیەکان بۆ ناوی نووسەران سەرچاوەکان ڕیزکراون.

٢- له گۆڤار و ڕۆژنامه کوردییه کۆنەکاندا که بنچینەی کارکردنی ئێمەن و شیعریان لێ وەرگیراوه و بەشێکیشن لـه سەرچاوەکان، سیستمی ئەبجەدی بـۆ نـاوی نووسـەران بەکار نەهێنراوه، ئەویش له بەر دوو هۆ:

أ - لەو سەرچاوانەدا هی وا هەبوو چەندین شیعری تێدا هەبوو. بـۆ هـەر شـیعره و بـه جیا ئاماژەکردن به سەرچـاوەکه و دووبارەبوونـەوەی چـەند جـارەی سەرچـاوەیەك له لایەك وای دەکرد که ژمارەی سەرچاوەکان زۆر زیاتر بـێ لەوەنـدەی کـه هەیـه و لەلایەکی تر تووشی کۆمەڵێك کەموکورتی تر دەبووین.

ب- وامان به چاکتر زانی ئـەو سەرچـاوانه لەسـەر بنچـینەی مێـژووی بڵاوبوونـەوەیان ڕیزبکرێن، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دیارتر مێژووی
بڵاوبوونەوەی ژمارەی هەریەك لەو گۆڤار و ڕۆژنامانه بەرچاوبکەون.

# بەشی یەکەم

- دەروازەیەك بۆ تازەگەری
- هۆکارەکانی سەرهەڵدانی تازەگەری لە شیعری کوردیدا
- رۆژنامەگەری و ڕەگە سەرەتاییەکانی تازەکردنەوە

# دەروازەیەك بۆ تازەگـــەری

## ▪ چەمكی تازەگەری

تازەگەری چەمكێكی فراوانە. لە زمانی كوردیدا، ئەم زاراوەیە چەندین فۆڕمی تـری بۆ بەكار هێنراوە، وەكو (نوێخوازی، نوێگەری، تازەگەرایی، نوێگەرایی...)، زێتریش ئەم فۆڕمانە بـۆ یـەك مەبەسـت بـەكار هێنـراون و كـەم وابـووە جیاكارییـەك لـە نێوانیانـدا كرابێ. لە كاتێكدا لە زمانە ئەوروپیـەكان و لـە زمـانی عەرەبیشـدا چـەمك و مەبەسـتی هەندێ لەو زاراوانە لە یەكتر جیایە، بۆ نموونە لـە زمـانی ئینگلیزیـدا هـەردوو زاراوەی (Modernism) و (Innovation) هەن، لە زمانی عەرەبیشدا (حداپـە) و (تجدیـد) لە بەرامبەریان دانراون. هەریەك لەو دوو زاراوانە چ لە زمـانی ئینگلیـزی چ لـە زمـانی عەرەبیدا پێناسەی جیاجیایان بۆ كراوە.

(مـۆدێرنیزم- حداپـە) ڕەگوڕیشـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوروپاو (بـەو بزووتنـەوەو ئاراستە نێو دەوڵەتیانەی بواری هونەرە چالاكەكان دەوترێت، كـە لـە دوای كۆتاییـەكانی سەدەی نۆزدە سەریان هەڵداوە)(٢٢١:٣٩٩)، هەرچی(تجدیـد-Innovation )ە، لـە ڕووی كات و شوێنەوە فراوانترە، بەو مانایەی كە ڕەنگە لە هەموو سەردەمێك و شوێنێك شتی (تازە) بێتە ئاراوە. لێرەدا نامانەوێ باس لە ناواخنی مـۆدێرنیزم بكـەین بەقـەد ئـەوەی كـە دەمانــەوێ چــەمكی (تجدیـد-Innovation )) بناسـێنین -كـە ئێمـە زاراوەی (تازەگـەری) مـان بـۆ بـەكار هێنـاوە-. بنەچـەی ئـەم زاراوەیـە دەگەڕێتـەوە بـۆ وشـەی (نۆڤاتۆر)ی لاتینی(٥:١٧٦) و كۆمەڵێك پێناسەی جۆراوجۆری بۆ كراوە لەوانە، تازەگەری بریتییە لە:

- ★ (شتێكی تازە خستنە ناو شتێكی جێگیر، دەرچوون لە لاسایی كردنەوە) (١٨٥:١٨٢)
- ★ (كردارێك یان حاڵەتێكی سەرەتایی تازەبوونەوەی شتێك)(٢٢٢:١١٦٦)
- ★ (زیادكردن و داهێنان لە سیماكانی ژیاندا)(١٨٤:٢٩٤)

* (داهێنان، داهێنانیش ئازادییە، چونکە ڕێ بە توانایی مرۆڤ دەدات بۆ دەرچوون لە لاسایی کردنەوە)(١٦:١٩٤)
* (کۆنی دەستکاریکراو)(١٤٠:٤٣)

لەم پێناسانەی سەرەوەدا دەکرێ چەند تایبەتیەکی تازەگەری هەڵبهێنجین، لەوانە:

١- بۆ هەموو (تازە)یێك پێشتر (کۆن)ێك هەیەو بە پێوانەکردن لەگەڵ ئەو کۆنە، ناونراوە(تازە) ئەو تازەیەش ڕەتکردنەوەو بە پەراوێزکردنی (کۆن)ەکە نییە، بەڵکو جولاندن و دەستکاری کردنیەتی و ئازاد کردنیەتی لەو کۆت و بەندانەی کە بەهۆیانەوە وەستاوو جێگیرە.
٢- هەموو تازەگەرییەك لاسایی کردنەوەی لە پێشە. لەگەڵ گەیشتنە لوتکەی لاسایی کردنەوە، ئیتر کۆتایی بەخۆی دەهێنێت و شتێکی تازە دێتە ئاراوەو، لە ڕێگەی ئەو زیادکردن و داهێنانانەی کە لەو ماوەیەدا دروست دەبن، پێداویستیە سەرەتاییەکانی تازەگەری بەدیار دەکەون، کەواتە وێڕای ئەو مامەڵەی (تازە)لەگەڵ (کۆن)دا دەیکات، (داهێنان) دەبێتە ڕەگەزی سەرەکیی تازەگەری.
٣- تازەگەری بە پێچەوانەی هەندێ چەمکی تر نەبەستراوەتەوە بە کات و شوێن، هەموو تازەیەك ڕۆژێك دادێت کۆن دەبێت، وەکاتێك ئەزموونێکی تازە سەرهەڵدەدات گفتوگۆیەك لەبارەیەوە دێتە کایەوە، ئەم گفتوگۆیە دیاردەیەکی زیندووە بۆ هەموو بزووتنەوەیەکی تازەگەری(٢٩:١٨٨)

تازەگەری تەنها تایبەت نییە بە بوارێك یان شتێك بەڵکو هەموو شتێك لە ژیاندا لە تازەبوونەوەی بەردەوامدایە. ئێمە کاتێك لە شیعر ئەدوێین، ئەوە ئەدەب بە گشتی و شیعریش بە تایبەتی، ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەیە کە بەسەر کۆمەڵگەدا دێت، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە هەر گۆڕانکارییەك بەسەر کۆمەڵگەدا بێت، ڕەنگدانەوەی دەبێت بۆ سەر شیعر، دواجار تازەیی شیعر لە منداڵدانی ئەو گۆڕانکاریانەوە لە دایك دەبێت. ئەو تازەییەی شیعریش وەك هەر بوارێکی تر واتای ڕەشکردنەوەی کۆن ناگەیەنێ و، (ئەدۆنیس) گوتەنی (ئەوەی وەك

شیعر نوێیەو ئەوەی وەك شیعر کۆنە لەگەڵ یەکتر ناکۆك نین، هەر لە بنەڕەتیشدا ناکۆك نەبوونە)(١١٨:٣)، بەڵکو بەردەوامبوونیەتی بەڵام بە ڕەنگێکی جیاوازتر.

مەسەلەی (کۆن) و (تازە)یی لە شیعردا وەنەبێت تایبەت بێت بە میللەتێکی دیاریکراو، بەڵکو دەشێ لەناو ئەدەبییاتی هەر میللەتێکدا ڕووبدات. (ئەریستۆفانس) کە یەکێکە لە نووسەرە دیارەکانی گریك و لەسەدەی پێنجەمی پێش زایینـدا ژیاوە لە شانۆگەریی (بۆقـەکان)دا، بایـەخێکی تـەواوی بـە مەسـەلەی کـۆنی و تـازەیی شـیعر داوە(٢١١:١٧٥). لـە ئـەدەبییاتی هـەر میللەتێکـدا لەگـەڵ سـەرهەڵدانی هـەر شـاعیرێکی ناودارو خاوەن بەهرە، شتی تازە خزاوەتە ناو ئـەدەبییاتی ئـەو میللەتـەو (وەك شتێکی بەدیهی هەر سەدەو چەرخێك جۆرە شاعیرو نووسەرێك دەهێنێتـە کایـەوە کـە لەگـەڵ باری گۆڕانکاری نوێی کۆمەڵگەکەدا بگونجێت ئەمیش وەك دیاردەیەکی مێـژوویی خـۆی دەچەسپێنێتە سەر شاعیرو نووسەری سەدە نوێ یەکە، چونکە هەر سەردەمێك بە پێی گۆڕانی باری ئابووری و کۆمەڵایـەتی دانیشـتوانی تایبـەتی خـۆی هەیـە، دەبێت شاعیرو نووسەرانی ئەم کۆمەڵگایە تازەیـە خـاوەنی بیروبـاوەڕو ئایـدۆلۆجێکی تایبـەتی هـەبێت، بەچاوی سەدە نوێ یەکەوە بڕوانێتە کۆمـەڵ)(٧٢:١٤). کەواتـە هـەروەك (تازەگـەری) لـە بـواری شـیعردا تـەنها نەبەسـتراوەتەوە بـە میللـەتێکی دیـاریکراوەوە، بەهـەمان شـێوەش نەبەسـتراوەتەوە بـە سـەردەمێکی دیـاریکراوەوە، بـەڵکو هـەر سـەردەمێك تایبەتمەنـدیی خۆی هەیەو خۆشی شیعری تازە بۆ خۆی دەخوڵقێنێ.

لە مێژووی ئەدەبییاتی کوردیدا لەگەڵ سـەرهەڵدانی هـەر یـەك لـە شـاعیرانی وەکـو بابـا تـاهیری هەمـەدانی و مـەلای جزیـری و ئەحمـەدی خـانی و نـالی و گـۆران و ...، شـیعری تـازە –بـەگوێرەی ئـەو سـەردەمانەی خۆیـان- هاتۆتـە ئـاراوە. هەریـەکیش لـەو شاعیرە کوردانە لـە ئـەنجامی ئـەو بارودۆخـەی ڕووبـەڕوویان بۆتـەوە، یـان بـەهۆی ئـەو هۆکـارە نـاوەکی و دەرەکیانـەی کاریگـەرییان بەسـەریانەوە هـەبووە، توانیویانـە گۆڕانکارییـەك لـە شیعردا بکـەن و شـتێك بێننـە ئـاراوە کـە سـەرەڕای هـەبوونی خـاڵی هاوبـەش لەگـەڵ پێشـتر، چـەند تایبەتمەندییـەکی خۆیـان هـەبێ، کـە ڕەنگـە پێشـتر نەبووبن.

بارودۆخی کوردستان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم و سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك گۆڕانکاری بووەوە. لە ئەنجامی ئەو هۆکارە ناوەکی و دەرەکیانـەی

بەسەر کۆمەڵگەدا هاتن، ئەدەب بە شێوەیەکی گشتی و شیعریش بە تایبەتی ئەوەی بەرکەوت کە گوزارشتێکی تازە لەو بارودۆخە تازەیە بکات و وێنایەکی ئەو سەردەممان بۆ بکات. بۆیە دەبینین سەرەتای گۆڕانکاری لەشیعرداو لەو ماوەیەدا زیاتر لە ناوەڕۆکەوە بووەو دوا بە دوای ئەویش شاعیران بەرە بەرە ڕوویان کردە تازەکردنەوەی فۆڕمی شیعری و، لەمەوە قۆناغێکی تازەی شیعری کوردی دروست بوو.

## ▪ تازەکردنەوەی شیعر لە لای تورکەکان

ئەدەبی تورکی بە گشتی تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم، کەوتبووە ژێر کاریگەری ئەدەبی عەرەبی و فارسی. لە(٣)ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٣٩ لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە دەستووری (فرمان التنقیمات) دەرچوو، کە دەستوورێکی چاکسازی کۆمەڵایەتی تایبەت بوو بە پاراستنی ماڵ و سامانی خەڵك و هەڵگرتن و کەم کردنەوەی باج و کرێ لەسەر هاوڵاتیان. ئەم دەستوورە کاریگەری هەبوو لەسەر باری ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە دەوڵەتی عوسمانیدا و دوای نزیکەی بیست و یەك ساڵ بەسەر دەرچوونی ئەم فەرمانەدا، نووسەری ناوداری تورك (ئیبراهیم شناسی) (١٨٢٦-١٨٧١ز) لە ساڵی ١٨٦٠ ڕۆژنامەی (ترجمان الاحوال)ی دەرکرد، ئەوەی لەو ڕۆژنامەیەدا تایبەت بوو بە ئەدەب زیاتر بریتی بوو لە لاسایی کردنەوەی ئەدەبی ئەورووپی، بەتایبەتی ئەدەبی کلاسیکی فەڕەنسی، هەریەك لە (شناسی و ئەحمەد وەفیق پاشا و نامق کەمال و ئەحمەد مەدحەت ئەفەندی) لە نووسەران و شاعیرە ناودارەکانی ئەو ڕۆژنامەیە بوون(٢٤:١٩٩). دوا بەدوای ئەم هەوێنەی تازەکردنەوەش، چەند بزاڤ و قوتابخانەیەکی تازەگەریی ئەدەبی دروست بوون، گرنگترینیان ئەمانە بوون:

### أ- بزاڤی ئەدەبی تازە:

ئەم بزاڤە بەدەرچوونی گۆڤاری (پروت فنون) لەساڵی ١٨٩٦-١٩٠١دا دەست پێدەکات، کە کۆمەڵێك لاوی تورك، بە ڕابەرایەتی (ڕەجائی ئەکرەم زادە) بڵاویان دەکردەوە، گرنگترین شاعیرانی ئەم گۆڤارە بریتی بوون لە (تۆفیق فکرەت، جەناب شەهابەدین، حسێن سیرەت، حسێن سوعاد، عەلی ئەکرەم، فایەق عەلی، جەلال ساهیر)، کە ئامانجی

سەرەکیان تێکدانی ئەدەبی (دیوان)ی کۆنی کلاسیکی و پابەند بوون بە ئەدەبی ڕۆژئاوایی(١٩٨:٤٦) و دەرچوون لە سیستمی قەسیدەو پابەند بوون بە یەکێتی بابەت بوو(١٩٩:٢٥).

**ب- ئەدەبی تورکی لە سەدەی بیستەمدا(١٩٠١-١٩٢٣):**

لەسەدەی بیستەمدا پێشکەوتنێکی گەورە لە گۆڕەپانی ئەدەبی تورکی سەری هەڵدا، بە تایبەتی لە بواری شیعردا، هەوڵی شاعیرەکان بریتی بوون لە بەتورك کردنی زاراوەکان و زمانی شیعری و بەکار هێنانی کێشی هیجائی تورکی، لە جیاتی کێشی عەرووزی عەرەبی، هەروەك لە ناوەڕۆکیشدا زیاتر بەرەو هەستێکی نەتەوەیی چوون. گرنگترینی ئەو بزاڤە ئەدەبییانەی کە لە ماوەی چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا سەریان هەڵدا بریتی بوون لە:

١- ***بزاڤی (فەجری ئاتی) (١٩٠١-١٩٠٨):*** لەگەڵ داخرانی گۆڤاری (پروت فنون) لەساڵی١٩٠١، ڕێگە خۆش بوو بۆ سەرهەڵدانی ئەو بزاڤە لە ڕێگەی کۆمەڵێك لاوی تورك، کە ناویان لە خۆیان نابوو (کۆمەڵی فەجری ئاتی) (١٩٩:٢٦). ئامانجی سەرەکییان بریتی بوو لە پێشخستنی زمان و ئەدەب و زانستە کۆمەڵایەتییەکان و بهرهمەندەکان بۆ زیاتر بایەخ دان بە تواناکانیان (١٩٨:٥٠). دیارترین شاعیرانی بریتی بوون لە (جەلال ساهیر، ئەحمەد هاشم، تەحسین ناهد، ئەمین دولاند، شەهابەدین سلێمان...).

٢- ***بزاڤی ئەدەبی نەتەوەیی(١٩٠٨-١٩٢٣):*** ئەم بزاڤەش لە ناو کۆمەڵێك لاوی تورکی و لە دوای ئینقلابی عوسمانییەکان لە ساڵی ١٩٠٨ دا سەری هەڵداو، تا مێژووی ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣ بەردەوام بوو. ئامانجی ئەم کۆمەڵە لاوە بریتی بوو لە:

***یەکەم:*** گەڕانەوە بۆ سەرچاوە نەتەوەییەکان و سوود وەرگرتن لێیان و ڕەت کردنەوەی کاریگەری دەرەوە.

***دووەم:*** بایەخ دان بە مەسەلەکانی نیشتمان و ژیانی تورکی و قۆستنەوەیان بۆ ناو بەرهەمە ئەدەبییەکان

***سێیەم:*** واز هێنان لە کێشی عەرووزی عەرەبی و گەڕانەوە بۆ کێشی هیجا (٥١:١٩٨)

ناودارترین شاعیرانی ئەم بزاڤەش بریتی بوون لە (محەممەد عاکف١٨٧٣-١٩٣٦، یەحیا کەمال بەیاتلی١٨٨٤-١٩٥٨، محەممەدئەمین یورداقول١٨٦٩-١٩٤٤، ڕەزا تۆفیق١٨٦٨-١٩٤٩، فاروق نافز و زیا گوك ئەلب) کە لە ساڵی ١٩١١ گۆڤاری (گەنج قەلەملەر-قەلەمی لاوەکان) یان لە شاری (سلانیك) دەردەکرد(٢٨:١٩٩)

٣- ***بزاڤی ئەدەبی کۆماری:*** لە دوای ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣دا بانگەوازی لە دایك بوونی ئەدەبێکی تازە ڕاگەیەنرا، کە تێکەڵ بوو لە ئیسلامییەتی (محەممەد عاکف) و تۆرانییەتی (زیا گوك) و ڕۆمانسییەتی (یەحیا کەمال) و ڕەمزییەتی (ئەحمەد هاشم)، کە باڵیان بەسەر ژیانی ڕۆشنبیری لە تورکیادا کێشابوو. تازەکردنەوە لە لای ئەم بزاڤە زۆربەی بوارەکانی ژیانی ڕۆشنبیریی لە تورکیای تازە گرتبووەوە؛ زمان، شێوەی شیعر، کێش، هونەرەکانی ئەدەب، ڕوونی ئامانجەکان(٢٨:١٩٩). هەر لە ناو ئەم کەشەشدا (نازم حکمەت)ی شاعیری گەورەی تورك هەڵکەوت، کە دەنگێکی تازەو شاعیرێکی ئازادیخواز و مرۆڤدۆستی ناو ئەو بزاڤە بوو و خاوەنی تەکنیکێکی تازە بوو لە شیعرداو پشتی بە کێشی هیجای تورکی و قالبی شیعری ئازاد دەبەست و لەم ڕووەوەش زیاتر کاریگەریی بۆدلێر و مایکۆفسکی لەسەر بوو(٣١:١٩٩).

لەگەڵ دەرچوونی گۆڤاری (وارلق) لە ساڵی١٩٣٠دا، کەلە لایەن (نازم حکمەت) و کۆمەڵێك شاعیری دیکەی لاوەوە دەردەچوو، شیعری تورکی بەرەو پێشچوونێکی باشی بەخۆوە بینی و ئەنجامەکەشی لێکەوتنەوەی چەند کۆمەڵ و بزاڤێکی تر بوو لە وانە (بزاڤی تەغریب-غەریبچیلەر) (٦٦:١٩٨).

## ▪ تازەکردنەوەی شیعر لە لای عەرەبەکان

یەکەم تازەکردنەوە لە شیعری عەرەبی بەشێوەیەکی دیار لە سەرهەڵدانی (موەششەح)* ەوە لە سەدەی سێیەمی کۆچیدا دەست پێدەکات. بەڵام ئەوەی پەیوەستە بەو ماوەیەی کە ئێمە لێی دەدوێین ئەوەیە کە لە سەدەی نۆزدەمدا ئەدەبی عەرەبی وەکو هەر بوارێکی دیکەی ژیانی عەرەبی گۆڕانکاری بەسەر داهات، کاریگەریی بیری ڕۆژئاوایی لەسەر بیری عەرەبی لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەمدا دەستی پێکرد، بەڵام ڕەنگدانەوەی بۆ سەر ئەدەب هەندێك درەنگترەو دەکرێ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە بە سەرەتای سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی ئەدەبی دابنێین لە ناو شیعری عەرەبیدا و بە تایبەتی لە وڵاتی میسردا. سەر ئامەدیی وڵاتی میسریش لەبەر چەند هۆکارێکە، لەوانە:

١- جیا بوونەوەی وڵاتی میسر لە دەسەڵاتی عوسمانی لە سەر دەستی (محەممەد عەلی پاشا)دا.
٢- ناردنی نێردراوی زانستی و قوتابیان بۆ خوێندن لە زانکۆکانی ئەوروپا لە ساڵی ١٩٢٦ ەوەو کاریگەریی ئەوروپا لە ڕێی ئەم نێردراوانەوە.
٣- لە ئەنجامی گەندەڵیی ژیانی سوریاو لوبنان لەو ماوەیەو کۆچکردنی نووسەرو ڕۆشنبیرە لوبنانیەکان لە وڵاتی خۆیان، وای کرد کە میسر بە تەنیا خاوەنی بزووتنەوەکە بێت (٢١٠:٢٩)

لە عیراقیشدا سەرەتای سەدەی بیستەم و ڕاگەیاندنی (دەستور)ی عوسمانی لە ساڵی ١٩٠٨دا دەکرێ بە سەرەتایەك دابندرێت بۆ تازەبوونەوەی شیعری عەرەبی لە عیراقدا و تەنانەت لە هەندێ وڵاتی تری عەرەبیشدا (١٨٩:١٨)

لە ئەنجامی سەرهەڵدانی کۆمەڵێك شۆڕشی وەك؛ شۆڕشی میللی میسر لە ساڵی١٩١٩دا بە مەبەستی ڕێگرتن لە (سەعد زەغلول) لە سەفەری پاریس، شۆڕشی میللی

---

* موەششەح: (لە بنچینەدا هونەرێکی ئەندەلوسییە و لە دەوروبەری سەدەی سێیەمی کۆچیدا لە ئەندەلوس سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە و لەوێوە بە شوێنی تردا بڵاوبۆتەوە) (٢٤:٢٥٤)، هەروەها سیستمێکی شیعریی ئاڵۆزە و جیایە لەگەڵ قەسیدەی کۆن، شیعرێکی پارچەپارچەییە و زیاتر لە یەك کێش و سەروای هەیە (٢٠٤:٢٤٨)

عــيراق دژى ئينگليــز لــه ســاڵى ١٩٢٠دا، شۆڕشــى ســەربەخۆيى ســوريا لــه ســاڵى ١٩٢٥،...(٣٤:٢١٠)، ئەدەبياتى عەرەبيش بوژايەوە. گرنگترينى ئەو بزووتنەوەو قوتابخانە ئەدەبيانەى کە لەو ماوەيەدا دروست بوون بريتى بوون لە:

١- **قوتابخانەى (ديوان) لە ميسر:** مێژووى ئەم قوتابخانەيە لـە مێـژووى بڵاوکردنـەوەى کتــێبى(ديــوان)ەوە لــه ســاڵى ١٩٢١دا دەســت پێــدەکات(١٤٨:١٨٣). پێڕەوانــى ئــەم قوتابخانەيە بەرهەمەکانيان ڕەنگدانەوەى تێکەڵکردنى هەردوو ڕۆشنبيريى عـەرەبى و ڕۆژئاوايى بوون و کاريگەر بوونە بـە شـاعيرانى نـاودارى وەکـو شکسـپيرو شـيللى و بـايرۆن و وۆردس وۆرس و کۆلـدرج و.... هـەروەها پێشـەوايانى ئـەو قوتابخانەيـە بــريتى بــوون لــە (عــەباس مــەحموود عــەقاد١٨٨٩-؟) و (عەبـدولڕەحمان شـوکرى ١٨٨٦_١٩٥٨) و (ئيبراهيم عەبدولقادر مازنى ١٨٩٠-١٩٤٩) (١٦٨:١٨٣).

٢- **قوتابخانەى شاعيرانى (مەهجەر):** سـەرەتاکانى سـەدەى بيستەم بـە سـەرەتاى پەيـدا بـوونى شـاعيرانى مەهجـەر دادەنرێـت و لـەماوەى شـەڕى يەکـەمى جيهانيشـدا بـە ئاشکراتر بە ديار کەوتن(١٧:٢٠٢). شاعيرانى عەرەب کە وڵاتى خۆيان بە جێ هێشت، دوو هۆکارى سەرەکى واى لێکردن لە تاراوگەدا داهێنان لە شيعردا بکەن:

أ- ڕووبەڕووبوونــەوەى ژيـانێکى تـازە کـە تيايـدا جۆرێـك لـە بـەردەوامى ژيـان و بەدەست هاتنى هەموو پێداويستيەکانى ژيانى تێدابوو.

ب- يادکردنەوەيـەکى گـەرمى خـاك و نيشـتمان، بۆيـە هەسـتى نيشـتمانپەروەرى بـە شـێوەيەکى بەرچـاو لـەناو شـيعرەکانياندا ڕەنـگ دەداتـەوەو مەسـەلەى تـيرۆرى سياسى و داگيرکردنى خاکى عـەرەب و کـەبت کردنـى چێژەکانى عـەرەبى لـەناو شيعرەکانياندا هەيە. (ئيليا ئەبو مـازى ١٨٨٩-؟) نموونەيـەکى هـەرە بـەرزى ئـەو قوتابخانەيە(١٩٣:١٨٣).

هۆکارەکانى سەرهەڵدانى ئەو قوتابخانەيە بۆ ئەو بارودۆخـەى سـاڵانى نێـوان (١٩٢٥-١٩٣٢) لە ميسر دەگەڕێتەوە، کە ژيانيان جۆرێك بوو لە گەڕانەوە بـۆ دواوەو زاڵ کردنـى دەسەڵات بەسەر کۆمەڵدا. لەم بارودۆخـەدا شـاعيران هەسـتيان بـە ڕاکردنـى دەروونـى و گريانێکى ڕوحى کرد و ئـەو جۆرە ژيانـەيان پـێ ڕەوا نـەبوو. بۆيـە دەبيـنين زيـاتر بـە

قوتابخانەی ڕۆمانسی ناسراون، کە هەمیشە ویستویانە لە دەست ئەم ژیانە ڕابکەن. ئـەو قوتابخانەیـە (ئەحمـەد شـەوقی)یـان بـە ڕابـەری خۆیـان دانـا(١٨٣:٢٤٥-٢٤٩) و هـەروەها (ئەحمــەد زەکـی و ئـەبو شـادی و ئیـبراهیم نـاجی و ئـەبو قاسـم شـابی و حەسـەن کامـل سـەیرەفی و هەمشـەری و مـەحموود حەسـەن ئیسـماعیل) لـە نـاودارانی ئـەو قوتابخانەیە بوون.

لە عیراقیشدا دوابەدوای ساڵی ١٩٠٨ کۆمەڵێك شاعیر هەڵکەوتن، کە هـەوڵیان دەدا لـە ڕێسـاو دەسـتوری شـیعری کلاسـیکی دەربچـن، ناودارترینیـان بـریتی بـوون لە(عەبدولموحسین کازمی ١٨٧٠-١٩٣٥) کە بە شاعیرێکی بانگەوازکار بۆ چاکسازی ناسراوە، (جـەمیل سـدقی زەهـاوی ١٨٦٣-١٩٣٦) کـە خاسـیەتی شـیعرەکانی بـریتین لـە ئاسـانی دەربڕین و مانای ئاشکراو چارەسەر کردنی کێشە فەلسەفی و کۆمەڵایەتیـەکان (١٨٩:٢٦)، هـەروەها (مـەعروف عەبدولغـەنی ڕەسـافی ١٨٧٣-١٩٤٥) کـە هەرسـێ قۆنـاغی (عوسمـانی- بـەریتانی- مەلـەکی) بینیـوەو زیـاتر بـە شـاعیرێکی سیاسـی ناسـراوەو شـیعرەکانی گوزارشت لە وەستان دژی داگیرکەرو دەست بەسەر داگرتن و، ڕوحی نەتـەوەیی عـەرەبی دەکەن (١٨٩:٣٤).

## ▪ تازەکردنەوەی شیعر لە لای فارسەکان

شۆڕشـی (مەشـروتیەت ١٩٠٥-١٩١١) لـە ئێـران، گۆڕانکارییـەکی گـەورەی لـە زۆربـەی بوارەکـانی ژیـانی کۆمەڵگـەی ئێرانیـدا دروسـت کـرد، تـا دەسـتپێکردنی ئـەم شۆڕشـە، ئـەدەبی فارسـی زیـاتر پابەنـد بـوو بـە ڕێساو دەسـتووره کلاسـیکیەکانەوە و قاڵبـەکانی شـیعر بـریتی بـوون لـە غـەزەل و قەسـیدەو مەسـنەوی و ڕوبـاعی، قاڵبـەکانی دیکـە ڕەواجیان زۆر کـەمتر بـوو، وەکو موسـەممەت و موسـتەزاد و تـەرجیع بەنـد و شـاعیران زۆر بـە کـەمی ڕوویـان لـەو جـۆرە قالبانــە دەکـرد(٢١٩). بـەڵام لەگـەڵ دەرچـوونی ڕۆژنامەکانی دوای مەشروتیەت، ئەو قاڵبە شیعرە دەگمـەن و کـەم ڕەواجانـە بایـەخیان زیـاتر پێـدرا، لـە ڕووی ناوەڕۆکیشـەوە شـیعرەکان تـەنها لـە نـاو بـیرە کلاسـیکیەکاندا نەمانــەوەو نــاوەڕۆکی سیاســی و کۆمەڵایــەتی هاتنــە نــاوەوە، ئــەم جــۆرە شــیعرانە بەتامەزرۆییــەوە لەلایــەن خەڵکــەوە پێشـوازی دەکـران(٢١٩). دەشـێ ئـەو قاڵبـە تـازە

بەكارهاتووانــەی ئــەو ســەردەم و ئــەو ناوەڕۆكــە سیاســی و كۆمەڵایەتیــە، بكەینــە سەرەتایەك بۆ تازەبوونەوەی شیعری فارسی كە تیایدا چەندین شاعیر بەرەو پیری ئەو گۆڕانكاریانە چوون و وازیان لە شێوەی كۆنی كلاسیكی هێناو ڕوویان كردە شیعری تازە، كە گرنگترینیان ئەو شاعیرانە بوون (ئیرج میرزا١٨٧٤-١٩٢٥، ئەدیب پیشاوری١٨٤٤-١٩٣٣، عارف قەزوینی ١٨٨٠-١٩٣٣، سەید ئەشرەفەدین حسێن گەیلانی ١٨٧١-١٩٣٤، فەرخی یەزدی ١٨٨٩-١٩٤٠، پەروین ئیعتیسامی ١٩٠٦-١٩٤١، وەحید دەستگردی ١٨٨١-١٩٤٢، ئەبولقاسم لاهوتی ١٨٨٨-١٩٥٧، محەممەد تەقی بەهار ١٨٨٧-١٩٥١)(٢١٦)، كە زۆربەیان بەشدارییان لە شۆڕشی مەشروتییەت كردووەو شیعریان پێدا هەڵگوتووەو هەریەكەیان ناوێكی دیارە لەناو تازەكردنەوەی ئەدەبیاتی فارسیدا. (سەید ئەشرەفەدین) یەكێك بوو لەو شاعیرانەی كە توانی ناوەڕۆكی نیشتمانی و كۆمەڵایەتی و سیاسی بخاتە ناو قاڵبی موستەزادێكی تازەوە، هەروەها دامەزرێنەری ڕۆژنامەی (نسیم شمال) بووە، كە ڕۆڵێكی گەورەی لە بڵاوكردنەوەی شیعری شاعیرە تازەكاندا بینیوە (٢١٦:٥٨٥). هەروەها (ئیرج میرزا) توانی گۆڕانكارییەكی گەورە بە سەر زمانی شیعریدا بهێنێت و زمانی كۆنی كلاسیكی تازە بكاتەوەو سادەتر بیخاتە ڕوو كە خەڵك لێی تێ بگات، بێجگە لەمەش كۆمەڵێك وشەو زاراوەی ئەوروپی و بە تایبەتی فەڕەنسیی بۆ یەكەم جار بەكار هێناوە(٢٢٠). ئیرج میرزا لە ڕێی ئەو گۆڕانكاریانەوە توانی شاكارێكی گەورەی ئەدەبیاتی فارسی بە جێ بهێڵێت(٢١٦:٥٦٢). هەروەها هەریەك لە (وەحید دەستگردی، ئەدیب پیشاوری، مەلیك شوعەرای بەهار) یش لەلای خۆیانەوە توانیان گۆڕانكارییەكی بەرچاو لە زمانی شیعریدا بكەن(٢٢٠)

دوای ئەو شاعیرە پێشەنگانە، كۆمەڵە شاعیرێكی تر هاتنە ناو كۆڕی تازەكردنەوەوە، كە دەیانویست لە ڕێی كاریگەری ئەوروپاو سوود وەرگرتن لە قاڵب و ناوەڕۆكی شیعری ئەوروپی، شیعری فارسی تازە بكەنەوە. (دەولەت ئابادی) یەكێكە لەو شاعیرانەی كە سوودی لە ئەدەبی فەڕەنسی وەردەگرت و تازەی دەكردەوە. هەروەها لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی (ڕەزا شا-١٩٢٣)دا (زەبیح بەهروز) –كە ماوەیەك لە ئینگلتەرا ژیاوە_ بە ئەدەبیاتی ئینگلیزی ئاشنا بووەو، یەكێ لە شانۆ گەرییە بە ناوبانگەكانی بریتییە لە (شاهی ئێران و بانوی ئەرمەن) كە لە ژێر كاریگەری (شكسپیر)دا نووسییویەتی و شێوەی (بلانك ڤێرس- شیعری سپی)ی پەیڕەو كردووە، كە شێوەیەكی شیعریی سەروا ئازادە(٢١٩).

# هۆکارەکانی سەرهەڵدانی تازەگەری
# لە شیعری کوردیدا

لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەمدا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ڕووداو و گۆڕانکاری هاتەوە، لەو ماوەیەدا (لەبەر ئەوەی میرنشینەکانی کورد لەنێو برا بوون، کوردستان لە بۆشاییەکی گەورە دەژیا) (٢٨١:٣٤) و هەلوێستی دەسەلاتدارانی عوسمانی لە لایەك و قاجاریەکان لە لایەکی تر دژی ئاواتەکانی گەلی کورد بوون و ڕێ لە ئامانج و ئازادیەکانیان دەگیرا، ئەمانە وای کرد کە تاکی کوردی هوشیاری و ئاستی تێگەیشتن و هەستی نەتەوەیی بەرز بێتەوەو لە بەرامبەر گۆڕانکارییەکان دابمێنێ و هەڵوێستی هەبێت، هەروەها فکری کەسێتی کوردی جولاند و دواجار کاری کردە سەر زۆربەی بوارەکانی ژیان. هەر ئەمانەش بوونە هۆکارو ڕێ خۆشکەر بۆ ئەوەی ئەدەبی کوردیش گۆڕانکاری بەسەردابێت و لەو کۆت و زنجیرانە دەربچێت کە بە سەریدا سەپا بوون. گرنگترین ئەو زەمینەو هۆکارانە کە بوونە مایەی تازەکردنەوەی شیعری کوردی ئەمانەن:

## ▪ هۆکارە ناوەکییەکان

### ١- سەرهەڵدانی کۆمەڵەو ڕێکخراوی سیاسی و ڕۆشنبیری:

بەر لەوەی ڕێکخراوو کۆمەڵەی سیاسی و ڕۆشنبیریی کوردی دابمەزرێن، سەرکردەو کەسایەتیە دیارەکانی کورد چ وەك تاك چ لەناو کۆمەڵە ناکوردییەکاندا ڕۆڵیان هەبووە لە گەیاندنی بیری ڕزگاریخوازی بە گوێی خەڵك، بە نموونە هەریەك لە (عەبدوللا جەودەت و ئیسحاق سکووتی) دوو کەسێتی کوردی بوون و ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە ناو کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقیدا، کە لە مایسی ١٨٨٩ دامەزراوە و، عەبدوللا

جـەودەت هـەر لـەناو ئـەو کۆمەڵەیـەدا ڕۆژنامـەی (عوسمـانلی ١٨٩٧-١٩٠٤) و گۆڤـاری (ئیجتیهـاد ١٩٠٤-١٩١٩)ی دەرکـردووە(٣١،٣١:١٦). ئـەو گۆڤـارو ڕۆژنامانـە وێـڕای ئـەوەی دەروازەیەك بوون بۆ کارکردن لەسەر چاکسازی بـارودۆخی دەوڵەتی عوسمـانی، کێشـەی نەتەوەی کوردیشیان گەیاندووە(١٩٢:٢٢).

گرنگترین ڕێکخراو و کۆمەڵە کوردییەکان کە لـەو ماوەیـەدا سـەریان هەڵدا، ئەمانـە بوون:

**یەکەم: کۆمەڵەی عەزمی قەوی کوردستانی ١٩٠٠-١٩٠٤ (١٩١:٢٢)**

هەرچـەندە زانیـاری دەربـارەی ئـەم کۆمەڵەیـە کەمـە، بـەڵام هەنـدێ لـە نووسـەرو مێژوو نووسەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە یەکەم کۆمەڵەی سیاسـی کوردییـەو بـە هـەوڵی کەسیی (فکری ئەفەندی دیاربەکری) دامەزراوە و ئەندامە چالاکەکانیشی بـریتی بوونـە لە (ئەحمەد ڕامز کوردی زادە و ئەحمەد خاسی زادە)(٢١٣:٨).

**دووەم: کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کوردی (کرد تعاون و ترقی جمعیتی-١٩٠٨)**

کۆمەڵەیەکی سیاسی و ڕۆشنبیری بووەو دوای شۆڕشـی دەسـتوری، لـە(١٩)ی ئـەیلولی ١٩٠٨دا دامـەزراوە(٨٥:٢٧) و لـە(٢٥)ی ئـەیلولی هـەمان سـاڵ یانەیـەکی لـە ئەسـتەمبول کردۆتەوە(٧٣:٨)، ناودارترین ئەنـدامانی ئـەو کۆمەڵەیـە بـریتی بـوون لـە (ئـەمین عـالی بــەدرخان، شــێخ عەبــدولقادری نــەهری، ئەحمــەد ژولکیفــل، جەنــەرال شــەریف پاشـا)(١٨٦:٦٣). هــەروەها ئــەم کۆمەڵەیــە خــاوەنی ڕۆژنامــەی (کــورد) بــووە، کــە ڕۆژنامەیــەکی ئــاینی، زانســتی، سیاســی،ئەدەبی و کۆمەڵایــەتی بــووە و بەڕێوەبــەرو بەرپرسی تۆفیق (پیرەمێرد)ی شاعیر بووە، سـەعید نەورەسـی و عەبـدوڵلا جـەودەت و ئیسماعیل حەقی بابان زادە دیارترینی ئەو نووسەرە کوردانە بوون کە لەو ڕۆژنامەیەدا دەیاننووسی.

**سێیەم: کۆمەڵەی نەشری مەعاریفی کوردی (کرد نشر معارف جمعیتی-١٩٠٨)**

کۆمەڵەیــەکی ئــەدەبی و پــەروەردەیی و (١٨٦:٦٣)، پاشــکۆی کۆمەڵــەی تــەعاون و تەرەقی بووە(١٩٧:٣٥). لە سەرەتای سـاڵی ١٩١٠ قوتابخانەیـەکی کوردییـان بـە نـاوی (کـرد

نمونه مكتب ابتدائيسى-مەشروتيەت) بۆ منداڵانی كورد دامەزرانـدووه(٩١:٢٧) و خـەليل خەيالی بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەيە بووه(٣٥:١٩٧) و هەريەك لە (ئەحمەد كوردی زادە و سەعيد نەورەسی) وانەيان تێدا گوتووەتەوە(١٧٦:٢١٥).

### چوارەم: كۆمەڵەی هيڤی (كرد گلبه هى وى جمعيتى)

يەكەمين كۆمەڵەی سياسی و ڕۆشنبيريی تايبەت بە قوتابيـان بـووه و بارەگاكـەی لـە ئەستەمبول بووه، لە بارەی ساڵی دامەزراندنیی ڕای جياواز هەيە•، بەڵام زنار سلۆپی — كـە يەكێكـە لـە دامەزرێنـەرانی كۆمەڵەكـە-(٢٦:١٩١) و ماليسـانژ(٥٦:٢٠٨)، سـاڵی ١٩١٢ بـە سـاڵی دامەزرانـدنی كۆمەڵەكـە دادەنـێن. ئەندامـە كاراكـانی بـريتی بوونـە لـە؛ عومـەر جـەميل پاشـا، قـەدری جـەميل پاشـا(زنـار سـلۆپی)، فوئـاد تـەمۆ، جـەراح زادە زەكـی و خەليل خەيالی(٢٦:١٩١). ئەم كۆمەڵەيە ڕۆڵێكی بەرچاوی لە بەرەو پێش بردنـی بـواری ڕۆشنبيری و هزری نەتەوەيی كوردی بينی و توانی قۆناغێكی بـاش ببڕێـت، بـە تايبـەتی لـە ڕێگـای دەركردنـی هـەردوو گۆڤـاری (ڕۆژی كـورد و هـەتاوی كـورد)ەوە لـە لايـەن كۆمەڵەكەوە(٩٥:٢٧).

### پێنجەم: كۆمەڵەی ئيستيخلاسی كوردستان

يەكەم ڕێكخراوی سياسيی ڕۆژهەڵاتی كوردستانە و لە ساڵی ١٩١٢دا لە ناوچەی ورمێ دامەزراوە و سەرۆكەكەی سەيد عەبـدوڵڵای كـوڕی شـێخ عەبـدولقادری نـەهری بـووه و هەريەك لە سەيد تەهای نەهری و سمكۆی شكاك و هەندێ گەورە پياوانی تـر هاوكـاری كۆمەڵەكەيان كردووه(١٠٣:٢٧).

### شەشەم: كۆمەڵەی جيهاندانی

كۆمەڵەيەكی ڕۆشنبيری بووەو لە كۆتاييەكانی ساڵی ١٩١٢دا (٢٩:١٩٢) لـە سـەر دەسـتی عەبـدولڕەزاق بـەدرخان و بـە هاوكـاری سمكـۆی شـكاك لـە شـاری (خـوی) و (مـاكۆ) لـە

---

• هەريەكە لە (د.بلەج شێركۆ) و (محەممەد ئەمين زەكی)، بۆ سـاڵی دامەزرانـدنی ئـەم كۆمەڵـەيـە ئاماژە بۆ ساڵی(١٩١٠)دەكەن(٥٨:٦٠)

ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراوە(٥٧:٤٢). یەکێك لە کارە هەرە گرنگەکانی ئەو کۆمەڵەیە کردنەوەی قوتابخانەیەکی کوردی بووە لە شاری (خوی) لە (٢٢)ی تشرینی یەکەمی ١٩١٣دا(١٣٥:٨).

**حەوتەم: کۆمەڵەی تەعالی کوردستان (کردستان تعالی جمعیتی-١٩١٨)**

ئەم کۆمەڵەیە لە(٦)ی تشرینی دووەمی١٣٣٧(١٩١٧)دا(٢٠٦:١٦٢) لە ئەستەمبول دامەزراوە و شێخ عەبدولقادری نەهری سەرۆکی کۆمەڵە و، ئەمین عالی بەدرخان جێگری یەکەمی سەرۆك بووە(٦٢:١٩١). هەروەها ئەندامە دیارەکانی بریتی بوونە لە؛ حکمەت بابان، مستەفا شەوقی، محەممەد میهری، حەمزە موکسی، ئەمین فەوزی، مەمدوح سەلیم، لاوە ڕەشید، عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری، عەزیز یامولکی، کەمال فەوزی ... (١٥١:٢٧). کۆمەڵەی تەعالی کوردستان یەکێك بووە لە کۆمەڵە هەرە چالاکەکان و چەندین کەسایەتی ڕۆشنبیر و نووسەرو شاعیری ئەوسای لەخۆوە گرتبوو. هەردوو کۆمەڵەی (کرد نشر و تعمیم ومعارف) -کە کۆمەڵەیەکی ڕۆشنبیری بووە- و کۆمەڵەی (تەعالی ئافرەتانی کوردستان) کە ساڵی ١٩١٩ دامەزراون(١٥٧:٢٧) بە پاشکۆ و هەریەك لە گۆڤاری ژین (١٩١٨-١٩١٩)(١٢٥:٦٤) و گۆڤاری کوردستان (١٩١٩-١٩٢٠)(١٦٥:١٩٢) بە ئۆرگانی نیمچە ڕەسمیی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان دانراون.

**هەشتەم: کۆمەڵەی ئیستیقلالی کوردستان (کردستان استقلال جمعیتی-١٩١٨)**

زیاتر کۆمەڵەیەکی سیاسی بووەو لە شاری (قاهیرە)ی وڵاتی میسر لە سەر دەستی (سورەییا بەدرخان) دامەزراوە(١٦٤:٢٧). بەو پێیەی چالاکیەکانی ئەم کۆمەڵەیە لە قاهیرە بووە، زانیاری دەربارەیان کەمە.

**نۆیەم: کۆمەڵەی کوردستان ١٩٢٢**

یەکەم کۆمەڵەیە لە شاری سلێمانی دامەزرابێت، بە سەرۆکایەتی (مستەفا عەزیز پاشا یامولکی) و ئەندامیەتی؛ حححم=ح=ن٠نخەوڕەفیق حلمی، ئەحمەد بەگ، تۆفیق بەگ، ساڵح ئەفەندی قەفتان، شوکری عەلەکە، عەلی ئەفەندی باپیر ئاغا،..(٨٨:١٩٧). ڕۆژنامەیەکیان بە ناوی (بانگی کوردستان) دەرکردووە و یەکەمین ژمارەی لە ٢-٨-

١٩٢٢دا دەرچووە. یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانی کۆمەڵەکە بریتی بووە لە پشتگیری کردنی شێخ مەحموود لە سلێمانی(٨٨:١٩٧).

**دەیەم: کۆمەڵەی زانستی کوردان ١٩٢٦**

کۆمەڵەیەکی ڕۆشنبیری بووە و (دیارترین دامەزرێنەرانی لە خوێندن پەروەر و ڕۆشنبیرانی کورد ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ و ڕەفیق حلمی بوون)(٨٣:٣٩) و بایەخ دان بە فێرکردن و بڵاوکردنەوەی زمانی کوردی ئامانجی سەرەکی ئەم کۆمەڵەیە بووە(٨٤:٣٩).

**یازدەم: کۆمەڵەی خۆییبوون ١٩٢٧**

یەکێك بووە لە گرنگترین کۆمەڵەی سیاسی کوردی، لە ساڵی ١٩٢٧دا لە لایەن کۆمەڵێك دڵسۆزی کوردەوە لە شاری (بحمدون)ی لوبنان دامەزراوە(١٢:١٩٠)، هەریەك لە جەلادەت بەدرخان و مەمدوح سەلیم لە دامەزرێنەرانی ئەو کۆمەڵەیەن(٤:١٩٠) و چالاکیەکانیان تا ساڵی ١٩٤٦ بەردەوام بووە(٥:١٩٠).

پەیوەندی سەرهەڵدانی ئەو ڕێکخراوو کۆمەڵە سیاسی و ڕۆشنبیریانە بە تازەگەرییەوە، دەکرێ بۆ چەند خاڵێك بگەڕێنینەوە، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

أ- زۆر لە ئەندامان و دامەزرێنەرانی ئەو کۆمەڵانە، شاعیران خۆیان بوون و توانیویانە کۆمەڵەکانیان بکەنە مینبەرێك بۆ ئەوەی زیاتری ڕۆشنبیرانی ئەوسا ڕووی تێبکەن، ڕۆڵی هەریەك لە؛ ئەمین عالی بەدرخان، پیرەمێرد، خەلیل خەیالی، ع. ڕەحمی، مستەفا شەوقی و مستەفا پاشای یامولکی دیارە، کە لە لایەك شاعیرو لە لایەکی تر ئەندام و دامەزرێنەرانی ئەو کۆمەڵانە بوونە.

ب- سەرهەڵدانی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکان ڕاستەوخۆ بوونە هەوێنی شیعری لە لای هەندێ لە شاعیران. لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، هەندێ شیعر دەبینین، کە بریتین لە ستایش و پیا هەڵدانی ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراوانە و نرخی ئەدەبی خۆیان هەیە، بۆ نموونە (محەممەد تاهیر جزری) بەم شێوەیەی خوارەوە ستایشی کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کوردیی کردووە:

*ئەی مەردێن عالی هیممەت تاجێ سەرێ مە کوردان*
*دێ هــوون بوونە سەبەبا دەفعا جەهلێ ژ عالــەمێ*
*دێ هــوون بــوونە دەلیلا نەشرا عیلمی د عالــەمێ*
*دا هوون ببن تەبیب و دەرمانێ کولێ دەردان(٧٥:٤٧)*

ج-یەکێك لە ئامانجەکانی ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراوانە دەرکردنی گۆڤارو ڕۆژنامـە بـووە، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بتوانن کێشەی ڕەوای کورد بە جیهان بگەیـەنن. لـە سـەر لاپــەڕەکانی ئــەو گۆڤــارو ڕۆژنامانــە وێــڕای بایەخــدان بــە هەســتی نەتــەوەیی و ڕزگاریخوازی، بایەخ بە ناساندنی کولتوری کوردی و ئەدەبیات و بەتایبەتی شـیعر دراوە. لـە لایـەك شـیعری شـاعیرە کۆنـەکان بڵاوکراونەتـەوە، لـە لایـەکی تـریش شاعیرە تازەکان بەهرەو توانای خۆیان تاقی کردۆتەوە.

### ٢- سەرهەڵدانی شۆڕش و ڕاپەرینە کوردییەکان:

گــرنگترین ئــەو شۆڕشــە ڕزگاریخوازانــەی کــە لــە نیــوەی دووەمــی ســەدەی نــۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیست سەریان هەڵدا، بە مەبەستی هێنانەدی ئامانجەکانی کورد، کە دواتر وەك دیاردە خۆیان خزاندە ناو ئەدەبی کوردیش، ئەمانەن:

**یەکەم: شۆڕشی یەزدان شێر ١٨٥٣**

لە نێوان ساڵانی ١٨٥٣-١٨٥٦ دا شەڕێك لە نێوان ڕوسـیاو عوسمانیـەکان ڕووی دا، ئـەم شــەڕە دەرفــەتێکی بــۆ کوردەکــان ڕەخســاند بــە مەبەســتی داواکردنــی مافــەکانیان و شۆڕشێك بە سەرۆکایەتی(یەزدان شێر) لە بنەماڵەی میرەکانی بۆتـان دەسـتپێکرا، بـەڵام وێڕای هەوڵ و چاڵاکیەکانیان، بەهۆی کەم ئەزموونی و بێ سیاسەتیی میری کورد، ئـەم شۆڕشــە ســەری نــەگرت و مــیری کــوردان بــە پیلانێــك گــیراو کەوتــە دەســتی عوسمانییەکان(٦٣:٢١٧).

**دووەم: شۆڕشی شێخ عوبەیدوللای نەهری ١٨٨٠**

دوای ئەوی شێخ عوبەیدوللا لەگەڵ پیاوانی ئاینی و سەرکردەی هۆزەکان پەیوەندی دروست کرد و گفتو گۆی لەگەڵ کردن، لە هاوینی ساڵی ١٨٨٠ بە ئامادەبوونی زیاتر لە دووسەد و بیست لەو کەسایەتیانە(١٨٦:٢١٨) کۆنگرەیەکیان لە(نەهریّ) ئەنجام دا، دوای ڕێککەوتن، شێخ عوبەیدوللا بە ڕابەر هەڵبژێردرا و شۆڕشێکیان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دژی قاجاریەکان هەڵگیرساند و داوای مافەکانی گەلی کوردیان دەکرد(١١٧:٢١٥).

**سێیەم: شۆڕشی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی ١٩٠٩-١٩١٤**

شۆڕشێکی چەکداری و سیاسی بووە، دوای ئەوەی کۆمەڵێك لە ئازادیخوازانی کورد لە هەردوو وڵاتی قاجاریەکان و عوسمانیەکان گەیشتنە (بارزان) و دوای ئەوەش کە شێخ عەبدولسەلام پەیوەندی بە کۆمەڵێك کەسایەتی تری ئاینی و نەتەوەیی و کۆمەڵە و ڕێکخراوە سیاسیەکانەوە کرد(٣٠٣:٢٧)، لە ساڵی ١٩٠٩ ئەم شۆڕشەیان بە مەبەستی بەدی هێنانی داخوازە ڕەواکانی گەلی کورد هەڵگیرساند و تاساڵی ١٩١٤ بەردەوام بوو. دوا جار (لە ئێوارەی (١)ی کانوونی یەکەمی (١٩١٤)ی زاینی بەرامبەر (١٥)ی محەڕڕەمی (١٣٢٣)ی کۆچی)(١٤٣:١٨٧) شێخ عەبدولسەلام لەگەڵ کۆمەڵێك هەڤاڵانی خۆی لە لایەن دەسەڵاتی عوسمانیەکانەوە لە سێدارە دران.

**چوارەم: شۆڕشی شێخ مەحموود ١٩١٩**

لە ماوەی حوکمی بەریتانیا لە ناوچەکانی باشووری کوردستان و دوای ئەوەی کە خەڵك لەوە تێگەیشتن بەریتانیا بە تەنگ ئامانجەکانی گەلی کوردەوە نایەت، لێرەو لەوێ چەندین جولانەوە و ڕاپەڕین دژی هێزەکانی بەریتانیا کران. یەکەم ڕاپەڕین لە کۆتاییەکانی مانگی ئاداری ساڵی ١٩١٩دا لە ناوچەی زاخۆ و لە سەر دەستی هۆزی (گویان) بوو، کە یەکەم کردەوەیان بریتی بوو لە کوشتنی ئەفسەری سیاسی ناوچەکە کابتن (پیرسۆن) و بەدیل گرتنی هاوڕێکانی. بەریتانیا لە وەڵامی ڕاپەڕیوەکاندا فرۆکەی بەکار هێنا، بەڵام نەیتوانی بەسەر بارودۆخەکەدا زاڵ بێت تا کۆتاییەکانی هاوینی ئەو ساڵە(٨٠:٢٠٥). هەر لەو ساڵەدا شێخ مەحموودیش پەیوەندی بە سەرۆك هۆزەکانەوە

کـردو (لـه ڕۆژی(٢١)ی مایسـی١٩١٩ دا بەرامبـەر بـە بـەریتانیای گـەورە شۆڕشـی دەسـت پێکـرد. هـەموو گەلـە ژێـر دەسـت و یەخسیرەکانی ئینگلیـزی تێگەیانـد، کـە ئـادەمیزاد نابێـت یەخسیر بێـت)(٣٨:٢). هەرلـەو ڕۆژەشـدا سلێمانی ڕزگـار کـرد. لـە دوای چـەند شەڕێك شێخ بە بریـنداری کەوتـە بەردەسـتی هێزەکـانی بـەریتانیا و دوورخرایـەوە بـۆ هینـدسـتان و لـە سـاڵی ١٩٢٢دا گەڕێنرایـەوە و کـرا بـە مـەلیکی کوردسـتان، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی شـێخ هەمیشـە داوای ڕزگـاری هـەموو کوردسـتانی دەکـرد، جـارێکی تـریش پەیوەندیی لەگـەڵیان تێکچوو. چالاکی و جموجـۆڵی شـێخ مـەحموود بـەردەوام بـوو تـا مانگی مایسی ١٩٣١، لەو کاتـەدا جـارێکی تـر بـەدیل گیراو گوێزرایـەوە بـۆ بەغـدا، لـەوێ بەیاننامەیـەکیان پـێ مـۆرکرد کـە واز لـە کـاری سیاسـی بهـێنێ و دوور خرایـەوە بـۆ ناسـریە(٢٣:٢٠). ئـەوەی لێـرەدا بەلامانـەوە گرنگـە ئەوەیـە کـە لـە سـەردەمی دەسـەڵاتداریەتی و خـەباتی شـێخ مـەحموود دا، لـە سـلێمانی چـەند ڕۆژنامەیـەك دەرچوون، کە جگە لە بایەخ دان بە لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی، نرخێکی گەورەشیان لـە بـواری ئـەدەب و تازەکردنـەوەی شـیعری کوردیـدا هەیـە، ئـەوانیش بـریتین لـە ڕۆژنامەکانی (بانگی کوردستان، ڕۆژی کوردستان، بانگی حەق، ئومێدی ئیستیقلال).

**پێنجەم: شۆڕشی سمکۆی شکاك ١٩١٩**

لە شوباتی ١٩١٩ سەرکردەکانی کورد لە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان کۆبوونەوەیـەکیان بـە مەبەستی بەرپاکردنی شۆڕشێك ئەنجام دا(٣٠:٢٠)، ئەوە بوو لە کانوونی دووەمی هـەمان ساڵدا (سمایل ئاغای شکاك-سمکۆ)  سـەرۆك هـۆزی شـکاك، بـە هاوکاری سـەید تـەهای نەهری توانی ناوچەی (ورمێ) بگرێتە دەست(٢١٤:١٩٢). سمکۆ چـەند سـاڵێك لـە خـەبات کردن دژی دەوڵەتی ئێرانی بەردەوام بوو، تا لە نیسانی ساڵی ١٩٣٠ لـە لایـەن دەوڵەتـەوە بانگهێشتی شاری (شنۆ) کراو لەوێ بە پیلانێك کوژرا(١٧٦:٢٦).

**شەشەم: شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران ١٩٢٥**

ئەم شۆڕشە لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٢٥ بـە سـەرۆکایەتی شـێخ سـەعیدی پـیران لـە باکووری کوردستان هەڵگیرساو ناوچەیەکی بەر فراوانی گرتـەوە. بـەڵام هێرشـی تورکیـا بە هاوکاری فەرەنسا –کە ڕێـی بـە سـوپای تورکیـا دا تێپـەڕبێت بـۆ سـوریا- شکسـتی بـە

شۆڕشەکە هێنا(٥١:٢١٢) و شێخ سەعید بە دیل گیراو لە (٢٩)ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٥ لەگەڵ (٤٦) سەرکردەی کورد لە سێدارە دران(٢٧٥:١٩٢).

ئەو بارودۆخ و گۆڕانکاریانەی لە ئەنجامی ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانەدا ڕوویاندا، کاریان کردە سەر بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی، لەوانە کاری کردە سەر شیعری کوردی و شاعیرانی کورد وەك توێژێکی ڕۆشنبیر ئەو بارودۆخ و ڕووداو و کارەساتانەی لە میانەی شۆڕشەکاندا ڕووبەڕووی کۆمەڵگە ببوونەوە، گواستیانەوە بۆ ناو شیعرەکانیان و کەرەستەی ناوەڕۆکی شیعریان لێ پێك هێنا. لەمەوە شیعری سیاسی و گوزارشتکار لەو سەردەمە ئاڵۆزە زیاتر بووە جێی بایەخی شاعیران و دەیانویست لە ڕێی شیعرەوە شانبەشانی شۆڕشگێڕەکان خەبات بکەن و دەنگی خۆیان بە جیهان بگەیەنن و لە لایەکی تریشەوە زیاتر برەو بە بیرو باوەڕی کوردایەتی و ڕزگاریخوازی بدەن. لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم چەند شیعرێك هەن کە ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەن، هەموو ئەو کارەسات و ڕووداوە ناخۆشانەی وەکو کوشتن و بڕین و لە سێدارەدانی سەرکردەکانی وەکو  شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شێخ سەعیدی پیران و هەڤاڵانیان و...، بوونەتە هەوێنیان.

(پیرەمێرد) کە یەکێکە لەو شاعیرانەی لە ناو ئەو کەشەدا هەڵکەوتووە، لە شیعری (شیوەنی شەهیدانی سەروو) وێنەی ڕووداوی شەهید بوونی ئەو تێکۆشەرانەمان نیشان دەدات، کە لە میانەی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران ١٩٢٥ بەدەستی تورکەکان شەهید کران، لە دێری یەکەمدا دەڵێت:

***ئەم ئاسمانە شینە، کەوا بەرگی ماتەمە***

***تەحلیلی وا کراوە، قوببەیی غەمە، تەمە(١٢٦:٥)***

هەر بۆ هەمان کارەسات (حەمدی لە شیعری ((شیوەنی باکوور))دا دەڵێ:

***درزی ئەرزێ هەر نی یە، ئێسکێکی کوردی تیا نەبێ***

***سەگ نییە نەیخواردبێ گۆشتی ژنێکی یا مناڵ***

***وا بە خوێناوی سروشك و خامەیی خامی موژەم***

***ئەم عەریزەم نووسی نامەرد، بۆم بەرە بادی شیمال***

***بیبەرە مێشکی هەموو ئەفرادی قەومی کوردەوە***

***تا لە قوڕنیشن لە ڕۆژی ماتەما ئال و عیال*** (١٤٣:٣٨)

### ٣- دامەزراندنی یەکەمین چاپخانە کوردییەکان و بزافی ڕۆژنامەگەریی کوردی

لە دوا لاپەڕەی ژمارەکانی (٤،٥)ی ڕۆژنامەی (کوردستان ١٨٩٨-١٩٠٢) ئاماژە بە ناو و شوێنی ئەو چاپخانەیە کراوە کە ژمارە ناوبراوەکانی ڕۆژنامەکەی لێ دەرچووە و نووسراوە (لمسرێ ل مەتبەعا جەریدەیا کوردستان تەبع بیە)(١٦:٣٥). ئەگەر ئەم ڕستەیە بە بەڵگە وەربگرین، دەتوانین سەرەتای دامەزراندنی چاپخانەی کوردی گرێ بدەین بە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردییەوە کە (چاپخانەی ڕۆژنامەی کوردستان) ەو پێدەچێ (میقداد مەدحەت بەدرخان) ئەم چاپخانەیەی بە مەبەستی دەرکردنی ڕۆژنامەکە کڕیبێ، کە تەنها دوو ژمارەی (٤،٥)ی پێ چاپکراوە و دواتر ژمارەکانی (٦-١٩) لە (مەتبەعا جەمعیەتا تفاق و ڤنجیا مسلمانان) لە ژنێف لەلایەن عەبدولڕەحمان بەدرخانی برای میقدادەوە بڵاوکراونەتەوە(١٢٤:٦٥). هەروەها (ڕووناکبیری هێژای کورد (عەبدوڵڵا جەودەت ١٨٦٩-١٩٣٢)، کاتێ لە دووره وڵاتیدا ژیاوە لە ژنێف، لە ڕۆژی ١٩٠٤/٨/٤ چاپخانەیەك دەکرێت و پاشان بە ڕەزامەندی حکوومەتی سویسری لە ڕۆژی ١٩٠٤/٩/١ یەکەم ژمارەی گۆڤاری (اجتهاد) بەو چاپخانەیەی خۆی بڵاو دەکاتەوە لە شاری ژنێف)(١٢٤:٦٥). پەیوەست بوونی ئەو چاپخانەیە بە کوردو چاپخانەی کوردییەوە، لەلایەك لەوە دایە کە خاوەنەکەی کورد بووە، لە لایەکی تر (چەندین کتێب و چاپەمەنیی نووسەرە کوردەکانی سەرەتای ئەم سەدەیەی بە زمانی عوسمانلی لە بارەی کلتوری کورد بە چاپ گەیاندوە)(١٢٤:٦٥).

ئەگەر ئەو دوو چاپخانەیەی ناومان بردن (چاپخانەی ڕۆژنامەی کوردستان و چاپخانەی ئیجتیهاد)، هەوڵێکی سەرەتایی بووبن بۆ پڕ کردنەوەی بۆشایی چاپخانە لە ناو کورد دا، ئەوە دەتوانین یەکەم هەوڵی چاپخانەی پێگەیشتوو، کە تەواوی توانای بۆ گەلی کورد تەرخان کردبێت و چەندین بابەتی کوردی بە کتێب و چاپەمەنیەکانی ترەوە پێ چاپکرابێت، بگەڕێنینەوە بۆ ئەو چاپخانەیەی کە لە لایەن (حوسێن حوزنی موکریانی) یەوە لە ساڵی ١٩١٥ لە حەلەب دامەزرێنرا، حوزنی (بەو سەرمایە کەمەی خۆی بڕیاری دامەزراندنی چاپخانەیەکی کوردی دا. بۆ ئەم مەبەستە چۆتە ئەڵمانیا و چاپخانە بچکۆلەیەکی پیتی عەرەبی کڕیوە. لە سەرەتادا بردویەتیە حەلەب، لەوێ بۆ

هەندێ فۆنیمی كوردی و بە گوێرەی دەستوری زمانی فارسی، هەندێ ئیشاراتی تازەی دروستكردووە. جارێكی تر بۆ ئەنجامدانی ئەم كارە چۆتەوە ئەڵمانیا و دوایی لە حەلەب دەستی كردووە بە كتێبی كوردی لە چاپدان)(١٠٢:٨) و ساڵی ١٩٢٥ هەر لە لایەن حوزنی یەوە گواستراوەتەوە بۆ ڕواندز(٧٠:١٩) ناوی لێنا (چاپخانەی زاری كرمانجی) و لە ساڵی ١٩٢٦ یشەوە هەر بە هۆی ئەو چاپخانەیەوە كەوتۆتە بلاوكردنەوەی گۆڤاری (زاری كرمانجی). هەر ئەم چاپخانەیە لە ساڵی ١٩٤٧ ەوە لە لایەن (گیوی موكریانی)ی برای حوزنی، بۆ دوا جار دەگوازرێتەوە بۆ هەولێر و ناودەنرێت (چاپخانەی كوردستان).

كاتێك ئینگلیزەكان بەشێكی خاكی كوردستانیان داگیركرد، كۆمەڵێك چاپخانەی كۆنیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو و (یەكێك لەو چاپخانانەیان لە كەركوك دانا و ڕۆژنامەی(تێگەیشتنی ڕاستی) یان لە ساڵی ١٩١٨ دا پێ بلاوكردەوە، یەكێكی دیكەشیان، لە سەر پێشنیاری مێجەرسۆن، لە سلێمانی دانا: مێجەرسۆن لە ڕۆژی (٢٩)ی نیسانی ١٩٢٠ بەملاوە كەوتە سەر بەكارهێنانی ئەم چاپخانەیەو ڕۆژنامەی پێشكەوتنی تاكو ساڵی ١٩٢٢ پێ بلاو كردەوە)(١٢٧:٦٥). كە شێخ مەحموود لە ساڵی ١٩٢٢ گەڕایەوە سلێمانی و بووە مەلیكی كوردستان، یەكێك لە دەستكەوتەكانی ئەو چاپخانەیەی مێجەرسۆن بوو، كە لایەنگرانی شێخ توانیان لە ساڵی ١٩٢٢ هەردوو ڕۆژنامەی (بانگی كوردستان و ڕۆژی كوردستان) و لە ساڵی ١٩٢٣ ش هەردوو ڕۆژنامەی (بانگی حەق) لە شاخ و (ئومێدی ئیستیقلال) لە شار، بە هۆی ئەم چاپخانەیەوە بلاوبكەنەوە.

گرنگی چاپخانەكان و پەیوەست بوونیان بە مەسەلەی ئەدەب و تازەگەری لە شیعردا، لەوە سەرچاوە دەگرێت كە ئەم چاپخانە كوردییانە و چەند چاپخانەیەكی ناكوردی بوونە ناوەندێك بۆ بلاوكردنەوەی چەندین ڕۆژنامەو گۆڤاری كوردی، كە تیایاندا بایەخێكی ئەوتۆ بە مەسەلەی شیعرو تازەگەری دراوە و دەكرێ لەوێوە ڕەگە سەرەتاییەكانی تازەكردنەوە بە پێی ڕێڕەوی مێژوویی دەست نیشان بكەین.

گرنگترین ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی لە ماوەی ساڵانی ١٨٩٨-١٩٣٢ دەرچوون، ئەمانەن:

## أ- ڕۆژنامەکان

**یەکەم: ڕۆژنامەی کوردستان – قاهیرە، ژنێف، لەندەن، فولکستون – ١٨٩٨**

لێپرسراو: میقداد مەدحەت بەدرخان + عەبدولڕەحمان بەدرخان. ژمارە (١) لە (٢٢)ی نیسانی ١٨٩٨ و، دوا ژمارە (٣١) لە (١٤)ی نیسانی ١٩٠٢ دەرچووە. زمانی ڕۆژنامەکە؛ کوردی و تورکی بووە.

**دووەم: ڕۆژنامەی کورد – ئەستەمبول – ١٩٠٨**

خاوەن ئیمتیازو لێپرسراو: تۆفیق سلێمانی (پیرەمێرد). سەرنووسەر: ئەحمەد جەمیل پاشا. ژمارە (١) لە (٥)ی کانوونی یەکەمی١٩٠٨ و، دوا ژمارە (٩) لە (٣٠)ی کانوونی دووەمی ١٩٠٩ دەرچووە. زمانی ڕۆژنامەکە؛ کوردی و تورکی بووە.

**سێیەم: ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی – بەغدا – ١٩١٨**

سەرنووسەر: مێجەرسۆن+ شوکری فەزلی. ژمارە (١) لە (١)ی کانوونی دووەمی ١٩١٨ و، دوا ژمارە (٦٧) لە (٢٧)ی کانوونی دووەمی ١٩١٩ دەرچووە. زمانی ڕۆژنامەکە؛ کوردی بووە.

**چوارەم: ڕۆژنامەی پێشکەوتن – سلێمانی – ١٩٢٠**

لێپرسراو: مێجەرسۆن. ژمارە (١) لە (٢٩)ی نیسانی ١٩٢٠ و، دوا ژمارە (١١٨) لە (٢٧)ی تەمموزی ١٩٢٢ دەرچووە. زمانی ڕۆژنامەکە؛ کوردی بووە.

**پێنجەم: ڕۆژنامەی بانگی کوردستان – سلێمانی – ١٩٢٢**

خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس: مستەفا پاشا یامولکی. نووسەری بەشی کوردی و فارسی: عەلی کەمال و م. نوری. نووسەری بەشی تورکی: ڕەفیق حلمی. ژمارە (١) لە (٢)ی ئابی ١٩٢٢ و، دوا ژمارە (١٤-٣) لە (١)ی نیسانی ١٩٢٦ دەرچووە. زمانی ڕۆژنامەکە؛ کوردی و تورکی وفارسی بووە.

**شەشەم: ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان – سلێمانی – ١٩٢٢**

سەرنووسەر وبەڕێوەبەری بەرپرس: م.نوری. ژمارە (١) لە (١٥)ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ و، دوا ژمارە (١٥) لە (٣)ی ئازاری ١٩٢٣دەرچووە. زمانی ڕۆژنامەکە؛ کوردی بووە.

**حەوتەم: ڕۆژنامەی بانگی حەق – سلێمانی – ١٩٢٣**

سەرنووسەر: سالّح زەکی ساحیبقران. ژمارە (١) لە (٢٨)ی ئازاری ١٩٢٣ و، دوا ژمارە (٣) لە (١٢)ی نیسانی ١٩٢٣ دەرچووە. زمانی ڕۆژنامەکە؛ کوردی بووە.

**هەشتەم: ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستیقلال – سلێمانی – ١٩٢٣**

بەڕێوەبەری بەرپرس: خواجە ئەفەندی زادە - ئەحمەد سەبری. ژمارە (١) لە (٢٠)ی ئەیلولی١٩٢٣ و، دوا ژمارە (٢٥) لە (١٥)ی مایسی ١٩٢٤ دەرچووە. زمانی ڕۆژنامەکە؛ کوردی بووە.

**نۆیەم: ڕۆژنامەی ژیانەوە – سلێمانی – ١٩٢٤**

لێپرسراو: جەمیل سائیب و محەممەد ئەدیب. ژمارە (١) لە (١٨)ی ئابی ١٩٢٤ و، دوا ژمارە (٥٦) لە (١٤)ی کانوونی دووەمی ١٩٢٦ دەرچووە. زمانی ڕۆژنامەکە؛ کوردی بووە.

**دەیەم: ڕۆژنامەی ژیان – سلێمانی – ١٩٢٦**

لێپرسراو: محەممەد ئەدیب+ عەلی عیرفان+ حوسێن نازم+ پیرەمێرد. ژمارە (١) لە (٢١)ی کانوونی دووەمی ١٩٢٦ و، دوا ژمارە (٥٥٣) لە (١٠)ی ئازاری ١٩٣٨ دەرچووە. زمانی ڕۆژنامەکە؛ کوردی بووە.

**ب- گۆڤارەكان**

**یەكەم: گۆڤاری ڕۆژی كورد – ئەستەمبول – ١٩١٣**

بەڕێوەبەری بەرپرس: عەبدولكەریم ئەفەندی. ژمارە (١) لە (١٩)ی حوزەیرانی ١٩١٣ و، دوا ژمارە (٤) لە (١٢)ی ئەیلولی ١٩١٣ دەرچووە. زمانی گۆڤارەكە؛ كوردی و توركی بووە.

**دووەم: گۆڤاری هەتاوی كورد – ئەستەمبول – ١٩١٣**

لێپرسراو: عەبدولعەزیز بابان. ژمارە (١) لە (٢٤)ی تشرینی یەكەمی ١٩١٣ و، دوا ژمارە (١٠) لە (٣)ی تەمموزی ١٩١٤ دەرچووە. زمانی گۆڤارەكە؛ كوردی و توركی بووە.

**سێیەم: گۆڤاری بانگی كورد – بەغدا – ١٩١٤**

لێپرسراو: جەمالەدین بابان. ژمارە (١) لە (٨)ی شوباتی ١٩١٤ و، دوا ژمارە (٤) لە (٦)ی نیسانی ١٩١٤ دەرچووە. زمانی گۆڤارەكە؛ كوردی و توركی بووە.

**چوارەم: گۆڤاری ژین – ئەستەمبول – ١٩١٨**

لێپرسراو: ئەشرەف حەمزە + مەمدووح سەلیم. ژمارە (١) لە (٧)ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ و، دوا ژمارە (٢٥) لە (٢)ی تشرینی یەكەمی ١٩١٩ دەرچووە. زمانی گۆڤارەكە؛ كوردی و توركی بووە.

**پێنجەم: گۆڤاری كوردستان – ئەستەمبول – ١٩١٩**

خاوەن ئیمتیاز:محەممەد میهری. سەرنووسەر:محەممەد شەفیق ئەرواسی زادە. ژمارە (١) لە (٣٠)ی كانوونی دووەمی ١٩١٩ و، دوا ژمارەی كە بینراوە (١٩) لە (٢٩)ی ئازاری ١٩٢٠ دەرچووە. زمانی گۆڤارەكە؛ كوردی، توركی، فارسی، عەرەبی و فەرەنسی بووە.

**شەشەم: گۆڤاری دیاریی کوردستان – بەغدا – ١٩٢٥**

لێپرسراو: ساڵح زەکی ساحیبقران. ژمارە (١) لە (١١)ی ئازاری ١٩٢٥ و، دوا ژمارە (١٦) لە (١١)ی مایسی ١٩٢٦ دەرچووە. زمانی گۆڤارەکە؛ کوردی و تورکی و عەرەبی بووە.

**حەوتەم: گۆڤاری زاری کرمانجی – ڕواندز– ١٩٢٦**

لێپرسراو: سەید حوسێن حوزنی موکریانی. ژمارە (١) لە (٢٥)ی مایسی ١٩٢٦ و، دوا ژمارە (٢٤) لە (٣١)ی تەمموزی ١٩٣٢ دەرچووە. زمانی گۆڤارەکە؛ کوردی بووە•.

**٤- بایەخ دان بە خوێندن و کردنەوەی قوتابخانەکان**

یەکێك لە هەوڵەکانی حکوومەتی عوسمانی، کردنەوەی قوتابخانەکان و کۆکردنەوەی خوێندەواران بوو لە دەوروبەری دەسەڵاتدا. خوێندن لەو قوتابخانانەدا بە زمانی تورکی و عەرەبی بوو و تەنها تایبەت نەبوو بە منداڵانی تورك، بەڵکو منداڵانی کوردیش وەردەگیران و دەسەڵاتدارانی عوسمانی لەو ڕێگەیەوە دەیانویست منداڵانی کورد فێری چەند شتێك بکەن کە بە هۆیانەوە واز لە مەسەلەی نەتەوەیی و سەربەخۆیی بهێنن و کەسانێکیان لێ دەربچێ کە بە لای دەسەڵاتی عوسمانیەوە بشکێنەوە. بۆ ئەم مەبەستە لە (ساڵی ١٨٩٢ ((عەشیرەت مەکتەبی)) یان لە ئەستەمبول کردەوە. لەم قوتابخانەدا منداڵی بنەماڵە ناسراوەکانی کورد و عەرەب و ئەلبانەکانیش دەیانخوێند)(١٩:٨). بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی دەسەڵاتداران، لەناو ئەو منداڵە کوردانە (بیری کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ، کە تا سەردەمانێکی نزیکیش، بە

---

• بۆ وەرگرتنی ئەو زانیاریانە، بێجگە لە خودی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەوسا، سەرچاوەکانی ژمارە (١٠، ١٣، ١٩، ٣٠، ٣٦، ٤٠، ٤١، ١٩١) تەماشا کراون.

خەونێکی بە دی نەهاتوو لە قەلەم دەدرا، بووە بەرنامەی کۆمەڵی ئەم لاوە کوردانە. هەر لە سۆنگەی ئەمەوە سوڵتان ساڵی ١٩٠٧ ((عەشیرەت مەکتەبی)) ی داخست)(٢٠:٨).

لە شاری سلێمانیش لە ساڵی ١٨٩٣دا قوتابخانەی ڕوشدیەی عەسکەری کرایەوە، کە وێڕای کاریگەریی لە سەر ڕۆشنبیرکردنی خەڵکەکە، دەرچوانی دەنێردرانە بەغداو دواتر ئەستەمبول بە مەبەستی تەواو کردنی زانستەکانی عەسکەری(٥٠:٣٦). لەم قوتابخانانەدا کۆمەڵێك ڕۆشنبیر و نووسەر و شاعیری کورد هەڵکەوتن، لەوانە؛ ئەمین زەکی بەگ، ئیحسان نوری پاشا، ئیسماعیل حەقی شاوەیس، مەعروف جیاوك، ئەمین ڕواندزی ....

دوا بە دوای قوتابخانەی ڕوشدیەی سلێمانی، کۆمەڵێك قوتابخانەی سەرەتایی لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان کرانەوە و ڕێگا خۆش بوو بۆ ئەوەی زیاتری منداڵانی کورد ڕوو بکەنە ئەو قوتابخانانە. بەپێی ڕاپۆرتێك بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانی، تەنها لە ویلایەتی موسڵ، کە زۆربەی ناوچەکانی کورد نشین بووە، نزیکەی (٣٠) قوتابخانە هەبووە، لەوانە لە هەریەك لە شارەکانی ئاکرێ و ئامێدی و سنجار و دهۆك و زاخۆ و کۆیە و شاربازێڕ و کفری و قەڵادزێ قوتابخانەیەك و لە هەولێر و سلێمانی و ڕواندز دوو قوتابخانە و لە کەرکوکیش چوار قوتابخانە هەبوونە(١٧٩:١٩٦).

وەنەبێت خوێندن لە ناوچەکانی کوردستان تەنها لە سنووری ئەو قوتابخانانەی دەسەڵاتی عوسمانی مابێتەوە، بەڵکو هەوڵ و تێکۆشان لە لایەن کۆمەڵە و کەسایەتیە کوردەکانیش هەبوون بۆ کردنەوەی قوتابخانەی کوردی کە خوێندن تیایاندا بە زمانی کوردی بێت. لە ساڵی ١٩١٠دا یەکەم قوتابخانەی کوردی بە ناوی (کرد نمونە مکتب ابتدائیسی- مەشروتیەت) لە لایەن کۆمەڵەی (کرد نشر معارف) دامەزراوە(٩١:٢٧). هەروەها بە هەوڵی عەبدولڕەزاق بەدرخان و سمکۆی شکاك لە (٢٢)ی تشرینی یەکەمی ١٩١٣ قوتابخانەیەکی کوردی دامەزراوە(١٣٥:٨).

ئەم قوتابخانانە بە گشتی و قوتابخانە کوردیەکان بە تایبەتی بوونە دەروازەیەك بۆ فراوانکردنی هۆشی تاکی کورد و هەستی نەتەوایەتی لای قوتابیەکان، کە دواجار مرۆڤی ئازادیخواز و ڕووناکبیریان لێ دەرچوو. هەروەها وای کرد کە خوێندن و فێربوون تەنها لە سنووری حوجرەو مزگەوتەکانەوە نەمێنێتەوە و قوتابخانە وەك پێویستیەکی سەردەم بێتە کایەوە. زۆر لە شاعیرە تازە خوازەکانی کورد لەو

قوتابخانانـــەدا پێگەیشــتوون، کــە عوسمانیــەکان لــە ناوچــە جیاجیاکــانی کوردســتان کردبوویانەوە و لەوێوە ئاسۆی بیرکردنـەوەیان فـراوانتر بـووە و توانیویانـە داهێنـان لـە شیعرەکانیاندا بکەن. ئەگەر قوتابخانەکان بە گشتی ئەو ڕۆڵـەیان هـەبووبێ، ئـەوە ڕۆڵی قوتابخانە کوردیـەکان بـۆ تازەکردنـەوەی شـیعری کـوردی زیـاترە، چـونکە لـە قوتابخانـە کوردیەکاندا وێڕای فێربوونی زانست و زانیاریەکان، هـەردەم هـەوڵیش دراوە بایـەخ بـە کولتـور و زمـانی کـوردی بـدرێت، بـە تایبـەتی هەوڵـدان بـۆ بـە کـار هێنـانی وشـە و کەرەستەی خۆماڵی و دوور کەوتنەوە لـە وشـە و تـەعبیری بیـانی، هـەروەها گەڕانـەوەو شارەزابوون لە کولتوری میللەت و سوود لێ وەرگرتنیان، کە بێگومان سوودی هـەبوو لـە تازەکردنەوەی شیعر، بەتایبەتی تازەکردنەوە لـە ڕووی زمـانی شـیعری کـوردی و بـەکار هێنانی وشەو کەرەستەی خۆماڵی لە جێی وشەی بیانی.

### ٥- کاریگەری سامانی کولتوری

بەشـێك لـەو ڕۆشـنبیرییەی شـاعیرانی کـورد لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا دەگەڕێتەوە بۆ سوود وەرگرتن لە سامانی کولتوری و فۆلکلۆر و بەتایبەتیش ئـەدەبیاتی گۆرانی. کە دەڵێین ئەدەبیاتی گۆرانی، دیارە کە شاعیرانی ئەم دیالێکتـە کوردییـە زیـاتر خۆماڵێتی شـیعری کوردییـان پاراسـتووە و کـەمتر پابەنـد بـوون بـە بنـەماکانی شـیعری کلاسیکی. بۆ نموونـە شـاعیری گـەورەی کـورد (مەولـەوی) کـە شـیعرەکانی بـە دیـالێکتی گۆرانین، کاریگەرییەکی زۆری لە سەر شاعیرە تازەکـەرەوەکان هـەبووە، بـە تایبـەتی لـە سەر (پیرەمێرد و گۆران). پیرەمێرد هەوڵی داوە کە هەندێ لـە خاسیەتە خۆماڵیـەکانی شیعری دیالێکتی گۆرانی بخزێنێتە ناو شیعرەکانی و بە ئاشکرا ئـەم کاریگەریـەی پێـوە دیـارە، تەنانـەت خـۆی ئامـاژە بـەو ڕاسـتیە دەکـات و دەڵێـت (لـە کوردسـتاندا کـە وەلـی دێوانە نەما ئیتر من بووم بەجێ نشینی، کـە مەولـەوی و بێسـارانی نـەمان باسـی چـاوە جوانـەکانی کچـە جـاف و کەنیشکە شـۆخ و شـەنگەکانی هـەورامان بکـەن، ئـیتر مـن لـە جیاتی ئەوان کەوڵ و پۆستی دڵداریم لەبـەر کـردووە بـووم بـە جـێ نشینیان)(١٥٥:٥٢)، هەروەها هەر لەبارەی مەولـەوی یـەوە دەڵێـت: (ئـەدەبیاتی زۆر قـەوم و نـاودارانی زۆر میللـەتم دیـوە هیچیان ئەوەنـدەی ڕۆحـی مەولـەوی پـڕ جـۆش و خـرۆش نییـە)(٤٧:٥). پیرەمێـرد بێجگـە لەمـە سـوودێکی زۆری لـە سـامانی فۆلکلـۆری بـە تایبـەتی پەنـدی

پێشـینان و گاڵتــه و گـەپی کـوردەواری وەرگرتـووه و خسـتونەتیه نـاو قـاڵبی شـیعر و بەرهـەمی بـەرزی ئـەدەبییان لـێ دەرچـووه، هـەر ئـەو شیعرانەشـی بوونەتـه مایـەی پاراستنی ژمارەیەکی زۆر له پەنده کوردییەکان.

هەرچی (گۆران)ی شاعیره، کاریگەری کولتوری، به تایبـەتی ئـەدەبیاتی گۆرانیی بـه ڕەنگێکی تر له سەره. گۆران هەر له منداڵیەوه به ئـەدەبیاتی گۆرانی گـۆش کـراوه، کـه وەك شاعیرێکیش هاتۆته ناوەوه، توانیویەتی زۆر وەستایانه سوود لەو کولتوره وەرگـرێ و گۆڕانکـاری و داهێنــانی تێــدا بکـات، کەواتــه دەکــرێ جیــاوازی (گــۆران) لەگــەڵ (پیرەمێرد)، له بابەت کاریگەر بوونیان به کولتـور و ئـەدەبیاتی گۆرانی و بەتایبـەتیش مەولەوییەوه، لەوەدا ببینین که (پیرەمێرد به شێوەیەکی میکانیکی و وەستاو سودی لـه شــیعری دیــالێکتی گــۆرانی نووســراو بــه گشــتی و لیریکــای مەولــەوی بــه تایبــەتی وەرگرتووه)(٤:٢٦٩)، (بەڵام لای گۆران ئەم تەئسیره شـەقڵێکی ئاسایی هونـەری و ڕەوتـی پرۆسێسی داهێنانی گرتۆته خۆی)(٤:٢٦٩).

## ▪ هۆکاره دەرەکیەکان

### ١- کاریگەری ئەدەبی ئەوروپی و ئەدەبی دراوسێ

ســەدەکانی حەڤـده و هـەژده و نـۆزده شـایەدی کۆمــەڵێك گۆڕانکـاری گـەورەن لـه ئــەوروپادا، کۆمــەڵێك شۆڕشــی جیاجیــای یــەك لــه دوای یــەك ســەریان هەڵــدا، کــه ئەوروپایان له کۆمەڵگەیەکی ئاساییەوه گـۆڕی بـۆ کۆمەڵگەیـەکی شارسـتانی. گـرنگترین ئـەو شۆڕشـانه؛ شۆڕشـی گـەورەی سیاسـی فەرەنسـا لـه مـاوەی نێـوان ١٧٨٩-١٨١٥، شۆڕشـی پیشەسازی ئینگلتەرا له سەدەی هەژدەم، شۆڕشی سیاسی ئەڵمانیا له ناوەڕاسـتی سـەدەی نـۆزدەم و شۆڕشـەکانی دیکـەی ڕۆشـنبیری و زانسـتی و فەلسـەفیی تایبـەت بـه وڵاتـانی ئــەوروپا، بــوون(٢:٢١٤). لـه ژێـر کاریگـەری ئـەو شۆڕشـانەدا کۆمەڵگـەی ئـەوروپی لـه زۆربـەی بوارەکانـدا بوژایـەوه و ژیـان بـەرەو پێشـتر چـوو، ئـەو کـۆت و بەندانـەی کـه سەپێندرابوون نەمان، یا ڕاستر بڵێین کەمتر بوون، (تاك)یش لـه نـاو ئـەو کۆمەڵگەیـەدا ئازاد بوو و توانی خۆی له دەست یاسا دەستکاری نەکراوەکانـدا ڕابچڵەکێنێ. لەمانـەوه داهێنـان لـه بـواره جیاجیاکانـدا هاتنـه کایـەوه. شـاعیران و نوسـەرانیش کـه تـاکی نـاو

کۆمەڵگەن، داهێنانیان لە بەرهەمەکانیاندا کرد و لە دەستووره نەگۆڕەکان دەرچوون. ئەو جموجۆل و بارودۆخە کۆمەڵێك شاعیر و نووسەری تازەخوازی دروست کرد، کە ئەدەبیان بەرەو گۆڕانێکی گەوره برد، لەوانە؛ بۆدلێر، رامبۆ، مالارمێ، واڵت ویتمان، مایکۆفسکی....

ئەم ئەدەبیاتە تازەیەی ئەوروپا بە شێوەیەکی وا رەگی داکوتابوو کە کاریگەری تەنها لە سنووری ئەوروپادا نەمایەوه و بەرەو ناوچەکانی رۆژهەڵاتیش پەڕیەوه، هەریەك لە ئەدەبیاتی تورکی و کوردی و فارسی و عەرەبی بە شێوەیەك لە شێوەکان بەو بزووتنەوه تازەگەریه کاریگەر بوون.

سەرچاوەی کاریگەری ئەو تازەگەریه بۆ سەر ئەدەبی کوردی لە لایەك ڕاستەوخۆ بۆ هەندێك لەو نووسەر و شاعیره کوردانە دەگەڕێتەوه کە زمانێکی ئەوروپیان زانیوه، هەریەك لە (رەفیق حلمی، مەمدوح سەلیم بەگ، میقداد مەدحەت، د.عەبدوڵڵا جەودەت، حوسێن حوزنی موکریانی، شەریف پاشا، فەرەنسیان زانیوه و ڕاستەوخۆ سودیان لەو زمانە بینیوه)(١٢٧:٦٤). لە لایەکی تر زۆرینەی ئەو کاریگەرییە پەیوەستە بە ئەدەبیاتی تورکی. ئەدەبیاتی تازەی تورکیش لە ڕێی کۆمەڵێك هۆکارەوه دروست بوو، گرنگترینیان ئەو گۆڕانکاریانە بوون کە بە سەر سیستمی دەسەڵاتی عوسمانی داهاتن، کە لە لایەکەوه وای کرد بواری ڕۆشنبیری گەشە بسێنێ و چەندین کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی وەکو (پروت فنون) و (فەجری ئاتی) بێنە کایەوه و چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار دەربکەن، لە لایەکی ترەوه وای کرد ئاگایان لەو بزووتنەوه تازەیەی ئەوروپا هەبێت.

لە ماوەی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزده و سەرەتای سەدەی بیست (هەرچی بزووتنەوەیەکی ئایدولۆژی و ئەدەبی و هونەری لە ئەوروپا دروست ببوایە، یەکسەر لە ئەستەمبۆڵدا دەنگی دەدایەوه و بڵاو دەبووەوه. بێگومان، ئەو نووسەره کوردانەی لەو ماوەیەدا لە ئەستەمبۆڵ ژیاون (پیرەمێرد، عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری، مستەفا شەوقی، محەممەد میهری،... هتد) کەم تا زۆر دەبێت کەوتبێتنە ژێر شەپۆڵەکانی ئەو پێشکەوتنە ئەدەبییانەی ئەوروپاوه، کە لە ئەستەمبۆڵ بە زمانی تورکی دەگەیشتە دەست کوردەکان)(١٢٨:٦٤). گۆران کە یەکێکە لە تازەکەرەوەکانی شیعری کوردی لە ساڵانی سییەکانی سەدەی بیست بەدواوه، لە چاوپێکەوتنێکدا خۆی ئاماژه بەو

کاریگەریەی ئەدەبی تورکی دەکات و دەڵێت (نووسەر و شاعیرانی ئەوسا، بە تایبەتی شێخ نوری و ڕەشید نەجیب و من، کە پێکەوە بە ئەدەبی تورکی موتەئەسیر بوین و پێکەوە ئەمانئوسی...)(٣:٦٢).

کاریگەری ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی بە سەر شیعری کوردی لەو ماوەیە لە چاو کاریگەری ئەدەبی تورکی زۆر کەمترە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا چەند شاعیرێك هەن کەم تا زۆر سودیان لەو دوو ئەدەبە وەرگرتووە. (کاریگەری ئەدەبیاتی فارسی سەردەمی مەشروتە و بە تایبەتی لە پێش هەموواندا (پیرەمێرد)ی شاعیر بە هاوکاری ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەی تاران وەکو (شفق سرخ) و (فرهنگ)... بەرهەمی خۆی بلاودەکردەوە و زۆر نموونەی بەرزی شیعری فارسیی تەرجەمەی کوردی دەکرد و زەوقی شیعری سەردەمی پێ جۆش دەدا)(١٨٠). یەکێ لەو نموونە شیعریانەش وەرگێڕانی شیعرێکی (ناسر خوسرەو ٣٩٤-٤٨١ کۆچی)ی شاعیری بە ناوبانگی ئێرانییە، کە پیرەمێرد لە ژمارە (٢)ی ڕۆژنامەی کورد ١٩٠٨ بلاوی کردۆتەوە و بەو دێڕە دەست پێدەکات:

*لە سەر بەردێ هەڵۆیێ هەڵفری کەوتە هەوا بێغەم*

*هەوای سەید و شکاری کەوتە سەر تا کەوتە سەر عالەم(١٦:٧٤)*

هەرچی ئەدەبی عەرەبییە ئەو کاریگەریە کەمەی کە هەیبووە دەکەوێتە دوای سالانی بیستەکانەوە و، (دوا بە دوای دابەش بوونی کوردستان بۆ جاری دووەم، دوو بەشی کوردستان کەوتە عیراق و سوریا، بەو هۆیەوە پەیوەندی بە هێزتر لە نێوان کوردەکانی ئەو دوو پارچەیە و عەرەب پەیدابوو، بەو پێیەش کە زمانی عەرەبی لەم دوو وڵاتە زمانی ڕەسمی، لە نێوەندی خوێندەواری کوردیدا باوی هەبوو، خوێندەواری کورد دەبوو فێری ئەو زمانە بێت.. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لە زمانی عەرەبیەوە بەرهەم تەرجەمەی کوردی بکرێن...هەروەها لە سالانی بیستەکانەوە دوای ئەوەی قوتابخانەکانی باشوری عیراق بوون بە عەرەبی، هی کوردستانیش بوون بە کوردی، شاعیرێکی وەکو (مەعروف ڕەسافی) بەشێك لە سروودی قوتابیانی تورکیی کردبوونە عەرەبی، کوردیش یان لە عەرەبییەوە یان لە تورکیەوە کردوونی بە کوردی، لێرەدا دوو شاعیر دەوری گرنگیان هەبوو؛ یەکەمیان زێوەر، دووەمیان فایەق بێکەس)(١٧٩).

## ٢- بارودۆخی سالانی شەڕی یەکەمی جیهانی ١٩١٤-١٩١٨

شەڕ و بارودۆخە گرژ و ناهەموارەکان بەگشتی و شەڕی یەکەمی جیهانی ١٩١٤-١٩١٨ بە تایبەتی، بوونە مایەی ناخۆشی و ماڵوێرانی و کاولکاری بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی. لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا، ئەگەر چی کورد لایەنێکی سەرەکی و هێزێکی پەیوەست بە لایەنێك نەبوو، بەڵام لە لایەك کوردستان ببوە گۆڕەپانی شەڕو ململانێکان لە نێوان عوسمانیەکان و هاوپەیمانەکان (ڕووس و بەریتانیا و فەڕەنسا)، لە لایەکی تر هەندێ لە سەرکردە و کەسایەتیە کوردەکان بەخۆیان و ئەو هێزەی کە پێکیان هێنابوو، بە ناوی جیهادەوە شانبەشانی هێزەکانی عوسمانی، دژی هاوپەیمانان شەڕیان دەکرد و سەرەنجام قوربانیەکی زۆری لێکەوتەوە.

ئەم شەڕە بە پلەی یەکەم ڕووبەڕووی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووەوە، هەریەك لە ناوچەکانی تەورێز و موکری و بانە و ناوچەکانی هەورامان، یەکەم چەخماخەی شەڕیان تێدا هەلگیرسا(١٩٢: ٤١). لەم شەڕەدا وێڕای ئەوەی ماڵوێرانی و کاولکاریەکی زۆری ناوچەکانی کوردستانی تێدا بوو، کەسانێکی زۆریش بوونە قوربانی و سووتەمەنی. لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕەکەش وەنەبێت ناوچەکانی کوردستان حەسابنەوە، بە پێچەوانەوە، بارودۆخە ناخۆشەکە بەردەوام بووە و ئەمجارەیان خۆی لە داگیر کردنی باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن ئینگلیز و ڕووسەکان و دواتر دابەش کرانی کوردستان بە سەر چوار وڵاتی ناوچەکەدا بینیەوە.

هەموو ئەو ڕووداو و کارەساتانەی لەو ماوەیەدا بە سەر کوردا هێنران، کاریگەری خراپیان بۆ سەر زۆربەی بوارەکانی ژیاندا هەبوو، ئەگەر ئەدەبیش ڕەنگدانەوەی ئەو بوارانە بێت، ئەوە لەو ماوەیەدا ئەدەبی کوردیش کەوتە ژێر کاریگەری ئەو بارودۆخە و، گۆڕانکارییەکان بوونە هەوێن و ئیلهام بەخشی زۆرێك لە شاعیرە تازەکەرەوەکان. لە سالآنی بیستەکانی سەدەی بیست، چەندین شاعیر هەن کە لە ڕێی شیعرەوە گوزارشتیان لەو نەهامەتیانە کردووە و ئەو واقیعە تاڵانەیان دەرخستووە، بەمەش ڕۆڵیان دەبینی لە گەیاندنی بیری نەتەوەیی و هوشیارکردنەوەی خەڵك لە پێشهاتەکان. نرخی ئەدەبی

ئەو جۆرە شیعرانەش لەوەدابوو کە بە هۆی ئەو بارودۆخەوە ناوەڕۆکێکی تازە خزایە ناو شیعری کوردی.

مەلا حەمدون، (نموونەی شاعیرێکە کە بارودۆخی ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی، کاری تێکردووە و بەم شێوەیە وەسفی ئەو ڕۆژگارەمان بۆ دەکات:

*ئـــەو ڕۆژە چ ڕۆژێـــکە کە دنیا شڵەژاوە*
*هەرکەس بە جەخارێ جیگەری قیمە کراوە*
*دنـــیا پڕی ئـــاشووبە خـــەلایق بە عمومی*
*ئاسایشی لێ مەنعە ئەڵێی جونبوشی ئاوە*(٣٨:١٣١)

★ ★ ★ ★

وێـڕای ئـەو هـەموو هۆکـارە نـاوەکی و دەرەکیانـەی بوونەتـە مایـەی سـەرهەڵدانی بزووتنەوەی تازەگەری شیعری کوردی، نابێت بەهرەی کەسیی هەریەك لەو شاعیرە تازەکەرەوانەش فەرامۆش بکەین. ئەوان ئەگەر چی لە منداڵدانی ئەو بارودۆخە لە دایك بوون و کاریگەریەکی زۆری بەسەریانەوە هەبووە، بەڵام هەریەکەشیان بەهرەیەکی ئەوتۆیان تێدا هەبووە، کە بەهۆیەوە توانیویانە داهێنان ئەنجام بدەن و پێکەوەش بزووتنەوەیەکی تازەگەری لە شیعری کوردیدا دروست بکەن.

# ڕۆژنامەگەری و ڕەگە سەرەتاییەکانی تازەکردنەوە

## ▪ ڕۆژنامەگەری و ڕۆلی لە تازەکردنەوەی شیعری کوردیدا

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم و لەگەڵ بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگە جیاکان بە کۆمەڵگەی کوردیشەوە لە زۆربەی بوارەکانی ژیان، ڕۆژنامەگەری وەك پێداویستیەکی هەرە گرنگی سەردەم هاتە کایەوە و بە هۆیەوە گوزارشت لە مەسەلە بنچینەییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری و دەست نیشانکردنی پێگەو ڕێ و شوێن بۆ داهاتوو، دەکرا. ڕۆژنامەگەری ڕێگایەك بوو بۆ وروژاندنی زۆرێك لەو کێشە سەردەمیانەی کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگە دەبوونەوە و زۆر جاریش ڕێگەچارەی ئەو کێشانەی دەست نیشان دەکرد، هەروەها ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە هوشیاری کۆمەڵایەتی و فراوانکردنی ئاستی ڕۆشنبیری و فکری لە ناو تاکەکانی کۆمەڵگەدا. ئەوەی پەیوەستە بە کوردەوە، ڕۆژنامەگەریی کوردی بێجگە لە فراوانکردنی ئاستی هوشیاری و فکری تاکی کوردی، تەکانێکی گەورەشی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد داو بەرەو پێشی برد، لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوەش ڕۆژنامەگەری ببوە قوتابخانەیەك بۆ ناساندنی ئەلفوبێی کوردی چونکە تا درەنگ منداڵان نەیاندەتوانی بە زمانی دایك لە قوتابخانەکان بخوێنن(٢١٢:٧٥).

پەیوەندی ئەدەب و شیعر بەتایبەتی بە ڕۆژنامەگەرییەوە، لەوە دەست پێدەکات کە هەر لە زووەوە زۆربەی ئەو کەسانەی ڕۆژنامە یاخود گۆڤاریان دەرکردووە و سەرپەرشتیان کردووە ئەدیب و شاعیر بوونە، لە لایەکەوە کاری ڕۆژنامەگەرییان ئەنجام داوە لە لایەکی تریشەوە بایەخیان بە بەهرە ئەدەبیەکەی خۆیان داوە، بە نموونە هەریەك لە پیرەمێرد و مستەفا پاشای یامولکی و محەممەد میهری و حوسێن

حوزنی موکریانی و شێخ نوری و ڕەفیق حلمی و جەمیل سائیب و...هتد، وێڕای بە جێگەیاندنی ئەرکی لێپرساوی و سەرپەرشتیاریی گۆڤار و ڕۆژنامە یەکەمەکانی کوردی، نووسەری ئەدەبی و شاعیری ناوداری کوردیش بوونە و لەو بوارەشدا شوێنپەنجەیان دیارە. ئەمە وای کردووە کە ڕۆژنامەگەری کوردی لەگەڵ سەرهەڵدانی، بایەخێکی ئەوتۆ بە ئەدەب بدات. بۆیەشە ئێمە کاتێك لە تازەگەری دەدوێین ناکرێ فەرامۆشی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە سەرەتاییانە بکەین، کە چەندین لاپەڕەیان تەرخان کردووە بۆ ئەدەب و شیعری تازەیان تێدا بلاوکراوەتەوە، لەوێوە دەتوانین ئەو داهێنان و تازەکردنەوانە دەست نیشان بکەین، کە هەر لە زووەوە و لە گەل دەستپێکی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە، شاعیر و نووسەرانی کورد کردوویانە و بە دەستیان هێناوە. ڕۆژنامەگەریی کوردی مینبەرێك بووە بۆ ناساندنی زۆرێك لە شاعیران و شیعرەکانیان لەم ڕێگەیەوە برەویان سەندوە، چونکە (گەر جاری جاران –بەر لە پەیدابوونی ڕۆژنامە و گۆڤار- شاعیرەکان شیعریان بۆ کۆمەڵە خەڵکێك خوێندبێتەوە، ئەوا لە پاش سەرهەڵدانی ڕۆژنامە و گۆڤار ڕووبەڕووی هەزاران هەزار کەسی نێو وڵاتەکەیان و بگرە دەرەوەش بوونەتەوە)(٢٤٢:٧٠). هەر لە ڕێی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە، زمانی کوردی پێشکەوت و کۆمەڵێك وشەو زاراوەی تازە هاتنە کایەوە و زمانی کوردیان بەرەو پاراوی برد، ئەمەش کاری کردە سەر پاراو کردنی زمان لە شیعردا و شاعیران وەك نەریتێك ڕوویان لەو دیاردەیە کرد.

ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان لە سەرەتادا زیاتر شیعری شاعیرە کۆنەکانیان بلاودەکردەوە، تا وای لێهات کۆمەڵێك بەهرەمەند لە دەوریان کۆببنەوە و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیش بوونە هاندەر بۆ ئەوەی زێتر توانا و بەهرەی خۆیان دەربخەن و دەست کرا بە بلاوکردنەوەی شیعری شاعیرانی سەردەمیش.

**- ڕۆژنامەی کوردستان ١٨٩٨:**

لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا یەکەم چەخماخەی ڕۆژنامەگەری لە(٩)ی نیسانی ساڵی(١٣١٤)ی ڕۆمی، بەرامبەر (٢٢)ی نیسانی ساڵی(١٨٩٨)ی زایینی لە سەر دەستی بنەماڵەی بەدرخانیەکان و لە سەروویانەوە (میقداد مەدحەت بەدرخان) لە غەریبی و دوورە وڵاتی، لە قاهیرەی پایتەختی میسر، هەڵگیرسا، کە بریتی

بـوو لـه دەركردنـی (ڕۆژنامـەی کوردسـتان). لـەو ڕۆژنامەیـەدا وێـڕای بڵاوکردنـەوەی کۆمەڵـە بابـەتێکی جۆراوجـۆر، بایـەخ بـە شـیعر دراوە، لـە هەریـەك لـە ژمارەکـانی (۲، ۳، ۵، ٦، ۷، ۸، ۹، ۱۱، ۱۳، ۱۵، ١٦، ۱۷، ۱۸، ۲۰، ۲۱، ۲۲، ۲۳، ۲٤، ۲۵، ۲٦، ۲۸، ۲۹، ۳۰) بـە ئەلقـە داستانی شیعری (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی، وەك داستانێکی خۆماڵی و گوزارشتکار لـە ژیـان و بەسـەرهاتی کـوردەواری، بڵاوکراوەتـەوە. هـەروەها لـە ژمـارە (۳)ی ئـەم ڕۆژنامەیەدا، شیعرێکی حاجی قادری کۆیی بڵاوکراوەتەوە و بەم دێرە دەست پێدەکات:

***زەمانە ڕەسمی جارانی نەماوە***

***چراغی نازم و مونشی کوژاوە*** (١١:٣٥)

هەر لەو ژمارەیەدا پارچە شیعرێکی تر هەیە بە ناونیشانی (تـەقریزەك مـەنزووم) و بـە نازنـاوی (لاوی شـێخ.ا. فـەتاح). ئـەم شـیعرە تایبەتـە بـە سـتایش و پیـا هەڵـدانی ڕۆژنامەکە و پیرۆزباییە بە بۆنەی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی و بەم دوو دێـڕە دەست پێدەکات:

***پـــیرۆزە ژتـەڕا هــەزار جارا　　　ئەڤ دەنگە نهـۆ ل نـاڤ یارا***

***مزگێنی یا ڤێ جەریدەیا قەنج　　　شاباش دبتن چڤا هەبن گەنج*** (١٢:٣٥)

(جـەلادەت بـەدرخان) ئامـاژە بـەوە دەکـات کـە خـاوەنی ئـەم شـیعرە (ئـەمین عـالی بەدرخان) ە و بە ناوی خواستراوی (لاوی شێخ.ا. فەتاح) بڵاوی کردۆتەوە(۲۰۷:۱۲۰).

**- ڕۆژنامەی کورد ۱۹۰۸:**

لە ژمارە (۱) و (۲) دا دوو شیعری شاعیری گـەورەی کـورد (پیرەمێـرد ۱۸٦۷-۱۹۵۰) بـە ئیمزای (سلێمانیەلی: تۆفیق) بڵاوکراونەتەوە، شیعری یەکەمی بە بۆنـەی دامەزرانـدنی کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کوردی -۱۹۰۸ نووسیوەو بەم دێڕە دەست پێدەکات:

***ئەمرۆکە ڕۆژی جەژنی هەموومانە سەر بە سەر***

***کوردیـش لەگـەڵ گەلان لە چلەخانــە هاتە دەر***

بـە لای پیرەمێـردەوە لەگـەڵ دامەزرانـدنی ئـەم کۆمەڵەیـە، کـوردیش دەتـوانێ وەکـو گەلانی تـر بـە مافـەکانی شـاد بێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە داوا لـە هـەموو کوردێـك دەکـات دەست بدەنە دەستی یەکتر و دوور بکەونەوە لە نیفاق و دووڕوویی:

***ڕۆژێکە دەست بدەینە دەستی یەکتری بە خێر***

***ڕووبکەینە ڕێی ویفاق و نیفاقیش بکەینە دەر***

هەروەها داوای هەڵسان لە خەوی غەفڵەت و خزمەت کردنی دایك کە (کوردستان)ە، دەکات:

***هەڵسین لە خەو نزیکە وەتەن بێتە زەلزەلە***

***وەك دایکمانە خدمـــەتی ئەو لازمە بە سەر***

بۆ ئەم مەبەستەش کۆشش کردن بۆ یەکگرتن و پێشکەوتن بە ڕێگە چارە دەزانێ:

***ســـەعی دەوێ تـــەرەقی دەوێ ئیتیحاد بکەین***

***چونکە بە ئیتیحاد هەموو ئیشێ دەچێتە سەر***(٧٣:٨)

لە شیعری دووەمدا، شاعیر دیمەنی هەڵۆیەکمان نیشان دەدات کە لە سەر بەردێك دەفڕێتە ئاسمان و لە خۆی بایی دەبێ کە هەموو دنیا لە ژێر باڵەکانیەتی، دواتر بە تیری مرۆڤ دەکوژرێ. شاعیر ئەم دیمەنە بەراورد دەکات بە کورد و ئەو تیرەش بە تیری خۆماڵی دادەنێ و پێی وایە ساڵەهای ساڵە کورد قوربانی ئەو تیرەیە و داوا لە خوای گەورە دەکات کە چارەمان بکات تا لە دەست ئەو تیرانە ڕزگار ببین:

***لە ســـەر بـــەردێ هەڵۆیـێ هەڵفڕی کەوتە هەوا بێغەم***

***هەوای سەید و شکاری کەوتە سەر تا کەوتە سەر عالەم***

***هەوایێکی غروری کەوتـــە سەر خۆی زۆر لە بەرز زانی***

***پەڕی گیف کردەوەو بـــای باڵ ئەدا هەر تاکو دەیتوانی***

.....................................................

***قڕانی کورد کـــە قەڕنێـکە بە قورئانیش لە بەر ناچێ***

***هەمـــــوو قوربـــــانی ئەو تیرەین بەڵا کێ بێ بلا لاچێ***

.....................................................

***هەتاکـــــەی چاوی عیبرەتمان لەگەڵدا بێ خودا چارێ***

***حەکیم هەر تۆی بەخێر چاومان هەڵێنە بێینە ناو جارێ***(٧٤:١٦)

وێڕای نیشاندانی ناوەڕۆکی تازە، شاعیر داهێنانی لە تەکنیك و فۆڕمیش کردووە، لە لایەکەوە تەکنیکی گێڕانەوەی خستۆتە قالبی شیعر، لە لایەکی تریش سەرەوای

مەسـنەوی• و کێشـی درێـژی ١٦ بڕگـەیی عـەرووزی پێکـەوە لـە شـیعرەکەدا کۆکردوونەتەوە. بە واتایەکی تر ئەگەر شاعیرانی کلاسیك کێشە درێژەکانی (١٤، ١٥، ١٦) بڕگـەییان لەگـەڵ سـەروای غـەزەل و قەسـیدە بەکـارهێنابێ و کێشـی کـورتی (١٠) بڕگەییشیان لەگەڵ سەروای مەسنەوی بەکار هێنابێ –هەروەك لـە ئـەدەبیاتی گۆران و لای ئەحمەدی خانی و نالی و حاجی قادر و ... دا دەبینـین- ئـەوە پیرەمێـرد ئـەو دوو یاسایەی تێکەڵ کردووە و بە هۆیەوە داهێنانێکی تازەی لە شیعردا کردووە.

(سەییاح ئەحمەد شەوقی) لە ژمارە (٥)ی ڕۆژنامەی کورد دا، لە پارچە پەخشانێکی ئامۆژگاری ئامێزدا، چەند دێڕە شیعرێك تێکەڵی قسەکانی دەکات و لـە دێـڕی یەکەمـدا دەڵێت:

***دلۆ ڕابە خوە هشیار کە ژ خوابێ***

***حەیا کەنگی تو قەد نابی حیجابێ***

دوای شیعرەکە، بەردەوام دەبێ لە پەخشانەکە و دواجـار چـەند دێـڕە شـیعرێکی تـر دێنێتەوە و دەڵێت:

***گەر تو نازك سورگولی، ئەز بلبلێ مەستانەمە***

***حوریا ڕەشکا گولی ئەز عاشق و دێوانەمە***(٤٠:١٧٤)

هـەردوو ئـەو پارچـە شـیعرانە، جـا چ (سـەییاح) خـۆی خاوەنیـان بێـت یـاخود هـی شاعیرێکی تر بن، لە ڕووی ناوەڕۆك و فۆڕمەوە نرخی ئەدەبی خۆیان هەیە.

لـە ژمـارە (٦)یشـدا شـیعرێکی (محەممـەد تـاهیر جـزری) هەیـە، کـە ناوەڕۆکەکـەی پیاهەڵدانی کۆمەڵەی تـەعاون و تـەرەقی کوردییـە و لـە ڕووی فۆڕمـەوەش ئەگـەر چـی هەنـدێ کـەمو کـورتی تێدایـە، بـەڵام دەکـرێ بـە هـەوڵێکی سـەرەتایی دابنرێـت بـۆ تازەکردنـەوەی سـەروای شـیعر. شیعرەکە بریتیـە لـە سـێ چوارین و سـەرواکەیان بـەم جۆرە دابەش بووە (ABBA,CDDC,EFFE). نموونەی چوارینەی یەکەم:

***ئەی مەردێن عالی هیممەت تاجێ سەرێ مە کوردان***

***دێ هـوون بوونە سەبەبـا دەفعا جەهلێ ژ عالەمێ***

***دێ هـوون بـوونە دەلـیلا نەشرا عیلمی د عالەمێ***

***دا هوون ببن تەبیب و دەرمانێ کولێ دەردان***(٤٧:٧٥)

---

• مەسنەوی بە دوو لەت دەگوترێ کە یەك سەروا بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە(٢٣:١٩٧).

لـه ژمـاره (٧) یشـدا شـیعرێکی (نـالی) بـڵاو کراوەتـەوە و دێـڕ بـە دێـڕی شـیعرەکە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی تورکی(٥٦:٧٦)

**- گۆڤاری ڕۆژی کورد ١٩١٣:**

لـە ژمـارە (١) دا وێـڕای بڵاوکردنـەوەی کۆمـەڵێك غـەزەلی شـاعیری گـەورەی کـورد (نـالی)، شـیعرێکی (فـازل مـوخلیس عەشـیر مللـی) بەرچـاو دەکـەوێت بـە ناونیشـانی (خونـدن و خـەبات)(٤٧:١١)، لـە ڕووی فۆرمـەوە داهێنـانێکی وای تێـدا نـابینرێ، بـەڵام ناوەڕۆکەکـەی هانـدانی خەڵکە بـۆ ڕووکردنـە خوێنـدن و هـەوڵ و کۆشـش دانیـان بـۆ کردنـەوەی قوتابخانــە لـە گونـدەکان و فێـرە خوێنـدن کردنـی منـداڵان. ئـەم شـیعرە کۆمـەڵێك هەڵـەی ئیملایـی تێکەوتووە، کـە بۆتـە هـۆی شـێواندنی مانـای هەنـدێك لـە دێڕەکان.

لە ژمارە (٢)شدا، دوو نووسینی خەلیل خەیالی (مـودانی. خ) بـە ناونیشانی (پـیرۆز نـاوە) و (زمـان و نـەزانیا کـوردان) هـەن، نووسـەر بـۆ ڕەواجـدانی زیـاتر بـە بـیرە نەتەوەییەکانی لە چەند شوێنێك شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی تـێ خستوە. هـەمان نووسەر لەهەمان ژمارەدا شـیعرێکی (محەممـەد عـاکف)ی شاعیری تـورکی وەرگێراوەتـە سـەر زمـانی کـوردی بـە ناونیشـانی (هـەوار و فیـزاری موسـلمانی) و لـە سـەرەتادا دەڵێت:(ئەڤ حەدیساها ژانێ(محەممەد عاکف بەگ) شاعیرێ تورکان بزمانێ شیعر هاتیـە گـۆتن ئـەم ژی بـۆ کـوردان تەرجومـە دکـین، ئەگـەر تێـدا کێماسـیەك هـەبی ل مـە بورن)(٨٤:١١). هەروەك (مودانی.خ) خـۆی ئامـاژەی پێـداوە، شـیعرەکە لـە هەنـدێ ڕووەوە کـەم و کورتی تێدایـە و داوای یـەکگرتنی موسڵمانان و خـەبات کـردن و نەوەسـتان بـۆ گەیشـتن بـە ئامـانجی موسـڵمانان دەکـات. هـەر لـەم ژمارەیـەدا شـیعرێکی شـێخ ڕەزا بڵاوکراوەتەوە، کە بەم دێڕە دەست پێدەکات:

*مـــەربـــووتە حەیـــاتم بە سلێمانی و خاکی*

*خۆزگەم بە سەگی قاپییەکەی ئەحمەدی کاکی*(٨٥:١١)

لە ژمارە (٣) دا لە لایەن (م. ساڵح بـەدرخان) بەشـێك لـە داسـتانی (مـەم و زیـن)ی ئەحمـەدی خـانی بڵاوکراوەتـەوە. (مـودانی.خ)یـش لـە وتارێکدا بـە ناونیشـانی (بـەخت ڕەشی و مەحرومیا کوردان) ئاماژە بە چەند دێـڕە شـیعرێکی نەتـەوەیی (مـەم و زیـن)

دەكات و دەیەوێ لە ژێر ڕۆشنایی ئەم دێڕە شیعرانەوە بە خوێنەران بڵێ كە كورد میللەتێكی هوشیار و تێگەیشتووە، بەڵام بێ خاوەنی و ناتەبایی نێو میرەكانی كورد وای كردووە كە هێشتا لە دواوە بین و خەڵك بە نەزانمان تێ بگات:

***كـرمانج نەپـڕ دبێ كەمالن*** ***ئەمما د یەتیم و بێ مەجالن***

***فیلجوملە نە جاهل و نەزانن*** ***بەلكو سەفیل و دبێ خودانن***

***......................... ....................***(١١٧:١١)

لە ژمارە (٤)یشدا، بە ناونیشانی (لە سلێمانیەوە هاتوە)، (زێوەر ١٨٧٥-١٩٤٨)ی شاعیر شیعرێكی لە ستایشی گۆڤاری ڕۆژی كورد بڵاوكردۆتەوە و پێی وایە كە دەركەوتنی ئەم گۆڤارە جێی شانازی هەموو میللەتی كوردە و وەك گوڵشەنێك كە پڕ بێ لە زانیاری و ڕووناكی تێی دەڕوانێ و بەم دێڕە دەست پێدەكات:

***چەندە شیرینە زوبانی ڕۆژی كورد***

***شەكر ئەفشانە دەهانی ڕۆژی كورد(١٧:٧٧)*** *

(مودانی.خ)یش لە تەواوكەری وتاری ژمارە (٣)، ئەمجارە نموونەی شیعرێكی حاجی قادر دەهێنێتەوە، كە لە سەرەتادا دەڵێت:

***كـچی كۆ بێنە كەوتەوە یادم***

***پێم گوت ئایا چلۆنە ئوستادم*** **

***.........................*** (٢٦:٧٧)

لە دوا لاپەڕەشدا شیعرێكی (ئەكرەم) ناوێك هەیە -كە ڕەنگە ئەكرەم جەمیل پاشای ئەندامی كۆمەڵەی هیڤی بێت- بە ناونیشانی (بەری و نها). ناوەڕۆكەكەی باسی جیاوازی نێوان ژیانی پێش و ئێستا-سەردەمی شاعیر- دەكات و لە دێری یەكەمدا دەڵێت:

***كرمانجیا كوردان پڕ دەلال بوو، بەری هەزار سالان***

***خـــورتی دیوان؛ دخەبـتن دناڤ بێـــداران***(٣٢:٧٧)

---

* ئەم شیعرە لە دیوانەكەی نییە، بڕوانە سەرچاوەی ژمارە(٥٤).

** ئەم دێڕە شیعرە لە دیوانەكەی بەم شێوەیە هاتووە:

كوردەكی كۆیە كەوتەوە یادم

پێم گوت: ئایا چلۆنە ئوستادم

**- گۆڤاری هەتاوی کورد ١٩١٣*:**

لە ژمارە (١)دا شیعرێکی (زێوەر) هەیە بە ناونیشانی (زەمانی هوشیارییە) کە تێیدا ڕوو لە ڕۆڵەکانی کورد دەکات و پێیان دەڵێت: تەمبەڵ مەبن و بێ کار دامەنیشن و کۆشش بکەن و هوشیار ببنەوە، چونکە ئێستا چەرخی هوشیار بوونەوەو تێگەیشتنە و کاتی بێ کاری و مانەوە تەنها لە تەکیە و خانەقاکان بە سەر چووە:

***خوابی خەرگۆشــی هەتــا کەی وەعدەیی بێدارییە***

***دوژمـــنی خۆت و مـــناڵت؛ ئەژدەهای بێ کارییە***

***وا بەجێ مـــاوی لە خێڵ ناگەیتە کوێستانی موراد***

***کوردە سا دەی غیرەتێ، غیرەت نەوەی دیندارییە**** (١٧:١٧٧)

لەم ژمارەیە و ژمارە (٢،٣)دا (مودانی.خ) کۆمەڵێك شیعری (حاجی قادری کۆیی) بڵاوکردونەتەوە، هەر لە ژمارە (٢)دا دوو قەسیدەی شاعیری کلاسیکی کوردی (مەحوی) یەکەمیان بە ناونیشانی (لەوەسفی ڕۆژا) و دووەمیان (لەوەسفی شەوا)، بە دوای یەکەوە بڵاوکراونەتەوە. لە ژمارە (٣)شدا دیسان شیعرێکی تری (زێوەر) هەیە بە ناونیشانی (بۆ کوڕەکانی کورد)*** و ڕوو لە کوڕانی کورد دەکات و دەڵێت: لەم دنیایەی کە ڕووی لە فەنا بوونە پێویستە مرۆڤ نان بدەر و چاوتێر و یاریدەدەری هەژاران بێت و تەنها بۆ خۆی نەژیت:

***دنیــا کــە مەقامێکە دەبێ ڕوو لە فــەنا بێ***

***سا ئەو کەسە زۆر مەردە کە مەشغولی سەخا بێ***

---

* تەنها ژمارەکانی(٤،٣،٢،١–١٠،٥) لە بەر دەستن و پشتیان پێ بەستراوە.

** ئەم شیعرە لە دیوانەکەشیدا هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەو دەقەی گۆڤارەکە جیاوازیان هەیە و پاش و پێشیان تێدا کراوە، جگە لەمەش لە دیوانەکە دێڕێك نوقسانە، کە دەڵێت:

تۆ کە ئیسلامی شەریعەت ئەمرەکا تەمبەڵمەبە

دەتکوژێ ئەو عیللەتە زۆر عیللەتێکی سارییە

بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە(١١:٥٤)

*** ئەم شیعرە لە دیوانەکەیدا نییە، بڕوانە سەرچاوەی ژمارە(٥٤).

***دەرحــەق بە بـەنی ئـادەم و ئەعـدایی وڵاتی***

***وەك حاتەم ووەك ڕۆستەم و وەك بەرقی سەما بێ***

لە کۆتاییشدا دەڵێت:

***خیرەت کە لە بۆ میللەت و دەولەت نییە، غافیل***

***نەفـــــعی چییە ئەستونی دەوارت لە سەما بێ***

***وەقتی سەر و غـــــیرەتە، ئەعدا لە کەمین دان***

***ئەمرۆکە هەوا سافە، دوو چاوت لە دوا بێ***(٧٦:٧١)

هەر لە ژمارە (٣) و لە لاپەڕە (٢٠-٢٢)دا سێ غـەزەلی (نـالی) بڵاوکراونەتـەوە و (لـە لاپەڕە (٢١-٢٢)شدا، شیوەننامەیەك لـە لایـەن ڕۆژنامـەنووس و شـاعیرو زمـانزانی نـەمر (محەممەد میهری) و بە بۆنەی کۆچی دوایی (بابان زادە ئیسماعیل حـەقی بـەگ) بـڵاو بۆتەوە)(٧٩:٧١) و لە سەرەتاکەیدا دەڵێت:

***زمانی پــیرەمێرد ئیمڕۆ خەزێنەی ئێش و گریانە***

***شەووڕۆژ ئاهی ناڵی ڕەعدە، ئەشکی چاوی بارانە***

شاعیر، دوای پێشەکیەك لە نیشاندانی غەم و عادزی کوردان، دێتـە سـەر باسـکردنی کۆچی دوایی (ئیسماعیل حەقی بابان) و دەڵێت:

***جەوانی نەوجەوانان حەقی بەگ، بەگزادەیی کوردان***

***ڕەئیسی ئەهـــــلی عــیرفان، دەریەکتای ماڵی بابانە***

***لە بەر کۆچــــــکردنی دەردانە ئیمڕۆ ڕۆژی دەردانە***

***مەسیلی ئەشـــکی خوێن دامانە، دامان کاری مەردانە***

***بڵێ ئەمـــــــری خودایە هیچ لە دەستی ئێمە دەرنایێ***

***کە قوربان زووبە کورد، بۆچ تازە ئیسماعیلی قوربانە***(٨٠:٧١)

(حـاجی حەسـەن تەحسـین سـێوەرکی) لـە هـەمان ژمـارە داو لـە شـیعرێکدا بـە ناونیشانی (کردستانە بر خگاب-پەیامێ بۆ کوردسـتان) داوای هوشـیاربوون و یـەکگرتن، لە خەڵك و عەشیرەتە کوردیـەکان دەکات، هـەروەها بـاس لـە زوڵـم و زۆری دوژمنـان و وەستان لە دژیان دەکات، شیعرەکە بەم دێڕە دەست پێدەکات:

***سالا چارانە هەموو دوژمن هاتن بسەر مەدا***

***هیمـــداد نەهات کافر پڕن بسەرمەدا***(٨٢:٧١)

(فوئاد تەمۆ)ی خاوەنی یەکەمین چیرۆکی بلاوکراوەی کوردی(٤١:١١)، لە مەیدانی شیعریشدا دەستی هەبووە، هەر لە ژمارە (٣)دا شیعرێکی بە ناونیشانی (گازندەیی کوردان) بلاوکراوەتەوە، ناوەڕۆکەکەی گلەیی کردنە لە سەرکردە و میرەکانی کورد و داوایان لێدەکات، هانی خەبات و خوێندن بدەن و قوتابخانە بۆ مندالانی کورد بکەنەوە، لە پارچەی یەکەمدا هاتووە:

***مەزنا کوردان ئەزێ تشتەك بێژم وەرا***

***گەرمـــا گوهداری بکەن مەبێژن درەوا***

***ئیرۆکە وار ڕازاندنە، خەبات و خاندنە***

***ڕاست بزانن ژڤێ ڕێیەکی ڕاست و تونە***(٨٢:٧١)

لە کۆتایی هەمان ژمارەشدا دوو پارچە شیعری تر بەر چاو دەکەون کە لە (مدرسە الزهراو الرشادیە)وە نێردراون و، یەکەمیان بە ناونیشانی (بۆ هەتاوی کورد)ەو لە لایەن (حەمزە) ناوێکەوە نێردراوە و ڕووی سلاو لە تویژی لاوان دەکات و دوا ڕۆژی گەش لەوان چاوەڕوان دەکات، سەرەتاکەی بەم دێڕە دەست پێدەکات:

***الســـلام ئەی گەنجێ ئەکراد سەدری بالا جانشین***

***کوردێ تە مەدیونێ شوکرانا وەیە هەر ئان و حین***

پارچەی دووەمیشیان موستەزادێکەو لە لایەن (محەممەد زەکی مەلا جەلی) نێردراوە، ئەم شیعرە نرخێکی گەورەی ئەدەبی هەیە، بە تایبەتی لە ڕووی فۆڕمەوە، کە تەکنیکێکی وای بەکار هێناوە، لە موستەزادی کلاسیکی، ئەوەندەی ئاگادار بین، بەرچاو نەکەوتووە. تەکنیکەکەش بریتیە لە بەکارهێنانی سەروایەکی تازە بۆ موستەزاد. جیاوازیی لەگەڵ کلاسیك ئەوەیە کە سەروای موستەزادی کلاسیك زۆربەی جار بەم جۆرە دابەش دەبێت:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ....................................... | *A* | ........... | *b* |
| ....................................... | *A* | ........... | *b* |
| ....................................... | *C* | ........... | *c* |
| ....................................... | *A* | ........... | *b* |
| ....................................... | *D* | ........... | *d* |
| ....................................... | *A* | ........... | *b* |

هەرچی لە موستەزادی ناوبراوە،پەیڕەوی ئەو یاسایەی کلاسیك نەکراوە و سەرواى مەسنەوی بە جیا هەم بۆ دێڕەکان و هەم بۆ تیکە زیادکراوەکان بەکارهاتووە، بەم جۆرە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ................................ | *A* | ........... | *b* |
| ................................ | *A* | ........... | *b* |
| ................................ | *C* | ........... | *d* |
| ................................ | *C* | ........... | *d* |
| ................................ | *E* | ........... | *f* |
| ................................ | *E* | ........... | *f* |

شاعیر لە بەشێکیدا دەڵێت:

***ئەز چوومە حزووری ب سوئال و ب جەوابان　　　چووبوومە زیـــارەت***
***سەعیامە کو مەشکور بوو بقەیدان و کتابەت　　　زیارەت بوو عیبادەت***
***چەند ســالە درێژن لە هەر کەللەیی تـــیران　　　ویجـدانێ جـــەوابدا***
***ئەز فریەیی شەکو کودکن دوشمن و جـیران　　　ڕاهێ نە سەوابدا(٨٣:٧١)***

لە ژمارە(١٠)شدا، چەند شیعرێك هەن، لەوانە دوو غەزەلی کلاسیکی، یەکەمیان هی (مەلای جزیری)یەو بە ناونیشانی (مەلا ئەحمەد جزیری بونا پێغەمبەرێ ئاخر زەمان گۆتیە)یەو، دووەمیشیان غەزەلێکی (هەمزە هیممەتوللا)یە و بە ناونیشانی (مەرسیە) بڵاوکراوەتەوە. (مودانی.خ)یش (پێنجین)ێك و پێنج (چوارین)ی شاعیری تورك (گاهر الموی)ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و دەقە وەرگێڕدراوەکە لە ڕووی کێش و سەرواوە کەمو کورتیی هەیە. (تاهیر فوئاد بەرزنجی)ش بە ناونیشانی (دیاری هەتاوی کورد- لە کەرکوکەوە) شیعرێکی ستایش کردنی گۆڤارەکەی بڵاوکراوەتەوە، لە بەشێکیدا دەڵێت:

***شەوی غەفلەت بە سەر چوو خابی ئاڵۆز تا بە کەی ئاخر***
***هەتـــاو هەڵــهات و شوعلە ئینتیبا هەیدایە چاوی کورد***
***لە مەشئومی کەسالەت گەرچی موغلەق بوو شوکر وا بوو***
***بە میفتاحی سەعی دەرگەی ئومێدی داخراوی کورد(١٦:٧٨)***

هەروەها لە دوا لاپەڕەی ئەدەبی ئەم ژمارەیەشدا شیعرێك لە شێوەی (تەسمیتی تەرجیع)* لە لایەن (دیاربەکری- فکری نەجدەت) بلاوکراوەتەوە. شیعرەکە بریتییە لە سێ پێنجین و دوو لەتی کۆتایی هەر پێنجینەیەك دووبارەکراوەتەوە. لەم شیعرەدا ئەگەرچی گۆرانکاری لە سەروا دا کراوە، بەلام لە بوارەکانی تری هونەری و فۆڕمی شیعریدا لاوازە.

## - گۆڤاری بانگی کورد ١٩١٤**:

لە ژمارە (١)دا لە ژێر ناونیشانی (دیوانی شاعیری شەهیر حەزرەتی نالی) دوو غەزەلی نالی بلاوکراونەتەوە. لە ژمارە (٣)شدا بەناونیشانی (ئەدەبیات) شیعرێکی بەرز و سەرکەوتوو لە ڕووی فۆڕم و ناوەڕۆکەوە هەیە، کە خاوەنەکەی (سائیب زادە: سلێمانیەلی محەممەد عارف)ە. لە ڕووی فۆڕمەوە و بە تایبەتی لە ڕووی کێش و سەرواوە لە قاوغی کلاسیکیەوە نەهاتۆتە دەرەوە، بەلام توانیویەتی ناوەڕۆکێکی تازە بئاخنێتە ناو شیعرەکەوە. شاعیر لە سەرەتادا داخ و حەسرەتی خۆی لە بەرامبەر بیرکردنەوەی خەلك و بیرنەکردنەوە و بێ ئاگایی کورد دەردەبڕێ:

***عالەمێ مەشغولی فکرو کورد خـــەریکی وەحشەتە***

***خواردنم زوخاوی جەرگە، من لەداخ ئەم حەسرەتە***

ئینجا ڕوو دەکاتە خەلك و پێیان دەلێت: ئێمە لە قۆناغێکی تازەی ژیان داین و پێویستیمان بە کۆشش و غیرەت هەیە بۆ ئەوەی پێشبکەوین و خەلك بە دواکەوتوومان نەزانێ:

---

* تەسمیتی تەرجیع: بریتیە لە دووبارە بوونەوەی دێڕێکی مەسنەوی لە کۆتایی هەموو پارچەکان و بە یەکەوەیان دەبەستێتەوە(٢٣:٢٧٩).

** لە بارەی ئەم گۆڤارەوە ژمارەکانی (١،٣،٤) مان لە بەر دەستە، پێدەچێ تەنها چوار ژمارەی لێدەرچووبێ.

*ئەمڕۆ دەورێکی ترە، مەیدانی عەشرەت تەنگ بووە*

*وەقتی سەعی و غــــیرەتە هەنگامی بەزلی هیممەتە*

*خەتوە ئەنـــدازەی تـــەرەقی بین لە ساحەی ئاسیا*

*چونکە ئەوروپـــا ئەڵێن کورد مایلی هەر وەحشەتە*

هەروەها ئاماژە بە یەکێتی و یەکبوون و دەکات وەك فاکتەرێك بۆ بەدی هاتنی ئاواتەکانمان:

**بۆ تەرەقی مولك و میــــللەت ئیتــیحادمان واجبە**

**سەرفی غیرەت چاکە، با غەیبی نەکەین ئـەم فرسەتە**

بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

**مەحفەزەی دین و شەریعەتمانە خۆ خاکی وەتەن**

**ئاوەدانی ئەو بە زۆری عیـــلم و فەن و سنعەتە**

لە کۆتاییدا شاعیر، گۆڤاری بانگی کورد وەك حەکیمێکی ڕێگەی ڕزگاری دەناسێنێ و هیوا خوازە تا قیامەت پایەدار بێت:

**(بانگی کورد) جدەن حەکیمی خەستەگی ئەم قەومەیە**

**با لە خوابی غەفلەت و وەحشــەت خەبەرمان بێتەوە**

**پـــایەداربێ تا قیامـــەت بۆ شیفـــای ئەم ئوممەتە**

**حاڵ و ئەوزاعی زەمانە تەعنە، دەرسی عیبرەتە(٧٠:٧٩)**

لە ژمارە (٤)دا، وێڕای غەزەلێکی (مستەفا بەگی کوردی)، شیعرێکی (زێوەر) بە ناونیشانی (بۆ شاگردانی مەکتەب)، کە لە ١٥ دێڕ پێکهاتووە•، بڵاوکراوەتەوە. شاعیر ئەم شیعرەی وەك پەیامێك بۆ قوتابیان نووسیوە و ئامۆژگاریان دەکات بە خوێندن و گەڕان بە دوای زانست و هونەر و ڕاوەدوونانی تاریکی و نەزانین، لە سەرەتادا دەڵێت:

**ئەی گوڵی گوڵزاری دیـــن ئەی نەوجەوانانی وەتەن**

**ئەی لە مەعنادا بە قیمەت، یەك بەیەك دوڕی عەدەن**

---

• ئەم شیعرە لە دیوانەکەیدا (٧) دێڕەو کۆمەڵێك جیاوازیشی هەیە لەگەڵ ئەو دەقەی کە لە گۆڤارەکەدا بڵاو کراوەتەوە. هەروەها ساڵی نووسینی شیعرەکەش بە هەڵە نووسراوە ١٩٢٥(١٣:٥٤)، ڕاستیەکەی لە ساڵی ١٩١٤ لە گۆڤاری بانگی کورد بڵاوکراوەتەوە.

دواتر ڕوو دەکاتە  قوتابیانی قوتابخانە و پێیان دەڵێت: ئەگەر بتانەوێ لە هەموو شوێنێك و هەموو كاتێك جێی پەسەند بن، پێویستە وەك برا بن و خۆ خۆر نەبن، هەروەها ئەگەر ڕەزامەندی خواتان دەوێ پێویستە ڕیزی ئایین بگرن و گوێڕایەڵی گەورەكانتان بن:

**میللەتی خۆ خۆر مـــــەبن هەروەك برا بن دائیما**
**دەبنە مەقبولی هەموو ئەهلی زەمین ئەهلی زەمەن**
**حەز دەكەن گەر مەزهــــەری تەوفیقی ڕەببانی ببن**
**قەدری دین بگرن ئیتاعەی گەورەیی خۆتان بكەن(٩٣:٨٠)**

**- ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی ١٩١٨:**

بایەخ دان بە مەسەلەی ئەدەب و شیعر بە تایبەتی لە ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی، بە شێوەیەكی دیار دەگەڕێتەوە بۆ ژمارە (١٦) و ژمارەكانی دواتر و لەوێوە گۆشەیەكی تایبەتی بۆ (ئەدەبیاتی كورد) تەرخان كراوە(١٦٤:٣٦). ئەم گۆشەیە بەردەوام بووە تا ژمارە (٣٣) و دوای ئـەوە داخـــراوە (چونـــكە زۆربـــەی هـــەرە زۆری ژمارەكانی تری (تێگەیشتنی ڕاستی) تەنها بۆ باسی شەڕو پێشكەوتنی لەشكری ئینگلیز تەرخان كراون)(٢٠٠:٣٦). ئەوەی لێرەدا پێویستە لە سەری بوەستین ئەوەیە كە ئەو گۆشەیەی بۆ (ئەدەبیاتی كورد)یش تەرخان كراوە، هەمووی بریتیە لە ناساندنی ژیان و بەرهەمەكانی شاعیرانی كلاسیك و شاعیرە كۆچكردووەكان، هیچ شیعری شاعیرانی زیندوو هاوچەرخ نابینین.  لە هەریەك لە ژمارەكانی (١٦،١٧،١٨،٣٣)دا كۆمەڵێك غەزەلی شاعیری گەورەی كورد (نالی)، لەگەڵ پێشچاوخستنی ژیانی لە چەند وتارێكدا، بلاو كراونەتەوە. هەروەها لە ژمارەكانی(١٨،٢١،٢١ دووبارە)دا باس لە ژیان و بەرهەمەكانی (مستەفا بەگی كوردی) كراوە و چەند غەزەلێكی بە نموونە هێنراوەتەوە. لە ژمارە (١٩)شدا باس لە (حەریق)ی شاعیر كراوەو نموونەی غەزەلێكی هێنراوەتەوە. لە ژمارە (٢٠) یشدا لە وتارێكدا چەند شیعرێكی فۆلكلۆری ناوچەی سنە و شیعرێكی مەولەوی و چەند دێڕە شیعرێكی نالی، بلاّوكراونەتەوە.

(دوای نالی و حەریق و كوردی ((تێگەیشتنی ڕاستی)) لە گۆشەی ((ئەدەبیاتی كورد)) دێتە سەر باسی شاعیرێكی ناوداری ترمان كە ئەویش(سالم)ەو هەموو ئەو بەشەی ژمارە (٢٢)ی بۆ باسی ژیان و نموونەی بەرهەمی تەرخان كردووە)(١٨٣:٣٦).

تێگەیشتنی ڕاستی، لە هەموو شاعیرە ناودارەکانی کورد زیاتر بایەخی بە شیعرەکانی (حاجی قادری کۆیی) داوە و چەندین گۆشەی (ئەدەبیاتی کورد) ی لە ژمارە جیاجیاکان، بۆ تەرخان کراوە، لەوانە لە هەریەك لە ژمارەکانی (٢٣، ٢٤، ٢٥، ٣٢، ٣٣)، وێڕای بڵاوکرانەوەی کۆمەڵێك لە شیعرەکانی، وەك شاعیرێکی تازەکەرەوە و نیشتمانپەروەریش بە خوێنەران ناسێنراوە*.

## ▪ .حاجی قادری کۆیی** و ڕەگە سەرەتاییەکانی تازەکردنەوە

لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم بزووتنەوەیەکی تازەی ئەدەبی لە شاری سلێمانی دروست بوو، کە هەرسێ شاعیری ناودار (نالی و سالم و کوردی) ڕابەرایەتیان دەکرد و تەکانێکی گەورەیان بە ئەدەبی کلاسیکی کوردی دا. ئەم قوتابخانەیە دواتر بە شێوەیەك ڕەگی داکوتا، کە کاریگەری تەنها لە سەر ڕۆشنبیرانی شاری سلێمانی بەجێ نەهێشت و چەندین پەیڕەوکارانی لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان پەیدا بوون. دەکرێ شیعرە سەرەتاییەکانی حاجی قادری کۆیی بە بەردەوامیی ئەو قوتابخانە شیعرییە لە قەڵەم بدرێن، کە تیایاندا وەستاییەکی زۆری لە ڕووی فۆڕم و ناوەڕۆکەوە نواندووە. حاجی قادر ماوەیەك خۆی بە شیعری دڵداری و غەرامیات خەریك دەکات و دواتر لە ڕێی چەند هۆکارێك —دواتر لێیان دەدوێین- ئینقلابێك بەسەر ئەو بیرە کلاسیکییە دادێنێ و (ئەو پەردەیە دائەداتەوە و پەردەیەکی تر هەڵئەداتەوە؛ تەماشا ئەکا لەو دیوی ئەم پەردەیەوە سینەمایێك ئیش ئەکا، شریت شریت هالە هەواڵی کۆمەڵایەتی پیشان ئەدا)(٣٥٢:٢٥) دواتر ئەو پەردەیەش دائەداتەوە و ئەچێتە ناو

---

* بۆ ئەو زانیاریانە دەربارەی ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی سوود وەرگیراوە لە(٣٦:١٥٤–٢٠٠).

** ناوی تەواوی (عەبدولقادر)ەو کوڕی (ئەحمەد)ەو دایکی ناوی (فاتمە)یە، لە ساڵی ١٨١٥ ی زاینی لە گوندی (گۆڕ قەرەج)ی ناوچەی کۆیە لە دایك بووە. لە تەمەنی حەوت ساڵیەوە خراوەتە بەر خوێندنی ئاینی و بۆ وەرگرتنی زانستەکانی ئاینی چەندین شوێن گەڕاوە، لەوانە" چۆتە خۆشناوەتی، هەولێر، سەردەشت، سابلاخ، شنۆ، سلێمانی و باڵەکایەتی. لە ساڵی ١٨٥٤ لەگەڵ (کەیفی جوانڕۆیی) –کەیەکێك بووە لە فەقێیە زیرەکەکان و دۆستی حاجی قادر– چووەتە ئەستەمبول(٢٥:٣٤٢). دواجار لە ساڵی ١٨٩٧ دا لە شاری ئەستەمبول لە ئاوارەیی و بێکەسیدا سەری ناوەتەوە و لە گۆڕستانی (قەرەج ئەحمەد) نێژراوە(٥٣:١٧).

دنیای نەتەوەیی و نیشتمان پەروەرییەوە و لە ناو ئەو جۆرە شیعرانەیدا ویستوویەتی دەربڕی ئاوات و داواکاریەکانی گەلی کورد بێ، بەم جۆرە ئەگەر لە ماوەی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم کورد خاوەنی کۆمەڵێك شۆڕش بووبێ، ئەوە حاجی قادری کۆییش شانبەشانی شۆڕشگێڕەکان لە ڕێگەی قەڵەم و شیعرەکانیەوە بەشداریەکی گەورەی کردووە و شۆڕشێکی فیکری و ڕۆشنبیری هەڵگیرساندووە. حاجی قادر لەم قۆناغە شیعرییەدا، جا بە هەر ناوێکەوە بێت — قۆناغی کلاسیزمی نوێ، یان قۆناغی ڕووناکیخوازی یان ڕووناکبیری- توانی گۆڕانکارییەکی گەورە بە سەر شیعردا بهێنێت بە تایبەتی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە. ئەم گۆڕانەش بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێتەوە، گرنگترینیان:

١- چوونی حاجی قادر بۆ ئەستەمبول و ئاگاداربوون لەو چالاکی و شۆڕشە چەکداری و سیاسیانەی کورد لە لایەك و لە لایەکی تر ئاگاداربوون لەو جموجۆڵە ڕۆشنبیری و ئەدەبیەی کە لە شارەکەدا هەبووە و لە ڕێگەی ئەوانیشەوە ئاگاداربوون لە هزرو ڕۆشنبیری ئەوروپایی.

٢- بارودۆخی ئەوسای کۆیە کە لە لایەکەوە سنوری نێوان میرنشینەکانی بابان و سۆران بووە و چەند جارێك لە ئەنجامی شەڕی نێوان ئەو دوو میرنشینە زەرەر مەند بووە و کاریگەری لە سەر ئەو شیعرانەی حاجی قادر هەبووە، کە تیایاندا داوای یەکگرتن و دوورکەوتنەوە لە براکوژی دەکات. لە لایەکی ترەوە کۆیە ڕێگای بازرگانی نێوان شارە گەورەکانی کوردستان بووە و هەروەها ناوەندێکی ڕۆشنبیریش بووە و کۆمەڵێك ڕۆشنبیر و زانا و شاعیر لەو سەردەمەدا لەوێ ژیاون.

ئەو ماوەیەی حاجی قادر لە ژیاندا بووە، هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی کوردی نەبووە، تا شیعرەکانی خۆی تێدا بڵاوبکاتەوە، بەڵام ساڵێك دوای مردنی، یەکەم ڕۆژنامەی کوردی (کوردستان ١٨٩٨) سەری هەڵدا و، لە ژمارە (٣)دا وێڕای دیاریکردنی ساڵی کۆچکردنی حاجی •، شیعرێکی بە ناونیشانی (زەمانە) بڵاوکراوەتەوە، کە بە

• لە ژمارە (٣)دا نووسراوە (عالمك ژ سۆرا هەبی ساڵا دی وەفات کر ڕەحمەتا خودێ لێ بە، خودێ گونەهێن وی بغەفرینە، ناڤێ وی حاجی عەبدولقادر بی، ئەڤ مرۆڤ ساغیا خوە گەلەك خەبتی دەرحەقا عیلماندنا عیلم و مەعریفەتی ڕە، گەلەك بەیت و ئەشعارێن کرمانجی دنڤیسی، ڕێدکر وەلاتێ خوە سۆرا ...)(٣٥:١١).

یەکەمین و ڕاسترین دەقی چاپکراوی شیعری حاجی قادری کۆیی دادەنرێت(٣:٥٣). دوای ئەم ڕۆژنامەیەش، کۆمەڵە شیعرێکی تری حاجی قادر –چ وەك بابەتێکی ئەدەبی سەربەخۆ چ لە ناو وتار و لێکۆڵینەوەی نووسەراندا- لەناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی تردا دەبینین.خەلیل مودانی کە یەکێك بووە لە ڕۆشنبیر و نووسەرە ئازادیخوازەکانی کورد، بەشێکی شیعرەکانی حاجی قادری لە گۆڤارەکانی (ڕۆژی کورد و هەتاوی کورد) بڵاوکردونەتەوە و هەندێ جاریش وەك بەڵگەیەك و پشتگیریەك بۆ بیرو ڕا نەتەوەییەکانی خۆی، تێهەڵکێشی نووسینەکانی کردوون.

لە دوای ڕۆژنامەی کوردستان و گۆڤارەکانی ڕۆژی کورد و هەتاوی کورد، بایەخ دان بە شیعر و بەرهەمەکانی حاجی قادر لە سەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) دا دەبینین و لە چەند شوێنێکدا وەك تازەکەرەوەیەکی شیعری کوردی ناسێنراوە، بۆ نموونە لە ژمارە (٢٣)دا بەم شێوەیە لێی دەدوێ: (حاجی قادر لە شاعیرە موجەدیدەکانی کوردە، خەڵکی کۆیەیە، شیعری تەڕ و خۆشە، ڕەندانەیە)(١٨٦:٣٦)، هەروەها لە ژمارەی دواتر دیسان هاتۆتەوە سەر باسی حاجی قادر و دەڵێت: (حاجی قادر وتمان شاعیرێکی بێ نەزیری کوردە، شیعرەکانی زۆر موجەدیدانەیە، خۆی (غایەت) میللەت پەروەرە، وەك شاعیرەکانی تر بە زوڵف و (خاڵەوە) خۆی خەریك نەکردووە، هەر لەگەڵ ئیجتیماعیاتی قەومی کورد حەیاتی شیعری ڕابواردووە)(١٨٨:٣٦). لە ژمارە (٢٥) یشدا هەر لەمبارەیەوە جیاوازی لە نێوان حاجی قادر و شاعیرانی پێشتر دەکات: (شیعرەکانی لەگەڵ شیعری قودەما فەرقی زۆرە، هەر بەیتێکی عالەمی ئیجتیماعیات و ئیسلاحە)(١٩١:٣٦). هەر لەم ژمارەیەدا حاجی قادر بە دامەزرێنەری شیعری کۆمەڵایەتی و وازهێنان لە باسکردنی مەی و زوڵف و خاڵ دانراوە و بە لای نووسەری بابەتەکەوە لە داهاتوودا حاجی قادر لەگەڵ شاعیرە ناودارەکانی میللەتانی تر بەراورد دەکرێ: (شاعیری کۆنی ئەقوامی سائیرە بەحسیان لە مەی و مەحبوب و زوڵف و یار دەکرد، ئەمما حاجی قادری کۆیی ئەم تەرزەی گۆڕی و شیعری تێکەڵاوی ئیجتیماعیات کرد و لەم مەسەلەیەدا بە موئەسیس حساب کرا. هیچ

شوبهە نییە کە جەوانانی موستەقبەلی کورد حاجی قادر موقابیلی کەمالی بەگی تورك و ئەمسالی دەگرن و بە موهەیجی حسیاتی وەتەنی و قەومی دەزانن)(١٩٣:٣٦).

هەموو ئەمانە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کە ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی سەرەڕای بڵاوکردنەوەی بەشێك لە شیعرەکانی، بایەخێکی زۆریشی داوە بە باس کردن و ناساندنی حاجی قادری کۆیی وەك شاعیرێکی بەرز و نیشتمانپەروەر و کۆمەڵناس و تازەکەرەوەی شیعری کوردی.

دوای ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی، شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی لە سەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی ژیانەوە و گۆڤارەکانی ژینی ئەستەمبول و دیاریی کوردستان دا دەبینین.

بۆ زیاتر ڕوون کردنەوە ئەو خشتەیەی داهاتوو، هەموو ئەو شیعرانەی حاجی قادری کۆیی نیشان دەدەن، کە لە ماوەی سالانی ١٨٩٨-١٩٣٢ لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکان بڵاوکراونەتەوە.

| ز | لەتی یەکەمی شیعرەکە | ناوی گۆڤار | ناوی ڕۆژنامە | ژمارە | مێژوو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | زەمانە ڕەسمی جارانی نەماوە | | کوردستان | ٣ | ١٨٩٨ | |
| ٢ | تا ڕێك نەکەون قەبیلی ئەکراد | ڕۆژی کورد | | ٢ | ١٩١٣ | |
| | | | تێگەیشتنی ڕاستی | ٢٤ | ١٩١٨ | |
| | | | ژیانەوە | ٤١ | ١٩٢٥ | |
| ٣ | سلام الله منی کل یوم | ڕۆژی کورد | | ٢ | ١٩١٣ | |
| | | | تێگەیشتنی ڕاستی | ٢٥،٣٢ | ١٩١٨ | |
| ٤ | ئەگەر کوردێك قسەی بابی نەزانی | ڕۆژی کورد | | ٢ | ١٩١٣ | ٦ دێڕی لێ بڵاوکراوەتەوە |
| | | | تێگەیشتنی ڕاستی | ٢٣ | ١٩١٨ | ٦ دێڕی لێ بڵاوکراوەتەوە |
| ٥ | هەرکوردە لە بەینی کوللی میللەت | ڕۆژی کورد | | ٢ | ١٩١٣ | |
| | | | تێگەیشتنی ڕاستی | ٣٣ | ١٩١٨ | |
| ٦ | کچی کۆ بێنە کەوتەوە یادم | ڕۆژی کورد | | ٤ | ١٩١٣ | |
| ٧ | وا دیارە ڕەسم و قانونێکی دەوران دادەنێ | هەتاوی کورد | | ١ | ١٩١٣ | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٨ | شەهسەواری بەلاغەتی کوردان | هەتاوی کورد | | ١ | ١٩١٣ | |
| | | دیاری کوردستان | | ٣،٧،٩ | ١٩٢٥ | |
| ٩ | خوسرەو و کەیقوباد و ئەسکەندەر | هەتاوی کورد | | ٢ | ١٩١٣ | |
| | | دیاری کوردستان | | ١٣-١٤ | ١٩٢٥ | ٦ دێڕی لێ بڵاوکراوەتەوە |
| ١٠ | شێخ بزەینی قسەی وەکو جافە | هەتاوی کورد | | ٢ | ١٩١٣ | |
| ١١ | خۆ دەزانن سولالەیی ئەکراد | هەتاوی کورد | | ٢ | ١٩١٣ | |
| ١٢ | یا ئیلاهی بە ئایەتی مونزەل | هەتاوی کورد | | ٢ | ١٩١٣ | |
| ١٣ | ئودەبا چاکە لێم نەبن دەرهەم | هەتاوی کورد | | ٣ | ١٩١٣ | |
| | | ڕۆژی کورد | | ٢ | ١٩١٣ | ٥ دێڕی لێ بڵاوکراوەتەوە |
| | | | تێگەیشتنی ڕاستی | ٢٤ | ١٩١٨ | ٥ دێڕی لێ بڵاوکراوەتەوە |
| ١٤ | لەڕۆما کەوتەبەرچاوم کەسێکی هائیم وحەیران | ژین | | ٢ | ١٩١٨ | |
| ١٥ | ئەو ڕۆژە بە ئەمری حەیی مەنان | ژین | | ٥ | ١٩١٨ | |
| | | دیاری کوردستان | | ٧ | ١٩٢٥ | |
| ١٦ | قسەیەکم هەیە دەیکەم مەڵێ بێ تەجرەبەیە | | ژیانەوە | ١٩ | ١٩٢٥ | |
| ١٧ | وتم بە بەختی خەواڵوو بەسە ئەتو بی خودا | دیاری کوردستان | | ١،٢ | ١٩٢٥ | |
| ١٨ | لە گاوان و شوانی کوردەکان یەك | دیاری کوردستان | | ١١-١٢ | ١٩٢٥ | |
| ١٩ | ئەی بێ نەزیرو هەمتا هەرتۆی کە بەرقەراری | دیاری کوردستان | | ١١-١٢ | ١٩٢٥ | |

لەم خشتەیەی پێشوو دەگەینە چەند ڕاستیەك:

١- زۆربەی شیعرەکانی حاجی قادر، ئەوانەی کە لەو ماوەیەدا بڵاوکراونەتەوە، ئەو شیعرانەن کە گوزارشت لە ناسیۆنالیزمی کوردی و داواکردنی زانست و زانیاری دەکەن و زۆر بە کەمی شیعرە کلاسیکی و غەرامیەکانی دەبینین.

٢- هەموو ئەو شیعرانەی کە لە ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی دا بڵاوکراونەتەوە، پێشتر لە گۆڤارەکانی ڕۆژی کورد و هەتاوی کورد دا بڵاوکراونەتەوە، پێدەچێ شیعرەکانی تێگەیشتنی ڕاستی لەوانەوە وەرگیرابن. بۆیە دەکرێ بە پێچەوانەی ڕایەکەی د. کەمال مەزهەر ئەحمەد کە دەڵێت (گەر باسی ساڵی وەفاتەکەی لە ڕۆژنامەی (کوردستان)دا بخەینە لاوە (تێگەیشتنی ڕاستی) دەبێتە یەکەم چاپەمەنی کوردی کە حاجی قادری کۆیی بە خوێنەری کورد ناساندوە)(١٨٦:٣٦)، ئێمەش بڵێین، بەر لە ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) لە هەردوو گۆڤاری (ڕۆژی کورد و هەتاوی کورد) حاجی قادری کۆیی بە خوێنەران ناسێنراوە و بەشێك لە بەرهەمەکانی بڵاوکراونەتەوە

٣- لە ناو هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەوسا، کە لەبەر دەستماندان، هەریەك لە ڕۆژنامەکانی (کورد ١٩٠٨، پێشکەوتن ١٩٢٠، بانگی کوردستان ١٩٢٢، ڕۆژی کوردستان ١٩٢٢، بانگی حەق ١٩٢٣، ئومێدی ئیستیقلال ١٩٢٣، ژیان ١٩٢٦) و گۆڤارەکانی (بانگی کورد ١٩١٤، کوردستان ١٩١٩، زاری کرمانجی ١٩٢٦)، هیچ شیعرێکی (حاجی قادری کۆیی) یان وەك بابەتێکی سەربەخۆ تێدا نییە.

## - تازەکردنەوە لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی دا

حاجی قادری کۆیی وەك ڕووناکبیرێکی سەردەمی خۆی، هاتووە ڕەخنەی لە هەندێ بنەمای کلاسیکی بوارە جیاکانی کۆمەڵگە گرتووە و بە گوێرەی سەردەم و گۆڕانکاریەکانی، هاتۆتە مەیدان و لە ڕێی شیعرەکانییەوە بیر و ڕا فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی خۆی دەربڕیوە، لێرەدا چەند لایەنێك لەو بیرو باوەڕە تازانەی ئەو لە ناو ئەو شیعرانەیدا هەڵدەهێنجین، کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە:

١- باسکردنی ڕێك نەکەوتن و یەکنەبوونی کورد و داواکردن بۆ یەکێتی و دوورکەوتنەوە لە دووڕوویی و نیفاقی:

***تا ڕێك نەکەون قەبیلی ئەکراد***

***هەروا دەبن خەرابە ئاباد***(شیعری ژمارە٢)

یان دەڵێت:

***هــــەتا وەك ئاگری بن کان لەگەڵیەك***

***ئەگەر تۆفان بێ لەشکرتان بە پوشەك***

***لە گـــــوێی گا نووستون بۆیێکە ڕێوی***

***لە سەر ئێوە وەها شێرگیرە وەك سەگ***(شیعری ژمارە١٨)

شاعیر، هۆکاری ئەم ناتەبایی و یەکنەگرتنە دەباتەوە سەر نەزانین و دواکەوتوویی:

***کوردی ئێمە نەزانن و پاشکەوتن***

***پێکەوە پووش و ئاگر و نەوتن***(شیعری ژمارە١٣)

لەم ڕووەوە کورد بەراورد دەکات لەگەڵ ڕۆم و جولەکە و دەڵێت:

***ڕۆم و جوو چاکە ئیتیفاقی هەیە***

***کوردە بێغیرەتی و نیفاقی هەیە***(شیعری ژمارە٥)

حاجی دێتە سەر ئەو باسەی کە کورد وێڕای ئازایەتی و مەردایەتی، هەمیشە لەناو خۆیاندا فیتنە چی و مەرجیان لەگەڵیەکدا هەیە:

***وەلاکین فائیدەی چی هەرج و مەرجن***

***لە دەعوادا لەگەڵ یەکتر بە مەرجن***(شیعری ژمارە٣)

٢- بایەخی خوێندن و نووسین و ڕۆلیان لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا:

حاجی داخ بۆ ئەوە دەخوازێ کە کورد بێ خوێندن و نووسینە، بۆیەشە لە جیهانی پێشکەوتوودا ناوی دیارنییە:

***هەر کوردە لە بەینی کوللی میللەت***

***بێبەهرە لە خوێندن و کتابەت***(شیعری ژمارە٥)

یان دەڵێت:

***ساحێب کوتوب و پەیامە هەر کەس***

***ئێمە نەبێ بووینە قەومی چەرکەس***(شیعری ژمارە٥)

هەروەها دەڵێت:

***کتێب و دەفتەر و تەئریخ و کاغەز***

***بە کوردی گەر بنووسرایە زوبانی***

***مەلاو و شێخ و میر و پادشـــــامان***

***هەتا مەحشەر دەما ناو و نیشانی***(شیعری ژمارە٤)

شاعیر، پێشکەوتنی پیشەسازی دەبەستێتەوە بە خوێندن و تاقیکردنەوە:

***ئیدیعای هیچ سەنـــایعێك ناكەن***

***تاكو نەیخوێنن، ئیمتیحانی نەكەن***(شیعری ژمارە١٣)

بۆ ئـەم مەبەسـتەش سـەرنجی خـەڵك بـۆ لای ئـەو پێشكەوتنانە ڕادەكێشێ، كە لـە وڵاتانی پێشكەوتودا هەیە:

***ئەی خەریكی ڕموز و ناز و نیاز***

***ئەوروپا فەننی گەیوەتە ئیعجاز***

***قوللـــەیی (ئیــڤل) لە ئەفلاكە***

***عەكسی ئەو گەردشی لە ژێر خاكە***(شیعری ژمارە١٣)

یان:

***ئەهلی ژاپۆن بە فــــەن و سنعەتی چاك***

***سەیری چۆن چینی گرت و كردییە خاك***(شیعری ژمارە١٣)

یان:

***بێگانە بە تەرجەمەی زوبانی***

***ئەسراری كتێبی خەڵقی زانی***(شیعری ژمارە٥)

حاجی، گلەیی لە زانایانی كورد دەكات كە بایـەخ بـە خوێنـدن و نووسـین بـە زمـانی خۆیان نـادەن و لێـی بـێ ئاگـان، بـە پێچەوانەش لـە زمانـەكانی تـری وەكـو (عـەرەبی و فارسی و توركی) ئازا و زیرەكن:

***ئوستادی خەتن لەم سیـــانـــە***

***وەك دی لە زوبانی خۆی نەزانە***(شیعری ژمارە٥)

سەرەڕای كەم بایەخ دانی زمانی كوردی لە لای زانایـانی كـورد، حـاجی ستایشی ئـەو زمانە دەكات و هیچ كەموكورتیەكی لێ نابینێ:

***كوردی ئاخر بڵێ چییە عەیبی***

***هەر كەلامی حەقە نییە عەیبی***(شیعری ژمارە٦)

هەروەها زمـانی كوردی لەگـەڵ زمـانی فارسی بـەراورد دەكـات و زمـانی كـوردی بـە كۆنتر و ڕەسەنتر لە قەڵەم دەدات:

***یا لەگەڵ فارسی چ فەرقی هەیە***

***بۆچـــی ئەو ڕاستە ئەم كەچەیە***

***چونكە ئێمە قەدیمترین لە ئەوان***

***بە تەواریخی جوملەیی ئەدیان***(شیعری ژمارە٦)

٣- ناساندنی سەرکردە و شاعیر و زانا ناودارەکانی کورد:

حاجی قادری کۆیی یەکەم شاعیری کوردە کە ناوی زیاتر لە (٣٠) شاعیر و زانای کوردی لە شیعرێکدا کۆکردوونەتەوە و ناساندونیەتی و، بەم دێڕە دەست پێدەکات:

***شەهسەواری بەلاغەتی کوردان***

***یەکە تازی فەساحەتی بابان***(شیعری ژمارە٨)

لەم شیعرەدا ناوی هەریەك لەو زانا و شاعیرە کوردانە هاتووە: (مستەفا بەگی کوردی، نالی، محەممەد فکری، ئەمین بەگی دزەیی، کەیفی، سالم، مەشوی، خەستە، وەفایی، مولکە قۆڕ، حیماری، کیسەشکەل، شێخ ئەحمەد جزیری، ئەحمەدی خانی، فەقێی تەیران، مەولانا خالیدی نەقشبەندی، غەوسی سانی –شێخ عەبدولرەحمان باوکی شێخ ڕەزا(٢٢٨:٥٣)-، بێتووشی، مەولەوی، مەلا وەلەد خان، مەلا مستەفای بێساران، مەلکە، مەلا خدری ڕودباری، میرزا یەعقوب، حەسەنی باوکی فەقێ ئۆمەر، محەممەد ئاغای دەربەندی، ئەحمەد بەگی کۆماسی، عەلی بەردەشانی، عەلی حەریری، حاجی قادری شێخ وەسانی، ئەحمەدی کۆر).

هەروەها لە (شیعری ژمارە٤)دا باس لە کۆمەڵێك سەرکردەو کەسایەتیە کوردەکانمان بۆ دەکات، لەوانە: (سەلاحەدین ئەیوبی، ئەردەشێر، دەیشەمی شێر، میری ئەردەلان،...) و ڕۆڵەکانی کورد ئاگادار دەکاتەوە، کە پێویستە شارەزاییان لە بارەی ئەو سەرکردانەی خۆیانەوە هەبێت.

٤- نیشاندانی جوامێریی ڕۆڵەکانی کورد و ڕەخنە گرتن لە هەندی سەرکردە کان:

شاعیر لەوە دەدوێ کە مرۆڤی کورد لە ڕەچەلەکدا هەموویان زانا و تێگەیشتوون و ئەهلی ڕاوێژن:

***هەموو عالم، هەموو شێخ و میرن***

***زیرەك و ژیر و ئەهلی تەدبیرن***(شیعری ژمارە١١)

هەروەها دەڵێت:

***شەهسەواران، پیادەی ئازان***

***بەردی نیشان و کۆلکی مەیدان***

***دان و بەخشینیان لە لا بـــاوە***

***خوونی مەیدانیان لە کن ئاوە***(شیعری ژمارە١١)

لـە ڕووی ئازاییـەوە تـاکی کـورد لەگـەڵ (ڕۆسـتەمی زاڵ) و لـە ڕووی پیـاوەتی و نـان بدەییشەوە لەگـەڵ (حاتـەمی تـەی) و لـە ڕووی وەفـاو عەهدیشـەوە لەگـەڵ (ئیسـماعیل پێغەمبەر) — کاتێك پەیمانی ئەوەی نەشکاند سەری بـبڕن و بیکەنـە قوربـانی- بـەراورد دەکات.

***بە شەجاعەت هەموو وەکو ڕۆستەم***

***بە سەخاوەت هەموو وەکو حاتــەم***

***لە وەفا سموەئیل و ئیســــــماعیل***

***عەهد و پەیمانیان چیایی قەندیل***(شیعری ژمارە١١)

شاعیر سەرەڕای ئەو وەسفە، داخی ئەوەی هەیـە کـە هێشـتا کورد پێنەگەیشتووە و دوا کەوتوون، هۆکارەکەشی دەگەڕێنێتەوە بۆ:

ا- مانەوە لە ژێر زوڵم و زۆرداری داگیرکەران:

***هەر کوردن ئەگەر چی پاکی مەردن***

***پامالّی زەمانە میســــــاس گەردن***

***هەر مانەوە بێنەواو و مــــــەزلووم***

***وەك بوومی خەراباز، مەشئووم***(شیعری ژمارە٢)

ب- نەزانیی ئەمیر و سەرکردە کوردەکـان و ڕاکێشـانی دەسـتی بێگانـە بـۆ نـاو خـاکی کوردسـتان و مانــەوەی کۆمەڵگـەی کـوردی بـێ سەرپەرشـتیاری سـەرکردەیەکی تێگەیشتووی خۆماڵی:

***ئەی ئەمیری کوردەکان بۆ ئێوە عەیبەو شوورەیی***

***حیــزەکی وەك ............................ دادەنێ***

***بۆ کەیە ناموس و عار و بۆ چییە ئیمــان و دین***

***خاچ و ئینجیلی لە جێی تەفسیر و قورئان دادەنێ***(شیعری ژمارە٧)

٥- حاجی قادری کۆیی لە (شیعری ژمارە١٦)دا، گەندەڵی و ڕووی دزێـوی سیسـتەمی دەسەڵاتی عوسمانی و دەسەڵاتداران و پێڕەوکارانیان نیشان دەدات، حاکم بە ڕێگر

و قازی به دز و وەزیر به گورگ و شێخ و پەیڕەوکاران به ڕیخ و خەڵکیش به مێگەل دەچوێنێ:

***حاکمی ڕێگری مەعموورەیە، قازی دزی ڕۆژ***

***وزەراوو وکەلای گورگــــە، ڕەعــیەت گەلەیە***

***سالیکی ڕیخە ئەگەر شێخە ئەگەر مێخە لەوێ***

***شێخە، هەر کامێ نەدا تا دەمرێ هەر دەدەیە***

***زانی یو شاریب و لۆتی دەگـــــرن، والی دەڵێ***

***بەری دەن پارەی خۆی دایە، چ عەیبێکی هەیە***(شیعری ژمارە٧)

## - تازەکردنەوە لە فۆڕمی شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی دا

حاجی قادری کۆیی لە هەندێ شیعرەکانیدا، بە تایبەتی لە شیعرە کۆمەڵایەتی و نیشتمانیەکانیدا، هەوڵی داوە خۆی لە دەست فۆڕمی کلاسیکی دەرباز بکا و ناوەڕۆك پێش بخات، بە واتایەکی تر، ئەگەر فۆڕمی شیعری لای شاعیرە کلاسیکیەکان زیاتر مەبەست و ئامانج بووبێ، ئەوە لای حاجی قادری کۆیی ناوەڕۆك ئامانجە و فۆڕمی شیعری تەنها ڕێگەیێکە بۆ گەیاندنی ئەو ئامانجە. بۆیەشە حاجی خۆی دەڵێ: ڕەخنەم لێ مەگرن کە بەو شێوەیە دەنووسم، چونکە مەبەستی من دەرچوونە لەو کۆت و بەندانەی کە بە سەرتانەوەیە:

***بەیتەکان عەیبی مەکەن خوار و کەچن***

***مەقسەدم لەو بەند و باوە دەربــــچن***

داهێنانەکانی حاجی قادری کۆیی بە گشتی لە ڕووی فۆڕمەوە بریتین لە بەکارهێنانی زمانێکی سادە و ساکار، کە خەڵك بە ئاسانی لێیان تێبگات، وەبەکار هێنان و هێنانە ناوەوەی چەند وشە و زاراوەیەکی وەکو (ڕۆمان، جەریدە، تەرجەمە، سەنعەت، فەن، کیمیا، فەرەنگستان، ئینگلیز، ژاپۆن، ئەوروپا، ڕووسی، ئیفل، ملیۆن،...)، هەروەها دوورکەوتنەوە لە یەکێتی سەروا و بەکارهێنانی ئەو کێشە عەروزیانەی کە لە ڕووی دەنگسازیەوە لە سروشتی زمانی کوردی و لە ڕووی ژمارەی بڕگەشەوە لە کێشی خۆماڵی نزیکن، هەروەها تێکەڵکردنی ئیدیەم و پەندی پێشینان بۆ ناو شیعرەکانی، بۆ نموونە لەم دێڕەدا:

***هەتا وەك ئاگری بن كان لەگـــەڵ یەك***

***ئەگەر تۆفان بێ لەشكرتان بە پووشەك***(شیعری ژمارە ١٨)

ئیدیەمی (ئاگری بن كا) بە واتای فیتنەچی و فێـڵ لـە یـەكتر كـردن بـەكار هـاتووە. هەروەها لە دێڕی:

***لە گوێی گا نووستون بۆیێـــــكە ڕێوی***

***لە سەر ئێوە وەها شێرگیرە وەك سەگ***(شیعری ژمارە ١٨)

ئیدیەمی (لەگوێی گا نووستون) بە واتای (بێ خەبەر و بێ ئاگان) بەكارهاتووە. لەم دێڕە شیعرەی خوارەوەشدا ئەو پەندە پێشینانەی كـە دەڵێـت (دەسـتی مانـدوو لـە سـەر زگی تێرە)ی تێكەڵ كردووە:

***تەنبەڵی كاری حیـــزو بێ خێرە***

***دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە***(شیعری ژمارە ١٣)

## - كێشی شیعرەكانی:

هـەموو ئـەو شـیعرانەی حـاجی قـادری كـۆیی كـە لـە گۆڤـار و ڕۆژنامەكانـدا بڵاوكراونەتەوە سەر بە كێشی عەرووزین، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١- كێشی هەزەج: ڕێژەی ٤١,١٪**

ا- كێشی هەزەجی شەش هەنگاوی مەحزووف (یان مەقسوور)، لە شـیعرەكانی ژمـارە (١، ٣، ٤، ١٨)، ڕێژەی ٢١,٥٪

ب- كێشی هەزەجی شەش هەنگاوی ئەخرەبی مەقبوزی مەحزووف (یان مەقسوور)، لە شیعرەكانی ژمارە (٢،٥،١٥)، ڕێژەی ١٥,٨٪

ج- كێشی هەزەجی هەشت هەنگاوی تەواو، لە شیعری ژمارە(١٤)، ڕێژەی٥,٢٪

**٢- كێشی خەفیف: ڕێژەی٣٦,٨٪**

- كێشی خەفیفی شەش هەنگاوی مەخبوونی ئەسلەم، لـە شـیعرەكانی ژمـارە(٦، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٢، ١٣)، ڕێژەی ٣٦,٨٪

**٣- كێشی ڕەمەل: ڕێژەی١٠,٥٪**

ا- كێشی ڕەمەلی هەشت هەنگاوی مەحزووف، لە شیعری ژمارە (٧)، ڕێژەی٥,٢٪

ب- كێشی ڕەمەلی هەشت هەنگاوی مەخبوونی مەحزووف، لە شیعری ژمارە (١٦)، ڕێژەی٥,٢٪

**٤- كێشی موزاریع،ڕێژەی٥,٢٪**

- كێشی موزاریعی هەشت هەنگاوی ئەخرەب، لە شیعری ژمارە(١٩)، ڕێژەی٥,٢٪

**٥- كێشی موجتەس، ڕێژەی٥,٢٪**

- كێشی موجتەسی هەشت هەنگاوی مەخبوونی مەحزووف، لە شیعری ژمارە (١٧)، ڕێژەی٥,٢٪.

## - سەرروای شیعرەكانی:

دەكرێنە دووبەش:

١- پەیڕەو كردنی یەكێتی سەروا (سەرروای غەزەل و قەسیدە): لە هەریەك لە شیعرەكانی ژمارە (١، ٤، ٧ ،١٤، ١٦، ١٧، ١٨، ١٩)، كە دەكاتە ڕێژەی ٤٢,١٪، پەیڕەوی یەكێتی سەروا كراوە و تێكڕای شیعرەكە لە سەر یەك سەروا دەڕوا بەم شێوەیە:

AABACADA….

٢- پەیڕەو نە كردنی یەكێتی سەروا (سەرروای مەسنەوی): لە هەریەك لە شیعرەكانی ژمارە (٢، ٣، ٥، ٦، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٢، ١٣، ١٥)، كە دەكاتە ڕێژەی ٥٧,٩٪، پەیڕەوی سەرروای مەسنەوی كراوە و هەر دێڕێك سەرروای تایبەتی خۆی هەیە، بە شێوەیە: AABBCCDD….

# بەشــــی دووەم

- گۆڤارەکانی (ژین و کوردستان) و ڕۆلیـــان لـــە تازەکردنـــەوەی شێعری کوردیدا
- عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری و ڕۆلی لـــە تازەکردنـــەوەی شێعری کوردیدا
- مستەفا شەوقی – قازی زادە و ڕولی لـــە تازەکردنـــەوەی شێعری کوردیدا

# گۆڤارەکانی (ژین و کوردستان/ استنبول) و ڕۆلیان لەتازەکردنەوەی شیعری کوردیدا

ئەو بارودۆخە نائاساییەی کە لەماوەی سالآنی شەری یەکەمی جیهانی (١٩١٤ _ ١٩١٨) ڕووبەڕووی ناوچەکانی ڕۆژهەلات و کوردستان بەتایبەتی بوەوە وای کرد کە ڕۆژنامەگەری وەك زۆربەی بوارەکانی تر ڕوولە کزی بکات و جموجۆلێکی ئەوتۆی ڕۆژنامەگەری کوردی بەتایبەتی لەکوردستان و ناوچەکە نابینین. بەلام لەدوای وەستانی شەڕەکە، لەلایەك بەهۆی شکانی عوسمانیەکان و لەدەست دانی بڕێکی زۆری خاکی کوردستان و لەلایەکی تریش ئەو بەندانەی کەلەلایەن سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا (ویلسۆن) ڕاگەیەندرابوون بەناوی (پرەنسیپەکانی ویلسۆن)، کەلەلایەن هەموو دەولەتە شەڕکەرەکان پەسند کرابوون و تیایاندا بڕیار درابوو گەلانی ناتورك - ئەوانەی بەر لەشەر لەبن دەستی عوسمانیەکاندا بوون- مافی خۆیان بێت پاشەڕۆژی خۆیان دیار بکەن(١٠:٤٥). ئەمانە وای کرد کە ڕۆشنبیران و خوێندەوارانی کورد سوود لەو ڕەوشە وەربگرن و (کۆمەلەی تەعالی کوردستان) دابمەزرێنن، هەروەها هەردوو گۆڤاری (ژین/ ئەستەمبول ١٩١٨) و (کوردستان / ئەستەمبول ١٩١٩) بلاوبکەنەوە.

ئەم دوو گۆڤارە ڕۆلێکی گەورەیان بینی لەگەیاندنی بیرو باوەڕی کوردایەتی و خۆشەویستی نیشتمان و زۆر لە ڕۆشنبیرانی ناوچە جیاکانی کوردستان - ئەوانەی ئەوسا لەئەستەمبول دەژیان - لەدەورەیان کۆببونەوە و لەڕێی ئەو دوو گۆڤارەوە برەویان بەهەستی نەتەوەیی و کوردایەتی و هۆشیار کردنەوەی خەلك دەدا.

هەروها ئەم دووگۆڤارە خزمەتێکی گەوریان بەئەدەبیاتی کوردی کردووە، بەتایبەتی لەبلاوکردنەوە ی شیعری کۆن و تازەی شاعیرە ناودارەکان، لەم ڕوە وە

دەکرێ جیاوازی لەنێوان هەردوو گۆڤارەکەدا بکەین بەوەی، کەگۆڤاری (ژین) بایەخێکی زۆری بەداهێنان و شیعری تازە داوە و (ویستویەتی بەهرەو توانا تازەکان بتەقێنێتەوە، شێوازی تازەو ڕەگەزی نوێ بێنێتە ئاراو ئەدەبیاتێکی نەوژەن بگەشێنێتەوە) (٧:٣٣)، هەرچی گۆڤاری (کوردستان)ە، ئەگەرچی هەندێ شیعری تازەی تیا بەرچاو دەکەوێ، بەڵام بایەخەکەی زیاتر لەبڵاوکردنەوەی شیعری شاعیرە کلاسیکیەکاندا دەبیندرێ.

## • گۆڤاری ژین

بایەخدان بەتازەکردنەوەی شیعر لەسەر لاپەرەکانی گۆڤاری ژین زیاتر لەشیعرەکانی هەردوو شاعیری تازەکەرەوە، عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری و مستەفا شەوقی قازی زادە — لەم بەشەدا بەجیا باس لەهەر یەکەیان دەکەین — دا دەبینین، کەلەشیعرەکانیاندا لەگەڵ ئەوەی لەهەندێ لایەن پەیڕەوی شاعیرانی پێش خۆیانیان کردوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك گۆڕانکاریان لەڕووی فۆڕم و ناوەڕۆکەوە ئەنجامداوە، کەبەهۆی ئەو جیاکاری و گۆڕانکاریانەوە دەتوانین شیعرەکانیان بەقۆناغێکی دیکەی تازە کردنەوەی شیعری کوردی لەقەلەم بدەین.

جگە لەو دوو شاعیرە مەزنە، چەندین شاعیری تر بەهرەی خۆیان لەڕێی گۆڤاری (ژین) ەوە تاقی کردۆتەوە. لەژمارە (٧) دا شیعرێکی (قازی لەتیف) بڵاوکراوەتەوە، شیعرەکە لەڕووی فۆڕم و بەتایبەتی لەڕووی کێش و سەرواوە تەواو پەیڕەوی یاساکانی کلاسیك کراوە، بەڵام ناوەڕۆکەکەی وێڕای دووبارەکردنەوەی هەندێ لەبیرەکانی حاجی قادری کۆیی، توانیویەتی داهێنانیش لەو ناوەڕۆکەدا بکات، بەتایبەتی لەباس کردن و ناوهێنانی کۆمەڵە زانایەکی کورد، وەکو (ئیبراهیم حەیدەری زادە وشێخ قادری نەهری و بەدیعولزەمان سەعیدی نەورە سی و ...) و داوالێکردنیان بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنێك بەمەبەستی لەناونەچوون و تارو مار نەبونی کورد. شاعیر لەسەرتادا داوالەشاعیران دەکات کەباسی زوڵفی یار نەکەن و باسەکانیان تەرخان بکەن بۆ کێشەی کورد :

*شاعیری کوردان مەکەن بەحسی عوزارو زولفی یار*
*بەحسی بەحسێکی بکەن بۆکورد لەمەو پاش بێتە کار*

هەروەها باسی بێ فەرمانڕەوایی کورد دەکات دەڵێت :

***تایفەی کوردان لە گورج و ئەرمەنستان زۆرترە***

***حاکمی خۆیان نەبوو نێویان نەهاتە ناو شمار***

لە ناو هێنانی شاعیر و زاناکانی کوردیشدا دەڵێت:

***باخسـوس شاعیر لەوان بەندە کەمێ تەعدا بکەم***

***مستەفا بەگ، شیخ رەزا، نالی، وەفایی و چاوومار***

عالم وعەللامە ئەغلەب قەومی کوردی بوون وەکو :

***ســەعدی تەفتازانی و سەیید شەریف، مەلای هەکار***

***حــەزرەتی موفتی زەهاوی، زوو لە بەغدایێ دەبــوو***

***عالــەمی ئیسلام بەفەزل و عیلمی وی گرتی قــــەرار***

***حەیــدەری زادە جەنابی شەیـخولئیسلامی ئــەنــام***

***یـەعـنی ئیبراهم ئـەفـەنـدی قـوتبـە بۆ جەمعی کیبار***

........................................

***چــــاکە ئەو زاتــانە ئەورۆ فرسەتە هیممەت بکەن***

***مەجلیسیکی مونعەقید کەن، تانەبێ کورد تارومار*** (١٤:٨٧)

لەژمارە (١٢) دا شیعریکی دڵداریی (حەزرەتی سیاپۆش) بڵاو کراوەتـەوە و لـەڕووی فۆڕم و ناوەڕۆکەوە بەهێزە و پێدەچێ (سیاپۆش) شاعیریکی وردەکارو خویندەواریکی باش بووبێ و لەسەرەتادا دەڵێت :

***ئەی حەبیبێ قەلب و ڕوحی ئەی قەراری جانی من***

***دێ چ بــــیتن جارەکی گەر تــوببی میهمانی من***

***بێ لسەر چاڤێ مـــــــە ڕونێ نەزەرا قەلبێ م بی***

***ئەز غولامێ کەمترینم هەرتویی سوڵتانێ من*** (١٥:٩٢)

لە هەمان ژمارەدا شیعرێکی(کوردی زادە- ع.پابت) بەناونیشانی (کرمانجاڕا) بڵاو کراوەتەوە و فۆڕمێکی سادەو ساکاری هەیە و داوای یەکگرتن و کردنەوەی قوتابخانە لەگوندەکان دەکات و هەروا داوای بەجێگەیاندنی ئەرکە دینیەکان دەکات (١٦:٩٢)،

هەمان شاعیر لەژمارە (١٣) شدا شیعرێکی بەناونیشانی (وەقتا بوهارێ) بڵاوکراوەتەوە و تیایدا وەسفی بەهار دەکات و لەڕووی ڕووخسارەوە شیعرێکی بێ هێزە(١٦:٩٣).

هەروەها لەژمارە (١٨)دا شیعرێکی (دیاربەکری– فکری نەجدەت) بەناونیشانی (گازین) (١٥:٩٨) و لەژمارە (١٩)دا شیعرێکی (زاخۆیی) بەناونیشانی (ژباژاریا ڕا) (١٥:٩٩) بڵاو کراونەتەوە، کەهەردووکیان گوزارشت لەبارودۆخی سەردەم دەکەن و دیسان رووخساریکی بەهیزیان نیە.

لەژمارە (٢٠) یشدا (سێینە)* یەك لەشێوەی (تەسمیتی تەرجیع) لەلایەن (سلێمان بوهتی) یەوە بڵاوکراوەتەوە بەناونیشانی (سترانا کوردان)، لەم شیعرەدا لەتی سێیەمی هەر سێینەیەك لەهەموو سێینەکانی تر دووبارە کراوەتەوە، لەدوو پارچەی سەرتادا دەڵێت :

***تاڤا خوەشیێ لسەرمەدەرکەت      فەرزە ژمەڕا تەفاق وهیمەت***

***تاڤا خوەشیێ لسەرمە دەرکەت***

***بەختێ مەژی وێ ڤەبت وەکی گول      نامینە وسا وەکی دلێ کول***

***تاڤا خوەشیێ لسەرمەدەرکەت*** (١٦:١٠٠)

لەژمارە (٢١) یشدا شیعرێکی (داوەر ئەردەلانی) بەناونیشانی (هەموومان) بڵاوکراوەتەوە، لەژێرناونیشانەکەدا نووسراوە (بۆمچەی قازی)، ڕەنگە مەبەستی (مستەفا شەوقی قازی زادە) بێت و شیعرەکەی بۆکردبێتە دیاری. شاعیر لەم شیعرەدا داوای خەبات کردن و یەکگرتن و دەست لەناودەست یەك نان بۆبەرەو پێش بردنی کۆمەلگە دەکات و نەزانین و ژێردەستیش ڕەت دەکاتەوە:

***کوردان وەرن هەموو پێکەوە دەس بەدەس بدەین***

***بۆ کۆمەڵە هەژارەکەمان با لەناو نەچین***

هەروەها دەڵێت :

---

* سێینە : بریتیە لەپارچە یەکی بچوك ، لە سێ لەتەدێر پێك دێ . دەکەوێتە قالبە سەروای جۆراوجۆرەوە(٢٣:١٩٨).

***ژێر دەســـتەیی لەبـــۆ کورد شـــینە زیـــللەتە***

***بۆچی لە ژێر ئەمری خەلقی بمێنین ئەســـیر ببین***

***ئەقوام بەئەمری حەزرەتی ویلسۆن خەلاس بووە***

***سەربەستە، حورە، وێڵە لەزنجیری ئاسنین*** (١٠١:١٦)

(حلمــی ســێوەرەکی) لــەژمارە (٢٢) دا شــیعرێکی بــۆ منــداڵانی کــورد نووســیوە بەناونیشــانی (ســەرێ ســبێ ) بــەپێی ئاگاداریمــان ئــەم شــیعرە لەمێــژووی ئــەدەبیاتی کوردیدا، دوای شیعری (دەلالیا زارۆکا)، ـکە لەلایــەن (زینـــۆ) ناوێك لـەژمارە (٦)ی (کۆڤاری کوردستان)دا بڵاو کراوەتەوە – بـەدووەم شـیعری بـڵاو کـراوە، کـەبۆ منـداڵانی کورد نووسرابێت، دادەنرێت، کەلەبەشێکیدا دەڵێت :

***ســـــبێ دا زوو ڕادبم    دەستا دشۆم شا دبم***

***دای چێدەکی بۆمە نان    ژمەڕا دبێ بوان*** (١٠٢:١٥)

هەمان شاعیر، لەژمارە (٢٥) یشدا، دووەم شیعری خۆی بۆمنداڵانی کورد نووسـیوە و بەناونیشــانی (یــەك دەنــگ) بڵاوکراوەتــەوە، شــیعرەکە بریتیــە لــە ســێ چــوارین و ســـەرواکەی بـــەم شـــێوەیە دابـــەش بـــووە: ( AAAA, BBBB, CCCC ). لەپارچەیەکیدا دەڵێت :

***باڤێ مەیە هەر هەفت عەزمان***

***دیـــا مەیە خوەش کوردستان***

***ئـــەم ئەولادێ هەموو کوردان***

***ئەم دخوازن عیلم و عیرفان*** (١٠٥:٢٣)

(لاهوتی خان) یش، کەشاعیرێکی بەناوبانگی ڕۆژهـەلاتی کوردسـتان بـووە، لـەژمارە (٢٣)و(٢٥)دا، دوو شیعری بەناونیشانی (لەبەر ڕۆحی کوردە بچوکان) و(بۆ نەژادا کـورد) بڵاوکراونەتەوە. لـەرووی زمانـەوە، شـاعیر لەهـەردوو شـیعرەکەدا هـەوڵی داوە زمـانێکی یەکگرتووی کوردی بەکار بهێنێت، کەتێکەڵ بێت لە شێوە دیالکیتەکانی زمـانی کـوردی. لەڕووی کێش و سەرواشەوە، لەشیعری یەکەمیاندا پـەیڕەوی یاسـاکانی کلاسـیك کـراوەو کێشی عـەرووزی و سـەروای یـەکگرتوو بـەکار هێنـراوە، بـەلام لەشـیعری دووەمـدا دوور کەوتۆتەوە لەم یاسایانە ئەویش بەبە کار هێنانی کێشی خۆمـالی و سـەروای مەسـنەوی.

لەرووی ناوەڕۆکیشەوە هەردوو شیعرەکە گوزارشت لەکێشەی گەلی کوردو خۆشەویستی نیشتمان و ئازایەتی و مەردایەتی و هەروا دەرخستنی مێژووی کورد و بێکەسی و بێهاواری کورد و داواکردن بۆ شارەزابوون لە ڕەچەڵەکی کورد ...، دەکەن. لەسەرتای شیعری یەکەمدا دەڵێت:

***خەڵقی کوردە بۆکەسبی شەرەف حازری جەنگە***

***ئەی میلەتی کورد هەڵسە کو ئەم نوستنە نەنگە***

***فەرمـــــوویە نەبی حوببی وەتەن مایەیی دینە***

***مونکیر ب خودێ، کافر و مەڵعوون و نەنگە*** (١٠٣:١٥)

هەروەها لەدێری یەکەمی شیعری دووەمدا دەڵێت :

***لەدەردا وەتـــــەن جەرگم بریانەن***

***هەناسەم سەردەن دیدەم گریانەن***

هەروەها دەڵێت :

***هەی دا هەی بێداد کورد بێدار نیەن***

***لە نـــــــەژادی خۆ خەوەردارنیەن***

دواجاریش دەڵێت :

***وانەی لاهووتی هون وە گۆش بکەن***

***زەمـــــزەمەی نیفاق فەرامۆش بکەن***

***ئـەگـــــەر مەخوازین نەجاتتان بوو***

***ئیتیفاق مایەی حەیاتتان بوو*** (١٠٥:١٨)

گۆڤاری (ژین) بێجگە لەشیعری شاعیرانی هاوچەرخی خۆی، شیعری شاعیرانی کلاسیکیشی تێدایە، بەتایبەتی رۆلێکی باشی لەوەرگێڕانی شیعری کلاسیکی کوردی لەکوردیەوە بۆ تورکی (عوسمانی) بینیوە. م.م (محەممەد میهری)، لەژمارە (٢) غەزلێکی (نالی)  و لەژمارە (٧) یشدا غەزەلێکی خۆی بڵاوکردونەتەوە و دێربە دێر وەریگێڕاونەتە سەر زمانی تورکی.  هەروەها (پیرەمێرد)ی شاعیریش، لەژمارە (٦)دا قەسیدەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور) ی (نالی) و لەژمارە (١٢) شدا، شیعری (گلکۆی تازەی لەیل) ی (ئەحمەد بەگی کۆماسی ) وەرگێڕاونەتە سەر

زمانی تورکی. هەروەها لە ژمارەکانی (٢، ٥، ٩، ١٢، ١٤، ١٨، ٢٠، ٢٢، ٢٣، ٢٥) یشدا کۆمەڵێك غەزەل و قەسیدە و مەسنەویی شاعیرە ناودارەکانی کورد (مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، نالی، سالم، مەحوی، شێخ ڕەزا، حاجی قادری کۆیی) بڵاوکراونەتەوە.

## ▪ گۆڤاری کوردستان

ئەگەر چی تەواوی ژمارەکانی گۆڤاری (کوردستان)مان لەبەردەستدا نیە تا بە تەواوی بایەخی ئەدەبیی ئەم گۆڤارە دیار بکەین•، بەڵام بەگوێرەی ئەو ژمارانەی کەلەبەردەست دان، دەتوانین بەلایەنی کەمەوە بڵێین کەئەم گۆڤارە بێبەش نییە لەبڵاو کردنەوەی شیعر، بەتایبەتی لەناساندنی شیعری شاعیرە کلاسیکیەکان. زۆربەی ئەو شاعیرانەش - چ هاوچەرخ چ کۆن - لەبیرێکی ناسیۆنالیستانەوە سەرچاوەیان گرتووەو لێپرسراوانی گۆڤارەکە، مەبەستیان بوە لەڕێی بڵاوکردنەوەی ئەو شیعرانە ناسنامەی نەتەوایەتی کورد بسەلمێنن. لەشیعری شاعیرە کلا سیکیەکان، محەمەد میهری لەژمارە (٢)دا شیعرێکی نالی تەخمیس کردووە بێ ئەوەی ئاماژەی پێ بکات کەئەو تەخمیسی کردووە(١٩:٢١) و دێر بەدێڕ وەرگێڕاوەتە سەر زمانی تورکی، پارچەی یەکەم بەم شێوەیە هاتووە:

*فەرمووتە کە عوشاقی من ئەربابی علوومن*
*جوهالی پەراگەندەیی دڵ سوفلە عدوومن*
*ئەم گۆشە نیشانەکە وەکو کوندنو شوومن*
*(ئەم سەرسەری بازانە کەوا هەم سەری بوومن*
*موشکیل بگەنە ساعیدی شاهێکی وەکو من)*(٢٠:١٠٦)

هەرلە لا یەن (محەمەد میهری)یەوە لەژمارە (٢) و(٤) دا شیعرێکی مستەفا بەگی کوردی و لەژمارە (٦) یشدا شیعرێکی دیکەی (نالی) بڵاوکراونەتەوە و وەریگێڕاونەتە

• بۆ ئەم گۆڤارە پشت بەسەرچاوەی ژمارە (٣٣) بەستراوە ، کەتەنها ژمارەکانی (١٣،٩،٨،٦،٥،٤،٣،٢)ی تێدایە .

سـەر زمـانـی تـورکی. هەرلـە ژمـارە (٢) دا شـیعرێکی مـەلای جزیـری بـەبێ وەرگێـڕان بڵاوکراوەتەوە و پاشماوەکەشی لەژمارە (٤) دا تەواو کراوە.

لـە شیعری شـاعیرە هاوچـەرخەکانیش - هاوچـەرخ بـەگوێرەی ئەوسـا - وێـڕای سـێ شـیعری (مسـتەفا شـەوقی قـازی زادە) لـەژمارەکانی (٥،٦،٩)دا، لـەژمارە (٦)دا شـیعرێك بەناونیشانی (دەلالیا زارۆکا)، کەلە لایەن (زیـــنۆ) ناوێـك نێـردراوە، بڵاوکراوەتـەوە. ئەوەنـدەی ئاگامـان لـێ بـێ، لـەگۆڤار و بڵاوکراوەکـانی پـێش ئـەم گۆڤـارەدا بەرهـەمی نووسـراو بـۆ منـداڵان بڵاونەکراوەتـەوە، بۆیـە دەکـرێ ئـەم پارچـە شـیعرە بەیەکـەم بەرهەمی نووسراوی بڵاو کراوە بۆ منداڵان لەقەلەم بدرێت(٨:٣٣). ئەم شیعرە بریتییـە لــە چــوار چــوارین و ســەرواکەی لەشــێوەی (تــەسمیتی تــەرجیع)، بــەم جــۆرە (AAAB,CCCB,DDDB,EEEB) دابــەش بــووە، ســێ لــەتی یەکــەمی هــەر پارچەیەك هاو سەروان و لەتی چوارەمیش لەکۆتای هەموو پارچەکان دووبارەبۆتـەوە و سەرواکەشـی لەگـەڵ سـێ لەتەکـەی پـێش خـۆی جیایـە. دوو پارچـەی یەکـەمی بـەم شێوەیەی خوارەوەیە :

*بنڤە خوەشیا دل ودووچاڤان*
*دادێ ژتەڕا هەر رۆ نگەهبان*
*دا زوو تو مەزن ببی سلێمان*
*بنڤە کەزەبا مە بنڤە لۆلۆ*
*هـــــشیار نەبە نهۆ نەقەنجە*
*مەهدەك ژتەڕا بزانە گەنجە*
*بێ خەونەبە پاشیا وێ ڕەنجە*
*بنڤە کەزەبا مە بنڤە لۆلۆ*•(٧٠:١٠٩)

• لەژمارە (٥) و لاپەڕە (٢) ی گۆڤاری (هاوار –١٩٣٢) دا ، شیعرێك لەهەمان شێوەی شیعری سەرەوە لەلایەن (ئەمین عالی بەدرخان )ەوە بڵاوکراوەتەوە، شیعرەکە بریتییە لە (٧) چـوارین و سێ چوارینی لەگەڵ ئەم شیعرەی سەرەوە هاوبەشە. بۆیە پێدەچێ پارچەکانی هەردوو شیعرەکە تەواو کەری یەك بن و ئەو (زینۆ ) ناوەش (ئەمین عالی بەدرخان ) خۆی بێت و وەك نازناو (زینۆ) ی بەکار هێنابێت.

لەهـەمان ژمـارەدا، ناونیشـانی بابـەتێکی (عەبـد ولڕەحمـان نەورەسـی) دەبیـنین، بەناونیشـانی (غـیرەت بکـەین، مـەئیوس نـەبین)، نووسـەر دوای پارچـە پەخشـانێك، کەتیایـدا باسـی سـەرگەردانی و پەرێشـانی میللـەتی کـوردو هـەروەها داوای یـەکگرتن و تـەبابون بەمەبەسـتی بـەدیهاتنی ئاواتـەکانی گـەلی کـورد، دەکـات، ئـەوجا هـەمان ئـەو بیروڕایانەی لەشێوەی شیعرێکدا دەردەخات و لەبەشێکیدا دەڵێت :

***ئـــەی برا ئیرۆ ژ مەڕا لازم کو ئەم غیرەت بکەین***
***ناڤخوەدا چەنـدەك مژار، پیسان ژ ناڤخۆ دوور بکین***

......................................................

***هـــون هشیـــار بن ئەی برا مەیدانە خالی کەس نیە***
***هون نەکەن ســـــستاهی لەوڕا گەر شەجاعەت مەهیە***
***ئەم مەحو بون،ئەم زەلیل بون ئەم پەریشان حال بون***
***ئەم لەخـــەو نەبنە خوەیی دێ دائیما دڤێ حالی بین***
***عیدەیـــە ئـــــیرۆ ژ بۆمە گەر تەریقی ئەم بزانین***
***لازمە ئەم ئیتیحاد کین موتتەفیق بین سەرزەمین*** (١٠٩:٦٨)

لـە بەشـی کـوردی ژمـارە (٨) یشـدا دووپارچـە شـیعر بڵاوکراونەتـەوە، یەکـەمیان شـیعرێکی (م. یـامولکی زادە)یـە بـەناو نیشـانی (ئـەی گـەلی کـوردان) و دووەمیشـیان شیعرێکی کاکە حەمە (مەحەممەد میهری)یە بەناونیشـانی (شـینا مـەلا هـەمزە خـودێ بهێلی) (٦٨:٤٢).

لەژمارە (٩) شدا شیعرێکی (شێخ سلێمان خالدی) هەیـە، کەناوەڕۆکەکەی بریتییـە لە غوربەت و دەربڕینی خۆشەویستی بۆ نیشتمان و لەڕوی فۆڕمیشەوە زمـانێکی سادەو کێشی خۆمـاڵی (٨) بڕگـەیی (٤+٤) بـەکار هـاتووە، هـەروەها شـیعرەکە بریتییـە لـە (١٤) شەشـینە و چـوار لـەتی یەکـەمی هەرشەشـینەیەك هاوسـەروان و دوو لـەتی کۆتـاییش لەشێوەی (تەسمیتی تەرجیع) لەهەموو پارچەکانی تر دووبارە بوونەتەوە :

***سەد ئـــاه ژ دەستێ فیرقەتێ***
***سەد ئۆخ ژ بەر ڤێ هیجرەتێ***
***هـــــەتا کەنگێ ڤێ غوربەتێ***
***دا ئـــــەم بچین نێڤ میللەتێ***
***حـــــوبـــی وەلات ژ ئیمانە***
***ئاه کوردستان ئاه کوردستان*** (١١٤:١١٠٩)

# عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری و ڕۆڵی لەتازەکردنەوەی شیعری کوردیدا

## ▪ کورتەی ژیانی (١٨٩٠-١٩٥٨)

حازم کلیچ، لەکتێبی

(Helbestvan u Nivickareki Welatparez, Evdirehim Rehmiye Hekari)

دا بەم شێوەیە (عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری) مان پێدەناسێنێ : (عەبدولڕەحیم ڕەحمی، لەسالی (١٨٩٠) لەناوچەی ئەلباکێ – کەئێستابە (باشقەلا) ناسراوە و سەر بەقەزای(وان)ە—لەدایك بووە، باوکی سەید مەحەممەد پرتەو لەبنەماڵەی سەید عەبدولقادری گەیلانی یە دایکیشی (ئیمەتۆ لاڵا خانم) کچی حاجی تەیار بەگ لەبنەماڵەی عەباسیانە، داپیری (زلێخا خانم) یش، کچی سەید محیەدینی ئەرواسی یە.

عەبدولڕەحیم ڕەحمی، خوێندنی سەرەتایی لە (ئەلباکێ)و ناوەندی و خانەی ماموستایانیشی لەشاری (وان) تەواو کردووە، هەروەها ئیجازەی خوێندنی ئاینی لەسەر دەستی برابچوکی سەید عەبدولحەکیم ئەرواسی، سەید تەهای ئەرواسی وەرگرتوە، پاشان چۆتە (ئەنقەرە) و لە (پەیمانگای کارمەندانی دارایی) خوێندوویەتی، (خوێندنی بالا) یشی لە زانکۆی (ئیلاهیات) لە ئەستەمبول تەواو کردوە) (١٥:٤٤)

خێزانی، ناوی (هیدایەت عەزیز) لەبنەماڵەی بەدرخانیەکان بوە، دوو کوڕ و دوو کچیان هەبووە: پرتەو، مەتین، ژاڵە، هالە. پرتەو لە (١٩٨٧) و مەتینیش لە (١٩٧٥) کۆچی دواییان کردووە. هەروەها (هالە) خێزانی (موسا عەنتەر) ی نووسەر بووە و لەساڵی ١٩٤٤ شووی پێ کردووە (١١:٣٢)

(ع. ڕەحمی) لە (٩)ی شوباتی (١٩٥٨)، لە ئەستەمبول کۆچی دوایی کردووە و لەگۆڕستانی (نەجاتی بەگ) نێژراوە(١٨:٤٤).

## ▪ چالاکیە نەتەوەیی وئاینیەکانی

عەبـدولڕەحیم ڕەحمـی هـەکاری مرۆڤێکـی نەتـەوە پـەروەر و ئـاین پـەروەربووە، کـوردێکی دڵسۆزی ڕێبـازی ڕزگـاری خـوازی کوردسـتان بـووە، لەهـەمان کاتـدا ئـەو بـیرو ڕانەتەوەییانەی خۆی بەستۆتەوە بەمەسەلەی ئاین و ئاین بەرێ خۆشکەرێك دەزانێ بۆ ئازاد بوونی وڵات :

### ١- چالاکی نەتەوەیی:

ع.ڕەحمـی، هەرلـە زووەوە ئەنـدامی کۆمەڵـەی هیڤـی بـووە کـە لەسـاڵی ١٩١٢ لـە ئەسـتەمبول دامـەزراوە (٦١:٨١) وهـەروەها لەسـالی ١٩١٨ یـەکێك بـووە لـە ئەندامـە چـالاکەکانی (کۆمەڵـەی تـەعالی کوردسـتان)، هـەردوو ئـەو کۆمەلانـەش (هیڤـی) و (تەعالی) بە شێوەیەکی بەرچاو داکۆکیان لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد کـردووە. بێجگـە لەمە کۆمەڵێك نووسـینی هەیـە –چ شـیعر چ پەخشـان – ولـە گۆڤـاری (ژیـن)دا بـلاوی کردوونەتەوە و تیایاندا گوزارشت لە خەباتی نەتەوەیی و هۆشیارکردنەوە کـراوە. بـەم جـۆرە دەکـرێ (ع. ڕەحمـی) لـە ڕێـی ئـەم چـالاکیانەیەوە، بەیـەکێك لـە مرۆڤـە هـەرە دڵسۆزەکانی ڕێبـازی کوردایـەتی و بزوتنـەوەی سیاسـی و نەتـەوەیی کـوردی لـە قەلـەم بدەین.

### ٢- چالاکی ئاینی:

عەبدولڕحیم ڕەحمی بەو پێیـەی کـە لـە بنەماڵەیـەکی ئاییپـەروەر هاتۆتـە دنیـاوە، هەرلە منداڵیەوە گۆش کراوە بە زانستە ئاینییەکان و تاوای لـێ هـات خوێنـدنی بـالا لـە کۆلێـژی (ئیلاهیـات) تـەواو بکـات. ئەمـە وای کـرد کـە تێگەیشـتنێکی ئـاینی بۆهـەموو بوارەکانی ژیان هەبێت. لە ساڵی ١٩١٧ تێکەڵی (بزاڤی ئیسلامی) بـووە بـۆ ئـەم مەبەسـتە چۆتە لای سەعید نەورەسی و لەگەڵیدا لەشەڕی دژبـە ڕووسیا بـەژدار بـووە وهـەر لـەو شەڕەدا برینداربووەو کەوتۆتە دەست ڕووسەکان و بە دیل گیراوە(١٧:٤٤). ع. ڕەحمی لە

ناو گرتووخانەشدا دەست بەرداری ئەم خەباتە نەبووە و نیمچە قوتابخانەیەکی بۆ منداڵانی گیراوەکان کردۆتەوە و لەگەڵ خوێندنی ئاینی فێری نووسین و خوێندنیشی کردوون(١٧:٤٤)، دوای بەربونیشی، دەستی کردووە بە نووسین و ڕۆڵێکی بەرچاوی لە گۆڤاری (ژین) ی ئەستەمبولدا بینیوە، دوای وەستانی ئەو گۆڤارەش دەیان بابەت و کتێبی بڵاوکراوە و بڵاونەکراوەی لە بارەی ئاینی ئیسلام بەزمانی کوردی و تورکی نووسیوە(١٦:٤٤). هەروەها ئەم بایەخدانەی بەئاینی ئیسلام و خەبات کردن لە پێناویدا وای کرد دواجار لە ساڵی ١٩٥١ بەشدار بێت لە کۆنگرەی ئیسلامی جیهانی لە پاکستان (١٨:٤٤).

## ▪ بەرهەمەکانی

بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی کە ئێستا لە بەر دەستدان، بە شێوەیەکی گشتی بەرهەمەکانی عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری ئەمانەی خوارەوەن :

١- بڵاو کردنەوەی (٢٠) پارچە شیعر لە زۆربەی ژمارەکانی گۆڤاری (ژین)دا لە ساڵانی ١٩١٨-١٩١٩ و کۆکردنەوەیان لە سنوری نامیلکەیەکی شیعری بەناوی (گازیا وەلات)، هەروەها بڵاو کردنەوەی شیعری (شەهیدێ کوردستان) لە ژمارە (٣٦)ی ڕۆژنامەی (ژین -١٩٢٠) • - کە بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەی ئێمەن -.

٢- عەقیدا کوردان (منقوم علم حال) ١٩١٩ ؛ کە لەقالبی شیعری داڕێژراوە و لەبەرگی دواوەی ژمارە (٢١)ی گۆڤاری ژین پڕوپاگەندە (اعلان)ی بۆکراوە.

---

• مالمیسانژو مەحمود لەوەندی ، ئاماژە بەو ژمارەیەی ڕۆژنامەی ژین دەکەن کەخۆیان بینیویانە ولە (٢١)ی حوزەیرانی ١٣٣٦(١٩٢٠) دەرچووە و ماوەی نێوانی لەگەڵ دوا ژمارەی گۆڤاری (ژین ) هەشت مانگ ونیوە ، ئەم ڕۆژنامەیە چ ئەگەر بەردەوامبونی گۆڤاری ژین بێت یان ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆ بێت تائێستا جگە لەو ژمارەیە زانیاری لەسەر ژمارەکانی تر نییە ، بڕوانە (٢٨٣:٦٩). بەم پێیە پێدەچێ (عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری ) خاوەنی شیعری زیاتر بووبێت و لە ژمارەکانی تری ڕۆژنامەی (ژین )دا بڵاوی کردبنەوە ، بەڵام بەهۆی لەبەردەستدا نەبوونی ڕۆژنامەکە فەوتابن.

٣- پیەس (شانۆنامە)ی مەمێ ئالأن ؛ بە زنجیرە لەژمارەکانی (١٥) و(١٦)ی گۆڤاری (ژین)بلاوکراوەتەوە، بەپێی پڕوپاگەندەی گۆڤاری ژین لە بەرگی دواوەی ژمارە (٢١)،ئەم شانۆنامەیە لەشێوەی نامیلکەیەکی سەربەخۆدا، لە ساڵی ١٩١٩ لە ئەستەمبول چاپکراوە (بەمەش ع.ڕ. هەکاری دەبێتە یەکەم شانۆنامە نووسی کورد کە شانۆنامەی بە زمانی کوردی بلاو کردبێتەوە) (١٣:٣٢).

٤- لە سەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (ژین) دا، لە ماوەی سالأنی ١٩١٨-١٩١٩، دوو چیرۆك بەزمانی تورکی، کە پاڵەوانەکان کوردن و ڕووداوەکان باس لە ژیانی کۆمەڵی کوردەواری دەکەن، لەگەڵ حەوت پەخشانی هونەری و وتاری جۆراو جۆری لە ژمارەکانی (١، ٣، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩)دا بلاو کراونەتەوە.(١٣:٣٢).

بێجگە لەم بەرهەمانەی سەرەوە، کەلەگۆڤاری (ژین) بلاوکراونەتەوە یاخود پڕوپاگەندەیان بۆ کراوە، (ع.ڕەحمی) خاونی کۆمەڵێك کتێب وبەرهەمی ترە دەربارەی ئاینی ئیسلام و بابەتە جۆراو جۆرەکانی تر بە زمانەکانی کوردی و تورکی. لەوانە (١٨) بەرهەمی بلاوکراوە(٢٠:٤٤) و (٨) بەرهەمی بلاونەکراوە (٩٦:٥٩)ی بەزمانی تورکی هەیە، لەگەڵ (٣) بەرهەمی بلاونەکراوەی بەزمانی کوردی کە ئەمانەن :

١- د دەرحەڤا ئەسحابان دە ڕیبەرزەکە عیلمی.

٢- چار کلۆخ.

٣- دیرۆکا مالباتا من و سەرگوزەشتا ب هەیە جان(٩٦:٥٩).

## ▪ شیعرەکانی

ئەم خشتەیەی خوارەوە ناونیشانی شیعرەکانی (ع. ڕەحمی) و مێژووی نووسین و ژمارە ولاپەڕە و مێژووی بلاوبوونەوەیان لەگۆڤارو ڕۆژنامەی ژین دەردەخات:

| ز | ناونیشانی شیعرەکە | گۆڤار | ڕۆژنامە | ژمارە | لاپەڕە | مێژووی نووسین | مێژووی بلاوکردنەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بانگ | ژین | | ١ | ١٢ | ٢٤ تشرینی یەکەم ١٣٣٤ ١٩١٨ | ٧تشرینی دوەم١٣٣٤ ١٩١٨ |
| ٢ | قەوی ب خوارنا زەعیفان دژین | ژین | | ٢ | ١٤ | تشرینی یەکەم ١٩١٨ | ١٤تشرینی دوەم ١٩١٨ |
| ٣ | عەشقا وەلات | ژین | | ٣ | ١٤-١٦ | ١٧ تشرینی دوەم ١٩١٨ | ٢٠تشرینی دوەم ١٩١٨ |
| ٤ | دەستی تەنێ دەنگ ژی نایەت | ژین | | ٥ | ١٤ | ١٢تشرینی دوەم ١٩١٨ | ١٢کانوونی یەکەم ١٩١٨ |
| ٥ | سەلایا شەڤێ | ژین | | ٦ | ١٦ | ٢٦تشرینی دووەم١٩١٨ | ٢٥کانوونی یەکەمی ١٩١٨ |
| ٦ | ژبۆ نەسلا تێت | ژین | | ٨ | ١٥-١٦ | ٣کانونی دووەم١٩١٩ | ٩کانونی دووەم ١٣٣٥ (١٩١٩) |
| ٧ | بێ هیڤی نەبن | ژین | | ٩ | ١٤ | ٢٨کانوونی دووەم ١٩١٨ | ١٦کانوونی دووەم ١٩١٩ |
| ٨ | دەنگ | ژین | | ١٠ | ٩ | (٢شوبات١٩١٩) ! | ٢شوباتی ١٩١٩ |
| ٩ | نالینا سێویکی | ژین | | ١١ | ١١-١٢ | ١٠شوبات ١٩١٩ | ١٥شوبات ١٩١٩ |
| ١٠ | حی علی الصلاه | ژین | | ١٣ | ١٥-١٦ | (١٢مارت١٩١٩)! | ١٠مارت ١٩١٩ |
| ١١ | تەبریك (سەرساڵ) | ژین | | ١٤ | ٢١ | ٩مارت ١٩١٩ | ٢١مارت ١٩١٩ |
| ١٢ | نوور | ژین | | ١٥ | ٢٠ | ٢٦مارت ١٩١٩ | ٣٠مارت ١٩١٩ |
| ١٣ | نەزانین | ژین | | ١٧ | ١٧ | ٢نیسان ١٩١٩ | ٢٦نیسانی ١٩١٩ |
| ١٤ | مرۆڤینی | ژین | | ١٨ | ١٣-١٤ | ٥نیسانی ١٩١٩ | ٨مایس ١٩١٩ |
| ١٥ | لۆما ژ بلبل | ژین | | ١٩ | ١٦ | ١٥مایس ١٩١٩ | ٢٢مایس١٩١٩ |
| ١٦ | ژبۆ شەریف پاشا | ژین | | ٢١ | ١٥-١٦ | ١حوزەیران١٩١٩ | ١٨حوزەیران ١٩١٩ |
| ١٧ | ژبۆجڤاتا دایکان | ژین | | ٢٢ | ١٦ | - | ٢تەموز ١٩١٩ |
| ١٨ | گازیا دوماهیکێ | ژین | | ٢٣ | ١٦ | ٨تەموز ١٩١٩ | ٢٨ئابی ١٩١٩٠ |
| ١٩ | فیرقەت | ژین | | ٢٤ | ١٦ | ٢٥تەموز ١٩١٩ | ٣ئەیلول ١٩١٩ |
| ٢٠ | ویسلەت | ژین | | ٢٥ | ٢٢-٢٣ | ٩ئاب ١٩١٩ | ٢تشرینی یەکەم ١٩١٩ |
| ٢١ | شەهیدێ کوردستان | | ژین | ٣٦ | - | ١٧مایس١٩٢٠ | ٢١حوزەیران ١٩٣٦ (١٩٢٠) |

## ▪ سیماكانی تازەكردنەوە لەشیعرەكانی عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەكاری دا

### - ناوەرۆكی شیعرەكانی:

١- **نیشتمانی** : بەشێكی زۆری شیعرەكانی (ع. ڕەحمی) ئەم لایەنە دەگرنەوە، شاعیرلە ڕێی شیعرەكانییەوە ویستویەتی هەستی نەتەوایەتی و بیری نیشتمانی خەڵك بەهێزتر بكات و ڕوویان تێدەكات بۆ ڕووكردنە خوێندەواری و دووركەوتنەوە لە نەزانین، لەم ڕوانگەیەوە ڕەنگە جۆرێك لە دووبارەكردنەوەی بیرو ڕا نیشتمانییەكانی ئەحمەدی خانی و حاجی قادری كۆیی هەست پێبكەین، بەنموونە (ع. ڕەحمی) یش وەكو ئەوان باس لە لا بردنی دوو ڕوویی و ڕووكردنە یەكێتی دەكات و دەڵێت :

***ئەی میللەتێ ساحیب نیـــفاق***

***لازم ژ بـــۆتە ئیـــتیـــفاق***

***تەئسیس نەكن ئەم یەك ویفاق***

***مەحویــــــیەتە بیلئـــیتیفاق***

***عەقلێ خوە بەرهەڤ كەن هەمی*** (شیعری ژمارە٤)

یان هاوشێوەی ئەوان باسی هەڵسان لە خەوی جەهل وغەفلەت دەكات :

***گەلۆ ڕابن، زەمان تەنگە***

***خەوا جەهلێ وەها ڕەنگە***

***مەحوو كرنا وی بێدەنگە***

***تەمەت حالێ كەوێ شەنگە***

***خـــودایا، دژمنان جەنگە***

***ژخەو ئەم تێر نەبوون یاڕەب (شیعری ژمارە ٥)***

لەشیعری نیشتمانیدا، تایبەتمەندیی تێڕوانینەکانی (ع. ڕەحمی) دەکرێ لەوەدا ببینین کە بیروباوەڕی نیشتمانی  بە ئاین بەستۆتەوە. بەواتایەکی تر (شاعیر لە چەند سەرچاوەیەکی دینیەوە ئاوی خواردۆتەوە، بیرکردنەوەیەکی ئیسلامییانەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی هەبووە،کەهەولی داوە تێگەیشتنە دینی و چەمکە ئیسلامییەکان لە بۆتەی بیری ناسیۆنالیزمی کوردیدا بتوێنێتەوە ؛ واتە ویستوویەتی دین وناسیۆنالیزم بەیەکەوە بلکێنێت(٢٧:٣٢). ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لەچەند پارچە شیعرێك بەدی دەکەین، لەشیعری (سەلایا شەڤێ)، گەیشتنی میللەت بە ژیانێکی خۆش دەبەستێتەوە بەخوێندن وبەجێ گەیاندنی فەرمانەکانی خوا :

***ئەگەر میللەت هەموو بخویینن***

***ئو ئەمرێ حەق کو جێە بینن***

***ئـــو تۆڤێ ڕەحمەتێ بچینن***

***وەکـی عـالەم خودان ژینن***

***ژهەمیان چـــێترن، دبینن***

***ژ خەو ئەم تێر نەبوون یارەب*** (شیعری ژمارە ٥)

دیسان لەشیعری (نوور) دا، داوای هەڵکردنی چرای زانست، لەژێر ڕۆشنایی قورئان و فەرموودەکانی (پێغەمبەر) (د.خ) دەکات و بەئەرکی دەزانێ کە خەبات لەم پێناوەدا بکەین :

***لازمە هەلکەین چرایەك ژ شوعلەیا (هل یستوا ...)*** *

***جوملە مەجبورێ خەباتێنە ب ئەمرێ (اگلبوا ...)*** **

هەروەها لەشیعری (بێ هیڤی نەبن)، خەباتکردن و کوشش کردن بۆهەر ڕێگایەکی ڕاست بەڕەوا دەزانێ و پێی وایە کە (خوا)ش پێی ڕازیە :

***ڕێـیا مە نهـــا گرتی، ڕییا هەقە بێ پەروا***

***تەسدیق دکەت هەرکەس، هەم ڕازییە پێ مەولا*** (شیعری ژمارە٧)

---

* ئاماژەیە بۆئایەتی قورئان (قل هل یستوی الزین یعلمون والزین لایعلمون انمایتزکر اولوا الالباب) سورە (الزمر) ایە(٩).

** ئاماژەیە بۆ فەرموودەی پێغەمبەر(د.خ) کەدەڵێت (اگلبوا العلم ولو بالصین)(١٨٢:١٧٥).

هەروەها (ع. ڕەحمی) بـەباوەڕی تـەواوەوە پێـی وایـە کەسەرچاوەی ئاسـودەیی هـەر کۆمەڵگەیەك پەیوەستە بەبارەگای خواوەندو ئەگەر بیـەوێ دەتـوانێ ئـەو بەختەوەریـە بەمرۆڤ ببەخشێ و بۆیە داوا لە خوا دەکات کە ئەو شەماڵە بۆمیللەت هەڵبکات :

***تو حەز بکی دێ ڤەبت سەعادەت***

***دێ هـەل ببتـن شەمـالێ میللـەت*** (شیعری ژمارە٢١)

٢- **ئـایینی:** عەبـدولڕەحیم ڕەحمـی هـەکاری پیـاوێکی دینـدار بـووە، بۆیـە بەشـێك لەشیعرەکانی وزۆربەی نوسینەکانی تری ڕەنگدانەوەی پەیوەندی نێـوان مـرۆڤ و خـوای گەورەن و لەم ڕێگایـەوە ویستویەتی وەك بانگـەوازکارێکی ڕێگـای ئـاینی ئیسلام ڕۆڵـی هەبێت لەهۆشـیارکردنەوەی خـەڵك بۆپابەنـدبونیان بـەئاینی ئیسلام، بۆئـەم مەبەسـتە بێجگەلەبەرهەمـە پەخشـانیەکانی، بەشـێك لەشیعرەکانیشـی کـردوون بەوەسـیلەیەك بۆگەیاندنی بانگەوازی ئاینی. لە شیعری (بانگ)و(حی علی الصلاه)، داوا لـە موسـڵمانان دەکات کە لەکاتی (بانگدان)دا بچن بۆمزگەوت وئەرکی ئاینی وفەرمانەکانی خودا بەجێ بگەیەنن و دووربکەونەوە لەشەیتان:

***ئەڵـلاهو ئەکبەر دەنگێ منارێ***
***ڕابن دبێژت،هەروەك هـەوارێ***
***ڕابـن دبێژت وەقتێ سـبـێیە***
***ساحیب خەباتان شەیتان ل پێیە***

..............................

***پاقژ بکەن خۆ ژ کێمی و قرێژێ***
***حـــــازر ببن هەم بۆنا نڤێژێ***

..............................

***ئەمرێ خوە دێ خوە ئەم پێکڤە بینن***
***با خەلق نەبێژت بێ حس و دینن***(شیعری ژمارە١٥)

هەروەها دەڵێت:

***دەنـــگەك ژ منارێ تێت***
***گـــــازی دکـــەتن مەللا***
***وەقتێ خوە نەکەن زایع***
***ڕابن ژ خـــــــەوابێ جا***
***ناڤێ خـــودێ خوە بینـن***
***غەفلــەت نەچن مەحزا***(شیعری ژمارە ١٠)

لەشیعری (بـێ هیڤـی نـەبن) شاعیر ڕوو لـە موسـڵمانان دەکـات کـە بـێ هیـوا نـەبن لەبەزەیی خوا،چونکە خوای گەورە خاوەن بەزەییێکی فراوانە:

***بێ هیڤی نەبـــــن ئەسلا،ژ مەرحەمەتا مەولا***
***قورئانێ (عفیم الشان)،(لاتقنگوا)* گۆت لەورا***

لەگـەڵ ئـەوبێ هیـوا نەبوونەشـیان داوا دەکـات کەهـەر کەسـێك لـەبواری خۆیـەوە کۆشش بکات و کات بەفیڕۆ نەدات :

***هەر کەس د وەزیفا خوە، لازم خەبتن شەڤ ڕۆژ***
***یەك ســـانیە بێ فێدە،زایع دکەتن سەد ڕۆژ*** (شیعری ژمارە٧)

**٣- ستـایش وپیاهەڵـدان:** سـتایش وپیاهەڵـدان وەك چـەمکی بـەکارهاتوو لـەناو شـیعردا شتێکی تـازە نییـە، چونکە لـە شـیعری کلاسیکیشـدا هەیـە، بـەڵام ئەگـەر لای شـاعیرانی کلاسیك زیاتر بۆبەرژەوەندی کەسی بەکار هاتبێت، ئەوا (ع. ڕەحمی) لەم سـیاقە چـۆتە دەرەوە و کاتێك ستایشی شتێك یان هەڵوێستێك دەکات وەیـان بـە کەسـێکدا هەڵـدەڵێت بۆبەرژەوەندیی گشتی خاك و وڵاتەو هەلوێستێکی نەتەوەیی و نیشـتمانیی سـەردەم وای لێدەکات ئیلهامی ئەم جۆرە شیعرانەی بۆبێت. بۆنموونە (کـاتێ لـەمانگی گـوڵانی ١٩١٩ دا لەئەسـتەمبول (کۆمەڵـەی پێشکەوتنی ژنـانی - کـورد - کـورد قادینلارتعـالی جمعیـەتی)

* ئاماژەیە بۆ ئایەتی قورئان (قل یاعبادي الذین أسرفوا علی أنفسهم لا تقنطـوا مـن رحمـة الله ان الله یغفر الذنوب جمیعا انه هو الغفور الرحیم) سورة الزمر- ایه ٥٣ .

دادەمەزرێت  لە پێناو گرێدانەوەی خەباتی ئافرەتان بە خەباتی نەتەوەییەوە، ناو بـراو دەم ودەســت شــیعرێکی پــڕ جــۆش وخــرۆش بەناونیشــانی (ژ بــۆ جڤاتــا دایکــان) دەنووســێت)(٢٩:٣٣) و ستایشــی کۆمەڵەکــە دەکــات و لەهەمانکاتیشــدا پایــەو مــاف و داخوازیەکانی ئافرەتانی کورد جوانتر دەکات :

*پرسی ژ عەسرێ دەوران : فەن و تەرەقیـــــاتە*

*دەولەت ســـەرێ چییە ؟ گۆت*

*دەولەت سەرێ ژنانە*

*لەورا ڤە ناحەون ئەو، شەڤ، رۆژ ئەوان خەباتە*

*جـــا زارییەك مەزن كەن : ژینا وەلات ب وانە*

*..............*

*ئەمرێ رەسولی (جەننەت، بن پێیی ئوممەهاتان)**

*لەورا دەها، زەکـــــــاوەت ب تەربییا ئەوانە*

*گۆتن ڤەکـــــرنە دایـــان جڤــــاتەکی بلندی*

*یارەب تو پێکڤە بینە تەوفیقەکی دەوانە*(شیعری ژمارە ١٧)

هەروەها لەسالی ١٩١٩ کاتێك (شەریف پاشا) لەلایـەن (کۆمەڵەی تـەعالی کوردسـتان) تەرخان کرا بۆ بەژداری کـردن لـە کۆنفرانسـی نێودەوڵـەتی لـەپاریس** بۆئـەوەی داوای مافەکانی گەلی کورد بکات، (ع. رەحمی) ئەمەی بەرووداوێکی گرنگ لە مێـژووی بزاڤـی رزگاریخوازی کورد زانی و شیعرێك لە پیاهەڵدانی ئـەم کەڵـە پیـاوە بەناونیشـانی (ژ بـۆ شەریف پاشا) دەنووسێت و وەك مرۆڤێکی ئازاو حەقخوازو گەورەی کورد دەیناسـێنێ و شانازی پێوە دەکات :

---

* ئاماژەیە بۆ فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ ) کە دەڵێت (الجنه تحت اقدام الامهات ) (١٠٢:٢٠٩).

** ئەم کۆنفرانسە لـەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی بەمەبەستی پێکهێنـانی ئاشـتی لـەنێوان دەوڵــەتی عوسمانی و دەوڵەتە سەرکەوتووەکانی هاوپەیمانان  گرێدرابوو . (کۆمەڵەی تەعالی کوردستان) بـۆ داواکردنی مافەکانی گەلی کورد یاداشتنامەیەکیان لـەرێی (شــەریف پاشــا)وە پێشکەشــی نوێنــەری دەوڵـەتە سەرەکیەکانی کۆنفرانسەکە کرد ، کە بە دڵخۆشیەوە قبوڵیان کرد(٣٥:٤٥).

***دیـــسا ژ شەجـــاعەتا تە ئەی خان***

***دەرییـــــــەك ڤەبوو ژبۆمە کوردان***

***..................................***

***فەخـــریٚ دکەن ئەم ب تە، تو کوردی***

***ئەلحەق کو تو مێری، هەم تو مەردی***

***پشـــتا تەیە جوملە کورد، کورمانج***

***لەوراٚکو تـەحەق کرییە ئارمانج*** (شیعری ژمارە ١٦)

بەشێوەیەکی گشتی جگە لەو لایەنانەی لێی دواین، چەند بابـەتێکی تـر لـەناوەڕۆکی شیعریی شیعرەکانی (ع. ڕەحمی) داهەیە، کە دوورو نزیك پەیوەندییان بەو بابەتانـەوە هەیە، کەباسکران، لەوانە بابەتی سۆزی دووره ولاٚتـی لـە شـیعرەکانی (عەشـقا وەلاٚت) و (نەزانین) و (ویسلەت) دا ؛ هـەروەها بابەتی بانگکردنی میللەت بۆ یـەکێتی و ڕاپـەڕین و پێشکەوتن، لەشیعرەکانی (ژ بۆ شەریف پاشا) و(سەلایا شەڤیٚ) دا ئینجا بیری ململانیٚ لـەپێناو مانـەوەدا لەشـیعری (ڤـەوی ب خوارنـا زەعیفـان دژیـن)، هـەروەها دەربـڕینی هەسـتی باوکایـەتی و چارەسـەرکردنی پەیوەنـدی نێـوان بـاوك و کـوڕ لـە شـیعری (ژبـۆ نەسـلاتێت)، یـان داکـۆکی کـردن لـەماف و ئـازادیی ئافرەتـانی کـورد و گرێدانـەوەی بەخەباتی نەتـەوەیی لەشـیعری (ژبـۆ چـڤاتا دایکـان) دا، هـەروەها تێمـە ڕۆمانسـیەکانی وەك قسەکردن لە زمـانی سـاوایەکی بـیٚ دایـك و بـاوك لـە شـیعری (نالینـا سـێوێکی ) و دەمەتەقیٚ لەگەلٚ بولبول لەشیعری (لۆمـا ژبلبـل)(٣١:٣٣) ... دواجـاریش لاواندنـەوەی هەمزەبـەگی موکسـی لەشـیعری (شـەهیدیٚ کوردسـتان — هـەمزە) ... (هەمووئەمانـە، ئەگەرچـی لای شـاعیرانی پێشـوو هەنـدێکیان بـاس کـراون، بـەلام هـەکاری بـەئاوازو شێوازێکی جیاوازو نویٚ دەیانچڕێتەوە)(٣٢:٣٣).

## - فۆڕمی شیعرەکانی

زۆر جـار کـە باسـی تازەکردنـەوە، بەتایبـەتی لـەڕووی فـۆڕمی شـیعریەوە، دەکرێـت، ڕاسـتەوخۆ نـاوی کۆمەڵـە شـاعیرێکی وەك شـێخ نـوری شـێخ سـالٚح و ڕەشـید نـەجیب و گۆران دێنە ناوەوە، کەمتر ناوی شاعیرێکی وەك عەبدولڕەحیم ڕەحمی هـەکاری هـاتووە،

لەکاتێکدا ناوبراو ماوەیەك بەرلەو شاعیرانەی ناویان هێنرا، کۆمەڵێك داهێنان و گۆڕانکاری لەشیعرەکانیدا کردووە، کە بە هۆیانەوە دەتوانین شاعیر بەیەکێك لەتازەکەرەوە هەرە ناودارەکانی شیعری کوردی بزانین. لێرەدا هەوڵ دەدەین پەنجە لەسەر زۆربەی داهێنانەکانی لایەنی فۆڕمی شیعرەکانی (ع. ڕەحمی)، لەسنووری ئەو بیست و یەك پارچە شیعرانەی پێشتر ناومان هێنان، دابنێین :

## یەکەم: کێشی شیعرەکانی

بەگشتی لەبارەی (ع.ڕەحمی)یەوە، ئەگەر چی تائەم کۆتاییانە زۆر بەکەمی باس لەناوبراو وەك شاعیرێکی تازەکەرەوە کراوە،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەم چەند ساڵەی دوایی چەند باس و لێکۆڵینەوەیەك، چ سەربەخۆ چ لاوەکی، دەربارەی شیعرەکانی هەن، کە زۆربەیان کاتێك لە کێشی شیعرەکانی دەدوێن، واباسی دەکەن گوایە کێشی خۆماڵی بەکار هێناوە و دوورکەوتۆتەوە لە کێشی عەرووزی•، لە کاتێکدا کە هەموو شیعرە بڵاوکراوەکانی (ع.ڕەحمی) سەر بە کێشی عەرووزین، ئەگەر چی لە هەندێك دێرو تەفعیلەکاندا•• گۆڕانکاری زیحاف••• و چەند کەموکورتییەك لەڕووی کێشەوە دەبینین —کە نازانین هەڵەی چاپن یان (ع.ڕەحمی) خۆی ئەم هەڵانەی لەسەر تێپەڕیوە-.

شاعیر کۆمەڵێك کێشی جیاجیای عەرووزی بەکار هێناوە، لەگەڵ ئەمەشدا توانیویەتی داهێنان لەهەندێ لەو کێشانەدا بکات و گۆڕانکارییان بەسەر بێنێ، یان

---

• بڕوانە (٥١:٢٩)، (٣٣:٣٢)، (٥١:١٧٤)، (٢٥:١٧٧)... .

•• تەفعیلە(پێ): یەکەیەکی دەنگی پێوانەیی سنوردارە، هەر پێیەك لە چەند بنەڕەتێك پێك دێ، هەر بنەڕەتێکیش بریتییە لە بەدوای یەکدا هاتنی دوو پیت یان زیاتر، بە پێی بزواوی و وەستاوی بنەڕەت دروست دەکا(١٠٩:٢٤). ئەم بنەڕەتانە دوودوو یان سێ سێ دەکەونە پاڵ یەکتر و یەکەیەکی لە خۆیان گەورەتر پێك دێنن پێی دەگوترێ پێ(تەفعیلە)(١١١:٢٤).

••• زیحاف: یەکێکە لەو گۆڕانکاریانەی بەسەر تەفعیلەکانی دێڕە شیعر دا دێت، بە هۆیەوە پیتەکان و حەرەکەکانی تەفعیلە کەمتر دەبن و بێهێزتری دەکات، ئەم گۆڕانکاریە ئەگەر لە دێڕێك چووە سەر تەفعیلەیەك مەرج نییە لە هەموو دێڕەکانی شیعرەکەدا بچێتە سەر هەمان تەفعیلە(١٢٣:٢٤).

هەرنـەبێت كۆمـەڵێك قـالبی دەگمـەن بـەكار بهێنێ. لێـرەدا بـەووردی كێشـی سـەرجەم شیعرەكانی دەردەخەین :

**(١) كێشی هەزەج، ڕێژەی ٥٢,٤ ٪**

**ا- كێشی هەزەجی مەجزووو، لەشیعرەكانی (سەلایاشەڤێ، سەرسال) ڕێژەی ٩,٥ ٪**

**نموونەی شیعری:**

| | |
|---|---|
| **مفاعیلن** | **مفاعیلن** |
| **گەلۆ ڕابن** | **زەمان تەنگە** |
| **خەواجەهلێ** | **وەها ڕەنگە** |
| **ب —** | **ب —** |

**ب — كێشی هەزەجی مەجزووئی ئەخرب، لەشیعری (حی علی الصلاه) ڕێژەی ٤,٨ ٪**

**نموونەی شیعری:**

| | |
|---|---|
| **مفعول** | **مفاعیلن** |
| **دەنگەك ژ -** | **مناری تێت** |
| **گازی د-** | **كەتن مەللا** |
| **- - ب** | **ب —** |

**ح _ كێشی هەزەجی شەش هەنگاوی ئەخرەبی مەقبوزی مەحزووف (یان مەقسـور) لەشـیعرەكانی (ژبـۆ نەسـلا تێـت، مـرۆڤیینی، لۆمـا ژ بلبـل، ژبـۆ شـەریف پاشـا، شەهیدێ كوردستان) ڕێژەی ٢٣,٨ ٪**

**نموونەی شیعری:**

| | | |
|---|---|---|
| **مفعول** | **مفاعلن** | **فعولن** |
| **گەرچی تو** | **بچووكی نا** | **تەوانی** |
| **لاكین س-** | **بەهێ تو قەه** | **ڕەمانی** |
| **- - ب** | **ب — ب -** | **ب - -** |

د – كێشی هەزەجی هەشت هەنگاوی ئەخرەبی مەكفووفی مەحزووف، لەشیعرەكانی (دەنگەك، نەزانین) ڕێژەی ٩,٥ ٪

نموونەی شیعری:

| مفعول | مفاعیل | مفاعیل | فعولن |
|---|---|---|---|
| دەنگەك ژ- | خەرابا وە | تەنێ من د- | كە گازی |
| دەنگێ چ- | یە؟ ئەوكوندە | وەیا تەیرە | كی بازی |
| - - ب | ب - - ب | ب – ب | ب - - |

هـ- كێشی هەزەجی هەشت هەنگاوی ئەخرەب لەشیعری (بێ هیڤی نەبن) ڕێژەی ٤,٨٪

نموونەی شیعری:

| مفعول | مفاعیلن | مفعول | مفاعیلن |
|---|---|---|---|
| سەعیی وئە | مەلێت جددی | مزگین - | یە بۆ ئەعمال |
| خاسما ن- | یەتەك سافە | ئەفرادی | هەمو فەعال |
| - - ب | ب - - - | - - ب | ب - - - |

(٢) كێشی ڕەجەز، ڕێژەی ٢٨,٦٪

ا – كێشی ڕەجەزی مورەففەل، لەشیعرەكانی (بانگ، نالینا سێوێكی، ویسلەت) ڕێژەی ١٤,٣٪

نموونەی شیعری:

| مستفعلاتن | مستفعلاتن |
|---|---|
| ئەزمامە سێوێ | بێ داوو بابم |
| خانیێ م سۆتن | ئەز مال خرابم |
| - - ب - - | - - ب - - |

ب- کێشی ڕەجەزی مە جزووو، لەشیعرەکانی (قەوی ب خوارنا زەعیفان دژین، عەشقا وەلات، دەستی تەنێ دەنگ ژی نایەت) ڕێژەی ١٤،٣٪

نموونەی شیعری:

| | |
|---|---|
| مستفعلن | مستفعلن |
| ئەی میللەتێ | ساحب ئیفاق |
| لازم ژبۆ | تەئیتیفاق |
| - - ب - | - - ب - |

**(٣) کێشی ڕەمەل، ڕێژەی ١٤،٣٪**

ا- کێشی ڕەمەلی مە جزووئی مەحزووف (یان مەقسور)، لەشیعری (گازیا دوماهیکێ)، ڕێژەی ٤،٨٪، لەم شیعرەدا، لەتی یەکەمی هەر دێڕێك لە (٨) بڕگە و دوو تەفعیلەی (فاعلاتن) پێکهاتووە، بەڵام لەتی دووەم (٧) بڕگەیەو تەفعیلەی کۆتایی گۆڕانکاری (حەزف) یان (قەسر)ی هاتۆتە سەر. واتە دوو تەفعیلەکە لە لەتی دووەمی هەر دێڕێك بریتین لە (فاعلاتن فاعلن(فاعلان)). بە لێکدانی دوو لەتی هەر دێڕێك وکردنیان بە لەتێك، دەبێتە (کێشی ڕەمەلی هەشت هەنگاوی مەحزووف)، کە کێشێکی بەر بڵاوە لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا.

نموونەی شیعری:

| | |
|---|---|
| فاعلاتن | فاعلاتن |
| - ب - - | - ب - - |
| ڕابە ئەی کور | دێ ژ کوردان |
| سەر ژ ئێخسی | ڕێ هەلین |
| فاعلاتن | فاعلن |
| - ب - - | - ب - |

- داوەشە ژ تۆزو غوبارێ      ٨ بڕگە

عیلم وعیرفانێ ببین      ٧ بڕگە

**(٤) کێشی موزاریع، ڕێژەی ٤,٨٪**

-کێشی موزاریعی هەشت هەنگاوی ئەخرەب، لەشیعری (ژبۆ جڤاتا دایکان) ٤,٨٪

نموونە شیعری :

| مفعول | فاعلاتن | مفعول | فاعلاتن |
|---|---|---|---|
| پرسی ژ - | عەسری دەوران | فەنن وتە | ڕەڤیاتە |
| دەولەت سە | ڕێ چییە ؟ گوت | دەولەت سە | ڕێ ژنانە |
| - - ب | - ب - - | - - ب | - ب - - |

ئەگەرچی (ع.ڕەحمی) لە هەموو شیعرەکانیدا کێشی عەرووزی بەکارهێناوە، بەڵام لەهەندێك شیعرەکانیدا لەسنوری ئەو قاڵبانە نەماوەتەوە کەبەرلەو شاعیرانی تر بەکاریان هێناوە و توانیویەتی تەنانەت داهێنان لەکێشی عەرووزیدا بکات و ئەوەندەی ئێمە ئاگامان لێ بێ چەند قاڵبێکی بەکارنەهاتوو یان دەگمەن و کەم بەکارهاتووی وەکو کێشەکانی (ڕەمەلی مەجزووئی مەحزووف (یان مەقسور)، ڕەجەزەی مەجزووو، هەزەجی مەجزووو، هەزەجی مەجزووئی ئەخرەب)ی بەکارهێناوە. بەمەش دەتوانین عەبدولڕەحیم ڕەحمی بەیەکێك لەتازەکەرەوەکانی کێشی عەرووزی کلاسیکی لەقەلەم بدەین.

**دووەم: سەروای شیعرەکانی**

شاعیر، هەروەك چەند گۆڕانکاریەکی بەسەر کێشی شیعر داهێناوە، بەهەمان شێوەش لەچوارچێوەی سەروا باوەکانی کلاسیکیدا نەماوەتەوە و زیاتر ڕووی کردۆتە سەروا کەم بەکارهاتوو و دەگمەنەکان. ئەگەر سەروای غەزەل و قەسیدە گەورەترین پانتایی لەشیعری کلاسیکی داگیرکردبێت، ئەوە (ع.ڕەحمی) زۆر بەکەمی ئەو جۆرەی بەکارهێناوە و زیاترسەروای پارچەپارچەیی و مەسنەوی بەکارهێناوە، بەمەش توانیویەتی خۆی ڕزگاربکات لە یەکێتی سەروا و ڕۆلیشی لە تازەکردنەوەی سەروای شیعر هەبێت. بەگشتی سەروای شیعرەکانی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**(١) سەرواى مەسنەوى (AA BB CC ...)،لەشيعرەكانى (بانگ، ژبۆ نەسلا تێت، بێ هيڤى نەبن،نالينا سێوێكێ، نوور، مرۆڤينى، ژبۆ شەريف پاشا،فيرقەت، ويسلەت، شەهيدێ كوردستان) ڕێژەى ٥٢/٣٨ ٪**

نمونەى شيعرى:

***چوومـــــە وەلاتى،حالەك حەزين ديت ....A***
***دايكا خوە ڤێ جار ب خوين، برين ديت ....A***
***گوهـــتان زوها بـــوو، دايكا بريندار ....B***
***نەشياخـــوەدان كەت مندالێ، بچووك،ژار ....B***(شيعرى ژمارە٢٠)

**(٢) سەرواى پارچەپارچەيى، ڕێژەى ٧٥,٢٨٪**

أ- چوارين : شيعرى (گازيا دوماهيكێ) بريتيە لەچەند دێرێكى بەسەريەكەوە بەڵام لەڕێى سەرواكەيەوە، كە بەم شێوەيە هەڵكەوتووە (.. ABCB, DEFE...)، دەكرێ بيكەين بەچەند (چوارين) ێك، كە تياياندا تازەيى لە ڕووى سەرواوە بەدى دەكەين و ئەوەندەى ئاگامان لێ بێ بەرلە (ع. ڕەحمى) ئەم جۆرە سەروايە بەكارنەهێنراوە. لەپارچەيەكدا شاعير دەڵێت :

***دێهەتا كەنـــگى خـــولام بى .... A***
***تودبن پـــشتيـــان حەمـــال....B***
***شەڤ مە بوراند،ڕۆژ دەركەت.... C***
***ڕابە جا ئەم بچـــــينە مال.... B*** (شيعرى ژمارە١٨)

ب- پێنجينى دووبارە كراوەى تاك (تەسميتى تەرجيع)، (AAAAB,CCCCB...)، لەشيعرى (دەستى تەنێ دەنگ ژێ نايەت)، ئەم شيعرە بريتيە لە چوار پێنجين و لەتى كۆتايى پێنجينەى يەكەم لە كۆتايى هەموو پارچەكانى تر دووبارە بۆتەوە :

***ئەى ميـــللەتـــێ ساحب نيفاق....A***
***لازم ژ بـــۆ تــــە ئيـتيفاق....A***
***تەئسيس نەكن ئەم يەك ويفاق....A***
***مەحويــــيە تە بلـــيئيتيفاق....A***
***عەقلى خوە بەرهەڤكەن هەمى....B*** (شيعرى ژمارە ٤)

**ح – شەشین**

- شەشینی دووبارەکراوەی تاك (تەسمیتی تەرجیع)، ( AAAAAB, CCCCC B ....)

لەشیعری (سەلایا شەڤێ)، ئەم شیعرە لە چوار شەشین پێکهاتووە و لەتی کۆتایی شەشینەی یەکەم لەکۆتایی هەموو شەشینەکانی تر دووبارە بۆتەوە :

***گەلۆ ڕابن، زەمان تەنگە ... A***

***خەوا جەهلێ وەها ڕەنگە... A***

***مەحوو کرنا وی بێدەنگە... A***

***تەمەت حالێ کەوێ شەنگە...A***

***خودایا،دژمنان جەنگە ... A***

***ژ خەو ئەم تێر نەبوون یاڕەب... B*** (شیعری ژمارە٥)

- شەشینی دووبارەکراوەی سەرواى تاك (تەسمیتی تەرکیب)، (AAAAAA , BBBBBA ) لەشیعری (قەوی ب خوارنا زەعیفان دژین)، ئەم شیعرە لەچوار شەشین پێکهاتووە و پێنج لەتی یەکەمی هەر شەشینەیەك سەرواى تایبەت بەخۆی هەیەو جیایە لەگەڵ ئەوانی تر، بەڵام لەتی کۆتایی هەموو شەشینەکان هاوسەروان :

***سبێ وەکی چوومە خەبات... A***

***قژکەك م دیت چۆلی دهات...A***

***کورمەك دناڤ دەڤکی ڤەشارت... A***

***لەزبوو، ب هێلینی نوهات... A***

***دەنگەك، ب هێلینی ڤەهات...A***

***شاهیانە بوو کەوتە وەلات...A*** (شیعری ژمارە ٢)

**د-** حەوتینی دووبارە کراوەی جووت (تەسمیتی تەرجیع) (AAAAA BB, CCCCCBB....) لەشیعری (عەشقا وەلات)، ئەم شیعرە بریتیە لە شەش حەوتین و لەهەر حەوتینەیەکدا پێنج لەت هاو سەروان و دوو لەتی

کۆتایش – کەدەکاتە دێڕێکی مەسنەوی – سەرروای جیایە و لەهەموو حەوتینەکاندا دووبارە بۆتەوە :

***بوهار هات، شین بوون گیا ... A***
***جل بەرکرن خەملـــین چیا... A***
***گەشتان بکەن سەرکـــــانیا... A***
***ژخیزێ دچت شبـــــهێ زیا... A***
***بەرپاق و پاك و ســـافیـــا... A***
***عەشقا وەلات، عەشقاوەلات... B***
***تەجەرگ و مێلاکێ مەپات ... B*** (شیعری ژمارە ٣)

ه – هەشـــــتینی دووبـــــارەکراوەی ســـــەروای تــــاك (تــــەسمیتی تــــەرکیب) (AAAAAAAA , BBBBBBBA)، لەشیعری (سەرسال)، ئەم شیعرە لە دوو هەشتین پێکهاتووە و هەموو لەتەکانی هەشتینەی یەکەم هاوسەروان، لەهەشتینەی دووەمیشدا حەوت لەتیان هاو سەروان و جیان لەگەڵ هەشتینەی یەکەم، بەڵام لەتی کۆتایی هەشتینەی دووەم چۆتەوە سەر سەروای هەشتینەی یەکەم :

***مـــە کوردان عیدەکێ قالە... A***
***دلۆ شـــــابە کو سەرسالە...A***
***د مـــێـــرگان سوسن ولالە ...A***
***گـــــــولان وێ گرتیە ژالە...A***
***تەبیعەت ســـــــامت ولالە...A***
***ژخـەملان رۆح، جان والە ...A***
***تەنـێ دەنگەك ژکو دنالە ...A***
***عەجایب.. بلبلە دکـالە ... A*** (شیعری ژمارە ١١)

(٣) سەرواى ڤیتعه • (...ABCBDB)، لەشیعرەکانى (حى على الصلاه)، (لۆما ژ بلبل)، (ژبۆ جڤاتا دایکان) ڕێژەى ١٤،٣٪:

*بلبـــــل چییه نالییا وه هەردەم... A*
*یان هون ژى وەکى مەبێ وەلاتن... B*
*حاشا.. نەوەکى مه هون سەفیلن... C*
*(هێلون) وەهەیه خودان کەلاتن ... B*(شیعرى ژماره ١٥)

(٤) سەرواى غەزەل (A A B A C A ...) لەشیعرى (دەنگ) ڕێژەى ٤،٨٪ :

*دەنـــــــگەك ژخەرابا وه تەنێ من دکەگازى ... A*
*دەنگێ چییه ؟ ئەوکونده وەیا تەیرەکى بازى ؟... A*
*یان دەنـــــگى یەتیـــمانه لبەر باگەرو بەفران ... B*
*ژسەرمان لەرزن بێ جل و سۆل ماپینه تازى ... A* (شیعرى ژماره ٨)

## سێیەم: گۆڕینى تۆپۆگرافیاى شیعر

یـــەکێك لـــه داهێنانـــه هـــەره مەزنـــەکانى (ع. ڕەحمـــى) لەشـــیعرەکانیدا، گـــۆڕینى تۆپۆگرافیـاى شـیعره، واتـه گـۆڕینى پێکهاتـەى دابەشـبوونى وشـەکان لـه سـەر لاپـەڕه و تێکـدانى بنـــەماى سـتونى بـوونى شـیعر، ئـەم هەوڵـه تازەیـەى شـاعیر دەکـرێ بـه سـەرەتایەکیش دابنـدرێت بـۆ نزیکبوونـەوە لەشـیعرى ئـازاد، کـه بەچـەندین سـاڵ دواى ئەو،ئەم جۆره شیعره لەلایەن شاعیرانى تـرەوە پەیـدابووە. لـەم جـۆره شـیعرەدا لـەتێك یان چەند لـەتێك لـەناو شـیعر هەڵدەوەشـێنرێنەوە و بەسـەر چـەندین نیمچـه لـەتێکى یەك لەدواى یەك دابـەش دەکرێن. (ع. ڕەحمـى) دوو جـۆر گۆڕانکـارى لـه تۆپۆگرافیـاى شیعرەکانیدا کردووه :

---

• ڤیتعه چەند دێڕێکى هـاوکێش وهاوسـەروایه بـەلام بـه پێچـەوانەى غـەزەل وقەسـیده سـەرەتاى موسەڕڕەع نییه(٢٣:٢٥٥) ، واته هەردوو لـەتى دێرى سەرەتا هاوسەروا نین .

(١) گۆڕینی تۆپۆگرافیا لەسەر بنچینەی تە فعیلە (پێ): دیارە هەر لەتە شیعرێك لەچەند تەفعیلەیەك پێك دێت، جا لێرەدا كاتێك لەتە شیعر هەڵوەشێنراوەتەوە لەسەر بنچینەی (پێ —پێ) دابەش بووە و هەرنیمچە لەتێك پێكهاتووە لە (پێ) یەك یان زیاتر، بۆنموونە شاعیر لەشیعری (نەزانین) تۆپۆگرافیای (پێ) یەكانی بەم شێوەیە دابەشكردووە:

دەردێ تەیە مەعلوول كری ئەم خوە نەزانین

ئەم كینە ؟ ——— ◄ یەك پێ (مفعول)

كورێ كینە ——— ◄ یەك پێ (مفاعیل)

مەیە خسیر وگەڤانین ——— ◄ دوو پێ (مفاعیل مفعولن)

لەدێرێكی تری هەمان شیعر بەم شێوەیە :

دنیا وەكی چێكر خودێ بەهرا مەژی دابوو

***لاكین ژنەزانین و جەهل، كانێ ——— ◄سێ پێ (مفعول مفاعیل مفاعیل)***

- ***فیدابوو ——— ◄یەك پێ (فعولن)*** (شیعری ژمارە ١٣)

هەروەها دێری چوارەمی شیعری (سەرسال) بەم شێوە یە :

***تونێ دەنگەك... ——— ◄ یەك پێ (مفاعیلن)***

***ژكو دناله ؟ ——— ◄ یەك پێ (مفاعیلن)***

***عەجائیب ... بلبله دكاله !؟*** (شیعری ژمارە ١١)

(٢) گۆڕینی تۆپۆگرافیا لەسەر بنچینەی (وشە): لەم جۆرەیاندا پشت بە (پێ) یەكان نەبەستراوە و نیمچە لەتەكان لەسەر بنچینەی (پێ) دابەش نەبوون، بەڵكو (وشە) بۆتە بنچینە. شاعیر لەشیعری (دەنگ) بەم شێوەیە گۆڕانكاری ئەنجام داوە :

***بەلكو خو لی ژی باگەرەكێ ئانی بەلاڤ كر***

***دەعوا چییە؟!***

***مەزنوون كییە؟!***

***ما قەت هەیە قازی؟*** (شیعری ژمارە ٨)

لەشیعری (ویسلەت) یش بەم شێوەیە :.

***دادێ!***

***تەخێرە ؟..***

***گێسو بلاڤی!***

***کانی ژتە نایێت بێهنا گولاڤی ؟***

لە دێرێکی تری هەمان شیعر بەم شێوەیە گۆڕانکاریەکە کراوە:

***کا بلبلێ ژار***

***قادین بوبی.. تو..***

***سەرحەد خرابن، پێنج سالە ئیرۆ***(شیعری ژمارە ٢٠)

بە شێوەیەکی گشتی بێجگە لەوانەی باسکران دەتوانین چەندین وردە داهێنانی تر لەشیعرەکانی (ع. ڕەحمی) دەست نیشان بکەین، لەوانە ؛ یەکەم شاعیرە کە (ناونیشان)ی بۆهەموو شیعرەکان داناوە و بەشێوەیەکی بەربلاویش ئامرازەکانی خاڵبەندی بەکارهێناوە. هەروەها بەکارهێنانی تەکنیکی گێڕانەوەی چیرۆك لەشیعرەکانی (قەوی ب خوارنا زەعیفان دژین) و (مرۆڤینی) و (ویسلەت) و پەیڕەوکردنی (یەکێتی بابەت) لەزۆربەی شیعرەکان وبەکارهێنانی وێنەی شیعری تازەی وەکو (پەز چوونە، دەوارمرنە)، (بوهار هات، شین بون گیا)... لەگەڵ (چەندان وێنەی شیعری تازەی ئەوتۆ کە نموونەیان لەسەدەکانی ڕابردوودا نابینین (هەلکەن ژ بۆخوە یەك چرا)، (تۆڤێ ڕەحمەتێ بچینین)، (ئەز مامە سێوێ بێ داوو بابم)) (٤١:٣٣)، هەموو ئەمانە نیشانەی داهێنانەکانی دیکەی (عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری) ن و سەلێنەری ئەوەن کە شیعرەکانی، چەندین پەلوپۆی تازەکردنەوەیان لێ جیابۆتەوە وشاعیر توانیویەتی لە چەندین ڕووەوە داهێنان بکات.

# مستەفا شەوقی - قازی زادە
# و ڕۆلی لە تازەکردنەوەی شیعری کوردیدا

## ▪ کورتەی ژیانی (١٨٩٦-١٩٥٠):

مستەفا شەوقی کوڕی قازی لەتیفە و دایکی ناوی (ئامینە خانم) بووە، هەردووکیان لەبنەماڵەی قازیەکان بوون (٥٧:٢١).

گۆڤاری (کوردستان میشنێری - The Kurdistan Missionary) ، کە لەماوەی ساڵانی ١٩١٠-١٩٢٨ لەشاری (مینا پۆلیس) لە ئەمریکا بەزمانی ئینگلیزی دەرچووە(٥٨:٣٢٩)، لەیەکێك لەژمارەکانیدا لەسالی ١٩٢٣، چەند لایەنێکی گرنگی ژیانی (مستەفا شەوقی – قازی زادە) مان لەسەرزاری خۆی بۆ ڕوون دەبێتەوە کەدەڵێت : (ئەمن لەساڵی ١٨٩٦ لەساوجبولاغ (سابلاغ) لەدایك بووم و بڕێك لەلای باوکم و بڕێك لەلای مامۆستای سەرماڵێ زمانی فارسی و عەرەبیم خوێند، کەزۆر چاکی فێربووم، بووم بە دوکتۆری فیقە (ئیجازەی مەلایەتیم وەرگرت)... لەساڵی ١٩١١ هاتم بۆ کۆنستانتینۆپل (ئەستەمووڵ) بۆ لیسە(خوێندنگەی ئامادەیی)ی شایانەی تورکیا (Turkish Imperial Lyceum). لەساڵی ١٩١٣ خوێندنی لیسەم تەواو کرد و چووم بۆ ئاڵمان بۆ تەواو کردنی خوێندنی پزیشکی. باوکم وای دانابوو هەموو مانگێك (٧) پاوەندم لیرەی ستێرلینگی ئینگلیسی بۆبنێرێ، بەڵام لەساڵی ١٩١٥ نەهامەتیەکی گەورە تووشی بنەماڵەکەی من هات و باوکم چیدیکە لە وزەی دانەبوو پارەم بۆبنێرێ. جابۆیە لەساڵی ١٩١٦ گەڕامەوە کۆنستانتینۆپل (ئەستەموول)... ساڵی ١٩١٧... وەك خوێندکار چوومە کالیجی پزیشکی. ئەودەمی ئەمن لەگەڵ خێزانێکی تورکی خەڵکی سالۆنیك هەڵسووکەوتم هەبوو، لەساڵی ١٩١٩ بەپێی دابوشوینی ئوڕووپایی، کچە

گەورەکەیانم مارەکرد... لەیەکی سێپتامبری ١٩٢٢، ئـەمن خوێنـدنی خـۆم تـەواو کـرد و ئێستا لە نەخۆشخانەی ئێرانیدا ئینتێرنم. کچێکی نۆ مانگانـەم هەیـە، نـاوی (نـەهال)ە، ژنەکەم تەمەنی (٢٢) ساڵە و ناوی (نەدیدە)یە) (٣٣٥:٥٨).

م.شەوقی بەمەبەستی خوێندنی زیاتر جارێکی تـر ڕوو دەکاتـەوە ئـەڵمانیا، لـەوکات دکتۆر (جەوادی قازی) ی خزمی لەوێ بـووە، هـەموو هـۆیێکی خوێنـدنی بـۆجێ بـەجێ کردووە تا دکتۆرای لەپزیشکی وەرگرتـووە (١٤٧:٣٨). لەسـاڵی ١٩٢٩ گەڕاوەتـەوە مـەهاباد، پـاش سـێ سـاڵ لـەوێ لەلایـەن پۆلیسـی (ڕەزاخـان)ەوە دەربـەدەرکراوە و گەڕاوەتـەوە ئەستەمبول (١٤٧:٣٨) و لە (ئەسکی شار)دا بۆتە سەرۆکی نەخۆشخانە و تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی هـەر لـەوێ ماوەتـەوە (٢٣:٥٧). بـەپێی قسـەی ڕێبوارێـك کـە لـەتورکیا هـاتبووەوە دەرکەوت کە م.شەوقی لەساڵی (١٩٥٠)دا بە نەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کردووە(٣٣١:٥٨) و لەگۆڕستانی (ئەسکی شار) دا نێژراوە(٢٣:٥٧).

## ▪ چـالاکیەکانی م.شـەوقی لـەناو ڕێکخـراوە سیاسـی و ڕۆشنبیرییەکاندا

مستەفا شەوقی، لەساڵی ١٩١١دا، لەو کاتەی کەمەهاباد بەجێ دەهێڵێت و ڕوو دەکاتـە ئەستەمبول و بەو کەشە نوێیە ئاشنا دەبێت، چالاکانە دێتە کۆڕی خەباتی نیشتمانی و کوردایەتییەوە و وەك خەباتگێڕێك پارێزگاری لە کێشەی کورد دەکات. ئـەو بێجگـە لـە نووسینەکانی – بەشیعرو پەخشانەکانیەوە – کە گوزارشت لـەو خەباتـە دەکـەن، لـەناو کۆمەڵـەو ڕێکخراوەکانیشـدا ڕۆڵـی هـەبووە، بۆیـە دەبیـنین هەرلەسـاڵی (١٩١٢)دا و لەتەمـەنی (١٦-١٧) سـاڵیدا وەك قوتابییـەك تێکـەڵی کۆمەڵـەی هیڤیـی قوتابیـان بـووە (٢٧:٤٥) و لەسـاڵی (١٩١٩)شـدا بۆتــە ئەنـدامی (کۆمەڵـەی تـەعالی کوردسـتان)(٢٩:٤٥)، کەهەردووکیان دوو کۆمەڵەی سیاسی و ڕۆشنبیری بوون و بەشێکن لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد. هەروەها لەدوای تەواو کردنی دکتـۆرا لـەبواری پزیشکی لەئـەڵمانیا، کاتێـك گەڕاوەتـەوە ئەسـتەمبول بـووە بـە ئەنـدامی کۆمەڵـەی (خۆیبـوون)، لەلایـەن سـەرۆکایەتی کۆمەڵەکـەوە نێردراوەتـە مـەهاباد بـۆ ئـەوەی لقـی خۆیبـوون لـەوێ دابمەزرێنێ و بیرو باوەڕی کوردایەتی بلاو بکاتەوە (١٤٧:٣٨). ئەویش ئەو کارە دەکات و

له پاڵ پیشەی پزیشکیدا، ڕۆڵێکی باش دەبینێ لە بڵاوکردنەوەی بیرو باوەڕو هەستی کوردایەتی، تادواجار لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی (ڕەزاخان)ەوە توشی گرفت دەبێ و دەگەڕێتەوە ئەستەمبول.

## ▪ بەرهەمەکانی

لەسنووری ئەو بابەتانەی م.شەوقی - قازی زادە، کە لەگۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە، دەکرێ بەگشتی بەرهەمەکانی بکرێن بە دووبەش :

**(١) بەرهەمە پەخشانییەکانی:** کە خۆی لەچەند وتارێك دا دەبینێتەوە، کە گوزارشت لە هەست و خۆشەویستی نیشتمان و داواکردنی خوێندن و زانست دەکەن. ئەم خشتەیە زیاتر دەریان دەخات :

| ز | ناونیشانی وتارەکە | ناوی گۆڤار | ژ | لاپەڕە | مێژووی بڵاوکردنەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | فائیدەو مەنفەعەتی مەکتەب | هەتاوی کورد | ١ | ؟ | ١١تشرینی یەکەم ١٣٢٩(٢٤تشرینی یەکەم١٩١٣) |
| ٢ | تەرەقی دینمان دەوێ | هەتاوی کورد | ٣ | ٢١-٢٤ | کانوونی یەکەم ١٣٢٩(١٩١٣) |
| ٣ | وەزیفەی ئێمەی کوردان دە عەسری حازر | ژین | ٤ | ١٤-١٦ | ٢٨تشرینی دووەم ١٣٣٤(١٩١٩) |
| ٤ | وەتەن | ژین | ١٠ | ١٦ | ٢شوبات ١٣٣٥ (١٩١٩) |
| ٥ | وەتەن(تەواو کەری وتاری ژمارەی پێشوو) | ژین | ١١ | ١٢-١٥ | ١٥ شوبات ١٣٣٥ (١٩١٩) |

**(٢) شـيعرەكانی:** ئەمانـەش كۆمەڵـە شـيعرێكن كـە لـە مـاوەی سـاڵانی ١٩١٨-١٩١٩ لـەڕێی گۆڤارەكانی (ژین) و(كوردستان) بڵاوكراونەتەوە:

| ز | ناونیشانی شیعرەكە | ناوی گۆڤار | ژ | لاپەڕە | مێژووی بڵاوكردنەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هاواری دایكێ | ژین | ١ | ١٤-١٥ | ٧تشرینی دووەم ١٣٣٤ (١٩١٨) |
| ٢ | فریاد | ژین | ٣ | ١١-١٣ | ٢٠تشرینی دووەم ١٣٣٤(١٩١٨) |
| ٣ | تەحەسوری جوانی و تەرانەیی وەتەن | ژین | ٤ | ١٢-١٤ | ٢٨تشرینی دووەم ١٣٣٤ (١٩١٨) |
| ٤ | وەرەقێك لەڕەفزی خاتیرات | ژین | ٧ | ١٢-١٣ | ٢كانونی دووەم ١٣٣٥(١٩١٩) |
| ٥ | لەبۆ كوردان | ژین | ١٤ | ٢٣-٢٤ | ٢١ مارت ١٣٣٥ (١٩١٩) |
| ٦ | مەگەر لێم عاجزی | ژین | ١٥ | ٢٠-٢١ | ٣٠ مارت ١٣٣٥ (١٩١٩) |
| ٧ | حەسەب حال دەگەل وەتەن | كوردستان | ٥ | ٥٦ | ٣ نیسان ١٣٣٥ (١٩١٩) |
| ٨ | لەبۆ هەواڵی ماتەمدار | كوردستان | ٦ | ٦٨ | ٢٢ نیسان ١٣٣٥ (١٩١٩) |
| ٩ | جەوانان | كوردستان | ٩ | ١١٥ | ١١حوزەیران ١٣٣٥ (١٩١٩) |

## ▪ سیماکانی تازەکردنەوە لەشیعرەکانی (مستەفا شەوقی - قازی زادە)دا

### - ناوەڕۆکی شیعرەکانی:

**١- نیشتمانی:** کاتێك لەلایەنی نیشتمانی، وەك پێکهاتەیەکی ناوەڕۆکی شیعری، دەدوێین، مەبەستمان لەهەموو ئەو شیعرانەیە کە گوزارشت لە خۆشەویستی نیشتمان لەلایەك و لەلایەکی تر دەرخستنی کێشەو ئازارو مەینەتیەکانی کۆمەڵگە دەکەن، کە ئەمەش پانتاییەکی فراوانی لە ئەدەبیاتی کوردیدا گرتووە، بەتایبەتی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە بەدواوە. فاکتەری هاتنەکایەی ئەولا یەنەش ئەو بارودۆخە گرژ و ناخۆشە دەرەکی و ناوەکییە یەك بەدوای یەکانەیە، کە ڕووبەڕووی گەلی کورد بوونەتەوە، کەهەرجارەی کورد وەك نەتەوە و کوردستان وەك نیشتیمان زەرەرمەندبوە، (مستەفاشەوقی -قازی زادە)ی شاعیر وەك کەسێکی قاڵبووی ناو کێشەکان و مرۆڤێکی ڕووناکبیر، لەلایەکەوە بەوپێیەی لەغوربەت ودوورە ولاتی ژیاوە و بەهۆیەوە هۆش و هەستی هەرلەلای خاك و نیشتمان بووە، لەلایەکی تریش بینین وبیستنی ئەو بارودۆخە ناخۆشەی کە بەسەر میللەتی کورددا هاتووە، بونەتە ڕێخۆشکەر بۆئەوەی ئەوسۆز و خۆشەویستیەی خۆی بە چەندین شێوە لەناوەڕۆکی شیعرەکانی دەربڕێ. لەشیعری (جەوانان)بەهەستێکی رۆمانسی ناسك لە(نشتمان)دەدوێ وپرسیاری ئەوەی لێدەکات کەبۆچی ڕووخاو و تێکچووە؟ دەبێ تاکەی لەژێر تارمایی نەزانین و کۆت و بەندی ژێردەستیدا بمێنینەوە؟ وەك دەڵێت :

*وەتەن !.. ئەی موڵکی باپیرم لەبۆچ ئەورۆکە ڕووخاوی ؟*
*لەبۆچ جێ ومەسکەنی وەحش و تویورە خاکەکەی پاکی ؟*
*لەبــــۆچ ئەولادی تـــــۆ یەعـنی برازاو مام و جیرانم*
*بەڵێ باپـــــیرە گەورەو خوشك و پوورو باوکە خۆراکی*
*لەژێر کابووســــــــی جەهل و کۆتی ئێخسیری دەناڵێنی*
*سەراپا پۆشــــەکی رەش،جلکی ماتەم بۆچ دەبەرناکی ؟..!*

هەروەها بەشێکی هۆکاری ئەو بارودۆخەی کە بەسەر نیشتماندا هاتووە دەباتەوە سەر خۆخۆری و دوو ڕوویی لەنێوان تاکەکانی میللەتی کورد وپێی وایە کە هەرئەمەش وای کردووە کە هەست بە هەوارگە و زمانی شیرینی کوردی نەکەین، ئۆبالّی ئەو گوناهەش دەداتە پالّ شێخ و ئاغا و مەلاکان، چونکە ئەوان پێشەوایەتی ئەو میللەتە دەکەن:

***زوبـــــــانی کوردی شیرینە، هەواری ئێمە ڕەنگینە***

***بەڵا چونکە هەموومان دوژمنین زۆر سەعبە ئیدراکی***

***نیـــــــفاقی مە گوناهێکی عەزیمە جا ئۆباڵی وی***

***بەگەردەن شێـــخ و ئاغا وو مەلا وو دەستی میسواکی***

م.شەوقی وەك کەسێکی دوورە وڵات، کە ئەم واقیعە لەناو کۆمەلگەدا هەست پێدەکات، غەمناکی دایدەگرێ و دەڵێت:

***لەغوربەت لاوی کوردان بۆنیگای وەسڵی تۆ مەحزوونن***

***شەو و ڕۆژ ناسرەوێن بۆ شەهدی شیرین ژەهری تریاکی*** (شیعری ژمارە ٩)

یان دەبینین هەرئەو غوربەت و دوورە وڵاتییە تووشی گریانێکی بەسۆزی دەکات و بەوێنەی شیعری جوانەوە ئەو گریانەمان بۆدەخاتە ڕوو:

***بەبێ تۆعالەمی دڵ، غەرقی دەریای یەئس و حیرمانە...***

***تەماشاکە : شەپۆل ئەورۆ چلۆن سەرڕێـــژی چاوانە ؟..***

***عەجەب تۆفان دەرە حیسسی شەبابم!. هەڵدەچێ دائیم***

***لەقەلبی پڕ خرۆش ئەسرینی چاوم لەعلی ڕوممانە...***(شیعری ژمارە ٣)

لەشیعری (هاواری دایکێ)دا، کەشیعرێکی تری نیشتمانییە، گەلی کورد لەوێنەی مرۆڤێکی خەواڵوومەستدا نیشان دەدات و داوای بێداربوونەوەی لێدەکات :

***لەتەئسیری فسوونی ڕۆژی تابان، عالەمـــــــی شۆری !..***

***مەگەر تۆچاوەکانم مێری کوردان هێشتە مەخمووری !..***

***لە ناز بالینجی خەو ساتێ، هەڵێنە سەر، تەماشـــــاکە***

***لەمێرگۆڵان دەخوێنن بولبولی شەیـــــدا بە ڕەنجووری***

بەردەوام دەبێ و داوا لە هاونیشتمانانی خۆی دەکات کە کۆت و زنجیری نەزانین و غەفلەت بپسێنن، چونکە ئەو زنجیرە تەنها وەهمێکە و دوژمن و ڕەقیبەکانی کورد بەهۆی نووستن و ناهۆشیاری کوردە وە توانیویانە کورد قۆڵبەست بکەن :

***بە مسکێنی مەڵێ دەستم بەزنجیر سەخت بەســــــتراوە***

***کە ئەو زنجیرە وەهمە و دەیپسێنی چونکە پــــڕ زووری***

***بەڵێ، زنجیری دەستت جەهل و غەفلەت بوو، ڕەقــیبی تۆ***

***بەئەفسون بەستی،قۆڵت چونکە زانی مەست ومەسحووری***(شیعری ژمارە ١)

لەشیعری (فریاد) یشدا، مستەفا شەوقی لەبارودۆخی سالآنی شەڕی یەکەمی جیهانی دەدوێ، کاتێك کە ڕووسەکان - کەبەشێك بوون لە هاوپەیمانان - کاری بەکۆمەڵ کوژی لەناوچەی سابلاغ ئەنجام دەدەن. دیارە ئەو بارودۆخە دەبێتە ئیلهام بەخش بۆئەوەی شاعیر شیعری (فریاد) بەم بۆنەیەوە بهۆنێتەوە و بەسۆزێکەوە لەو زوڵم و زۆرداری و دڵ سەختی وبێ ڕەحمی ڕووسەکان بدوێ و بڵێت:

***بە زوڵم و جەوری دوژمن بوو، بەهاریان زەردە پاییزێك***

***لەبێ ڕەحمی و دڵ سەختی بەباریان بارلە لێـــــو باری***

***لە ئاغایـــــان و ئەشراف و مەلایان کەس نەما ئـــەورۆ***

***لەسەر ئەنقازی مالیان خۆ دەخوێنی کوند بەبێ عاری*** (شیعری ژمارە ٢)

دیسان لەشیعری (لەبۆکوردان) یشدا، دیمەنی خاك و مولکێکی ڕووخاو لەدەستی زولم و جەوری دوژمنان، دەبینین و شاعیر بەفرمێسك و گریانێکی لەناخ و هەستێکی ڕومانسی تێکەل بە ڕە فزی ئەو جۆرە ژیانە، دەدوێ:

***لەمولکی کوردەکان ئەورۆ تەپ و مژ، هێنـــــدە پەیدابوو***

***دەڵێی مەحشەر خیزانە، یــــالە ڕۆژئاوا خورئـــــاوابوو***

---

***لەژێر زنجیری زوڵم و بەنـــــــدی ئێخسیری چە مەحزوونە***

***تەماشای دایکی مەحبوبت بکە چۆن دەســـــتی بەسترابوو***

***کەمـــــــــولکی موکریان و شاری سابلاغ بێ تو خاپوورە***

***لەسەر قەبری جەوانان  چاوی نێرگس غەرق دەخوێن دابوو***

***سەراپا مەوتنی ئەجدادی پێشــــووت جا تەمــــــاشاکە !***

***لەبۆچ ڕووخاوە، بۆچ سووتاوە، کاکت بۆچی خنکابوو؟*** (شیعری ژمارە ٥)

٢- **دڵداری:** شیعری دڵداری، قەواریەکی گەورەی شیعری جیهانی لە هەموو کات و سەر دەمێکدا پێک دەهێنێ، بەشێوەیەك کەکەم شاعیر هەیە بابەتی دڵداری لەناو شیعرەکانیدا نەبێت. لەئەدەبیاتی کوردیشدا زۆر لەشاعیران هەر لەکۆنەوە تا ئێستا هەن کە دڵداری و خۆشەویستی بابەتێکی سەرەکی نێو شیعرەکانیانە. مستەفا شەوقی یەکێکە لەو شاعیرانە ی کەبەشێکی شیعرەکانی دڵدارین و بریتین لە پیاهەڵدان و وەسفی جوانی یارو کۆکردنەوەی ئەو بیرە جوانانە لەبۆتەی شیعردا. ڕەنگە جیاکاریی مستەفا شەوقی لەگەڵ شاعیرێکی کلاسیکی دا نەکەین کاتێك هەر ئەو پیاهەڵدان و وەسفی دڵداریی شاعیرانی کلاسیك لەهەندێك شیعرەکانیدا بەدی دەکەین، بەنموونە کاتێك دەڵێت :

***فیـــــــدای چاوت عەزیزم، ئەو ڕۆکە حاڵم پەریشانە***
***لەدووری تۆ، دو دیدەم غەرقی خوێنە، بەحری عوممانە***

---

***بەناز ساتێ وەرە دەستێ بینە سەر قەلبی مەجروحم***
***خـــەناوی بێ بەسووری پەنجەکانت ڕەنگدە مەرجانە***

---

***زوبـــــــانت چونکە نازانێ بەئیما شەرحی حاڵی کرد***
***کەبـــابە جەرگی من بیبە هەناســــــەم بۆنی بریانە***

---

***نیقابی ڕووت دەبینی، کون کونە وەك قەلبی خوێنینم***
***بلا خۆشاهیدی سیدقە کەمەجرای تیری موژگانە***(شیعری ژمارە ٤)

لەم شیعرەدا بەتەواوی پەیڕەوی ناوەڕۆکی شیعری کلاسیکی کراوە و ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کەشاعیر شارەزاییەکی باشی لە کولتوری شیعری کلاسیکی دا هەبووە و کاریگەرییەکی واشی لەسەر هەبووە کە لە هۆنینەوەی ئەو جۆرە شیعرەدا دەستێکی باڵای هەبێت و وێنەی شیعری جوان دروست بکات.

لەشیعری (لەبۆ هەواڵی ماتەمدار)دا، شاعیر، یاری خۆی بە غەمناکی و ماتەمەوە دەبینێ و چەند وێنەیەکی شیعری ئەو ماتەمە دەکێشێ و داواشی لێدەکات کە سەر بنێتەسەر دڵی شاعیر ولایلایەی بۆبکات، چونکە دڵەکەی لە ئەنجامی غەمناکی یارەوە بریندار بووە :

***بۆچ دەناڵێنی، لەســــــــەر لێوت لە بۆچ بارکەوتووە***

***لەشکری زوڵفت کە خـــــاو وکاڵە بۆچ ڕووی گرتووە ؟***

***ئاهی تۆ وەك بای سمــــــووم وا هات وقەلبی دا دڕیم***

***ئەی فەلەك گرپەت کەوێ ؛ ئەوجارە بۆچ وەت کردووە***

***چەندە مەحبووبە لەسەر ئەندامی سەروت جلکی ڕەش !.***

***تۆ بە فرمێسکی خوێ ئەو ڕەنگی ڕووت بۆ شوشتووە***

---

***دابنێ سەرقەلبی زارم ئەوسەرەی پر جۆشی خۆت !***

***هەم بەلای لایێ دڵم بنوە ! زەمانی هاتووە*** (شیعری ژمارە ٨)

هەروەها لەشیعری (مەگەر لێم عاجزی)، یار لێی زویر بووە و دەیەوێ بە وشە و تە عبیری ناسك و جوان ئاشتی بکاتەوە و بیگەڕێنێتەوە باوەشی خۆی :

***لەمن، بۆچ زیزی !.  عومرم، چاوەکانم ماهی تابانم !..***

***تەوێڵـــەت بۆچی گرژە ؟.. یاچ قەوماوە، چ تاوانم ؟..***

---

***تەلیسمی گەنجی حوسنی تۆ ؛ موعەمای عالەمی کۆنە !..***

***لەحەللی وی بەســـــەرچوو عومرم وهێشتاکو جەوانم ...***

***کە نەرمـــــین باوەشی تۆ بێشکەیە بۆقەلبی مەجروحم.***

***بەلەنجە لێگەڕێ ساتێ !.. هەدا دا تفلی گریانم***(شیعری ژمارە ٦)

## - فۆڕمی شیعرەکانی:

لەفۆڕمی شیعرەکانی م.شەوقی، ئەگەر داهێنانێك هەبێت زیاتر لەزمانی شیعری دایە، لەم ڕووەوە هەوڵی داوە بەزمانێکی کوردی پەتی وپاراو شیعرەکانی دەر ببڕێ و (گەلێ وشەی جوانی کوردی بەکار هێناوە ... بە پێچەوانەی هەندێ شاعیرە دیارەکانی موکریانیش وەکو (مصباح الدیوان، وەفایی، ئەدیب)، هەوڵێکی زۆری داوە، تا زمانی کوردی لە تەئسیراتی وشەو تەعبیراتی فارسی تازە ڕزگار بکات)(٦٣:٧٦). خاڵێکی تری داهێنەرانەی م.شەوقی، بەکارهێنانی کۆمەڵێك وشەو زاراوەو دەستەواژەی شێوەزاری موکریانی یە کە شێوەی قسەکردنی خۆی بووە وشاعیرانی پێشتری ناوچەی موکریان کەمتر ئەم لایەنە یان لەبەر چاو گرتووە، بەڵام لای مستەفا شەوقی بەئاشکرا چەندین وشەو تەعبیری وەکو (دەگەل، دەدڵ، دەنێو، دەئافاقێ، دەسجنێ، چۆن دەبیتن، بڕژێتن، دەکاتن، غەفلەت و بەس بێ، شاری مە خۆشە، ماڵەنگۆ، ئەتۆ، زستانێ، سابلاغێ، ژینێ، ئەوڕۆکە، وەفکرێ، وەبن، چلۆن، کیژ، بەڵا ... هتد) دەبینین.

هەرچی کێش و سەروایە، ئەوەهیچ داهێنانێك لەشیعرەکانی (م.شەوقی)دا نابینین و تەواو پەیڕەوی یاساکانی کلاسیکی کردووە و لەڕووی سەرواوە پەیڕەوی یاساکانی غەزەل و قەسیدەو یەکێتی سەروای کردووە، هەروەها لەڕووی کێشەوەش یەك دوو کێشی باوی عەرووزی کلاسیکی بەکارهێناوە کە ئەمانەن:

**(١) کێشی هەزەج، ڕێژەی ٨٨,٩٪**

**ا- کێشی هەزەجی هەشت هەنگاوی تەواو، لەشیعرەکانی (هاواری دایکێ، فریاد، تەحەسوری جوانی وتەرانەیی وەتەن، وەرەقێك لەڕەفزی خاتیرات، لەبۆ کوردان، مەگەر لێم عاجزی، جەوانان)، ڕێژەی ٧٧,٨٪**

**نموونەی شیعری:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| مفاعیلن | مفاعیلن | مفاعیلن | مفاعیلن |
| بەبێ تۆعا | لەمی دڵ غەر | قی دەریای یەئ | س وحیرمانە |
| تەماشاکە | شەپۆل ئەوڕۆ | چلۆن سەر ڕێ | ژی چاوانە |
| ب - - | ب - - - | ب - - - | ب - - - |

ب - هـەزەجی هەشـت هـەنگاوی ئـەخرەبی مـەکفووفی مـەحزووف، لەشـیعری (حەسەب حال دەگەڵ وەتەن)، ڕێژەی ١١،١٪

نموونەی شیعری:

| | | | |
|---|---|---|---|
| مفعول | مفاعیل | مفاعیل | فعولن |
| خەملیوە | لەسەرقەبری | جەوانان گو | ل ولالە |
| یاسوور- | یی خوێنەکە | بلێ ڕەنگە | کی ئاڵە |
| - - ب | ب - - ب | ب - - ب | ب - - |

**(٢) کێشی ڕەمەل، ڕێژەی ١١،١٪**

- کێشی ڕەمەلی هەشت هەنگاوی مەحزووف، لەشیعری (لەبۆ هەواڵی ماتەمدار)

نموونەی شیعری:

| | | | |
|---|---|---|---|
| فاعلاتن | فاعلاتن | فاعلاتن | فاعلن |
| بۆچ دەناڵێ | نی لەسەر لێ | وت لەبۆچ بار | کەوتوە |
| لەشکری زوڵ | فت کەخاوو | کاڵە بۆچ ڕووی | گرتووە |
| - ب - - | -ب - - | - ب - - | - ب - |

# بەشـــی سێیەم

- جموجۆڵی بڵاوکردنەوەی شیعری کـوردی لـە گۆڤـارو ڕۆژنامـە کوردییەکاندا لە ماوەی ساڵانی ۱۹۲۰-۱۹۳۲دا
- تازەکردنەوەی فۆڕمی شیعر
- تازەکردنەوەی ناوەڕۆکی شیعر

# جموجوڵی بڵاوکردنەوەی شیعری کوردی لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکاندا لە ماوەی ساڵانی ۱۹۲۰-۱۹۳۲دا

ساڵانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و هاتنی ئینگلیزەکان بۆ کوردستان و بۆ شاری سلێمانی بە تایبەتی و نەمانی دەسەڵاتی عوسمانییەکان لەم نێوەندەدا، کۆمەڵێك گۆڕانکاریی لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا دروست کرد و چەندین هۆکار و ڕێخۆشکەری وەکو هاتنی چاپخانە بۆ شاری سلێمانی لە سەر پێشنیاری (مێجەرسۆن) و بایەخ دانیان بەم چاپخانەیە و بڵاوکردنەوەی چەند بڵاوکراوەیەك و ڕۆژنامەیەکی وەکو (پێشکەوتن و ژیانەوە) و هەروەها کۆکردنەوەی چەند نووسەر و بەهرەمەندێکی کورد لە دەوری ئەو ڕۆژنامانە، بوونە مایەی ئەوەی کە ئاستی ڕۆشنبیری و هوشیاری کۆمەڵگەی کوردی –بە تایبەتی لە باشوری کوردستان- بەرز بێتەوە. ڕۆژنامەی پێشکەوتن کە نۆبەرەی ڕۆژنامەکانی شاری سلێمانی بوو، ئەگەر چی لە لایەن دەسەڵاتی ئینگلیزەوە دەردەچوو، بەڵام لە لایەکەوە بووە مایەی ئەوەی کە چەند نووسەرێکی کورد لە دەوری کۆببنەوە و لە ڕێی نووسینەکانیانەوە خزمەت بە کێشەی کورد بکەن و ئەدەبیات تازە بکەنەوە، لە لایەکی تریشەوە ئەم چاپخانە و ڕۆژنامەیە بوونە سەرەتایەك بۆ دەرچوونی چەند ڕۆژنامەیەکی تری خۆماڵی و دوور لە دەستی ئینگلیز، بە دوای خۆیدا، کە ئەوانیش کەم تا زۆر ڕۆڵیان لە تازەکردنەوەکەدا هەبوو.

بەشێك لە پانتایی سەر لاپەڕەکانی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی ساڵانی بیستەکان بریتی بووە لە بایەخ دان بە ئەدەب و شیعر. لەم ڕووەوە بەهرەی چەندین شاعیر دەبینین، کە بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان توانیویانە بوژانەوەیەکی گەورە بە شیعری کوردی ببەخشن و، لە ڕووی فۆڕم و ناوەڕۆکەوە تازەی بکەنەوە. لەو

شاعیرانەش (شێخ نوری شێخ ساڵح و ئەسیری و مامەند کەرکوکی و ڕەشید نەجیب و پیرەمێرد و ...)

- *ڕۆژنامەی پێشکەوتن ١٩٢٠:*

لەم ڕۆژنامەیەدا شیعر وەك ژانرێکی بایەخ پێدراو بوونی هەیە، ئەگەر چی (لە بنجدا بۆ مەبەستی سیاسی و ڕاگەیاندن لە لایەن دەسەڵاتی ئینگلیزەوە بڵاودەکرایەوە، بەڵام بایەخێکی تایبەتی ی بە شیعر داوە، لە بەر ئەوە زیاتر لە سێ یەکی هەموو ژمارەکان دا شیعر بڵاو بۆتەوە)(٤:٢٨)، کە بابەت و ناوەڕۆکیان بریتیە لە نیشتمانی و دڵداری و کۆمەڵایەتی و داوای خوێندن و ئابوری و پیا هەڵدانی ڕۆژنامەکە. لە ڕێی ئەو ڕۆژنامەیەوە بۆ یەکەم جار کۆمەڵە شاعیرێك هاتنە مەیدانی نووسین و بڵاوکردنەوەی شیعر و هەندێکیشیان توانیان زیاتر بایەخ بەو توانایەی خۆیان بدەن، تاکو توانیان وەك شاعیری داهێن و تازەکەرەوە بێنە ناو ڕەوتی شیعری کوردی.

لە ڕۆژنامەی پێشکەوتندا ئەگەر چی هیچ شیعری شاعیرە کۆچکردووەکان بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام دەستپێکی بایەخدانیی بە شیعر بریتی بووە لە چەند ئاوڕدانەوەیەك لە شاعیری گەورە (نالی). (ڕەفیق حلمی) دوو شیعری لە ژمارەکانی (١،٧) و (عەلی کەمال باپیر)یش شیعرێکی لە ژمارە (٦)، بە یادی ئەو کەلە شاعیرە کلاسیکیە بڵاوکردۆتەوە و توانیویانە تەکنیك و فۆرم و ناوەڕۆکی کلاسیکی لە ناو ئەو شیعرانەیاندا بەرجەستە بکەن. بەم شێوەیە شاعیرەکان هەموویان شاعیری سەردەم بوونە و لە ڕۆژگاری دەرچوونی ڕۆژنامەکە شیعرەکانیان دەهۆنیەوە و بڵاویان دەکردەوە. (شێخ نوری شێخ ساڵح) لە ڕیزی پێشەوەی ئەو شاعیرانەیە، کە کۆمەڵێك شیعری تازەی بڵاوکردۆتەوە، بێجگە لەمیش چەند شاعیرێکی تر بە بەرهەمەکانیان ڕۆژنامەکەیان زیاتر ڕازاندۆتەوە، کە ئەمانەن: (عەلی کەمال باپیر، ڕەفیق حلمی، زێوەر، محەممەد فایەق، سەعید فەوزی، م.فەوزی، بێخود، عەونی، جەمال عیرفان، حەمدی، ئەسیری، ئەحمەد، خالیس، ڕەئوف، عەبدولفەتاح وەهبی، کەمال، ق ع ح، محەممەد ڕەشید سلێمانی.

- ***ڕۆژنامەی بانگی کوردستان ١٩٢٢:***

لە سەردەمی شێخ مەحموود و لە لایەن (کۆمەڵەی کوردستان ١٩٢٢) دەوە بڵاوکراوەتەوە، کە کۆمەڵەیەکی سیاسی و ڕۆشنبیریی کوردی بووە و بایەخی بە بڵاوکردنەوەی بیر و باوەڕ و هەستی کوردایەتی داوە. کۆمەڵێك شاعیر و قەلەم بە دەستی کورد لە دەوری ئەم ڕۆژنامەیەدا کۆبوونەتەوە و هەستە نەتەوەییەکانیان بە شیعر دەربڕیوە. جیا لەمە بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەیەکی بەم شێوەیە خۆی لە خۆیدا بووەتە هەوێنی شیعری لای کۆمەڵێك شاعیر کە پیرۆزبایی خۆیان بۆ دەرچوونی ئەو ڕۆژنامەیە بە شیعر دەربڕن، لەوانە؛ زێوەر و ئەحمەد موختار و مستەفا پاشا و عەبدولقادر حشمەت. بە نموونە زێوەر دەڵێت:

***بانگی کوردستان نیشــــــانەی هوشیاری میللەتە***

***بۆ ئەسەر خوانی مەعاریف تەزکیرەی سەر دەعوەتە***

***دەورەیی ئیقباڵە دەوری بانگی کوردســـــــتانمان***

***بانگی سوبحی سادقە بەم دەنگە هەستین فرسەتە***(٣:١٢٤)

هەروەها دوو شیعری فارسی لە لایەن (شێخ نوری) و (ئەحمەد موختار جاف)ەوە تایبەتن بە ستایش کردن و بە پیرۆز ڕاگرتنی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان). بابەتەکانی دیکەی شیعر لەم ڕۆژنامەیەدا زۆربەیان بریتین لە شیعری نیشتمانی و بەشێکیشیان داوای زانست و خوێندەواری و شیعری ئاینین. شاعیرەکانیشی بە گشتی ئەمانەن: (مستەفا پاشا یامولکی، زێوەر، عەلی کەمال، ڕەفیق حلمی، ئەحمەد موختار جاف، عەبدولقادر حشمەت، بێخود، فایەق زێوەر، ئەحمەد فەوزی).

- ***ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان ١٩٢٢:***

لە دوای ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) لە سلێمانی بڵاوبۆتەوە، جیاوازیشیان لەوە دایە کە (بانگی کوردستان) ئۆرگانی (کۆمەڵەی کوردستان) بووە، بەڵام (ڕۆژی کوردستان) ڕاستەوخۆ گوزارشتکاری دەسەڵات و حکومەتەکەی شێخ مەحموود بووە لە سلێمانی. بۆیەشە دەبینین زۆربەی شیعرەکانی و بابەتەکانی تریشی لە سیاقێکی ناسیۆنالیزمی دان و نووسەرەکانیان بە جۆش و خرۆشەوە هەستی خۆیان لەمبارەیەوە دەربڕیوە. شاعیرە بەشدار بووەکانی ئەم ڕۆژنامەیە بریتین لە (ئەحمەد فەوزی) بە

(٣) شیعر لە ژمارەکانی(٢،١١،١٣)، (عەلی کەمال) بە شیعرێك لە ژمارە (٣)، (شێخ نوری) بە شیعرێك لە ژمارە(٥) و شیعرێکی تری هاوبەشی نێوان (عەلی کەمال و شێخ نوری) لە ژمارە (٩)، هەروەها (حەمدی) بە چوارینێك لە ژمارە (٢) و (بابا عەلی زادە: نوری) بە شیعرێك لە ژمارە (١٠) و (ئەحمەد موختار جاف) بە شیعرێك لە ژمارە (١٤). ئەمانە وێڕای چەند شیعرێکی تری تورکی و فارسی لە لایەن (ڕەفیق حلمی و عەبدولقادر قەدری و شێخ نوری شێخ ساڵح).

### - *ڕۆژنامەی بانگی حەق ١٩٢٣:*

ئەم ڕۆژنامەیە لە لایەن دەسەڵاتی شێخ مەحمود دەرچووە و دوای ئەوەی هێزەکانی ئینگلیز شاری سلێمانییان بۆمباران کرد، شێخ مەحمود و یاوەرانی شاریان بەجێ هێشت و ڕوویان کردە شاخ و لەوێ لە ئەشکەوتی (جاسەنە)، کەوتنە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی (بانگی حەق) و تەنها (٣) ژمارەیان لێ بڵاوکردۆتەوە و ژمارە (٢)ی لە بەر دەستی ئێمە دانیە و لە ژمارە (١،٣) شدا هیچ شیعری تێدا نییە.

### - *ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستیقلال ١٩٢٣:*

ئەم ڕۆژنامەیە دوا ڕۆژنامەی سەردەمی فەرمانڕەوایی شێخ مەحمودە و دوا بە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئینگلیز و هاتنەوەی شێخ مەحمود و یاوەرانی بۆ ناو شاری سلێمانی، دەرچووە. لە سنوری ئەو (٢٥) ژمارەیەی لێی بڵاو بۆتەوە، بایەخدانێك بۆ شیعر هەیە و لە چەند ژمارەیەکی دا کۆمەڵێك شیعری نیشتمانی و داوای زانست و زانیاری و ستایش و پیرۆزبایی ڕۆژنامەکە هەیە. هەر لە ژمارەی یەکەمدا و لە خوارەوەی ناونیشانی ڕۆژنامەکەدا دوو دێڕە شیعری (شێخ نوری)، کە دەربارەی شیعرەکە خۆی نووسراوە، بڵاوکراوەتەوە، کە دەڵێت:

***خودایا بەسیە ئیتر لابەری دەیجووری ئیزمیحلال***
***تلووعی پێ بکەی خورشیدی ڕۆژی پاکی ئیستیقبال***
***لەگەڵ خولیایی هیجرەتدا بە سەر چوو عومری شیرینم***
***دەسا نۆبەی ویسالە ئاه..! ئەی ئومێدی ئیستیقلال***(١٣٣:١)

(ڕەفیق حلمی) ئەم دوو دێرە شیعرەی شێخ نوری کردۆتە چوار چوار خشتەکی و لە ژمارە (٤)ی ڕۆژنامەکە بڵاوی کردۆتەوە. هەر بە بۆنەی دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیەوە شیعرێکی پیرۆزبایی (ئەحمەد فەوزی) لە ژمارە (٣)دا بڵاو بۆتەوە، کە دەڵێت:

*مەرحەبا ئەی ئومێدی ئیستیقلال*

*نیشانەی خاتیراتی ئیستیقبال*

................................

*ڕوحی میللەت تەرانە سازە هەموو*

*بە ئومێدی ئومێدی ئیستیقلال*(٣:١٣٤)

شاعیرە بەشدار بووەکانی ئەو ڕۆژنامەیەش بە گشتی ئەمانەن: (ڕەفیق حلمی، ئەحمەد فەوزی، زێوەر، محەممەد عارف، شێخ نوری).

**- ڕۆژنامەی ژیانەوە ١٩٢٤:**

یەکێکە لەو ڕۆژنامانەی بایەخی بە شیعر داوە و لە سنوری ئەو (٥٦) ژمارەیەی لێی دەرچووە، لە (٢٢) ژمارەدا شیعر بڵاوکراوەتەوە و نزیکەی (٣٠) پارچە شیعر هەیە، کە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بریتین لە خۆشەویستیی ڕۆمانسییانە بۆ نیشتمان و شیعری دڵداری و ستایش و پیا هەڵدان و داوای خوێندن و گەڕان بە دوای زانست و نیشاندانی هاوخەمی بۆ کوردە شۆڕشگێڕەکانی باکوری کوردستان و .... لە ڕووی فۆڕمیشەوە لە زۆربەیان پەیڕەوی یاساکانی کلاسیك کراوە و تازەکردنەوەش لە هەندێك لەو شیعرانەدا هەیە، بە تایبەتی لە شیعرەکانی (شێخ نوری شێخ ساڵح)دا.

پیرۆزبایی و ستایش کردنی ڕۆژنامە بە شیعر، کە یەکێك بووە لە و دیاردانەی کە ئەوسا باو بووە، ڕۆژنامەی ژیانەوەشی گرتۆتەوە، بەم بۆنەیەوە (سەعید فەوزی) دەڵێت:

*پڕشنگ ئەدا شوعاعی بەشارەت (ژیانەوە)*

*وەك پرتەوی سوهەیلە بە سەر ڕووی بەیانەوە*

*ئەم مشتە خاکە ئەهلی هەموو بارگەیی زەکان*

*سەد حەیفە تا ئەمێستە بەبێ کەس شکانەوە*(١:١٣٦)

ئەو شاعیرانەی شیعریان لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاوکردۆتەوە ئەمانەن: (عەلی کەمال باپیر، شێخ نوری شێخ ساڵح، سەعید فەوزی، ئەسیری، زێوەر، حەمدی، مستەفا پاشا، ئەحمەد موختار جاف، ع.هادی، م.ڕاسخ، محەممەد فەرەج، فایەق بێکەس، عەلی عیرفان، مەعرووف، محەممەد ئەفەندی). لە شیعری شاعیرە کۆچکردووەکانیش، دوو شیعری (حاجی قادری کۆیی) لە ژمارەکانی (١٩،٤١) بڵاوکراونەتەوە.

- **گۆڤاری دیاریی کوردستان ١٩٢٥:**

لە ڕووی بڵاوکردنەوەی شیعرەوە، جیاوازی گۆڤاری دیاریی کوردستان لەگەڵ ڕۆژنامەکانی پێش خۆی لەوەدایە کە گۆڤاری دیاریی کوردستان بایەخێکی زیاتری بە شیعری شاعیرە کلاسیکی و کۆچکردووەکان داوە و چەندین شیعری شاعیرانی وەکو (نالی، سالم، کوردی، شێخ ڕەزا، مەولەوی، حاجی قادر) بڵاوکراونەتەوە، هەرچی ڕۆژنامەکانی پێشترن زیاتر شیعری شاعیرانی سەردەمی خۆیان بڵاوکردۆتەوە و زۆر بە کەمی ڕویان کردۆتە بڵاوکردنەوەی شیعری کۆن. گۆڤاری دیاریی کوردستان سەرەڕای ئەو بایەخ دانەشی بە شیعری شاعیرە کۆچکردووەکان، شیعری سەردەمیشی فەرامۆش نەکردووە و کۆمەڵێك شاعیر بەشدارییان تێدا کردووە و شیعریان بڵاوکردۆتەوە، کە ئەمانەن: (ئەسیری، حەمدی، ئەحمەد موختار جاف، عەلی کەمال، سەعید فەوزی، فایەق زێوەر، شوکری فەزلی، عەلی ڕەفیق، عەلی بەگ سالار سەعید، سلێمان، عەبدوللا ڕواندزی، محەممەد تۆفیق-پیرەمێرد-).

لەزۆربەی ژمارەکانی ئەم گۆڤارەدا شیعر هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بایەخێکی تەواو بە شیعر دراوە و وەك بابەتێکی سەرەکی گۆڤارەکە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، بۆیە دوو ژمارە کۆتاییەکانی (١٥،١٦)ی لێ دەربچێت، لە هەموو ژمارەکانی تردا شیعر بڵاوکراوەتەوە و زۆربەی شیعرەکانیش بێجگە لە شیعرە کلاسیکیەکان، شیعری نیشتمانین و دەربڕینی سۆز و خۆشەویستین بۆ خاك و وڵات.

- **گۆڤاری زاری کرمانجی ١٩٢٦:**

یەکێك لە بابەتە سەرەکیەکانی گۆڤاری زاری کرمانجی لایەنی ئەدەبییە، بە شێوەیەك کە دەکرێ بڵێین ئەم گۆڤارە لە هەموو گۆڤار و ڕۆژنامەکانی پێش خۆی

زیاتر بایەخی بە ئەدەبیات بـە گشتی و شـیعر بـە تایبـەتی داوە. ئـەوەی پەیوەسـتە بـە شـیعر لـەو (٢٤) ژمارەیـەی لێـی دەرچـووە، نزیکـەی (١٢٠) پارچـە شـیعری شـاعیرانی کلاسیك و هاوچەرخ هەیە، کە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردسـتان و بـە شێوە دیـالێکتی جیا بۆیان نێردراوە و بڵاوکراونەتەوە.

بایەخدانی ئەم گۆڤارە بە شـیعر لـەوەدا زیـاتر بـەدەر دەکـەوێ کـە هـیچ ژمارەیـەك نییە چەند شیعرێکی تێدا نەبێ، تەنانەت لە ژمارە (٢) تاکو (١٥) گۆشـەیەکی گۆڤارەکـە بە ناونیشانی (خۆشخوانی) تایبـەت کـراوە بـە بڵاوکردنـەوەی شـیعری کلاسـیك و تـازە. بێجگـە لەمـە چـەند گۆشـەیەکی تـریش لـە نـاو گۆڤارەکـەدا شـیعریان تێدایـە، یـاخود گۆشەکە هەمووی بە شیعر داڕێژراوە. بۆ نموونە لە ژمارەکانی (٦،٧،٨،٩،١٥)و لـە گۆشـەی (وەڵامی زاری کرمانجی) کۆمەڵێك شـیعر بڵاوکراونـەتـەوە. هـەروەها گۆشـەی (چـیرۆك) کە گۆشەیەکی تری زۆربـەی ژمارەکانی گۆڤارەکەیـە، لـە ژمارەکـانی (٦،٧،٨،٩) بـە شـیعر داڕێـژراون. لـە ژمـارە (١٠)شـدا گۆشـەی (دەردی دەروون) خراوەتـە قـالبی شـیعرەوە. زۆربەی ئەم شیعرانە ئەگەر چی لە ڕووی هونەرییەوە سادەن، بەڵام ناوەڕۆکێکی قوڵ و پەند ئامێزیان تێدا هەیە.

لەم گۆڤارەدا شیعرەکانی (بابا تاهیری هەمەدانی، مـەلای جزیـری، ئەحمـەدی خـانی، پرتـەوی هـەکاری، نـالی، کـوردی، شـێخ ڕەزا، حـەریق، ئـەدەب، وەفـایی) وەك شـاعیرانی بەرزی کلاسیك و ڕابردوو، بەرچاودەکەون. لـە شـیعری شاعیرە زینـدوو و هاوچـەرخ و تازەکەرەوەکانیش، ئەم شاعیرانە شیعریان بڵاوکراوەتەوە: (ئەسیری، مامەنـد کـەرکوکی، حوسێن حوزنی، عەلی بەگ سالار سەعید، فایەق بێکەس، شێخ نوری شێخ سالح، عـەلی کەمال، حەمدی، ئەحمەد موختار جاف، تاهیر بەگ، (م.ح)مەلا حەسەن قازی، هـەروتی ز.ع، ساڤی هیرانی، حەسەن شنۆیی، گاڤ، میرزا محەممەد ئـەمین شـنۆیی، مـەلا محەممـەد کۆیی، گیـوی موکریـانی، بەشـیر موشـیر، سـەندوور، حیکمـەت ئەفەنـدی، سـەعید خـان کوردستانی، حەمە کاکە، ئەمامی، محەممەد ناجی قەرەداغی، مەلا وەهبی، میرزا شـەفیع سابڵاغی).

هەندێ لەو شاعیرانە توانیویانە داهێنان لە شـیعرەکانیاندا بکـەن و شـیعری کـوردی تازە بکەنەوە. لە ڕووی تەکنیك و فۆڕمـەوە بـۆ یەکـەم جـار (پەخشانە شـیعر- شـیعری مەنسـوور) وەك بابـەتێکی تـازە هاتـە نـاو ئـەدەبیاتی کوردییـەوە، ئـەویش لـە ڕێـی

بڵاوکردنەوەی سێ پەخشانە شیعر لە لایەن (هەروتی ز.ع) لە ژمارە (٥)، (حەمە کاکە) لە ژمارە (٢١) و (م.ج) لە ژمارە (٢٣). هەروەها گۆڕانکاری لە فۆڕمی شیعردا لە لایەن (مامەند کەرکوکی و مەلا وەهبی و...). لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە هەریەك لە (ئەسیری و مامەند کەرکوکی و سەید حوسێن حوزنی ...) توانیویانە بە کۆمەڵێك شیعری نەتەوەیی و تێڕوانینە تازەکانیان بۆ گۆڕانکاریەکان، بەشداریی تازەکردنەوەی شیعری کوردی بکەن.

**- ڕۆژنامەی ژیان ١٩٢٦:**

ئەم ڕۆژنامەیە ڕاستەوخۆ دوای وەستانی ڕۆژنامەی (ژیانەوە) لە ساڵی ١٩٢٦ وەك بەردەوامیی ئەو بڵاوبۆتەوە و ناوەکەی لە (ژیانەوە) گۆڕاوە بۆ (ژیان). (شێخ نوری شێخ ساڵح) بەم بۆنەیەوە بە ناونیشانی (بە موناسەبەتی تەبدیلی ناوی ڕۆژنامەی ژیانەوە بۆ ژیان تەقدیمە) لە ژمارە (٩)دا شیعرێکی بڵاو بۆتەوە و لە بەشێکیدا دەڵێت:

***ناوت لە پێشەوە کە نـــــــــرابوو (ژیانەوە)***
***بۆ وەسڵی غونچەیە بوو لەخارو خەسا نیهان***
***ئێستا لە سایەیی عەدل و هەوای زەمـــانەوە***
***هەر کوێرە کانییەکی ئەمەل بوو ژیـــانەوە***
***غونچەی ئەمەل شکۆفەیی مەقسەد گەشانەوە***
***یەعنی (ژیانەوە) کە ئەمەل بوو، بـووە (ژیان)***
***ژیانێکی جاویدان***(١٤٣:١)

لەو (٣٢١) ژمارەیەی ڕۆژنامەی ژیان –کە لە سنووری لێکۆڵینەوەکەی ئێمە دان- چەندین شیعری تەڕ و پاراو هەن، کە بەشێکیان ئاستێکی هونەریی بەرزیان هەیە و تازەن. لە ڕووی ناوەڕۆکەوە وەکو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی پێشتر زۆربەی شیعرەکان شیعری سیاسی و دەربڕینی خۆشەویستین بۆ خاك و نیشتمان، بەشێکی تریشیان شیعری کۆمەڵایەتی و جۆراوجۆر و هەندێ شیعری ڕۆمانسین، کە هەموویان پێکەوە لایەنێکی گرنگی ڕۆژنامەکەیان پێکهێناوە.

ئـەو شـاعیرانەی شـیعریان لـەو (٣٢١) ژمارەیـەی ڕۆژنامـەی ژیـان دا بلاوكراوەتـەوە ئەمانەن: (پیرەمێرد، شێخ نوری، گۆران، ڕەشید نەجیب، فایـەق بێكـەس، فایـەق زێـوەر، فایەق تۆفیق، م.فەوزی، ئەسیری، ئەحمەد موختار جاف، حەمدی، كەمال، سافی هیرانـی، گاڤی، عەلی عارف، م.عەلی، قانع، ف.بێ باك).

لـەم ڕۆژنامەیـەدا بێجگـە لـە بلاوكردنـەوەی شـیعر، بایـەخ بـە ڕەخنـەی ئـەدەبی و مەسـەلە تیۆریـەكانی ئـەدەب دراوە. (شـێخ نـوری شـێخ سـاڵح) لـە ژمـارە (٢٠) بـەولاوە لێكۆڵینەوەیەكی درێژی (٢٥) ئەڵقەیی بە ناونیشانی (ئەدەبیاتی كوردی) بلاوكردۆتەوە، كە بە شێوەیەكی زانستی باس لە كۆمەڵێك لایەنی تیـۆری و پڕاكتیكی دەربـارەی شـیعر و پەخشان و جیاوازی نێوانیان و پێناسە كردنی ئەدەب و شێواز و كـێش و سـەروا و... هتد، دەكات. ئەم بابەتە ڕەخنەییانـە (سـەرەتایەكی بـە نـرخن بـۆ چـوونە نـاو جیهـانی تیۆریی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی و لە سەرەتا بە نرخـەكانی نووسـینی ئـەم بابەتانـەن بـە زمـانی كـوردی. شـێخ نـوری لـە تەتبیقـدا گـەلێك سـەرنجی وورد و شـارەزایانەی دەربـارەی ئـەدەب بـە گشـتی و ئـەدەبی كـوردی و تازەكردنـەوە و كێشـەكانی شـیعر دەربڕیوە)(٢٩:٨٦).

ئــەم خشــتەیەی داهــاتوو، بلاوبوونــەوەی ژمــارەی شــیعرەكانی هــەر شــاعیرێك دەردەخـات، كـە لـە مـاوەی سـالانی ١٩٢٠-١٩٣٢دا لـە گۆڤـار و ڕۆژنامـە كوردیەكانـدا بلاوكراونەتەوە:

| ز | ناوی شاعیر | ڕ. پێشکەوتن | ر.بانگی کوردستان | ر.ڕۆژی کوردستان | ر.ئومێدی ئیستقلال | ڕ.ژیانەوە | گ.دیاری کوردستان | گ.زاری کرمانجی | ڕ.ژیان | سەر جەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | عەلی کەمال باپیر | ٦ | ١ | ٢ | | ٥ | ١ | ٢ | | ١٧ |
| ٢ | حەمدی | ٢ | | ١ | | ١ | ١ | ١ | ٣ | ٩ |
| ٣ | ئەحمەد موختار جاف | | ١ | ١ | | ١ | ١ | ٢ | ١ | ٧ |
| ٤ | شێخ نوری شێخ ساڵح | ١٤ | | ٢ | | ٢ | | ١ | ٨ | ٢٧ |
| ٥ | ئەسیری | ٢ | | | | ٣ | ٣ | ٣٢ | ١ | ٤١ |
| ٦ | زێوەر | ٤ | ٣ | | ٢ | ١ | | | | ١٠ |
| ٧ | فایەق بێکەس | ٥ | | | | ١ | | ٢ | ٧ | ١٥ |
| ٨ | سەعید فەوزی | ٢ | | | | ٤ | ١ | | | ٧ |
| ٩ | ڕەفیق حلمی | ٢ | ١ | | ٤ | | | | | ٧ |
| ١٠ | فایەق زێوەر | | ١ | | | | ١ | | ٤ | ٦ |
| ١١ | ئەحمەد فەوزی | | ١ | ٣ | ٤ | | | | | ٨ |
| ١٢ | م.فەوزی | ٢ | | | | | | | ١ | ٣ |
| ١٣ | بێخود | ٣ | ١ | | | | | | | ٤ |
| ١٤ | مستەفا پاشای یامولکی | | ٥ | | | ١ | | | | ٦ |
| ١٥ | کەمال | ١ | | | | | | | ١ | ٢ |
| ١٦ | عەلی بەگ سالار سەعید | | | | | | ١ | ٣ | | ٤ |
| ١٧ | سافی هیرانی | | | | | | | ١ | ٣ | ٤ |
| ١٨ | گافی | | | | | | | ٢ | ١ | ٣ |
| ١٩ | پیرەمێرد | | | | | | ١ | | ١٦ | ١٧ |
| ٢٠ | مامەند کەرکوکی | | | | | | | ٩ | | ٩ |
| ٢١ | حوسێن حوزنی | | | | | | | ٤ | | ٤ |
| ٢٢ | گۆران | | | | | | | | ٤ | ٤ |
| ٢٣ | حیکمەت ئەفەندی | | | | | | | ٣ | | ٣ |
| ٢٤ | ڕەشید نەجیب | | | | | | | | ٣ | ٣ |
| ٢٥ | عەلی عارف | | | | | | | | ٣ | ٣ |
| ٢٦ | فایەق تۆفیق | | | | | | | | ٣ | ٣ |
| ٢٧ | ڕەئوف | ٢ | | | | | | | | ٢ |
| ٢٨ | ئەحمەد | ٢ | | | | | | | | ٢ |
| ٢٩ | عەونی | ٢ | | | | | | | | ٢ |
| ٣٠ | محەممەد عارف | | | | ٢ | | | | | ٢ |
| ٣١ | سلێمان | | | | | | ٢ | | | ٢ |
| ٣٢ | مەلا وەهبی | | | | | | | ٢ | | ٢ |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٣ | عەبدولفەتاح وەهبی | ١ | | | | | | | | ١ |
| ٣٤ | ق ع ح | ١ | | | | | | | | ١ |
| ٣٥ | محەممەد رەشید سلێمانی | ١ | | | | | | | | ١ |
| ٣٦ | خالیس | ١ | | | | | | | | ١ |
| ٣٧ | جەمال عیرفان | ١ | | | | | | | | ١ |
| ٣٨ | عەبدولقادر حشمەت | | ١ | | | | | | | ١ |
| ٣٩ | بابا عەلی زادە:نوری | | | ١ | | | | | | ١ |
| ٤٠ | ع.هادی | | | | | ١ | | | | ١ |
| ٤١ | م.راسخ | | | | | ١ | | | | ١ |
| ٤٢ | محەممەد فەرەج | | | | | ١ | | | | ١ |
| ٤٣ | عەلی عیرفان | | | | | ١ | | | | ١ |
| ٤٤ | مەعروف | | | | | ١ | | | | ١ |
| ٤٥ | محەممەد ئەفەندی | | | | | ١ | | | | ١ |
| ٤٦ | شوکری فەزلی | | | | | | ١ | | | ١ |
| ٤٧ | عەلی رەفیق | | | | | | ١ | | | ١ |
| ٤٨ | عەبدوللا رواندزی | | | | | | ١ | | | ١ |
| ٤٩ | تاهیر بەگ | | | | | | | ١ | | ١ |
| ٥٠ | (م.ح) مەلا حەسەن قازی | | | | | | | ١ | | ١ |
| ٥١ | هەروتی ز.ع | | | | | | | ١ | | ١ |
| ٥٢ | حەسەن شنۆیی | | | | | | | ١ | | ١ |
| ٥٣ | میرزا محەممەد ئەمین شنۆیی | | | | | | | ١ | | ١ |
| ٥٤ | مەلا محەممەد کۆیی | | | | | | | ١ | | ١ |
| ٥٥ | گیوی موکریانی | | | | | | | ١ | | ١ |
| ٥٦ | بەشیر موشیر | | | | | | | ١ | | ١ |
| ٥٧ | سەندوور | | | | | | | ١ | | ١ |
| ٥٨ | سەعید خان کوردستانی | | | | | | | ١ | | ١ |
| ٥٩ | حەمە کاکە | | | | | | | ١ | | ١ |
| ٦٠ | ئەمامی | | | | | | | ١ | | ١ |
| ٦١ | محەممەد ناجی قەرەداغی | | | | | | | ١ | | ١ |
| ٦٢ | م.ج | | | | | | | ١ | | ١ |
| ٦٣ | قانع | | | | | | | | ١ | ١ |
| ٦٤ | م.عەلی | | | | | | | | ١ | ١ |
| ٦٥ | ف.بێ باک | | | | | | | | ١ | ١ |

# تازەكردنەوەی فۆڕمی شیعر

فۆڕم(ڕوخسار) ی شیعر بریتیە لە پێكهێنەری دیوی دەرەوەی شیعرو لەگەڵ ناوەڕۆكدا، كە دیوی ناوەوەی شیعرە،دوو پێكهێنەری سەرەكی شیعرن و بە كۆبوونەوەی هەردوكیان لە دەقێكدا شیعر دەخوڵقێنن، بۆیە كاتێك باس لە داهێنانی شیعری دەكرێ پێویستە ئەوە بزانرێ كە هەردوو ئەو لایەنانە(فۆڕم و ناوەڕۆك) بە یەكەوە گرێدراون و شیعرێك كە ناوەڕۆكێكی بەرزو فۆڕمێكی لاوازی هەبێت،ناچێتە ناو خانەی داهێنانەوە. دەكرێ ئەمە بە تێڕوانینێكی گشتی دابندرێت بە سەر شیعری كۆن و تازەدا،بۆیە ئێمە كاتێك لە تازەكردنەوەی شیعر دەدوێین هەر بەو بڕوایەوە تەماشای دەكەین و پێمان وایە كە فۆڕم و ناوەڕۆك پێكهاتەی سەرەكی شیعرن و لە یەك جیا ناكرێنەوە. بەلاّم دەبێ ئەوەش بڵێین كە مەرج نییە شاعیری داهێنەر لە هەردوو لایەندا تازەكار بێت. ڕەنگە تەنها لە لایەنێكیان داهێنان بكات و لەوی تریان پەیوەست بێت بە یاساو پرەنسیپە كۆنەكانی شیعرەوە.بە نموونە شاعیری تازەكەرەوە هەیە لە ڕووی فۆڕم و تەكنیكەوە داهێنانی كردووە،بەلاّم پێكهاتەی ناوەڕۆكی شیعرەكانی پەیوەستە بە بیركرنەوەیەكی كۆن و كلاسیكی، بەپێچەوانەشەوە جاری وا هەیە شاعیر، لەسەر ئەو فۆڕم و تەكنیكە كلاسیكییە، بیر و تێڕوانینی تازەی دەربڕیوە.دیارە كە شاعیری واش هەیە داهێنانی لە هەردوو لایەن ئەنجام داوە. ئەمانە ئەو شاعیرانەن كە شیعر بەرەو لوتكەی قۆناغێكی تازە دەبەن.

شیعری بلاّوكراوەی كوردی لە ماوەی سالاّنی ١٩٢٠-١٩٣٢ كۆمەڵێك گۆڕانكاری و داهێنانی فۆڕم و تەكنیكی پێوە دیارە،كە شاعیرەكان لە ڕێی سەلیقەی خۆیان و كاریگەری ئەدەبیاتی ئەوروپی و توركی وچەند هۆكارێكی دیكەوە،توانیویانە ئەو داهێنانانە ئەنجام بدەن.

## ▪ گۆڕانکاری لە سەرواى شیعردا

سەروا وەك پێویستیەکی شیعری، هەر لە کۆنەوە جێی بایەخی شاعیران بووە و لەگەڵ کێش دا ئەو دوو لایەنە پێویستە بوون کە دەبوایە شاعیر پێوەیان پابەند بوایە. هەروەها(سەرەڕای دەوری سەرەکی خۆی کەدەستە بەرکردنی ئیقاعێکی تایبەتییە لە دێڕە شیعرو هۆنراوەدا، جوانییەکی تایبەتی بە شیعر دەدا و لە زۆر زماندا دەبێ بەیەکێ لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی جیاکردنەوەی شیعر لە پەخشان، لە هەمان کاتدا لەزەت و خۆشییەکی دەروونی دابین دەکات و زیاتر خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ)(٥:٢٣).

سەروا لە شیعرە کلاسیکیەکاندا زیاتر شێوەیەکی یەکگرتووی بە خۆوە گرتوە و زۆربەی شیعرەکان لە شێوەی قاڵبەکانی غەزەل و قەسیدەو قیتعە هۆنراونەتەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە سەرواى مەسنەویش پێکهێنەری بەشێك لە شیعرە کۆنەکانەو زیاتریش لە داستان و چیرۆکە شیعرییەکانی وەکو مەم و زین، لەیلاو مەجنون، شیرین و فەرهاد،...،هەروەها بەشێك لە شیعرەکانی دیالێکتی گۆرانی و شیعرە فۆلکلۆری و میللییەکاندا، بەکارهاتووە،کە دواتر لە شیعری تازەدا زیاتر بووە جێی بایەخی شاعیرەکان، بۆ نموونە لە شیعرەکانی پیرەمێرد و گۆراندا وێڕای گەڕانەوە بۆ کێشی خۆمالی،کە کێشی بڕگەییە،سەرواى مەسنەویش بە شێوەیەکی بلاو بەرچاو دەکەوێت.

یەکێ لەو گۆڕانکاریانەی سالآنی بیستەکان بە سەر شیعردا هات گۆڕانی سەروا بوو. شێخ نوری شێخ سالح لە پێشەوەی ئەو شاعیرانەدایە کە لەژێر کاریگەری ئەدەبیاتی ئەوروپی و تورکی گۆڕانکاری بە سەر سیستمی سەروا داهێناوەو ڕیزبەندێکی تازەی بەخشیوەتە شیعرەکانی.بەنموونە ڕیزبەندی سەرواى شیعری (دەردی دلّی خۆم) بەم شێوەیە: ABABCDCDEFEF.......

***دەردی دڵی خۆم جوملەیێکی بێنمە تەقریر ...A***

***ئینس و مەلەك وجن وپەری دێنمە گریان ...B***

***بێ شك موتەحەییر دەبێ،دێوانە لە زنجیر ...A***

***سەد عاقل و هوشیار ئەخەمە کێوو بیابان ...B***(٢:١١٤)

هـەروەها لـە دوو شـیعری وەرگێڕاودا،لەسـەر هـەمان شـێوەی شـیعرە وەرگێراوەکـە، سـەروای هۆنیوەتـەوە. یەکـەمیان بریتییـە لـە وەرگێڕانـی شـیعرێکی شـاعیری نـاوداری تورك(ڕەجائی زادە ئەکرەم بەگ)و ڕیزبەندی سەروای بەم جۆرەیە:

ABABCC,DEDEFF,GHGHII,JKJKCC,LLLLMM.

***تەفـــەکورم کە ئەوێ مەحــــــرەمی مەلالی منە ...A***
***ئـــــەوە کە دیـــمەوە فکری لە حاڵی میحنەتما ...B***
***حەریمی ڕۆژو شــــەوی تــاری بێ زەوالی منە ...A***
***ئەوە لە دووم ئەگــەرێ شەو لە وەختــی زیللەتما...B***
***نەدیمی ڕۆحی ئەنیسم تـــــــەفەکــــوراتی منە...C***
***دەمی تـەفـەکـوری من،خـۆش دەمـی حـەیاتی منە...C***(٢:١١٨)

شـیعری دووەمیشیان،شـیعری(گریـەی خوسـران)•ە،کـە لـە (تۆفیـق فیکـرەت)ەوە وەریگرتـووەو شـیعرێکی پارچـە پارچـەییە لـە شـێوەی (تـەسمیتی تـەرکیب) و سـەروای لـەتێك لـە هـەموو پارچـەکاندا دووبـارە بۆتەوە،بـەڵام تازەییەکـەی لـەوە دایـە کـە لەتـە دێڕەکـە لـە جیـاتی ئـەوەی لـە کۆتـایی پارچـەکان بێـت، لـە سـەرەتای پارچـەکاندایە. هـەروەها لـەدوا پارچـەی شیعرەکەشـدا لـەتی یەکـەمی هـەموو پارچـەکان دووبـارە بۆتەوە،کە ئەمەشیان داهێنانێکی تـرە. بەگشـتی شـیعرەکە شـەش پارچـەیەو ڕیزبەنـدی سەرواکەی بەم جۆرەیە:

ABBB,ACCC,ADDD,AEEE,AFFF,AAAAA.

لە پارچەی یەکەمدا دەڵێت:

***بگری! ئەی شاعیری ناتەوان بگری ...A***
***مرد لـە ڕۆحـی منا هەمـوو ئــامال ...B***
***(بیـــخودانــە کفــن بــدوش ملال) ...B***
***ئەگــەرێ سـەرسـەری پـەری خــەیاڵ ...B***(٣:١٣٧)

---

• ئەگەر چی شێخ نوری خـۆی ئامـاژە بـەوە ناکـات کـە ئـەم شـیعرەی لـە(تۆفیـق فکـرەت)ەوە وەرگرتووە ، بەڵام بەپێی ئەو زانیاریانەی کە (ئەحمەد تاقانە) پێشکەشمان دەکات شێخ نوری بـە دەستکارییەکی کەمەوە ئەم شیعرەی لە ناوبراو وەرگرتووە. بڕوانە(١:٢٥-٢٨).

شــيعره بلاوكراوەكــانی تــری شــێخ نــوری زیــاتر شــیعری پارچەپارچــەیین و گۆڕانکارییان تێداکراوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- شیعری(ئیستیقبال بۆ تازە پێگەیشتوەکان)(٣:١١٧)،بریتییـە لـە هەشـت پارچـەی پێـنج لەتی و سەروای لەتی کۆتایی هەموو پارچەکان وەکو یەکە،بەم جۆرە:

ABBAA,CDDCA,EFFEA,…...

- شیعری (وا موبەدەل بوو ...)(١:١٣١)، کە لەگەڵ(عەلی کەمال باپیر) بـە یەکـەوە دایـان نـاوە و بریتییـە لـە سـێ پارچـەی حەڤـدە لـەتی و هەرسـێ پارچـەکە بـە دێڕێکـی مەسـنەوی،کە هـەمان سـەروایان هەیـە، کۆتاییـان پـێ هاتووە،هـەروەها لـە پارچـەی یەکەمیاندا بێجگە لە دێڕە مەسـنەویەکەی کۆتـایی،(١٥) لەتـەکانی تـر بوونەتـە سـێ پارچەی بچووکتری (٥)لەتی،کە ڕیزبەندی سەروایان بەم جۆرەیە:

AAAAA,BBBBA,CCCCA.

لـە پارچـەی دووەم و سێیەمیشـدا(١٥)لەتـەکان هاوسـەروان، سـەروای شـیعرەکە بـە گشتی بەم جۆرەیە:

AAAAABBBBACCCCADD,EEEEEEEEEEEEEEEDD,FFF FFFFFFFFFFFFDD.

- شیعری(هاواری وەتەن)(٢:١٣٨)،بریتییە لە پێنج پارچەی چوار لەتی و سەرواکەی بـەم شێوەیە دابەش بووە:

ABAB,CDCD,EFFE,GHGH,IJIJ.

یــەکێکی تــر لــە شــاعیرە تازەکــەرەوەکانی ســەروا(مامەنــد کــەرکوکی)* یە،مامەنـد کەرکوکی ئەگەر چی شیعرە بلاوکراوەکانی لە پەنجەی دەست تێناپـەڕن و هەمووشـیان

* مامەند کەرکوکی: ناوی ڕەمزی ڕەحیم جاوفرۆش بووە و لە دەوروبـەری سـاڵی ١٨٩٥ دا لـە شاری کەرکوك لـە گەڕەکی (ئەخی حوسێن) لە دایـك بـووە و خوێنـدنی لـە حـوجرە و لـە قوتابخانەکانی کەرکوك تەواو کردووە(٦٧:٢٧). بەر لە ساڵانی سـییەکان لـە شـاری کۆیـە بووەتە مامۆستا و دواتر لـە سـییەکاندا چـووەتە مالیـە و بووەتـە فەرمانبـەری ئیسـتیهلاك لـە (پردێ)(٦٧:٢٦). دواتر لـە فرمانەکەی لادراوە و چووەتە دائیرەی ئەشغال. هەر ئەو زاتە لـە ساڵی ١٩٦٧ لە کەرکوك کۆچی دوایی کردووە(٦٧:٢٧).

له گۆڤاری (زاری کرمانجی) دا بلاوکراونەتەوە،بەلام لەگەڵ ئەمەشدا توانیویەتی چ لە فۆرم چ لە ناوەرۆك شتی تازە بێنێتە کایەوە. ئەوەی پەیوەستە بە فۆرمەوە،شاعیر وێڕای گۆڕانکاری لە موستەزاد، سەروای تازەی لەهەندێ شیعرەکانیدا بەکارهێناوە:

- لە شیعرێکی(١٥)لەتیدا، کە بە بۆنەی دەرچوونی گۆڤاری زاری کرمانجی نووسیویەتی،سەرواکەی بەم جۆرە دابەش بووە:

AABBBCCDDDAAEEE.

***موژدە بێ ئەی قەوم کەوا ئەستێرەیێ بۆ کورد هەڵات ...A***

***فەیزی بەخشی قەومی کوردە، ئاوەدانی بۆ وڵات ...A***

***ناو نرا بە (زاری کرمانجی) بە عەونی (ژو الجلال) ...B***

***پێشەوای میللەت دەبێ ئەو بۆ بڵندی پەڕ و باڵ ...B***

***عەرزی تەقدیسات ئەکەین بۆ دانەوەی مەجدەت خساڵ ...B***(٤:١٦٢)

- لە شیعرێکی تریدا بە ناونیشانی(بۆ کاك م.نوری)، کە شێوەی(تەرجیع بەند)ی بەخۆوە گرتووەو بریتییە لەچوار پارچەی حەوت لەتی و دوو لەتی کۆتایی لەشێوەی دێڕێکی مەسنەوی لە هەموو پارچەکان دووبارە بۆتەوە،سەرواکەی بەم جۆرەیە:

ABABACC,DEDEECC,FGFGGCC,HIHIICC.

***ئەمساڵە کە تۆ لێی ئەدوێی پڕ گلەیی لێی...A***

***ساڵێکی گەلێ خۆش بوو گەلێ ڕوون و عەزیزە...B***

***ساڵێکی بە مزگێنی و پڕ فەخرە ئەگەر بێی...A***

***ڕاوەستی لە پاشان تێدەگەی چەندە لەزیزە...B***

***ئەمساڵە گەلێ قودسی وو پیرۆز و تەمیزە...A***

***ئەمساڵەیە:ساڵی فەرەح و شادی و خەندان ...C***

***ئەمساڵەیە: دەشکێنێ هەموو بەند وکەلەبچان ...C***(١٢:١٦٥)

- شیعری(بۆ کاکە کەرکوکی)؛شیعرێکی پارچە چارچەییەو ڕیزبەندی سەروای پارچەکان بەم جۆرەیە:

ABAB,CCCC,DEDE,FGFG.

*هەموو ئانێك سیمایی پڕ ویــقارت وەك چـرایی ڕوون ...A*

*لە پێش چاوم موجەســـەم هەر ئەوا تیمسالی میللییەت ...B*

*بە حورمەت ئەپەرستم پرتەوێکی فەوقی گشت گەردوون ...A*

*فیدای ئەفکاری میللـــەت بم ئەتۆی لایـــق بە قودسییەت ...B*(١٧:١٦٧)

بێجگە لەو دوو شاعیرەی باسکران،کۆمەڵێك شاعیری تـر هـەن کـە لـە بڵاوکرنـەوەی شیعرەکانیاندا پەیڕەوی سـەروای تازەیـان کـردووە هـەر یەکـەیان بـە جۆرێـك داهێنـانی کردووە و شیعری کوردییان لەم ڕوەوە تازە کردۆتەوە:

- (عەلی کەمال باپیر)لە دوو شیعری پارچەپارچەییدا، کە جۆرێك لە شێوەی (تـەرکیب بەند)یان بەخۆوە گرتووە، بەم شێوەیە سەروای گۆڕیوە:

*+ شیعری یەکەم بریتییە لە سێ پارچەو هـەر پارچـەیەك شـەش دێـڕەو لـە پێـنج دێـــڕدا پـــەیڕەوی ســـەروای یـــەکگرتوو(غـــەزەل) کـــراوەو دوا دێڕیشـــیان مەسنەوییە،بەم جۆرە:*

AABACADAEAFF,GGHGIGJGKGLL,MMNMOMPMQMFF
(٤:١٢٠).

*+ شـیعری دووەم بریتییـە لـە چـوار پارچـە،هەر پارچـەیەك چـوار دێـڕەو لـە سـێ دێڕدا پەیڕەوی سەروای یەکگرتوو کراوەو دوا دێڕیشیان مەسنەوییە،بەم جۆرە:*
AABACADD,DDEDFDGG,HHIHJHKK,LLMLNLOO.(٢:١٣١)

- شیعری(نەورۆز)ی گیو موکریانی؛کەتاقـە شـیعرییەتی و لـە گۆڤـاری (زاری کرمـانجی) بڵاوکراوەتـەوە. بریتییـە لـە شـەش پارچـەی هەشـت لەتی،لـە هـەموو پارچـەکاندا دێڕێکـی مەسـنەوی دوبارەبۆتەوە،شـەش لەتـەکانی تـریش هاوسـەروان، بـەڵام گۆڕانکارییەکـەی ئـەو بریتییـە لـە وەی کـە دێـڕە مەسـنەویە دووبارەکراوەکـە لـە پارچەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم لە جیاتی ئـەوەی لـە کۆتـایی پارچـەکەدا بێـت، خستویەتیە سەرەتای پارچەکان، بەم جۆرە:

AABBBBBB,AACCCCCC,…,…,DDDDDDAA,EEEEEEAA
(١١:١٦٩).

- (سەندوور) ؛لە شیعرێکیدا بە ناونیشانی(لاوی کوردستان)،کەبریتییە لە نۆ پێنجین،

ڕیزبەندی سەرواکەی بەم شێوەیە دابەش کردووە:

AABAA,CCDCC,EEFEE ....

***نیشتمانی پاگـژت خاکـی نموونــەی جەننــەتە ...A***
***باوەئاوو نـەزهەتی مەحسولی دەســتی قودرەتە ...A***
***هەرگیایێ تۆ ئەبینی هەر گوڵێ تۆ سـەیـرە کەی ...B***
***شاهیدی یەکتایی یەزدانــە لەبــۆ ئـەم سنعــەتە ...A***
***حەیفە لای تۆ خوارو خیچ و بێمەزەو کەم قیمەتە ...A***(١٩:١٧٠)

-شـیعری (نموونـەی گەردشـی دەوران)ی مـەلا وەهبی؛شـیعرێکی درێـژەو لـە دوو ژمارەکانی (٢١،٢٣)ی گۆڤاری زاری کرمانجی بڵاوکردۆتەوە،لە بنجدا بریتییە لە حەوت پارچەو هـەر پارچـەیەکیش بریتییـە لـە دوو پارچـۆکەی بچـوکتر،کە سـەروای لـەتی کۆتاییـان یەکـە. هەریـەك لـەو پارچـەو پارچـۆکانەش لـە ڕووی سـەرواوە کۆمـەڵێك وردەکارییـان تیـادا ئـەنجام دراوە،بـە شـێوەیەك وای کـردووە کـە ڕیزبەنـدی پارچـەیەك لەگەڵ پارچەیەکی تر جیا بێت،بە نموونەڕیزبەندی پارچەی یەکەم بەم شێوەیە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| پارچۆکەی یەکەم | ⟵ | ABABCCDEDE F | پارچەی یەکەم |
| پارچۆکەی دووەم | ⟵ | GHGH II JKJK F | |

بەڵام لە پارچەی دووەم بەم شێوەیە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| پارچۆکەی یەکەم | ⟵ | ABBACCDEDE F | پارچەی دووەم |
| پارچۆکەی دووەم | ⟵ | GHGH II JKKJ F | |

بۆ پارچەکانی تریش بە هەمان شێوە جیاوازی ورد هەیە.

نموونەی یەکێك لەو پارچۆکانە:

***ئــەم شەو چ شەوێکە تەنگ وتارە ...A***
***بێ دەنگ و سەدا شەوی کش ومات ...B***
***نە مــــانگ دیــــارە نە ستــارە ...A***
***بێ نوورو زیا شەوێـــکە هەیهات ...B***
***هەیهات شەوێکە دەهشەتی ئەنگێز ...C***
***هەیهات شەوێکە وەحشەتی ئامێز ...C***

***کابووسی موجەسسەمە جیهان یا ...D***

***سەحرایی عەدەم دەڵێی دیــــارە ...E***

***دەریاچەیی قیرە شکلی دونیـــــا ...D***

***یا بەختی ڕەشی منی هــــەزارە ...E***

***یا سـێبەری زوڵفی یار ئەبینم ...F***(٥:١٧٢)

- شیعری (شینی تازەی کوردان)ی گافی:

بریتییــە لــە هەشــت پارچــەی حــەوت لــەتی و دوو لــەتی کۆتایی،کــە دێڕێکــی مەسنەوییە، لە هەموو پارچەکاندا دووبارە بۆتەوە.ڕیزبەنـدی سـەرواش لـە پارچـەیەك بۆ پارچەیەکی تر گۆڕاوە،بەم جۆرە:

AABAACC,AABAACC,DDDDACC,EBEBECC,FBFBECC, GHGHHCC,
BIJIKCC,LMLMECC.

***گــــــەردوون کـــــەوا گوومـــە زبانیشی کە لاڵە ...A***

***بۆ کـــوردی ســــتەمدیـــــدەیی خنکاوی شیماڵە ...A***

***لەم چەرخە لەگەڵ چەرخی بە دایم کە لە شەڕدا ...B***

***شینێکی شەهیــــــدانە لە پــــــیرو لە منــاڵە ...A***

***ئــــــەم کوردە چ مــــەزڵوومە خوێنی چەنە ئاڵە ...A***

***ئایا ئــــــەبێ ئەم حـــــاڵە نەکەن ئەهلی بەریتان ...C***

***هەم گەورەوو سـەردارو گەلێ میللەت و قەومان ...C***(٣:١٤٨)

- شیعری (داد لە دەست تیاترۆ)ی فایەق بێکەس:

ئـەم شیعرە لـە بنجدا دەگـرێ وەك شـیعرێك کـە سـەروای یـەکگرتووی تیـا بـەکار هاتبێ،تەماشا بکرێ،چونکەبە لێکدانی هـەموو دوو لـەتێك شـیعرەکە شـێوەی غـەزەلێك دەردەچێت(AABACA...)،بـەڵام شـاعیر تۆپۆگرافیـای شـیعرەکەی گۆڕیـوەو هـەر لــەتێکی کردۆتــە دوولەت،بەمــەش ســەروای شــیعرەکە گــۆڕاوەو هــەر دێڕێــك لــە

شێوەی(چوارین)ێك خۆی نواندوەو لەتی کۆتایی هەموو چوارینەکانیش هاوسەروان،بەم جۆرە:

ABCB,DEFB,GHIB,….

***خەیاڵ و عەشقی تیاتــرۆ ...A***

***فایەقی کرد پەرێـــــشان ...B***

***مەراق و دەردی کەم بوو ...C***

***ئەویشی هاتــە سەرشــان ...B***(٣:١٥١)

- (گۆران) لە دوو شیعردا، لە ژێر کاریگەری شیعری ئەوڕوپی و تورکیدا،سەروای تازەی بەکارهێناوە. سەروای شیعری یەکەمیان، بە ناونیشانی (شەوێکی بەهار)، بریتییە لە چەند پارچەیەکی چوارین و شەشین،لە چوارینەکانیدا هەردوو ڕیزبەندی (ABBA,ABAB) ولە شەشینەکانیشدا هەردوو ڕیزبەندی (ABACBC,ABCCBA)ی بەکارهێناوە، هەموو ئەو هونەرانەی سەرواش پەیوەستن بە ئەدەبی ئەوڕوپییەوە و لەوێوە پەڕیونەتەوە ناو ئەدەبیاتی تورکی و (گۆران)یش لەڕێگەی کاریگەری شاعیرانی تورکی وەکو شەهابەدین و تۆفیق فکرەت و سیرەت و حوسێن دانش و ... وەری گرتوون و بەکاری هێناون(٢٣:٢٣٢).سەروای شیعرەکە بەسەر یەکەوە بەم جۆرەیە:

ABBA CDCD EFGGFE HIHI JKLLKJ MNMOMO.(٢:١٥٦)

گۆران لەم شیعرەیدا بە کەمێك دەستکارییەوە سوودی لە هونەری سۆنێتە –کە هونەرێکی شیعری ئەوڕوپییە- وەرگرتووەو شیعرەکەش شێوەی دوو سۆنێتەی (١٤،١٦) لەتیی بەسەر یەکەوە وەرگرتووە.

لە شیعری دووەمیشدا بەناونیشانی (ئەی نەی)سەروای چوارینەکانی (AABB, ABAB)ی بەکارهێناوەو لە چوار (چوارین)ی بەم جۆرە پێکهاتووە:

AABB CDCD EFEF GHGH.(٢:١٦٠)

## ▪ بەکارهاتنی هونەری (سۆنێتە)

(سۆنێتە هونەرێکی شیعری ئەوروپییە ژمارەی لەتەکانی دیارەو بابەت و کێش و سەروای تایبەتی خۆی هەیە.لە ڕووی دابەشبوونی ناوەڕۆك و سەرواوە جۆری جیاجیای هەیە).(٢٩٤:٢٣)

زۆربەی قاڵبەکانی سۆنێتە لە(١٤)لەتە دێر پێك دێن و گرنگترین قاڵبە سەرواکانیشی ئەمانەن:

١- سۆنێتەی پترارکی: لە هەشتینەیەکی(ABBA ABBA) و شەشینەیەکی (CDECDE یان CDCDCD یان هەر جۆرێکی تر تەنیا مەسنەوی نەبێ) پێك دێ.

٢- سۆنێتەی سپنسەری: لە سێ چوارینەو مەسنەوییەك پێك دێ و سەرواکەی بەم جۆرەیە(ABAB BCBC CDCD EE).

٣- سۆنێتەی شەکسپیری: ئەمەش هەر لەسێ چوارینەو مەسنەوییەك پێك دێ بەڵام سەرواکەی بەم جۆرەیە(ABBA CDCD EFEF GG).(٢٩٤:٢٣)

(ڕەشید نەجیب)ی شاعیر،بە سوود وەرگرتن لەم هونەرە،سێ شیعری لە ساڵی ١٩٢٧ لە ڕۆژنامەی ژیان دا بڵاوکردۆتەوە و تیایاندا کت و مت پەیوەست نەبووە بەو قاڵبە هونەریانەی سەرەوە، بەڵکو بە چەند دەستکارییەکی کەم شیعری لە شێوەی سۆنێتە هۆنیوەتەوە.

شیعری یەکەمیان بە ناونیشانی(بۆ نوری)-مەبەستی شێخ نوری شێخ ساڵحە- بریتییە لە(٢٦)لەت و شاعیر بە سوود وەرگرتن لە پارچەکانی سۆنێتە گۆڕانکاریی تێدا کردووەو سەروای شیعرەکەی دابەشی چوار چوارین و دوو پێنجین کردووە، بەم جۆرە:

ABAB CDDC EFFE GHGH CIIJC CCKKJ.(٣:١٤٧)

شیعرەکانی (ئالامی بەشەر)و(عەشق و خەیاڵ)یش هاوشێوەی سۆنێتەی شەکسپیری ڕێکخراون و تاقە جیاوازی شیعری(ئالامی بەشەر)لەگەڵ ئەم قاڵبە سۆنێتەیە زیادکردنی چوارینەیەکی (ABBA)یەو بەمەش ژمارەی لەتەکان لە(١٤)ەوە بۆتە(١٨) بەم جۆرە:

ABBA CDCD EFFE GHGH II.(٢:١٥٢)

جیاوازیی شیعری(عەشق و خەیاڵ)یش،وێڕای ئەوەی چوار تیکەی موستەزاد بۆ لەتەکانی(١،٢،٩،١٠)ی شیعرەکە زیاد کراون،چوارینەیەکی(ABAB)شی بۆ زیاد کراوەو سەروای چوارینەی یەکەم و دووەمیش پاشەو پێش کراوە.کەواتە ئەگەر تیکە موستەزادەکان لە شیعرەکە دابڕین،سەرواکەی بەم شێوەیە لێ دێت:

ABAB CDCD EFEF GHGH II.

هەمووشی بەسەر یەکەوە،بەلەتە موستەزادەکانیشەوە، بەم جۆرەیە:

AaBcAB CDDC EeFfEF GHGH II.(٢:١٥٣)

## ▪ گۆڕانکاری لە کێشی شیعردا

یەکێ لە پێکهاتە هەرە گرنگەکانی شیعر(کێش)ە،بایەخەکەشی لەوەدا دەردەکەوێت،کە لە شیعری هەموو زمانەکاندا هەیە. گۆران لەمبارەیەوە دەڵێت: (کێش لە هەڵبەستی زمانە جیهانییەکانا،لە هەموو زمانەکانی دنیادا هەڵبەت هەیەو،هەڵبەستی هەر زمانەیش بە پێی تایبەتییەکانی(خصائص)ی خۆی جۆرە مۆسیقایەکی جیاواز لە مۆسیقاکانی پەخشانی هەیە،ئەو مۆسیقایەی هەڵبەست لە عەرەبی(وەزن)ی پێ ئەڵێن و،ئێمە لە کوردیی تازەدا وشەی(کێش)مان بۆ داناوە)(١٥٥:٧).هەرچی سەروایە سەرەڕای بایەخی سەرەکیی لە هەندێ زماندا بەڵام(مەرجی بنەڕەتی نییە بۆ شیعری هەموو نەتەوە کۆن و نوێکان)(٦٨:٢٤).

لە شیعری کوردیدا بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆر کێش بەکار هاتووە:

١- **کێشی خۆماڵی(بڕگەیی):** پشت بە ژمارەی بڕگە دەبەستێ و مێژوویەکی کۆنی هەیە و لە شیعری فۆلکلۆری و میللی و لای هەندێ شاعیرانی دیالێکتی گۆران ئەم جۆرە

کێشە هەیە،هەروەها هەندێ لە شاعیرانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بە مەبەستی تازەکردنەوەی شیعرەکانیان گەڕاونەتەوە سەر ئەم کێشە.

٢- **کێشی عەرووزی:** ئەمەشیان وێڕای ژمارەی بڕگە پشت بە کورتی و درێژی بڕگە دەبەستێ و مێژوویەکی تا ڕادەیەك کۆنی هەیە و ڕەگوڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ شیعری عەرەبی و، کورد بە هەندێ دەستکارییەوە و بە پێی گونجانی لەگەڵ لایەنی دەنگسازیی زمانی کوردی، ئەم(کێش)ەی وەرگرتووەو زۆربەی شاعیرە کلاسیکیەکانمان هەر لە بابە تاهیرو مەلای جزیرییەوە بگرە تا دەگاتە هەندێ لە شاعیرانی سەدەی بیستەمیش، قاڵبەکانی ئەم کێشەیان بەکار هێناوە.

زۆربەی ئەو شیعرانەی لە سالآنی بیستەکاندا بلآودەکرانەوە لەڕووی(کێش)ەوە عەرووزی بوون و بەڵام شاعیران زیاتر ئەو کێش و قاڵبانەیان بەکار دەهێنا کە زیاتر لەگەڵ لایەنی دەنگسازیی زمانی کوردیدا دەگونجان،کە ئەوانیش کێشەکانی هەزەج و ڕەمەل و موزاریع و هەندێ لە قاڵبەکانیان بوون.

کێشی عەرووزی ئەگەر چی پێکهێنەری زۆرینەی کێشی شیعری بلآوکراوەی کوردی بووە لەو ماوەیەدا،بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کێشی خۆماڵی بەکار هاتووە،ئەویش بە دوو جۆر:

١- بۆ ئەو شیعرانەی کە لایەنی هونەرییان ئەوەندە بە هێز نەبووە و شاعیر زیاتر مەبەستی گەیاندنی ناوەڕۆك و بیر بووە،یان گێڕانەوەیەکی خستۆتە قاڵبی شیعر - کە لە زمانی عەرەبیدا ئەم جۆرە شیعرانە زیاتر دەچنە ناو خانەی(نظم) نەك (شیعر)- وەکو ئەو چیرۆکانەی کە لە قاڵبی شیعر داڕێژراون و لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی زاری کرمانجی و ژیان و ... بلآوکراونەتەوە.

٢- بۆ ئەو شیعرانەی کە شاعیرەکانیان مەبەستیان بووە بۆ تازەکردنەوەی شیعری کوردی بگەڕێنەوە سەر بەکار هێنانی کێشی خۆماڵی،لەمبارەیەوە ڕۆڵی هەردوو شاعیر(گۆران و پیرەمێرد) لەبەرچاوە، کە لە سالآنی سییەکان بەدواوە بە شێوەیەکی بەرچاو کێشی خۆماڵییان لە شیعرە بلآوکراوەکانیاندا بەکار هێناوە. یەکێ لە هۆکارەکانی ئەمەش کاریگەریی ئەدەبیاتی تورکییە. لە بارەی شیعرەکانیەوە(گۆران) ئاماژە بەو ڕاستییە دەکات و دەڵێت:(ئەدەبی تورکی جولآنەوەی تازەتری لێ دەرکەوت کە تورکەکان لە ڕووی گیانێکی(قەومی)یەوە

ئـەهاتن كێشـی هەڵبەسـتە شـەعبی یـەكانیان ئەژیانـەوەو لەسـەر ئـەم كێشـانە هەڵبەستیان دائەنا.. كە ئەمەش كێشی هیجایە. ئـیتر مـن تـەنها بـە كۆششـی ئـەوان نەوەستام و وەزنی هیجاشم وەرگرت و بەكارهێنا)(٣:٦٢).

بەگشـتی ئـەو كێشـە خۆماڵیانـەی لای شـاعیران لـەم ماوەیـەدا بەرچـاو دەكـەون ئەمانەن:

١- كێشی حەوت بڕگەیی (٤+٣)و(٣+٤):

***دانیشـــتبووین / لەگـــەڵ یار***

***من سەرمەست و / ئەو هوشیار*** (پیرەمێرد)(١:١٥٨)

٢- كێشی دە بڕگەیی (٥+٥):

***گیـا وردەی پایـز / سەوزی نـەرم ونـۆڵ***

***قەیفە پۆشی ڕووی / تەختی خاك و خۆڵ*** (گۆران)(٢:١٥٧)

٣- كێشی یازدە بڕگەیی (٤+٤+٣):

***بابە سەیری / ئەم بەرخە كە / چەند جوانە***

***ڕۆڵە، ئەوە / بەرخی مـەڕی / خۆمـــانـــە*** (پیرەمێرد)(٣:١٥٩)

٤- كێشی چواردە بڕگەیی (٧+٧):

***لەكوێن ئەی مونەووەران / بۆچ نابزوێ ڕەحمەتتان***

***بەو فـەقیر و هـەژارەی / كوردان دەمرن لە پرسان***

***(مامەند كەركوكی)***(١٥:١٦٤)

## ▪ گۆڕانكاری لە موستەزاددا

بەگوێرەی شیعری كلاسیكی كوردی،موسـتەزاد(زیـادكردنی تیكەیەكە بـۆ هـەر لەتـە دێڕێـك)(٢٤:٢٤٨)،كـە لـە ڕووی سـەرواو كێشـەوە تایبەتمەنـدیی خـۆی هەیـە، لـە ڕووی سـەرواوە، چ لەتـەكان چ تیكـە زیادكراوەكـان بـە جیـا سـەروای تایبـەتی خۆیـان هەیـەو هـەردووكیان وەك دوو غـەزەل یـا دوو قەسـیدە بـەدیار دەكـەون، زۆربـەی جـاریش پەیوەندییەكی سەروا لە نێوان لەتـەكان و تیكـە زیادكراوەكـان بـەدی دەكرێـت، ئـەویش

بەوەی کە لەتی یەکەمی هەموو دێڕێك –جگە لە دێڕی یەکەم-لەگەڵ لەت(تیکە)ی یەکەمی دێڕە زیادکراوەکان هاوسەروا دەبن،بەم شێوەیە:

b ____ A __________

b ____ A __________

c ____ C __________

b ____ A __________

لە ڕووی(کێش)ەوەش، کێشی عەرووزی بۆ لەتەکان و تیکە زیادکراوەکان بەکار هاتووەو بە زۆریش کێشی هەزەجی هەشت هەنگاوی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزووف (یان مەقسوور) بەکار هاتووەو تیکە زیادکراوەکانیش بریتین لە دووبارە کردنەوەی پێی یەکەم و چوارەمی لەتە ڕەسەنەکان.

شیعرێکی (نالی) بە نموونە :

*ئەی تازە جەوان پـــیرم و ئوفتادەوو کەوتووم... A تاماوەحـــەیاتم... b*

*دەستێ بدەرە دەستی شکستەم کە بەسەر چووم... A قوربانی وەفاتم...b*

*تۆ یوسفی نەو حوسنی لەسەر میســری جینانی... C من پـیرم وفانی...c*

*لەم کولبەیی ئەحزانە نە زیندووم و نە مـردووم ...A هەروا بە تەماتم...b*

(٢٦٤:٥٦)

لە ساڵانی بیستەکاندا یەکێ لەو گۆڕانکاریانەی بەسەر شیعری کوردی داهات بریتی بوو لە گۆڕینی کێش و سەرواو پێکهاتەی تۆپۆگرافیای موستەزاد. هەریەك لە شێخ نوری و مامەند کەرکوکی و ڕەشید نەجیب و گۆران لەمبارەیەوە موستەزادی بڵاوکراوەیان هەیە.

- شێخ نوری شێخ ساڵح لە شیعری (عەسکەر)دا، لە دوای چوار لەتی هاوسەروا تیکەیەکی زیادی هێناوەتەوە کە هاوسەروای لەتەکانی پێش خۆیەتی:

*سەف سەف کە دێن و تێئەپەڕن چست وباویقار... A*

*مازی لە سیدقی ئێوە، ئەبـــینم ئەکا فـــیرار... A*

*سوبحێکی پاك و بێ غەش ئەبینم وەکـو بەهار ... A*

***موستەقبەلێکی بێ لەکە، پڕ کەیف و نەشئەدار...*** *A*

***بێ تۆزو بێ غوبار...*** a(٢:١٣٠)

هەروەها لە شیعرێکی تریدا بە ناونیشانی (بە موناسەبەتی تەبدیلی ژیانەوە بۆ ژیان)، لە دوای پێنج لەت و شەش لەت تیکە زیادکراوەکەی هێناوەتەوەو لە ڕووی سەرواشەوە هەمان سەروای لەتەکانی پێش خۆی هەیە:

***دەوری تەجەدودت وەکو ماهێ لە ئاسمان***

***هەڵهات و بوو بە دافیعی زوڵمەت لە ئینس و جان***

***نورت ڕژانە مەجلیسی ئەفکاری عاقلان***

***بویتە ژیانی دوشمنی بەد خواهی کوردەکان***

***ئەی ناشری مەعاریف و ئەی خەسمی جاهیلان***

***ئەی موحتەرەم ژیان***(١:١٤٣)

لەم شیعرەدا گۆڕانکاریی سەرواش هەیەو بەسەر یەکەوە سەرواکەی بەم جۆرەیە:

AAAAAa,BBBBBb,CACCCAa,DEFDFEe,GHGHIIi.

لەشیعری (یانەی سەرکەوتن)یشدا، ئەگەر چی دوای هەر لەتە دێڕێك تیکەیەکی هێناوەتەوە، بەڵام لە ڕووی سەرواوە گۆڕانکاری بەسەر تیکە زیادکراوەکان داهێناوە و،جگە لە لەتی یەکەم، هەموو لەتەکان لەگەڵ تیکە زیادکراوەکانیان هاوسەروان:

***دوێ شەو لە خەوا سروەیی بادی سەحەر ئەنگووت***

***وەك سوبحی بەهاران***

***شەو عاقیبەتی هات و دڕی سوبحی گریبان***

***ڕۆژ بۆوە لە کوردان***(٢:١٥٥)

ڕیزبەندی سەرواکەی بەم جۆرەیە:

AbBbCcBbDdBb ….

- مامەند کەرکوکی لە شیعرێکیدا بە ناونیشانی (بەدبەختیمان) لە دوای چوار دێڕی مەسنەوی (هەشت لەت)، چوار تیکەی زیاد کراوی هاوسەروای هێناوەتەوە، کە جیان لەگەڵ سەروای دێڕە مەسنەوییەکان. هەروەها گۆڕانکاریی لە کێشیشدا کردووەو کێشی

خۆماڵی (١٤) بڕگەیی بۆ دێڕە مەسنەوییەکان و کێشی خۆماڵی (٧) بڕگەییشی بۆ تیکە زیادکراوەکان بەکار هێناوەو بەگشتی سەرواکەی بەم جۆرەیە:

AABBCCDDeeee,FFGGHHIIjjjj,…..

*ڕۆژێ تەسادوقێ بوو؛ تووشـی فەقـیرێ هـاتم*
*لەگەڵیا کوڕو کیژێ ناویان بـوو(کـوردوفـاتم)*
*هەرسێك ڕەنگ زەردو عاجز؛گـەلێ لاوازو بێ تاب*
*جلیان پڕزول پڕزول بوو بەڵام هـەروەکو مەهتاب*
*زۆر جوان و ناسك بوون لە چارەیـان دیـار بوو*
*(عیفەت،نامووس،جسییەت) گەورەیەتی ئاشکار بوو*
*گوتی برا کـوردەکـەم ! ئێـرە وڵاتـی کـوردە !..*
*حەیفێ ئەوهام بیستووە!.کوردان بە دەست و بوردە*
*کوردان ئازاو چاو تێرن*
*بە کردەوە وەك شێرن*
*بە غـیرەت و دلێـرن*
*بۆ خۆیەتی زۆر نێرن* (١٦٤:١٥)

- ڕەشید نەجیب لە شیعری (عەشق و خەیاڵ)دا تیکەی زیاد کراوی تـەنها بـۆ لەتـەکانی (١،٢،٩،١٠) هێناوەتـەوە و لەتـەکانی دیکـەی بـە تـەنها هـاتوون و شـێوەی سـۆنێتەیان هەیە:

*ئەوقاتـێ ئەبێ ڕۆحـم ئەکا تەرکی مـەکانـی*
*وەك تەیری جینانی*
*هەروەك کە وەڕس بووبێ لە دیداری حەقیقەت*
*یەعنی کە لەزات*(٢:١٥٣)

قاڵبەکەی بەم جۆرەیە:

AaBcAB CDDC EeFfEF GHGH II.

- گۆران لە شیعری (سکالاّ) دا، دوای هەر لەتە دێڕێك، تیکەیەکی هێناوەتەوە و لە ڕووی سەرواوە لەتەکان و تیکەکان بەجیا شێوەی چەند دێڕێکی مەسنەوییان هەیە بەم جۆرە:

AbAbCdCdEfEf ....

لە ڕووی (کێش) ەوەش، کێشی خۆماڵی(١٠) بڕگەیی(٥+٥)ی بۆ لەتەکان و کێشی خۆماڵی (٥) بڕگەییشی بۆ تیکەکان داناوە:

*لەسەمای بەرزی / ناوبانگی حوسنا*

*تاقە ستارە،*

*نەبووی لە وزەی / دەستکورتیی منا*

*ئاشکرا دیارە!* (٣:١٦١)

## ▪ بەکار هاتني پەخشانە شیعر

پەخشانە شیعر(Prose Poem) ؛ ئەو جۆرەی شیعرەیە کە زۆربەی ڕەگەزەکانی شیعری تێدایە، بەلاّم مەرج نییە پابەند بێت بە کێش و سەروا. هەروەها هونەرێکی ئەوروپییەو سەرەتا لە ئەدەبییاتی فەڕەنسا و لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەم سەری هەلّدا(٤٢:١٩٣)، کە بە شێك بوو لە بزاڤی گشتی بە ئاراستەی شیعری ئازاد، هەروەها تەواوکەرو پڕکەرەوەی ئەو بۆشاییە بوو، کە ماوەیەکی درێژ بوو لە فەڕەنسا لە نێوان شیعرو پەخشاندا هەبوو (٦٣:٢٠٦).

ڕەگو ڕیشەی ئەم هونەرە دەگەڕێتەوە بۆ (پەخشانی شیعری-Poetic Prose) یەکانی (فانلۆن- Fenelon) و (شاتۆ بریان- Chateaubriand) (٦٣:٢٠٦). پەخشانی شیعری جۆرێکی پەخشانە، بەلاّم لە ڕووی (بەکار هێنانی ڕیتم و جۆری کێش و سفتی و ڕازاندنەوەی زمان، بە تایبەتی لە بەکار هێنانی هونەرە ڕەوانبێژیەکان... لە شیعر نزیك دەبێتەوە)(٣٠٣:٢٣).

لە ئەدەبییاتی کوردیدا، ئەگەر بمانەوێ بە شێوەیەکی فراوان لە (پەخشانە شیعر) بڕوانین بەو واتایەی کە هونەرێکی شیعرییەو مەرج نییە پابەند بێ بە کێش و سەروا، دەکرێ مێژووەکەی ببەینەوە سەر فۆلکلۆرو لەوێوە (لاوك و حەیران) بە جۆرێك لە پەخشانە شیعر لە قەلّەم بدەین. بەلاّم وەك هونەرێکی ئەوروپی، کە دواتر پەڕیەوە ناو

ئـەدەبیاتی میللـەتانی ڕۆژهـەڵات، بـۆ یەکـەم جـار لەسـەر لاپـەڕەکانی گۆڤـاری زاری کرمانجی بەدی دەکەین، کە لە سێ ژمارەیدا لـە ژێـر ناونیشـانی (شـیعری مەنسـوور) — واتە پەخشانە شیعر- دەقی ئـەدەبی نووسـراون و لـە ڕووی هونەرییـەوە بـەهای خۆیـان هەیە. لە ژمارە(٥) ی ئەم گۆڤـارە پەخشـانە شـیعرێکی (ز.ع.هـەروتی) بڵاوکراوەتـەوە و بـە هەسـتێکی ڕۆمانسـییەوە بـاس لـە غـەم و ئازارەکـانی خـۆی دەکـات و لـە بەشـێکیدا دەڵێت:

((لە شاخی بەفراویەکانم لە بەر حوزنی زۆر هەموو وەختـێ نووزەیـەکی لێـوە دێ.. لـە ئـاوی ڕەوانـەکانم تـاڵیی دەمـی جیابوونـەوە شـڵپەی دێ، گـوڵی بنەوشـە مۆرەکـانم چـەمیوەتەوە ڕەنگـی شـەوبۆی بـێن خـۆش و جوانـە کێـوی یـەکانم لـە زوێکـەوە زەرد هەڵگەڕاوە. ئەو مێگەڵە مەڕانەی لە شیوی هەردەکانم ئەلەوەڕێنێ بـێ شـوێنن. جێگـەی گوڵشەنەکانم ئێستا چۆڵ و وێرانە ...))(٤:١٦٣).

هەر لە گۆشەی (شیعری مەنسوور) و لە ژمارە(٢١) دا، بابەتێکی (حەمە کاکە) بڵاو کراوەتەوە، کە ئەویش سەرەتا بە هەستێکی ڕۆمانسییانەو دەربڕینی وشەی ناسك، بـاس لە جوانی سروشت دەکاو لە پارچەیەکی تر بـە کۆمـەڵێك پرسـیارەوە پەیوەنـدی نێـوان گوڵ و دولبەر دەوروژێنێ و دواجاریش بـاس لـە غـەریبی و بێبەشـیی کـورد دەکـات. لـە بەشێکیدا دەڵێت:

((زەردی زەمین تـا فەسـڵی گـەڵاڕێزان. زەردی گوڵـەزەرد لـە نـاو گوڵانـدا بـە بـەهار. زەردی ئوفوقی بە ئاخر شوعاعی ڕۆژ بە زسـتان. زەردی ڕوخسـاری عاشـقی دڵشـکاو بـە هاوین. بۆ من وەکو مووی زێڕینی پەرێشانی تۆ وایە ...))(١٠:١٧١).

لە ژمارە (٢٣)شدا، شیعرێکی شاعیری فەڕەنسی (سوللی پـرۆدۆم) لەلایـەن مـەحموود جەودەت(م.ج) بە ناونیشانی (ئەزهاری خوێنین) وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمـانی کـوردی و لە شێوەی پەخشانە شیعر بڵاوکراوەتەوەو لە پارچەی یەکەمدا هاتووە:

((لـە وەختێکـدا ئێمـە حـەربمان دەکـرد، ڕۆژیـش بـەهاری هێنـابووە وجـوود، لـەو جێگایـەی کـە نـەختێ لـەوەو پـێش شـەڕکەرەکان یـەکتریان دەکوشـت، کـوڵان بـەرز دەبوونەوە ...))(٩:١٧٣).

## ▪ گۆڕانکاری لە زمانی شیعریدا

لایەنێکی دیکەی پێکهاتەی فۆڕمی شیعر مەسەلەی زمانی شیعرییە، کە ئەمەش گرنگیی خۆی هەیە و لایەنێکی ئاڵۆزو بەیەکداچووەو ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ناوەڕۆکی شیعرەوە، چونکە ناوەڕۆك لە ڕێی زمانەوە دەردەبڕدرێت. دەنگ و وشەو ڕستەکان بە پێی کۆمەڵێك یاساو دەستور دەکەونە پاڵ یەك و واتایەك بە ناوەڕۆکی شیعری دەبەخشن و بەپێچەوانەشەوە ئەگەر بابەت و ناوەڕۆکێك لە ئارادا نەبێت، ناتوانرێ زمانێك لە دەقدا دروست بکرێت کەپێی بوترێت زمانی شیعر.

لە شیعری کلاسیکیی کوردیدا، زمانێکی تێکەڵ بە وشەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی بەکارهاتووە، ئەویش لە ئەنجامی کارتێکردنی ڕۆشنبیریی ئەو نەتەوانە لە ڕۆشنبیریی کوردی و (شاعیر ووشەی هەموو شیعری ڕۆژهەڵات و زمانانی ڕۆژهەڵات بە موڵکی خۆی دەزانیێ، لەبەر ئەوە ووشە (موفرەدات) ی ناو شیعری کوردیی ئەو سەردەمە، لە کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی و زۆر تەعبیرو ئیستیلاحی ئیسلامی تێکەڵە)(٤٣:٢٩).

لەماوەی تازەبوونەوەی شیعری کوردی و بە تایبەتی لە ماوەی ساڵانی ١٩٢٠-١٩٣٢ دەتوانین زمانی شیعری بڵاوکراوەی کوردی دابەشی سێ قۆناغ بکەین:

١- قۆناغی لاسایی کردنەوەی زمانی شیعری کلاسیکی.

٢- قۆناغی کاریگەربوون بە زمانی شیعری تورکی-عوسمانی.

٣- قۆناغی بەکارهێنانی کوردیی پەتی.

لە قۆناغی یەکەمدا، شاعیرەکان هەمان زمانی شیعریی شاعیرە کلاسیکیەکانیان پەیڕەو کردووە. شیعرەکانیان پڕە لە موفرەدات و تەعبیری زمانە ڕۆژهەڵاتیەکان، بە نموونە شیعرەکانی (بێخود، حەمدی، ساڤ هیرانی) و هەندێ لە شیعرە سەرەتاییەکانی (ڕەفیق حلمی، ئەحمەد موختار، کەمالی، شێخ نوری...) ئەم قۆناغە دەگرنەوە. لە قۆناغی دووەمیشدا، بەهۆی ئەو کاریگەرییەی شیعری تورکی بەسەر شیعری کوردییەوە، وای لێهاتبوو زمانی شیعری کوردی،لاسایی و کاریگەرێتی زمانی تورکی-عوسمانی پێوە دیار بێت و چەندین وشەو موفرەداتی تورکی-عوسمانی و عەرەبی-ئەو وشە عەرەبیانەی کە ئەو کات لە ناو ئەدەبیاتی تورکیدا بەکار دەهاتن- بێنە ناو شیعری کوردییەوە. شاعیرانی ئەم قۆناغەش بە پلەی یەکەم بریتی بوون لە (شێخ نوری شێخ ساڵح، ڕەشید نەجیب). لە قۆناغی سێیەمیشدا، شاعیران بەرەبەرە خۆیان دوور کردەوە

له بەكار هێنانی كەرەستەو موفرەداتی بیانی و زیاتر كەوتنە كۆكردنەوەی كەرەستە خۆماڵییەكان و له شیعرەكانیاندا بەكاریان دەهێنا. ئەم دیاردەیەش زیاتر لە سەرەتای ساڵانی سیەكانەوە دەست پێدەكات. (د.عیزەدین مستەفا ڕەسول) سلبیەت و ئیجابیەتی ئەم قۆناغە بەم شێوەیە دیاری دەكات: (بە دەم بزووتنەوەی ئازادیخوانەی كوردەوە زمانی كوردیی پوخت یا پەتی هاتە كایەوە. ئەم بزووتنەوەیە لایەنێكی سلبی هەیە، كە بەرەو پێشچوونی ئاسایی ووشەی زمان پشتگوێ دەخات و ئەمەش بەرچاو تەسكی یە. لایەنێكی ئیجابیشی هەیە كە چوونەوە ناو كوردەواری و سروود بۆ ووتنێتی بە زمانێك كە تێی بگات)(١٤٩:٢٩). لەم قۆناغەشدا ڕۆڵی هەریەك لە شاعیران (پیرەمێرد، گۆران، شێخ نوری، مامەند كەركوكی) لەبەر چاوە كە لە هەندێ شیعرە بلاوكراوەكانیاندا هەوڵیان داوە زیاتر بگەڕێنەوە سەر بەكار هێنانی كەرەستە خۆماڵیەكان، بەتایبەتی (پیرەمێرد)، كە (گۆران) ی شاعیر خۆی لە وەسفی ئەودا دەڵێت: (شیعری پیرەمێرد، فۆلكلۆری كوردی، هەڵبەستی شێوەی گۆرانی تەئسیری تێ كرد وە هەروەها ئەدەبی توركیش تەئسیری هەر لەسەر دیار بوو. پیرەمێرد فوتابخانەیەكی تایبەتی نەبووە. بەلام شیعرەكانی زۆر تەئسیری لە لاوان ئەكرد و جۆشی پێ ئەسەندن. ئەگەر بەراوردێك بكەین لە بەینی شعرەكانی ئەوو هی قوتابخانەكەی ئێمە ئەبینین شعری ئەو (قەومی) تر بوو، سنعاتی كوردی و هەستی كوردی زیاتر پیشان ئەدا)(٣٠،٦٢:٣)

شیعری (من و ئەستێرەكان) نموونەی ئەو شیعرەیە كە پیرەمێرد زمانێكی پاراوی تێدا بەكار هێناوە و تا ڕادەیەكی زۆر دووری خستۆتەوە لە كەرەستەی بیانی. ڕەفیق حلمی لە بارەی ئەم شیعرەوە دەڵێت: (لەم شیعرە بەرزانەدا بگەڕێین بۆ ووشەیەكی بێگانە، بۆ واتەیەكی ناپەسەند؛ بۆ لاری و چەوتی یەك وە سەرنجی ئەوە بدەن كە ئایا خۆی تەنگە تاو كردبێ و مێشكی گوشیبێ بۆ یەكخستن و ڕێك خستنیان، وە لە دوای ئەمە لەو سنعەت و بەلاغەتەش كە تیایەتی ... لە لایەكی تریشەوە لە شیعرا، كوردی پەتی تاقیكردۆتەوە و بۆی دەرخستوین كە زمانەكەمان زمانێكی دەوڵەمەند و شیرینە)(٨٩:١٥).

ئەمەش نموونەی چەند دێڕێكی شیعرەكەیە:

***ئەستێرە بەرزەكان، ئەدرەوشێنەوە بە شەو***
***وەك من بەداخەوەن لە سرەوتیان هەیە نە خەو***
***چەند ساڵە، ئاشنای شەوی بێداری یەكترین***
***وەك سەرسەرین،شەوێ سەرێ ناكەینە سەر سەرین***

..................................................

*شەو، شەونمی ئەوانە چـــیمەن ئـــاو ئەخواتەوە*

*ڕۆژ، هەڵمی ئاوی چاوی منە، سەر یــەخـــاتـــەوە*

..................................................

*(با)م ڕاسپارد، بڵێ کە خەفەت بۆچ ئەخۆن ئەوان؟*

*وەك ئێمە نین، نزیکتری لای بارەگـــای خـــودان*

*ڕاسپێرییان نووسیبوو، بە شـــەونم، لەســـەر گیا*

*تا ئاسمان، پـرپیشـکی بـەدی ئـێـــوە، هــەڵـیـڕژا*

*هـــاواری کـــوردەکـــانی ســـەروو گەیـــیە ئاسمان*

*بەو دووکەڵی هەناسەیە، ئاو دێ لە چـاومان*(٢:١٤٥)

# تازەکردنەوەی ناوەڕۆکی شیعر

شــەری یەکــەمی جیهــانی کۆتــایی پــێ هــات و دەســەڵاتی عوسمانییــەکان نــەما، ناوچــەکانی ڕۆژهــەڵات بــە گشــتی و کوردســتان بــە تایبــەتی لــە ڕووی جوگرافیــای سیاسییەوە گۆڕانکاری بەسەر داهات، ئەم گۆڕانکاریە دواتر کاری کردە سەر بوارەکانی تری ژیان. ئـەوەی پەیوەستە بە کورد لـەم ماوەیـەدا، ئەگـەر چی هەنـدێ جار چەند تروسکە هیوایەك بەدی دەکران و ڕۆڵەکانی کورد بۆ ماوەیەك هەستیان بە بەدی هاتنی حـەزو ئارەزوەکانیـان دەکـرد، بـەڵام دوا جـار هـەر ئـەو ئاواتانـە بـە زەرەری کـورد دەشـکانەوە، کەواتـە لـە چوارچـێوەیەکی گشـتی دا کـورد لـە دوای شـەڕی یەکـەمی جیهانییەوە ڕووبەڕووی بارودۆخێکی نالەبارو ناخۆش بوەوە، هەندێ لەو ناخۆشیانەش بریتی بوون لە دابەشکردنی خاکی کوردستان و بەجێ نەگەیشتنی بەڵێنـەکانی ئینگلیـز و زوڵم و زۆرداری تورك بەرامبەر بەکورد و لە سێدارەدانی سەرکردە کوردەکان ....

ئەم بارودۆخە کاری کردە سەر ناوەڕۆکی شیعری لای شاعیران و (شاعیرانی کورد تـا ڕادەیـەك وەزعـی کـورد و ئامـانجی نەتەوەکـەیان لـە شـیعرا دەربڕیبـوو، بەمـە کـارێکی گەورەیان کردبـووە سـەر مشـتوماڵ کردنـی بـیرو بـاوەڕی کوردایـەتی و ڕێگـای ئـازادی و سەربەستی و ژینی بەختیاری یان بەگەل نیشان دابـوو) (١٢٩:٣٨). هـەر لـە میانـەی ئـەو گۆڕانکاریانەدا و لە ڕێی کۆمەڵێك هۆکاری تـری وەکـو پەڕینـەوەی کولتـورو ئـەدەبیاتی ئـەوروپی و تـورکی بـۆ نـاو ئـەدەبی کـوردی، چـەند بابـەتێکی ڕۆمـانتیکی هاتنـە نـاو شیعری کوردییەوە، وەکو بێزار بوون و دەربڕینی غەم و پـەژارە بەرامبـەر ژیـانی دنیـاو هیوای گەڕانەوە بۆ سـەردەمی منداڵیـەتی و ڕووکردنـە گریـان وەك ڕێگـە چارەیەك بـۆ دەرچوون لە خەفەت و ناخۆشی و ... هەروەها بابەتەکانی باس کردن لە ئازایەتی کچ

و ئافرەتان و وەستان دژی هەندێ دابی کۆمەڵایەتی، هاتنە کایەوە. دەکرێ گرنگترین خاڵەکانی پێکهاتەی ناوەڕۆکی شیعری لە ماوەی ساڵانی (١٩٢٠-١٩٣٢) بکەینە دوو بەشی سەرەکی:

## ▪ شیعری سیاسی و نیشتمانپەروەری

ناوەڕۆکی سیاسی و نیشتمانپەروەری وەك چەمكێكی فراوان وەنەبێ لە ساڵانی بیستەکاندا شتێکی تازە بووبێت، بەڵکو ئەگەر بە مێژوودا بچینەوە، شیعری چەندین شاعیر دەبینین کە ئەم جۆرە بابەتانە پێکهاتەی ناوەڕۆکیان بن، وەکو هەندێ لە شیعرەکانی ئەحمەدی خانی، سالم، حاجی قادر .... بەڵام تازەیی شیعری شاعیرانی ساڵانی بیستەکان لەوە دایە کە ئەوان ئەو ناوەڕۆکەیان پەیوەست دەکرد بەو گۆڕانکاری و بارودۆخە یەك لەدوای یەکانەوە کە لەم ماوەیەدا بەسەر کوردو خاکی کوردستان دا دەهاتن، واتە شاعیران هەستێکی نیشتمانیی گشتگیریان بۆ هەموو سەردەمێك دەرنەدەبڕی، بەڵکو دەربڕی ئەو هەستە نیشتمانییە خۆش و ناخۆشانە بوون، کە لە ئەنجامی بارودۆخە تازەکەدا دروست ببوون و شاعیران هەریەکەیان بە جۆرێك گوزارشتی لەو بارە نائاساییە دەکرد، بابەتەکانیشیان بە زۆری بریتی بوون لە هاندان و هوشیارکردنەوەی خەڵك لە بەردەم پێشهات و ڕووداوەکاندا، داواکردنی گەڕان بەدوای زانست و خوێندەواری و پەیوەست کردنی زانست و سیاسەت بە یەکتری، باس کردن لە هەژاری و بێ کەسی کوردو دەربڕینی ئازارو مەینەتیەکانی، داواکردن بۆ دوور کەوتنەوە لە خەفەت و ناخۆشی و کارکردن لە پێناو بەجێ گەیاندنی ئاواتەکانی میللەتی کوردو بەدەست هێنانی سەربەخۆیی، دەربڕینی خۆشەویستی بۆ نیشتمان، باسکردن لە زوڵم و زۆرداریی تورك بەرامبەر کوردانی سەروو و غوربەت و گەڕانەوە بۆ کوردستان و....

### - دەربڕيني خۆشەويستي بۆ خاك و نيشتمان:

دەربڕینی سۆزو خۆشەویستی بۆ نیشتمان یەکێکە لە لایەنە گرنگەکانی ناوەڕۆکی شیعری نیشتمانپەروەری و شاعیر لە ناخەوە کۆمەڵێك شتی تایبەت بە نیشتمان دەیوروژێنێ و لە ڕێگەی دەربڕینی چەند وشەیەکی جوانەوە شیعر دەخوڵقێنێ، کە

بەهۆیەوە گوزارشت لەو خۆشەویستییە دەکات کە ئەو هەیەتی بۆ نیشتمان. (زێوەر)ی شاعیر بە شێوەیەك ئەم خۆشەویستییە دەردەبڕێ، کە ژیانی خۆی لەو خۆشەویستیەدا دەبینێتەوەو ئەگەر چی پارچە زەوییەکە بەڵام ئەو لە بڵندیدا دەیبینێ:

***ئەی وەتەن چەند خۆشەویستی ڕوحی شیرینی منی***

***مەزرەعەی توخمی نەشات و باعسی ژینی منی***

***.................................................***

***گەرچی ئەرزی هێند بڵندی وەختە لای من بچیتە عەرش***

***واسیتەی سەربەستیی ئیجرایی ئاینی منی***

شاعیر بەردەوام دەبێ و وەرزەکانی ئەم خاکە بەهەشت ئاسا ئەناسێنێ و وەك باشترین شوێنی گەشت و گوزار تێی دەڕوانێ و بەلایەوە لە شارە خۆشەکانی قاهیرەو تاران و بەرلین خۆشترە:

***نەو بەهاران بەو هەوای زۆر سافەوە وەك جەننەتی***

***فەسڵی زستانیش سەراسەر باغی نەسرینی منی***

***بۆچی نەقدی جیسم و جانی خۆم بە شاباشت نەکەم***

***خاکە ڕاهی حوکمڕانی عیززو تەمکینی منی***

***ئارەزوی فکری سیاحەت ناکەم ئیتر ئەی وەتەن***

***تۆ لە جێگەی قاهیرەو تاران و بەرلینی منی***(٦:١٢٨)

هەرچی (ڕەفیق حلمی) ی شاعیرە، خۆشەویستی خۆی لە ئازاد بوونی نیشماندا دەبینێتەوە و بە لایەوە نیشمان بە بێ ئازادی وەکو زیندان وایە و داوا لە خوا دەکات کە ڕۆژی ئازادی و خۆشگوزەرانی بۆ نیشتمان بگەڕێنێتەوەو پەردەی نەگبەتیش لابەرێت:

***فیدای ئەو عەشقە بم بۆ مولك و میللەت***

***دەسوتێنێ فیداکارانی ئوممەت***

***ئەگەر بێت و نەبێ حوڕییەتی تام***

***وەتەن زیندانە گەر بشبێ بە جەننەت***

***خودایا کەی هەڵێ ڕۆژی سەعادەت***

***لە سەرمان لائەچێ دەیجوری نەگبەت***(٢:١٣٥)

(عەلی کەمال باپیر) یش، خۆشەویستی میللەت و نیشتمان بە پێویستی و فەرزێك دەزانێ بۆ هەموو ئەو کەسانەی داوای ناموس و شەرەف دەکەن:

***حوببی میللەت هەروەکو حوببی وەتەن فەرزە لەلای***

***هەرکەسێ ناموسی ئیمانی شەرەف داوا ئەکا*** (٤:١٢٣)

(حەمدی بەگی ساحیبقران)، خۆشەویستی نیشتمانی کوردستان تەنها لە چاوی خەڵکی کورد نابینێ و پێی وایە خەڵکانی تری وەکو ڕۆم و عەجەمیش موشتاقی ئەو خاکە پڕخێرو بەرەکەتەن:

***ئەی وەتەن ڕۆم و عەجەم موشتاقی کوردستانتە***

***ئیفتیخاری میللەتی کورد شەوکەتی عینوانتە***

***بەسیە سەربەرزی ئێواران و سبەینان مانگ و ڕۆژ***

***وەك نیشانی ئیفتیخاری سنگ و نەجمەی شانتە*** (٢:١٤٩)

## - هاندان و هەست وروژاندنی ڕۆڵەکانی کورد بۆ ڕوو کردنە زانست و هونەرو خوێندەواری:

خوێندن و زانست سەرچاوەی بنیادنانی هەر کۆمەڵگەیەکە و ئاسۆی بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەش فراوان دەکات، بە شێوەیەك کە وا لەهەر کەسێك دەکات بە تێڕوانینێکی وردو عاقڵانە بۆ مەسەلەکانی پەیوەست بە خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی و سیاسی بچێت. شاعیران زوو هەستیان بەو کەلێنەی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردی کردووەو پێیان وابووە کە دێوەزمەی نەخوێندەواری هۆکارێکی سەرە کی بووە لەبەردەم دواخستنی ئەو خەباتە. ئەوانی شاعیر وەك ئەرکێکی سەرشانی خۆیان هەوڵیان داوە شیعر بکەنە وەسیلەیەك بۆ هوشیار کردنەوەی خەڵك و هاندانیان بۆ ڕووکردنە خوێندن و زانست و زانیاری، بە مەبەستی پێگەیشتنی میللەتێکی هوشیارو تێگەیشتوو. بۆ ئەم مەبەستەش شاعیرێکی وەك (مستەفا پاشا) خەباتی سیاسی و زانستی بە یەکەوە دەبەستێتەوە:

***بەبێ عیلم و سیاسەت ئەی بەقوربان***

***مەحال ئەندەر مەحالە ژینی کوردان*** (٣:١٢٤)

ئەم لایەنە لای شاعیران پڕ بایەخ بووە و هەر یەکەیان بە جۆرێك ویستوویەتی ئەم ئەرکە بە شیعر دەربڕێ. (شێخ نوری شێخ ساڵح) ژینی ڕاستەقینە و ئاسودەبوونی گیان و دوا ڕۆژی ڕوناك لە هەبوونی قوتابخانەو پێشکەوتنی زانستی و پیشەسازیدا دەبینێتەوە:

***لەبۆ ئینشایی مەکتەب، سەرفی غیرەت لازمە زینهار***
***کە مەکتەب مایەیی ژینە، کە مەکتەب ڕوحی ئینسانە***
.................................................
***کەسێ عیلمی ببێ موستەقبەلی ڕووناك و تەئمینە***
***کەسێ سنعەت بزانێ، دائیمەن ئەو ساحیبی نانە***
.................................................
***قسەی ڕاستت ئەوێ وەڵلا ئەگەر بیشم کوژن دەیڵێم***
***نەبوونی عیلم و سنعاتە، کە میقرۆبی هەموومانە***(٤:١١٠)

هەروەها لەناو توێژە جیاکانی کۆمەڵ ڕوو لە لاوان دەکات و دوا ڕۆژی ڕۆشن لەواندا دەبینێ:

***ئەی نەورەسیدەکانی وەتەن، وەختی غیرەتە***
***تەحسیلی عیلم و مەعریفەتە، مایەیی شەرەف***
***تێکۆشە بۆ سبەینێ، نەوەك بتکەنە هەدەف***
***سبحەینێ خاکی ئەم وەتەنە، لەلات ئەمانەتە***
***حورمەی وەتەن،شەرەف هەموو بۆتۆیە ئەی شەباب***(٣:١١٧)

(مستەفا پاشا)ش، بە دەنگێکی بە سۆزەوە بانگی ڕێگرتنەبەری خوێندن دەدات و دەڵێت:

***بانگی من بۆ جەمعی کوردە گوێ لە قەولی من گرن***
***ڕێی مەعاریف بگرن و دەستان لە مل کەن یەکگرن***(١:١٢٩)

هەروەها پێشکەوتنی وڵاتێکی ئەوروپی وەك فەرەنسا بە خوێندن و دواکەوتوویی و ڕەنج کێشانی بێ سوودی کورد بە نەخوێندەواری دەبەستێتەوە:

***لە سایەی خوێندنە مولکی فەرەنگ، پڕ زەوق و پڕ گەنجە***
***لە بەر بێ خوێندنە ئێستا بەشی کوردان هەموو ڕەنجە***(٣:١٢٩)

(ئەسیری)* ی شاعیریش، وەك دەنگێکی پڕ سۆزی نیشتمانپەروەری، لە چەندین شیعریدا زانست و خوێندن بە بنەمای پێشکەوتن و گەیشتن بە ئامانج و سەرکەوتن بەسەر دوژمنان دادەنێ:

*گەر بە فەن و عیلم و سنعەت کەی عەزیزم ئیعتیماد*
*بێ شکە مومکین دەبێ ئەو جارە دوژمن خستنت*(٣:١٣٩)

یان دەڵێ:

*گەر شەوەی جەهل و تەکەببور بتکێشێ سەر ناکەوی*
*گەر موجەههەزبی بە عیلم و مەعریفەت قەت ناکەوی*
............................................................
*فێری عیلم و فەن و سنعەت بی، تەکامول کەی لە دین*
*هێندە زۆر گەورە دەبی گیانە بەدەس کەس ناکەوی*
............................................................
*عیلمە میللەت بەرزەکا، جەهلە وەتەن بەرباد ئەکا*
*تووشی ئەربابی جەهل بی حەق وەیە لێی لاکەوی*(١٣:١٤٢)

(ئەسیری) بە مێژووودا دەچێتەوەو مەنبەعی زانست و زانیاری لە ناو ئەو میللەتەدا دەبینێتەوە کە بە باپیرە گەورەی کورد دانراون، پێی وایە کە ئەو پێشکەوتنەی لە ئەوروپا و لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا هەیە سەرچاوەکەی لەو خاکەوە فێربوون کە ئێمەی کوردی لێ خولقاوین، بۆیە داوا لە ڕۆڵەکانی کورد دەکات کە بە مێژووی خۆیاندا بچنەوەو سەروەری کۆنە پیاوانی کورد ببینن:

---

* ئەسیری: ناوی(عەبدولخالق) ئەسیری کوڕی سەید حوسەین ئەفەندی مورشیدی تەریقەتی نەقشبەندییە و برای نەجمەدین ئەفەندی نیشتمانپەروەرە(٥٠:١٠). لە ساڵی ١٨٩٠ی زاینی لە کەرکوك لە دایك بووە(٦٦:٤). دەستپێکی خوێندنی لە حوجرەو مزگەوتەکان بووە، بۆ ئەم مەبەستە چەندین شار و شارۆچکەکانی کوردستان گەڕاوە. لە ساڵی ١٩٣٥ بووەتە سەرنووسەری دادگا لە کەرکوك و بۆ ماوەی نزیکەی (٢٣) ساڵ ماوەتەوە، ساڵی ١٩٥٨ خانەنشین کراوە(٥٠:١٣). لە ڕۆژی ١٨-٦-١٩٦٢ بە نەخۆشی شێرپەنجە لە کەرکوك کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێ لە گۆڕستانی (شێخ محێدین) نێژراوە(٥٠:١٦).

*سەرکەوە تاکو لە عالەم دەرکەوی وەك ماهتاب*

*هەر وەکو ئەجدادی کەونت دەولەتی ئالامـــیان*

*ڕۆڵە ئەم دەورەی تەرەقی وا لە ئەوروپـا هەیە*

*ئەوروپای فێرکردووە غەرناتەوو ئیشبیلـــییان*

.............................................

*دەولەتی ئاسورو بابل عیلم و عیرفـــانی نەبوو*

*میللەتی کلدانی فێرکرد دەولـــەتی ئـــالامــــیان*

.............................................

*باس و حاڵی کۆنــە پیاوانـــت بلـــێ بۆ لاوەکان*

*ئەی(ئەسیری)زیارەتی قەبرت دەکەن وەك حاجیان*(١٦٣:٨)

## - دیارخستني زوڵم و زۆرداری تورکەکان بەرامبەر کوردەکانی سەروو و وەستان لە دژی ئازارو ئەشکەنجەکانیان:

دوا بـە دوای لـەق بـوونی سیسـتمی دەسـەڵاتی عوسمـانی و دروسـت بـوونی شۆڕشـی جیاجیا لێرەو لەوێ، دواجار وای لێهات بیری نەتەوەیی جێی ئـەو دەسـەڵاتە بگرێتـەوە. کورد لەبەر ئەوەی لە ماوەی دەسـەڵاتداریەتی عوسمانیـەکان زیـانێکی زۆری پێکـەوتبوو بۆیە (یاریدەی شۆڕشـی تـورکی دا، بـە ئامـانجی ئـەوەی ئـەوانیش لـەم هاوخـەباتی یـەدا مافی نەتەوایەتی ی خۆیان وەرگرن، بەڵام بۆرژووازی یەتی تورك ئەو پەیمانەی نـەوەکو تــەنیا فــەرامۆش کــرد بــەڵکو بــە زەبــری هێــز شــکاندی، بــۆ ســوودی چــینایەتی ی خۆی)(١٤١:٣٨)

یـەکێ لـە ناخۆشـترین ئـەو ڕووداوانـەی کـە خـۆی خزانـدە نـاو ئـەدەبیاتی کـوردی، ڕووداوی لە سێدارە دانی شێخ سەعید و چەندین سەرکردەی کورد بوون، کە بە دەسـتی تورکەکان لەناو بردران. ئەمە وای لە هەندێ شاعیران کـردووە کـە بـە سـۆزو گریـانێکی بـە کوڵـەوە لـەم ڕووداوە بـڕوانن و بـەم هۆیـەوە نـاوەڕۆکێکی تـازە بـە شـیعری کـوردی ببەخشن.

(ئەسیری)ی شاعیری دڵسوتاوی میللەت، چەند جارێك بە شیعر هاوخەمی خۆی بۆ ئەم زوڵمەی تورکەکان دەردەخات، هەروەك لە شیعری (شینی شەهیدانی سەروو)دا بە هەستێکی ڕۆمانسیانە باس لەو ڕووداوە ناخۆشە دەکات:

***یاڕەب چ موسیبەتێکە لە کوردانی ئێمە قەوما***

***لەم میللەتە مەزلوومە نەخۆراك و نە خەوما***

***خوێنی شوهەدا هەروەکو سیلابی بەهارە***

***هەروا لەشی کوژراوە دەتلێ بە ڕووبارە***

..............................................

***شێخ و عولەماوو سەیدو سادات و ڕەئیسان***

***بێ شوبهە بەناحەق هەموو بێکردەوە کوژران***

شاعیر بەردەوام دەبێ، ناوی نزیکەی(٢٥) لەو سەرکردە کوردانە ڕێز دەکات و دواجار دەڵێت:

***خوێنی دڵە دەڕوا لە دووچاوی کەسی کوردی***

***پیاوی وەتەنی وایە برا گەورەوو وردی***(٣:١٤٠)

هەر بەم بۆنەیەوە لە شیعرێکی تردا ڕۆڵەکانی کورد هان دەدات بە مەبەستی شۆڕش و شەڕکردن دژی تورکەکان، چونکە ئەوان بڕیاری کوشتنی کوردیان داوە:

***کوردە وا فەتوا دراوە بۆ جەوازی کوشتنت***

***چارەوو مەلجەو نییە تەحقیقە ئەمجا مردنت***

***وا موحەققەق دەتکوژن دەتکەن بە نیشانەی تفەنگ***

***با دەوامی بێ بە ڕاستی شۆڕش و شەڕکردنت***

***هەرچەنێ شێخ و مەلاو ئاغاو ڕەئیسی کورد هەیە***

***گشتیان هەڵواسران بەسیە لە غەفلەت نووستنت***(٣:١٣٩)

لە شیعری (ماتەمنامە) شدا، کە لە ساڵیادی ئەم ڕووداوە جەرگبڕەدا نووسیویەتی، دووبارە بە شیوەن و گریانێکی سۆزاوی ئەو یادە دەکاتەوە:

*ڕەش دەپۆشین شیوەنە کوردین لە مـانگـی ماتەمین*

*ڕۆژی قورپێوانـــە ئەمـــڕۆ مێـــژەرو سەرپۆشی شین*

*ساڵ بە ســاڵ ئـەم ماتەمە دەگرین لە دڵمان دەرنەچێ*

*تا زەمـانـی تۆڵـــە دێ ڕۆژێـــکی وا خـــوڕەم دەبـــین*

*شێخی عەبدولقادرو چەند سەد ڕەئیس وشێخ سەعید*

*لەو دەمە بوونە فیدای نیشتمان و گەل، دیـنی موبین*

.....................................................

*بۆ نەســووتێ دڵ، جگەر بۆچی نەبرژێ وەك کەباب*

*ســـەرکزو عاجز خۆمانـــن دەردەدارو دڵ حـــەزیـــن*

شاعیر لەم سۆزو گریانەدا بەردەوام نابێت، بەڵکو بە هیواوە تەماشای دوا ڕۆژ دەکات و ڕادەگەیەنێ کە کورد بەردەوام دەبێت لە خەبات کردن و تێکۆشـاندا، ئەگـەر چـەندین زوڵمی تری ئاوهاش بێتە پێش:

*سەد ئەوەندە زوڵم هەبێ دەردیش هەزاران بێتە پێش*

*هەر لەسەر ئەم فکرەوو ئەم ڕێگەیە ســابیت ئــەبین*

*مەرد ئەوە ماڵ و سەرو مولکی لـە ڕێـی حـەق دابنـێ*

*ئەی(ئەسیری) هیچە لای عاقڵ بە نـــامـەردانـە ژین*(١٦٦:١٦)

هەر ئەم ڕووداوە هەست و سۆزی چەند شاعیرێکی تری هێناوەتە جۆش و خـڕۆش، (مامەند کەرکوکی) لـە بـێ کەسـیی کـورد هـاوار دەکـات و کەسـێك نـابینێ بـە هانایـەوە بچێت:

*کەس نییە هاوارە! هاواری بـــکا ئـــەی کورد لەبۆت*

*هەڵدرا ورگیان؛ خنکـــان و سـوتـــان وەك بـــزۆت*

*گەورەوو گچکە و پیاوو کـــوڕو کیـــژ شێـــخ و مەلا*

*خوێنی کورد ڕێژرا بە غەدری عەینی دەشتی کەربەلا*

*کەس نییە هاوار! بپرسێ بۆچ دەکوژرێـن کوردەکان*

*ماتەم و شینە لە بەتلیس وا لەخەرپـــووت و لە وان*

.....................................................

*زوڵم و غەدری تورکەکان کردیان هۆلاکۆ نەیدەکرد*

*حاشە حەجاج زوڵم وغەدرێکی وەهای ڕێ پێ نەبرد*(٢٠:١٦٢)

(شێخ نوری شێخ ساڵح)یش پێی وایە کە ئەو زوڵمەی تورکەکان لە هیچ سات و زەمانێك دا نەبینراوە:

***ئەم زوڵمە کە دی میللەتی ئەم کوردە لە تورکان***
***نەیدیوە زەمانە چ لە ئینس و چ لە شەیتان***
***.............................................***
***ئەی ساڵی گوزەشتە، جگەرت لەت لەتی غەم بێ***
***نەتبینمەوە، مەسکەنەکەت شاری عەدەم بێ***(١:١٤٦)

## - باس کردن لە هەژاری و بێ کەسی و ئامانجە بەدی نەهاتووەکانی کورد:

زۆربەی ژیانی میللەتی کورد وابووە، کە لەگەڵ ڕەوڕەوەی مێژوو چەند دەرفەتێکی بۆ ڕەخساوەو ڕێخۆشکەر بوون بۆ بەدی هاتنی بەشێك لە ئامانجەکان. بەڵام لەبەر بێکەسی و بێ سەرکردەیی لێی تێك چووەو پێی نەگەیشتووە. ئەمە وای کردووە، نیشتمان هەر بەبێ نازی بمێنێتەوە. شاعیرانی کورد لە هەر سەردەمێکدا هەستیان بەم حاڵەی کورد کردبێ، لە ئاستیدا بێدەنگ نەبوون و بە شیعر ئەو هەستەیان دەربڕیوە. هەیانە تەنها غەم و ئازاری دەربڕیوەو، هەشیانە بەدوای ڕێگە چارە دا گەڕاوە.لەمبارەیەوە(ئەسیری) بەم جۆرە دەردی خۆی باس دەکات:

***تووشی دەردێکم لە هیچ دەرمانگە دەرمانی نییە***
***دڵ پەرۆشێکی هەیە ئارام و وێستانی نییە***
***گورگە بۆزو گورگە شین وگورگە ڕەش چوونە مەلاس***
***مێگەلی کوردی لە شیوو هەردەیە شوانی نییە***
***نەو نەمامی باغی خۆشی نیشتمانم هاتوە بەر***
***باغەوان و پاسەوان و ئاوو کێڵانی نییە***(١٣:١٦٨)

(شیخ نوری)ش لە زاری نیشتمانەوە قسە دەکات و بە هەمان شێوە وێنای نیشتمانێکی بێ کەس و بێ سەرکردە دەکات:

***گەر ئاو بدرێم و شەفیقانە بکێڵرێم***
***پشکووتنی گۆپکەی ئەمەلم حازری ئانە***

***ئەو خەلفە نەمامەی،لق و پۆپ ناسك پیرم***

***بێ ئاویە ئەسبابی بەهارم کە خەزانە***(٢:١٣٨)

کەسێکی وەك (ئەسیری) مردنی خود بە ڕێگە چارە بەرامبەر بەم حاڵە ناخۆشەی نیشتمان دەخوازێ و دەڵێت:

***بچمە ناو دەریایێ یا زێیەکی ژێری نەبێ***

***دا بخنکێم وا نەبێ ئەم ڕەنجە پایانی نییە***

***بالەسەر جەرگ ودڵی خۆم دەم بەتوندی خەنجەرێك***

***تا زووە گیانم دەرێ ئەم مانە هیچ مانی نییە***(١٣:١٦٨)

هەرچی (ئەحمەد موختار جاف)ە، بۆ لادانی ئەم ناخۆشیە تێکۆشان بە ڕێگە چارە دەزانێ و ڕوودەکاتە چینی ڕووناکبیرو چارەسەری لەوان دەخوازێ:

***سەیری کەن خەلقینە توخدا حالەتی زاری وەتەن***

***چەند پەرێشانە لەبەر غەفلەت هەموو کاری وەتەن***

***وەقتی تێکۆشانە ئەی قەومینە غەفلەت تا بەکەی***

***وا خەزانی کردووە ئێستاکە گوڵزاری وەتەن***

.............................................

***کوانێ خەلقینە لە کوێن فرقەی منەووەر تینەتان***

***چونکە ئەو فرقە ئەزانن دەردو ئازاری وەتەن***(١٦:١٤١)

## - وەسف و دەرخستني جوانيى سروشتي كوردستان:

یەکێ لە لایەنەکانی تری نیشتمانپەروەری لای شاعیران، دەرخستن و وەسفکردنی دیمەنە دڵڕفێنەکانی کوردستانە، کە جۆرە شادی و خۆشییەکی خستۆتە دەرونیان و بوونەتە ئیلهام بەخش، بۆ ئەوەی بە هۆیەوە شیعری بەرز بهۆننەوە. (ئەسیری) بە کۆمەڵێك وشەی ناسك و کۆمەڵێك وێنەی شیعری تایبەت بە جوانی کوردستان، شیعرێکی بەرزی بەناونیشانی (ئاوی ژیان) هۆنیوەتەوەو کوردستان بەم جۆرە دەبینێ:

***بێرە کوردستان عەزیزم گەر تۆ سەیرانت دەوێ***

***بت بەمە قەندیل ئەگەر گوڵزاری کوێستانت دەوێ***

***سەیری ئەو خێلانەکە نیشتوونە داوێنی چیا***

***با بچین بۆ ماڵی کوردێ گەر تۆ خوێشانت دەوێ***

................................................

*ئـــــاوی ساف و ڕۆشنی داوێنی چەشمانی چیا*

*لێی بنۆشە دەم بەدەم گەر ئاوی حەیوانت دەوێ*

................................................

*هەڵسە گەشتی چیمەن وگوڵزاری کوردستان بکە*

*گەر لەبۆ دەردی دەروونت داوو دەرمانت دەوێ*(١٣:١٦٤)

(فایـەق بێکـەس)یـش، جـوانی کوردسـتان لـە جـوانی پێکـەوە گونجـانی ئـەو هـەموو ڕەنگانەی شاخی (گۆیژە)دا دەبینێ و لە هەر ڕەنگێکدا وەسفی لایەنێکی نەتـەوەی کـورد دەکات:

*شاخی ڕەنگاو ڕەنگی گۆیژە باعیسی کەیف و سروور*

*هەر دەمەی ڕەنگێ ئەپۆشێ گاه سپی گاه سەوزو سوور*

*وەسفی قەومی کورد ئـــەکەی تۆ بەم هەموو ڕەنگانەوە*

*ڕەنگی ســـوورت شاهیدە بۆ کورد کە قەومێکن جەسوور*

*بەرگــــی بێ گەرد و سپیـــــشت دیارە وا هاوار ئـــەکا*

*قەومی کورد دڵـــساف و پـــاکن میللەتێکن بێ قسوور*

*بـــەرگی ســــــەوزیشت ئـــەڵێ ئەم خاکە هەر شینایییە*

*پــڕلە دەغـــــل و دان و کانی، سەر بە ڕزق و پڕلە نوور*

*ئــەی وەتـــەن شـــایانی فەخری واجـــبە مەدحت بکەم*

*دارو بەردت چەشـــنی گەوهەر،خاك وخۆڵت وەك بلوور*(٢:١٥٤)

## - خۆشحاڵبوون بە گۆڕانی ڕۆژگاری کورد:

ئەگـەر زۆربـەی ژیـانی کـورد، بـە تایبـەتی لـە سـی سـاڵە سـەرەتاییەکانی سـەدەی بیستەمدا، بریتی بـووبێ لـە کاولکاری و مـاڵوێرانی، ئـەوە چـەند جارێکیش تروسـکایی چـەند هیـواو ئومێـدێك لـە دایـك بوونـە، کـە خـەڵکیان خۆشـحاڵ کـردووە، تـەنها لـە ڕەشبینیدا نەژن و جۆرێك لە بەختەوەریش هەست پێ بکەن.

ئەوەی پەیوەستە بە ئەدەب، ئەگەر چی ئەم بەختەوەرییە هەمیشە کـاتی بـووەو تـا سەر نـەبووە، لەگەڵ ئەمەشـدا چـەند شـاعیرێك خۆشـحاڵی خۆیـان بـەم گۆڕانکاریانـەی

ژیانی کورد دەربڕیوە. بەنموونە گەڕاندنەوەی (شێخ مەحموود) لە هیندستان لە لایەن هێزەکانی بەریتانیاو کرانی بە مەلیکی کوردستان لە ساڵی ١٩٢٢، ڕەنگدانەوەی بۆ سەر شیعری چەند شاعیرێکی ئەو سەردەمە هەبووە. (شێخ نوری و عەلی کەمال) لە شیعرێکی هاوبەشی تایبەت بەم ڕووداوەدا دەڵێن:

***قاپی ڕەحمەت گوشادە، دەرکی زیللەت داخرا***
***چونکە مەحموودێ لەسەر تەختی عەدالەت دانرا***
***موژدە بێ ئەی قەومی کورد،نووری سەعادەت هەڵکرا***
***پەردەیی تاریك و دەیجووری حەراڕەت لادرا***
***ڕۆژی ئازادی هەڵات، ڕووناکە ئیستیقبالی کورد***(١:١٣١)

(ئەحمەد فەوزی)ش، خۆشحاڵە بە نەمانی زنجیری ژێردەستی و لە خودا دەپاڕێتەوە ئەم سەربەرزییە تا سەر بمێنێ:

***خود فرۆشی بەسیە ئیزهاری نەزاکەت تا بە کەی***
***بەزمی ئیستیقلالە ساقی تێکە توخدا جامی مەی***
***دەنگی زنجیری ئەسارەت نایەتە گوێم فرسەتە***
***قولقولی میناوو نەغمەی موتریب و ئاوازی نەی***
..................................................
***تا ئەبەد یارەب بمێنێ ئەم جەلال و حەشمەتە***
***ئایەیی (انا فتحنا)● بێ موعینی شاهەکەی***(٤:١٣٢)

(مستەفا پاشا)ش، سێبەری سەربەخۆیی و دروست بوونی دەوڵەت لەم ڕووداوەدا دەبینێ و بە هەمان شێوە لە خودا دەپاڕێتەوە بۆ بەردەوام کردنی ئەو بەختیارەی کورد:

***هومای دەوڵەتی نیشتووە بەسەر کوردا بیحەمدیللا***
***دوعا بۆ بەختی کوردان کەین دەوامی بێ بیعەونللا***
***بەڵێ ڕۆژێکی ئیستیقلال هەزاران ڕۆژی تر دێنێ***
***بەڵێ ڕۆژێکی ئازادی لە بۆ کوردان جیهان دێنێ***(٢:١٢٧)

---

● ئاماژەیە بۆ ئایەتی (انا فتحنا لك فتحا مبینا)، سورە الفتح، ایە(١).

یەكێكی تر لەو ڕووداوانەی كە شاعیرانی جۆش داوە بۆ دەربڕینی خۆشییان بە شیعر، ڕووداوی دانانی موتەسەڕیفی سلێمانییە، كە شاعیرێكی وەكو (فایەق بێكەس)ی وا لێ كردووە، ئەمە بە نیمچە سەربەخۆییەك و ڕۆژێكی پیرۆزو بەختەوەری بۆ هەموو كوردان دابنێ:

*بەشارەت بێ لە قەومی كورد فەلاكەت شوێنی مەفقوودە*

*لە سایەی خواوە ئەمڕۆژە خەلایق جوملە مەسعوودە*

*چرای ئاسایشی هەڵكرد، حوكومەت حوكمی مەحدوودە*

*ئیلاهی سەد شوكر ڕۆژێكی چەند پیرۆزو مەحموودە*

*عەدالەت،ئەمنییەت،ڕاحەت سەراسەر ئێستە مەوجوودە*

.........................................................

*سەعادەت بوو بە بەرگێك و كرایە بەر هەموو كەسێ*

*نەما ئەخباری ناخۆشی، لە دڵ دەرچوو هەموو دەردێ*

*دوعا گۆی زاتی عالیتانە ئێستاكە هەموو كوردێ*

.........................................................(٣:١٥٠)

## ▪ بابەتەكانی تر

### - ناوەرۆكی ڕۆمانتیكی:

بە شێوەیەكی گشتی زۆربەی شیعرە بڵاوكراوە كوردییەكانی ماوەی نێوان هەردوو شەڕی یەكەم و دووەمی جیهانی، بێبەش نین لە هەست وخەیاڵی ڕۆمانتیكی، بە جۆرێك دەكرێ بوترێ (نێوانی هەردوو جەنگ ماوەی داهاتنی... قۆناغی ڕۆمانتیكی بوو)(١٢٩:٣٨). بەشی زۆری ئەو شیعرە ڕۆمانتیكیانەش پەیوەست بوون بەو بارودۆخە سیاسیە ناخۆشانەی بەسەر میللەتی كورد دا دەهاتن –پێشتر لە باسی شیعری سیاسی و نیشتمانپەروەری، لە بەشێك لەو شیعرانە دواوین- لەگەڵ ئەمەشدا چەند شیعرێكی تری ئەم ماوەیە بە تایبەتی لە ساڵانی بیستەكان هەن، بەبێ ئەوەی پەیوەست بن بە

بارودۆخە سیاسیەکەوە، غەم و بێزاری و گریانێکی گشتگیری و هەست و خرۆشێکی ڕۆمانتیکانەی شاعیرانن لە هەمبەر چەرخ و زەمانە و ژیان بەگشتی.

لەمبارەیەوە (شێخ نوری) لە پێشەوەی شاعیرە ڕۆمانتیکەکانی سەردەمی خۆیدایە، لە شیعرێکدا بەم شێوەیە دەردی دڵی خۆی لە بەرامبەر بوونی خۆی و دنیاو گەردوون دەردەخات:

***دەردی دڵی خۆم جوملەیێکی بێنمە تەقریر***

***ئینس ومەلەك و جن و پەری دێنمە گریان***

***بێ شك موتەحەییر دەبێ، دێوانە لە زنجیر***

***سەد عاقڵ و هوشیار ئەخەمە کێوو بیابان***

..........................................

***یێك سانیە بێ غوسسە نەبوو،باری دڵی من***

***ساتێ غەمی خۆم،ساتێ غەمی گەردشی دنیا***

..........................................

***بەینـــــێکە بە دەس تۆوە گرفتاری عەزابم***

***دەردو غەمت هێند زۆرە دڵم خوێن ئەتکێنێ***(٢:١١٤)

هەروەها لە شیعری (غەمی زەمانە...) شدا، غەمی دڵی خۆی دووپات دەکاتەوە:

***غەمــــی زەمانە وەکو پـــردە، وا دڵی پۆشیم***

***بەغەیری غوسسەوو گریان وغەم،نەما خۆشیم***

..........................................

***لەدەست زەمانە قوڕی کوێ بکەم بەسەر خۆما***

***بە مەقسەدێ نەگەیشتم لەهەرچی تێکۆشیم***(١:١١٥)

دیسان لە شیعری(ئەی فەلەك) شین و گریان ورۆڕۆیەتی لە دەست چەرخ و فەلەك و بە نائومێدییەوە لە ژیان دەڕوانێ:

***ئەی فەلەك دیسان لە دەست تۆ، شین و واوەیلا ئەکەم***

***ژەهــــری قەهری تۆ لەگەڵ دەردی دڵم، ئیفشا ئەکەم***

***وەختە یەکجاری لەدەست ئاشووبی فیتنەت شەق بەرم***

***من قـــسەی ڕاست و ڕەوان و خۆش و بێ پەروا ئەکەم***

شاعیر بەردەوام دەبێ و بە شێوەیەك بێزاری خۆی لە ژیانی دونیا دەردەبڕێت، تەنانەت داوای لێبوردن لە هاتنە وجوودی خۆی بۆ سەر دونیا دەكات:

***هێند خراپەم دی لە دەست ئەهلی زەمانە عاقیبەت***

***لەم وەزیـــــفەی هاتنە دنـــیایە، ئیستیعفا ئەكەم***

یاخود بێزاری ئەو بە شێوەیەكە، كە دوور كەوتنەوە لە خەڵك و ڕووكردنە دەشت و بیابان بە ڕێگە چارەو ڕووسووری دەزانێ:

***ئەو كەسە ڕوو سوورە(نوری) دوورە لێی نەوعی بەشەر***

***من لەمەولا ڕوو لە دەشت و وەحشەتی سەحرا ئەكەم***(٢:١١٦)

(ڕەشید نەجیب)یش بێزاری خۆی بەم جۆرە لە دەست خەڵك و دونیا ڕادەگەیەنێت:

***لەوساوە كەمن مودریكی ئەندۆهی بەشەر بووم***

***مەعلووم بوو لەلام هیچی یو ئالامی نەهوفتەی***

***تەشریحی ئەكەم مەنقەبەیی حاڵ و گوزەشتەی***

***مەئیوس و ئەلەم بارو ئەسەفناكی كەدەر بووم***

...............................................

***دونیـا نە بەهەشـــــتە نەچەمەنزاری سەفایە***

***سەحنێكی بە ئاشووبە، ژیانیشی جەفایە***(٢:١٥٢)

گریان و گریان بۆ ڕابردوو وەك خاسیەتی ڕۆمانتیكی، لایەنێكی تری پێكهێنەری شیعرەكانی (شێخ نوری)یە. بە نموونە لە شیعری (شەو) دا، شاعیر بەسۆزێكی گەرم و هەنسكی گریان بە ژیانی ڕابردوو دا دەچێتەوەو، وێنای ئەو سەردەمانەمان بۆ دەكات كە لەگەڵ یاردا گوزەراندوویەتی:

***خۆت بپـــارێزە لە ئاهی دڵ بریندارانی شەو***

***نەك خودا ناكردە گیرابێ دوعای ناڵانی شەو***

***یاوەرو یارو ئەنیسم ئاه و ئەشكی حەسرەتە***

***ئافەرین ئەی بارەكەڵڵا، دیدەیی گریانی شەو***

...............................................

***دڵ ئەبێتە قەترەیێ خوێن و، لە دیدەم سەر ئەكا***

***هەر كە ڕابووری بە دڵما سوحبەتی جارانی شەو***(٢:١١٩)

هەروەها لە شیعری (گریەیی خوسران)یشدا، گریان بە هەموو مانـا ڕۆمانتیکیەکـەی پێکهێنەری ناوەڕۆکی شیعرەکەیە، کە لە بەشێکیدا دەڵێت:

***بگــری! ئەی نــــــاڵەو فوغان بگری***

***گریەیێـکی وەها بە جۆش وخرۆش***

***کە نەمێنێ نەعەقڵ وفەهم ونەهۆش***

***خەرقەیی ماتەمی و ناڵە بە دۆش***(٣:١٣٧)

## - ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی:

- **دەمەتەقێی شاعیران لە بارەی سۆفی و دەروێشەکانەوە:**

(خالیسی)ی شاعیر لە شیعرێکدا بە ناونیشانی (بۆ پێشکەوتن)، پرسـیاری کۆمـەڵێك دیاردەی دزێوی سۆفی و دەروێش دەکات ئاخۆ لە سلێمانی ماون یان نا؟ هەروەك دەڵێ:

***چۆن دەزانم خوا بە ڕاستی حەقە یەك نیوەی دووە***

***ئەی سلێـــــمانی دەزانم تۆش پەیـــت پێ بردووە***

***دەنگی دەف نــوکەی درۆی سۆفی لە تەکیەو خانەقا***

***ئێستەکەیش هەر ماوە یاخو ئاش بەتاڵیان کردووە؟***

***حای وحوی بۆ نـــان و شۆربا فیکەفیك بۆماست وچا***

***باوی جارانیان هەیە یا خەڵق عەقلی گرتووە؟*** (١:١١١)

(م. فـەوزی)ش لـە شـیعرێکدا بـە ناونیشـانی(بـۆ خالیسـە) بـە پشـتگیری کردنـەوە وەڵامی دەداتەوەو واقعی تەکیەو خانەقای بەم شێوەیە پێ دەڵێت:

***ئافەریـــن ئیمانی خالــیس وایە ڕێی پــێ بردووە***

***وەك لەدوویەك تەرح ئەکا جەمعیشی ئەلبەت کردووە***

***دەنگی دەف نوکەی درۆی سۆفی تەپ و کپ بوون وەلێ***

***مــاوەمــاوە گرژ ئەبــێ ئەو ئــەم بە ڕاســتی زیندووە***

***فاك و فیك و حــأی وحوی پێ ناوێ شۆرباو نان و چا***

***خـــــانەقاە ئێستــــاکە ئاوایـــە بە یاهــوو یاهووە***

.........................................................

***چاك له فێـــــڵیان تێگەیشتی بۆیە وا زوو دەرپەڕیت***
***چوویە کفری و پەندی باوت دایە ئەم قەید و خووە***(١١٢:١)

هەرچـی(ئەحمـەد) نـاوێکی شـاعیرە، بـە تونـدی ئـەو بیرکردنەوەیـەی(خالیسـی) دەربارەی سۆفی و دەروێش ڕەت دەکاتەوەو داوای لێ دەکات پەشیمان ببێتـەوە، چونکە بەو قسانەی حەیای خۆی بردووە:

***باوو باپـــــیرت چ بوون تۆ ئێستە نانی چی دەخۆی***
***عەیبە بەخوا تۆ کە بەم ئەنواعە خۆت لێ تێك چووە***
....................................................
***با بەکوردی پێــــــت بڵێم یا شێخ لەباتی هەر کەسێ***
***ئەم قەوانی تـــــازەیە بەخودا حەیـــــاتی بردووە***
***تۆبـــــەکە لەم حـــــاڵە ئیتر تەرکی ئەم ئەتوارەکە***
***با لە کورتی ئینتیهای بێ لادە لەم خولق و خووە***(٣:١١٣)

- **نیشاندانی واقعی هەڵوێستی کچ و ئافرەتی کورد لە کاتی تەنگانەدا:**

(ئەسیری) لـە شـیعری (کیـژو ژنـان)دا، بـاس لـە ڕەسـەنایەتی ئـافرەتی کۆمەڵگـەی کـوردی دەکـات، کـە شانبەشـانی پیـاوان لـە هـەر هەرایـەك و تەنگانەیـەك ڕۆڵـی خۆیـان دەبینن:

***گەر هــــەرایێ بــــێ لە نێو کوردستان***
***یاریــــدەی پیــــاوان ئەدەن کیژو ژنان***
***سەنگــەر ئەگـرن شەڕێەکەن مێردو کوڕان***
***نان و ئــــاویان بۆ دەکێــــشن ئافرەتان***
***...................................***(١٠:١٦٩)

- **وەستان لە دژی هەندێ دابە چەقبەستوەکان:**

(فایەق بێکەس) لە شیعرێکدا لە بەرامبەر دەستەواژەی (عەیبە عەیبە) دەوەستێت، کە زۆر جار بە نابەجێیی لەبەردەم زۆر کارو کردەوەدا بەکار دەهێنرێ و، بە هۆکارێکی

دەزانێت بۆ دوا کەوتنی کۆمەڵگاو وێران کردنی ماڵی خەڵك و داوا دەکات کە سنووری (عەیبە) لە بەردەم هەر کردەوەیەکدا تێك بشکێنرێ:

***(عەیبە عەیبە..) ئەی ڕەفیقان ماڵی خەڵك وێران ئەکا***

***پیاو ئەخاتە سواڵ و سووکی، گەورە سەرگەردان ئەکا***

***واسیتەی عەیبە کە دائیم قەومی کورد بێ سەروەتن***

***بێ مەعاریف، بێ سەنایع تووشی سەد دەردیان ئەکا***

.......................................................

***بەسیەتی ئەم فکرە پیسە، غەفلەت و نووستن بەسە***

***سەیری ئەقوامی غەرب کەن کەشفی ناو ئاسمان ئەکا*** (٢:١٤٤)

# ئەنجام

- تازەکردنەوەی شیعری کوردی لە ماوەی ساڵانی ١٨٩٨-١٩٣٢دا، وێڕای ئەوەی لەسەر دەستی چەند شاعیرێکی بەهرەمەند و داهێنەردا هاتە کایەوە، کۆمەڵێك هۆکاری ناوەکی و دەرەکیشی لە پاڵ بوو. هۆکارە ناوەکیەکان بە پلەی یەکەم بریتی بوون لە؛ دامەزرانی ڕێکخراو و کۆمەڵە سیاسی و ڕۆشنبیریەکان، سەرهەڵدانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان، هاتنە کایەی چاپخانە و ڕۆژنامەگەری، کردنەوەی قوتابخانە کوردی و ناکوردییەکان، سامانی فۆلکلۆری و کولتووری کوردی. لە هۆکارە دەرەکیەکانیش کاریگەری ئەدەبیاتی ئەوروپی و ئەدەبیاتی میللەتانی دەوروبەر بە تایبەتی تورکی و، بارودۆخی ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی ڕۆلیان لە تازەکردنەوەکەدا هەبوو.
- کاریگەری ڕۆژنامەگەری لەم نێوەندەدا زیاتر خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان لەگەڵ دەستپێکی ڕۆژنامەگەری، بەشێك لە بابەتەکانیان بریتی بووە لە شیعر و، لەو ماوەیەدا بەدەیان شیعر بڵاوکراونەتەوە، کە لە بەشێکیاندا چەند ڕەگەزێکی داهێنان بەدی دەکرێن.
- شیعرە بڵاوکراوەکانی حاجی قادری کۆیی، ئەگەر چی بەر لە بڵاوکردنەوەیان و بەر لە دەسپێکی ڕۆژنامەگەریی کوردی نووسراون، بەڵام بە بڵاوبوونەوەیان کاریگەریی تەواویان خستۆتە سەر شاعیرانی تر و خوێنەرانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان.
- لە هەردوو گۆڤارەکانی ئەستەمبول (ژین١٩١٨) و (کوردستان١٩١٩)دا بایەخێکی بەرچاو بۆ شیعر هەیە، لەم نێوەندەشدا دوو شاعیری داهێنەر و ناودار بەدیار کەوتن، کە بریتی بوون لە عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری و مستەفا شەوقی قازی زادە. لە شیعرەکانی عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری دا، بێجگە لە چەند گۆڕانکارییەکی ناوەڕۆکی شیعر، لە ڕووی فۆڕم و تەکنیکیشەوە چەند

داهێنـــانێکی ئـــەنجام داوە، لەوانـــە بـــەکارهێنانی کێشـــە عەرووزیـــە کـــەم بـەکارهاتووەکان و دوورکەوتنـەوە لـە یـەکێتی سـەروا و بـەکارهێنانی سـەروای پارچەپارچـەیی و گـۆڕینی تۆپۆگرافیـای شـیعر و دانـانی ناونیشـان بـۆ تێکـڕای شیعرەکان و پەیڕەوکردنی یەکێتی بابـەت و بـەکارهێنانی وێنـەی شـیعریی تـازە. مستەفا شەوقی قازی زادەش ناوەڕۆکێکی تازەی ڕۆمانسیی تێکەڵ بـە غوربـەت و خۆشەویستی نیشتمانی کردۆتە کەرەستەی شیعر و، لە ڕووی فۆڕمیشەوە ئەگەر چی لە ڕووی کێش و سەرواوە پابەندی یاساکانی کلاسیك بووە، بەڵام توانیویەتی گۆڕانکاری بەسەر زمانی شیعری دابهێنێت.

- لە ساڵانی بیستەکاندا بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەری ڕووی کردە باشوری کوردسـتان و لەگـەڵ ئـەم بزووتنەوەیەشـدا جموجـۆڵی بڵاوبوونـەوەی شـیعر لـە گۆڤـار و ڕۆژنامەکانـدا بـرەوی سـەند و بـە دەیـان شـاعیر ڕوویـان کـردە بڵاوکردنـەوەی شـیعرەکانیان، هەنـدێ لـەو شـاعیرانە بـە کۆمـەڵێك داهێنـان لـە ڕووی فـۆڕم و ناوەڕۆکەوە هاتنە ناوەوە، کە بریتی بـوون لـە شـێخ نـوری شـێخ سـاڵح و مامەنـد کـەرکوکی و ئەسـیری و ڕەشـید نـەجیب و پیرەمێـرد و گـۆران و زێـوەر و عـەلی کەمال باپیر و فایـەق بێکـەس.... تازەکردنـەوەکانی فـۆڕمی شـیعر بـە گشـتی لـەم ماوەیەدا بریتی بوون لە گۆڕانکاری کردن لە سەروا و موستەزاد و زمانی شـیعری و بـــەکارهێنانی کێشـــی خۆمـــاڵی و هاتنـــە کایـــەوەی هونـــەرەکانی ســـۆنێتە و پەخشانەشیعر. لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە بابەتەکانی شیعری سیاسی و نیشتمانی و دەربڕینی خۆشەویستی بۆ خاك و هاندانی خەڵك بۆ خوێندەواری و وەستان دژی هەنـدێ لـە دابـە کۆنـەکان و، هـەروەها بابەتـە ڕۆمانسـییەکانی تێکـەڵ بـەو بارودۆخە ئاڵۆز و ناخۆشانەی کە بەسەر کورد و پارچە جیاجیاکانی کوردسـتاندا دەهاتن، بە تایبەتی بارودۆخی کوردەکانی باکوری کوردستان، هاتنە کایەوە.

# سوپاس و پێزانین

ڕێز و سوپاسم هەیە بۆ:

- ئەنجومەنی خوێندنی باڵا و سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین
- ڕاگرایەتی کۆلێژی پەروەردە و بە تایبەتی سەرۆکایەتی بەشی کوردی، کە دەرگای خوێندنی باڵایان بۆ کردمەوە.
- بەڕێز (د. فەرهاد پیرباڵ)، کە وێڕای خستنە ئەستۆی ئەرکی سەرپەرشتی کردن و دەوڵەمەندکردنی باسەکە بە تێبینی و سەرنجەکانی، هەردوو کتێبخانەی تایبەتی ماڵەوەی و کتێبخانەی ماڵی شەرەفخانی بەدلیسی خستە بەر دەستم و سودێکی زۆرم لێیان بینی.
- مامۆستا و زانای گەورە (د. عەزیز گەردی)، کە لەوەتەی ناسیومە سودی زانستی لێ دەبینم و بۆ هەر داواکاریەکم هاوکارم بووە، لە ئامادەکردنی ئەم باسەشدا سودێکی زۆرم لە کتێبخانەکەی و سەرنجەکانیی وەرگرتووە.
- هەموو ئەو مامۆستا و هاوڕێیانەی کە بە هەر شێوەیەك بێت هاوکاریان کردووم بە تایبەتی (د. مارف خەزنەدار، د. عەبدوللا حەداد، د. نەوزاد وەقاس، د. عادل گەرمیانی، د. هیمدادی حوسێن، م. ڕەفیق سالح، م. دلدار، م. ئازاد عەبدولواحید کەریم، سلێمان ئازاد ئەسلان، جەبار ئەحمەد، کاك هۆگر، م. سەمیر، م. شاخەوان، خدر سدیق).
- کارمەندانی کتێبخانەی ناوەندیی زانکۆی سەلاحەدین و کۆلێژی ئاداب و بەشی کوردیی هەردوو کۆلێژی پەروەردە و ئاداب و ماڵی شەرەفخانی بەدلیسی، کە یارمەتیان داوم بۆ دەستخستنی سەرچاوە.
- دەزگای سپیرێز بۆ چاپ و وەشانی بۆ چاپ کردنی ئەم پەرتۆکە.

# بیبــلیۆگرافیا

***یەکەم – بە زمانی کوردی***

**١ – کتێب**


١. ئەحمـەد تاقانـە: تۆفیـق فکـرەت و شـاعیرە نوێخوازەکـانی کـورد، دەزگـای ئـاراس، هەولێر:٢٠٠١

٢. ئەحمەد خواجە: چیم دی، ب١، چاپخانەی شەفیق، بەغدا:١٩٦٨

٣. ئەدۆنیس: شیعریەتی خوێندنەوە، و: عەبدولەتەلیب عەبدوللا، چاپخانەی دانـاز، سلێمانی:٢٠٠٢

٤. ئەنوەر قادر محەممەد: لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی، دەزگـای سـەردەم، سلێمانی:٢٠٠١

٥. ئومێد ئاشنا: پیرەمێـرد و پێداچوونەوەیەکی نـوێ بـە ژیـان و بەرهەمـەکانی، ب١، دەزگای ئاراس، هەولێر:٢٠٠١

٦. ئومێد ئاشنا: پیرەمێرد و پێداچـوونەوەیەکی نـوێ بـە ژیـان و بەرهەمـەکانی، ب٢، دەزگای ئاراس، هەولێر:٢٠٠١

٧. ئومێد ئاشنا (ئامادەکردن): گۆران نووسین و پەخشـان و وەرگێڕاوەکـانی، دەزگـای ئاراس، هەولێر:٢٠٠٢

٨. جەلیلی جەلیل: هەندێ سیمای ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتـوریی کـورد لـە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، و/ لـە ڕووسـی: ئـەنوەر قادر محەممەد، ستۆکهۆلم:١٩٩٣

٩. جـەمال خەزنـەدار(کۆکردنـەوە و پێشـەکی): بـانگی کوردسـتان، چـاپخانەی (دار الحریە)، بەغدا:١٩٧٤

١٠. جـەمال خەزنـــەدار: ڕابـەری ڕۆژنامەگـەری کـوردی، چـاپخانەی(الجمهوريـه)، بەغدا:١٩٧٣

١١. جەمال خەزنەدار: ڕۆژی کورد ١٩١٣، چاپخانەی(المؤسسه العراقيه)، بەغدا، ١٩٨١

١٢. جەمال خەزنەدار(کۆکردنەوە و پێشەکی): ڕۆژی کوردسـتان ١٩٢٢-١٩٢٣، چـاپخانەی (دار الحريه)، بەغدا:١٩٧٣

١٣. حەمـە سـاڵح فـەرهادی:چـەند لايـەنێکی ڕۆژنامەنووسـی کـوردی، چـاپخانەی (الحوادپ)،بەغدا:١٩٨٨

١٤. خورشـــيد ڕەشـــيد ئەحمـــەد: ڕێبـــازی ڕۆمـــانتيکی لـــە ئـــەدەبی کوردیـــدا، چاپخانەی(الجاحظ)، بەغدا:١٩٨٩

١٥. ڕەفيـق حلمـی: شـعر و ئـەدەبياتی کـوردی، ب١،٢، چ٢، چـاپخانەی(التعلـيم العـالی)، هەولێر:١٩٨٨

١٦. ڕەفيق ساڵح(ئامادەکردن): ڕۆژنامەی ژيان، ژمارە ١-٨١، يەکەم بەرگ، لێکۆڵينـەوەی: د.کەمال فوئاد و سديق ساڵح، چاپخانەی بەدرخان، سلێمانی:٢٠٠١

١٧. ڕەفيـق سـاڵح(ئامـادەکردن): سـێ ڕۆژنامـەی ڕۆژگـاری شـێخی نـەمر١٩٢٣-١٩٢٤، لێکۆڵينەوەی: د.کەمال فوئاد و سديق ساڵح، چاپخانەی بەدرخان، سلێمانی:٢٠٠١

١٨. ڕەفيـق سـاڵح(ئامـادەکردن): گۆڤـاری ديـاريی کوردسـتان١٩٢٥-١٩٢٦، لێکۆڵينـەوەی: نەوشيروان مستەفا ئەمين و سديق ساڵح، دەزگای سەردەم، سلێمانی:٢٠٠١

١٩. عەبدولجەبار محەممەد جەباری: مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، چاپخانەی ژيـن، سلێمانی:١٩٧٠

٢٠. عەبدولسـەمەد ئيسلام تـەها: ڕەنگدانـەوەی ئـەدەب لـە گۆڤـاری هـاواردا، دەزگـای ئاراس، هەولێر:٢٠٠٢

٢١. عەبدوڵڵا حەداد(د.): ئەدەبی کوردی و پێنج ژمـارەی هەفتەنامـەی (کوردسـتان)ی ساڵی١٩١٩، چاپخانەی کريستال، هەولێر:١٩٩٨

٢٢. عەبـدوڵڵا زەنگەنـە: ژيانـەوە و شـوێنی لـە ڕۆژنامەنووسـيی کوردیـدا١٩٢٤-١٩٢٦، پێشـەکی و پێداچـوونەوەی: د. کـەمال مەزهـەر ئەحمـەد، دەزگـای موکريـانی، هەولێر:١٩٩٩

٢٣. عەزيز گەردی(د.): سەروا، دەزگای ئاراس، هەولێر:١٩٩٩

٢٤. عەزیز گەردی: کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر:١٩٩٩
٢٥. عەلائەدین سەجادی:مێژووی ئەدەبی کوردی، چ٢، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا:١٩٧١
٢٦. عەلائەدین سەجادی:مێژووی ڕاپەڕینی کورد، چ٢، ئینتیشاراتی محەممەدی، سەقز:١٩٩٦
٢٧. عەلی تەتەر: بزاڤا سیاسی ل کوردستانێ، دەزگای سپیرێز، دهۆك:٢٠٠٢
٢٨. عەلی ناجی کاکە ئەمین عەتار و سیروان بەکر سامی(کۆکردنەوە و ئامادەکردن بۆ چاپ): پێشکەوتن یەکەمین ڕۆژنامەی سلێمانی١٩٢٠-١٩٢٢، پێشەکی: د.مارف خەزنەدار، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر:١٩٨٨
٢٩. عیزەدین مستەفا ڕەسوول(د.): ئەدەبیاتی نوێی کوردی، چاپخانەی (التعلیم العالی)، هەولێر:١٩٩٠
٣٠. فاروق عەلی عومەر: ڕۆژنامەگەریی کوردی لە عیراقدا – بەراییەکان١٩١٤-١٩٣٩، و: تاریق کارێزی، دەزگای موکریانی، هەولێر:٢٠٠١
٣١. فەرهاد پیربال(د.): ڕۆژنامەگەری کوردی بە زمانی فەرەنسی، سەنتەری برایەتی، هەولێر:١٩٩٨
٣٢. فەرهاد پیربال(د.): عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری – تازەکردنەوەی شیعری کوردی و داهێنانی شانۆنامە لە ئەدەبیاتی کوردیدا، دەزگای سپیرێز، دهۆك:٢٠٠٢
٣٣. فەرهاد پیربال(د.)(کۆکردنەوە و لەسەر نووسین): گۆڤاری کوردستان١٩١٩-١٩٢٠ ئەستەمبول، بڵاوکراوەی دەزگای گوڵان، هەولێر:١٩٩٨
٣٤. کامەران ئەحمەد محەممەد ئەمین: کوردستان لە نێوان ململانێی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا(١٨٩٠-١٩٣٢)، دەزگای سەردەم، سلێمانی:٢٠٠٠
٣٥. کەمال فوئاد(د.): کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی١٨٩٨-١٩٠٢، چاپخانەی(اخلاص)، بەغدا:١٩٧٢
٣٦. کەمال مەزهەر ئەحمەد(د.): تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا:١٩٧٨

٣٧. كوردســتان موكريــانى(د.)(ئامــادەكردن و پێشــەكى): زارى كرمــانجى، دەزگــاى موكريانى، هەولێر:٢٠٠٢

٣٨. مارف خەزنەدار(د.): لە بابەت مێژووى ئەدەبى كوردى يـەوە، چـاپخانەى(المؤسسـه العراقيه)، بەغدا:١٩٨٤

٣٩. مارف خەزنەدار(د.): مێژووى ئەدەبى كوردى، ب١، دەزگاى ئاراس، هەولێر:٢٠٠١

٤٠. نەوشيروان مستەفا ئەمين: چەند لاپەڕەيەك لە مێـژوى ڕۆژنامـەوانى كـوردى، ب١، دەزگاى سەردەم، سلێمانى:٢٠٠١

٤١. نەوشيروان مستەفا ئەمين: چەند لاپەڕەيەك لە مێژوى ڕۆژنامـەوانى كـوردى، ب٢، چاپخانەى شڤان، سلێمانى:٢٠٠٢

٤٢. نەوشــيروان مســتەفا ئــەمين: حكوومــەتى كوردســتان، چ٢، چـاپخانەى وەزارەتــى ڕۆشنبيرى، هەولێر:١٩٩٣

٤٣. هەژار: هەنبانە بۆرينە، سروش، تەهران:١٣٦٩


## ب – كتێب بە ڕێنووسى لاتينى


٤٤. HAZIM KILIC: Helbestvan u Niviskareki Welatparez Evdirehim Rehmiye Hekari, Wesanxana Xani& batayi, DANMARK:١٩٩١

٤٥. M. EMIN BOZARSLAN:JIN KOVARA KURDI-TIRKI ١٩١٨-١٩١٩, Cild(١), Wesanxana Deng, Uppsala-Swed: ١٩٨٥

٤٦. M. EMIN BOZARSLAN:JIN KOVARA KURDI-TIRKI ١٩١٨-١٩١٩, Cild(٢), Wesanxana Deng, Uppsala-Swed: ١٩٨٥

٤٧. M. EMIN BOZARSLAN:JIN KOVARA KURDI-TIRKI ١٩١٨-١٩١٩, Cild(٣), Wesanxana Deng, Uppsala-Swed: ١٩٨٦

٤٨. M. EMIN BOZARSLAN:JIN KOVARA KURDI-TIRKI ١٩١٨-١٩١٩, Cild(٤), Wesanxana Deng, Uppsala-Swed: ١٩٨٧

٤٩. M. EMIN BOZARSLAN:JIN KOVARA KURDI-TIRKI ١٩١٨-١٩١٩, Cild(٥), Wesanxana Deng, Uppsala-Swed: ١٩٨٨

## ج – دیوانە شیعر

٥٠. ئەسـیری، کۆکردنـەوە و لەسـەر نووسـین: مسـتەفا عەسـکەری، ب١، چ١، چاپخانەی(الحوادپ)، بەغدا:١٩٨٧

٥١. بێکەس، ڕێکخستن و پێشەکی نووسین و سەرپەرشتی چاپکردن: محمد مـلا کـریم، چ٢، چاپخانەی (الادیب)، بەغدا:١٩٨٠

٥٢. پیرەمێرد، لێکۆڵینەوە و دەرکردنی: محمد رسول هاوار، بەغدا:١٩٧٠

٥٣. حاجی قادری کـۆیی، لێکۆڵینـەوە و لێکدانـەوەی: سـەردار حەمیـد مـیران و کـەریم مستەفا شارەزا، پێداچوونەوەی: مەسعود محەممەد، بەغدا:١٩٨٦

٥٤. زێوەر: بەشی یەکەم لە دیوانی زێوەر، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا:١٩٥٨

٥٥. شـێخ نـوری شـێخ سـاڵح، کۆکردنـەوە و سـاغ کردنـەوە و لەسـەر نووسـین: ئـازاد عەبدولواحید، ب١، بەشی دووەم، چاپخانەی (الجاحف)، بەغدا:١٩٨٩

٥٦. نـالی، لێکۆڵینـەوە و لێکدانـەوەی: مـەلا عبـدالکریمی مـدرس و فـاتح عبـدالکریم، پێداچوونەوەی: محمدی ملا کریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا:١٩٧٦

## د – گۆڤار و ڕۆژنامە

٥٧. ئەحمەد شەریفی: دوکتۆر مستەفا شەوقی، گۆڤاری سروە، ژمارە ٦٢، ورمێ:١٣٧٠

٥٨. ئەمیری حەسەنپور و حەسـەنی قـازی: بەسـەرهاتی دوکتـۆر مستەفای قـازی زادە، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژمارە ٦-٧، هەولێر: زستانی٢٠٠١

٥٩. ئیسـماعیل بـادی: پێداچوونەك د پـەرتوکا (هۆزانڤـان و نڤیسـەڤانێ کـورد "عبـد الرحیم رەحمی هەکاری"دا)، گۆڤاری ڤەژین، ژمارە ١٧، دهۆك: پائیز١٩٩٩

٦٠. ساڵح یوسف سۆڤی: کۆمەڵا(هیڤی) یا خوێندکارێت کورد، گۆڤاری ڤـەژین، ژمـارە ٢١، دهۆك: زڤستان٢٠٠١

٦١. شەوکەت تاهیر سندی: عبد الرحیم رەحمی هەکاری – ژین – بەرهەم – داهێنـان، گۆڤاری ڤەژین، ژمارە ١٣، دهۆك: پائیز١٩٩٨

٦٢. عەبدولڕەزاق بیمار: دانیشتنێك لەگەڵ گۆران دا، گۆڤـاری بـەیان، ژمـارە ٢، بەغـدا: ١٩٧٠

٦٣. عەبدوللا زەنگەنە: (ژین) گۆڤاری سەردەمی سەرەتای ڕاچەنینەکانی کورد، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژمارە٦-٧،هەولێر:زستانی٢٠٠١
٦٤. عەبدوللا محەممەد حەداد: شیعرەکانی مستەفا شەوقی قازی زادە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ١١٢، بەغدا: ١٩٨٦
٦٥. فەرهاد پیربال(د.): عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری — تازەکەرەوەی شیعری نوێی کوردی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی — زانستە مرۆڤایەتیەکان، ژمارە ٨-B، سلێمانی:٢٠٠١
٦٦. فەرهاد پیربال(د.): مێژولکەی یەکەمین چاپخانە کوردیەکان، گۆڤاری ڕابوون، ژمارە١٠-١١، سوید:١٩٩٤
٦٧. کەریم شارەزا: ئەسیری شاعیری شەیدای کوردستان، گۆڤاری بەیان، ژمارە١٣، بەغدا: مایسی١٩٧٤
٦٨. کەریم شارەزا: مامەند کەرکوکی کێ یە، گۆڤاری بەیان، ژمارە١٨، بەغدا: تشرینی یەکەمی١٩٧٤
٦٩. مارف خەزنەدار(د.): هەندێ دەستنوسی کوردیی مینۆرسکی لە لینیگراد، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ژمارە٤٣-٤٤، بەغدا: کانوونی دووەمی١٩٧٧
٧٠. مالمیسانژ و مەحمود لەوەندی: (ژین)ی ئەستەنبۆل (ڕۆژنامە)، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژمارە٦-٧، هەولێر: زستانی ٢٠٠١
٧١. مەحمووود زامدار: دەوری ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ژیانی ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی گەلی کورد دا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە١١٣، بەغدا:١٩٨٧
٧٢. مەحمووود زامدار: هەتاوی کورد و سەردەمی ڕاپەرین، گۆڤاری کاروان، ژمارە٥٣، هەولێر:شوبات و مارتی١٩٨٧
٧٣. محەممەد بەکر محەممەد: ئەدگارەکانی نوێکردنەوە لە شیعری (ڕەحمیی هەکاری)دا، گۆڤارا زانکۆیا دهۆك، هژمار٦، پەڕبەند٢١، دهۆك: نیسانا١٩٩٩

## هـ — گۆڤار و ڕۆژنامە کۆنەکان

٧٤. ڕۆژنامەی کورد، ژمارە١، ئەستەمبول:٢٢-١١-١٣٢٤ (٥-١٢-١٩٠٨)
٧٥. ڕۆژنامەی کورد، ژمارە٢، ئەستەمبول:٢٩-١١-١٣٢٤ (١٢-١٢-١٩٠٨)

٧٦. ڕۆژنامەی کورد، ژمارە٥، ئەستەمبول: -١٢-١٣٢٤ (-١٩٠٨)!؟
٧٧. ڕۆژنامەی کورد، ژمارە٦، ئەستەمبول:٢٧-١٢-١٣٢٤ (٩-١-١٩٠٩)
٧٨. ڕۆژنامەی کورد، ژمارە٧، ئەستەمبول:٣-١-١٣٢٤ (١٦-١-١٩٠٩)
٧٩. گۆڤاری ڕۆژی کورد، ژمارە٤، ئەستەمبول:٣٠-٨-١٣٢٩ (١٢-٩-١٩١٣)
٨٠. گۆڤاری هەتاوی کورد، ژمارە١، ئەستەمبول:١١-١٠-١٣٢٩ (٢٤-١٠-١٩١٣)
٨١. گۆڤاری هەتاوی کورد، ژمارە١٠، ئەستەمبول:٢٠-٦-١٣٣٠ (٣-٧-١٩١٤)
٨٢. گۆڤاری بانگی کورد، ژمارە٣، بەغدا:١٣٣٠(١٩١٣)
٨٣. گۆڤاری بانگی کورد، ژمارە٤، بەغدا:٢٤-٣-١٣٣٠ (٦-٤-١٩١٤)
٨٤. گۆڤاری ژین، ژمارە ١، ئەستەمبول: ٧-١١-١٣٣٤ (١٩١٨)
٨٥. گۆڤاری ژین، ژمارە ٢، ئەستەمبول: ١٤-١١-١٣٣٤ (١٩١٨)
٨٦. گۆڤاری ژین، ژمارە ٣، ئەستەمبول: ٢٠-١١-١٣٣٤ (١٩١٨)
٨٧. گۆڤاری ژین، ژمارە ٤، ئەستەمبول: ٢٨-١١-١٣٣٤ (١٩١٨)
٨٨. گۆڤاری ژین، ژمارە ٥، ئەستەمبول: ١٢-١٢-١٣٣٤ (١٩١٨)
٨٩. گۆڤاری ژین، ژمارە ٦، ئەستەمبول: ٢٥-١٢-١٣٣٤ (١٩١٨)
٩٠. گۆڤاری ژین، ژمارە ٧، ئەستەمبول: ٢-١-١٣٣٥ (١٩١٩)
٩١. گۆڤاری ژین، ژمارە ٨، ئەستەمبول: ٩-١-١٣٣٥ (١٩١٩)
٩٢. گۆڤاری ژین، ژمارە ٩، ئەستەمبول: ١٦-١-١٣٣٥ (١٩١٩)
٩٣. گۆڤاری ژین، ژمارە ١٠، ئەستەمبول: ٢-٢-١٣٣٥ (١٩١٩)
٩٤. گۆڤاری ژین، ژمارە ١١، ئەستەمبول: ١٥-٢-١٣٣٥ (١٩١٩)
٩٥. گۆڤاری ژین، ژمارە ١٢، ئەستەمبول: ٢٥-٢-١٣٣٥ (١٩١٩)
٩٦. گۆڤاری ژین، ژمارە ١٣، ئەستەمبول: ١٠-٣-١٣٣٥ (١٩١٩)
٩٧. گۆڤاری ژین، ژمارە ١٤، ئەستەمبول: ٢١-٣-١٣٣٥ (١٩١٩)
٩٨. گۆڤاری ژین، ژمارە ١٥، ئەستەمبول: ٣٠-٣-١٣٣٥ (١٩١٩)
٩٩. گۆڤاری ژین، ژمارە ١٦، ئەستەمبول: ١٠-٤-١٣٣٥ (١٩١٩)
١٠٠. گۆڤاری ژین، ژمارە ١٧، ئەستەمبول: ٢-٤-١٣٣٥ (١٩١٩)
١٠١. گۆڤاری ژین، ژمارە ١٨، ئەستەمبول: ٨-٥-١٣٣٥ (١٩١٩)

١٠٢. گۆڤاری ژین، ژماره ١٩، ئەستەمبول: ٢٢-٥-١٣٣٥ (١٩١٩)
١٠٣. گۆڤاری ژین، ژماره ٢٠، ئەستەمبول: ٤-٦-١٣٣٥ (١٩١٩)
١٠٤. گۆڤاری ژین، ژماره ٢١، ئەستەمبول:١٨-٦-١٣٣٥ (١٩١٩)
١٠٥. گۆڤاری ژین، ژماره ٢٢، ئەستەمبول: ٢-٧-١٣٣٥ (١٩١٩)
١٠٦. گۆڤاری ژین، ژماره ٢٣، ئەستەمبول: ٢٨-٧-١٣٣٥ (١٩١٩)
١٠٧. گۆڤاری ژین، ژماره ٢٤، ئەستەمبول: ٣-٩-١٣٣٥ (١٩١٩)
١٠٨. گۆڤاری ژین، ژماره ٢٥، ئەستەمبول: ٢-١٠-١٣٣٥ (١٩١٩)
١٠٩. گۆڤاری کوردستان، ژماره٢، ئەستەمبول: ٩-٢-١٣٣٥ (١٩١٩)
١١٠. گۆڤاری کوردستان، ژماره٤، ئەستەمبول: ١٥-٣-١٣٣٥ (١٩١٩)
١١١. گۆڤاری کوردستان، ژماره٥، ئەستەمبول: ٣-٤-١٣٣٥ (١٩١٩)
١١٢. گۆڤاری کوردستان، ژماره٦، ئەستەمبول: ٢٢-٤-١٣٣٥ (١٩١٩)
١١٣. گۆڤاری کوردستان، ژماره٩، ئەستەمبول: ١١-٦-١٣٣٥ (١٩١٩)
١١٤. ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژماره ١١، سلێمانی: ٨-٧-١٩٢٠
١١٥. ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژماره ٥٠، سلێمانی: ٧-٤-١٩٢١
١١٦. ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژماره ٥١، سلێمانی: ١٤-٤-١٩٢١
١١٧. ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژماره ٥٢، سلێمانی: ٢١-٤-١٩٢١
١١٨. ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژماره ٧٦، سلێمانی: ٦-١٠-١٩٢١
١١٩. ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژماره ٧٨، سلێمانی: ٢٠-١٠-١٩٢١
١٢٠. ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژماره ٨١، سلێمانی: ١٠-١١-١٩٢١
١٢١. ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژماره ٨٢، سلێمانی: ١٧-١١-١٩٢١
١٢٢. ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژماره ٩٢، سلێمانی: ٢٦-١-١٩٢٢
١٢٣. ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژماره ٩٩، سلێمانی: ١٦-٣-١٩٢٢
١٢٤. ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژماره ١٠١، سلێمانی: ٣٠-٣-١٩٢٢
١٢٥. ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژماره ١٠٩، سلێمانی: ٢٥-٥-١٩٢٢
١٢٦. ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژماره ١١٠، سلێمانی: ١-٦-١٩٢٢
١٢٧. ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژماره ١١٦، سلێمانی: ١٣-٧-١٩٢٢
١٢٨. ڕۆژنامەی بانگی کوردستان، ژماره ١، سلێمانی: ٢-٨-١٩٢٢

١٢٩. ڕۆژنامەی بانگی کوردستان، ژمارە ٣، سلێمانی: ٢١-٨-١٩٢٢
١٣٠. ڕۆژنامەی بانگی کوردستان، ژمارە ٦، سلێمانی: ١٨-٩-١٩٢٢
١٣١. ڕۆژنامەی بانگی کوردستان، ژمارە ٧، سلێمانی: ٢٢-٩-١٩٢٢
١٣٢. ڕۆژنامەی بانگی کوردستان، ژمارە ٩، سلێمانی: ٨-١٠-١٩٢٢
١٣٣. ڕۆژنامەی بانگی کوردستان، ژمارە ١٤-١، سلێمانی: ٢٨-١-١٩٢٦
١٣٤. ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان، ژمارە ٥، سلێمانی: ٢٠-١٢-١٩٢٢
١٣٥. ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان، ژمارە ٩، سلێمانی: ١٧-١-١٩٢٣
١٣٦. ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان، ژمارە ١٣، سلێمانی: ١٧-٢-١٩٢٣
١٣٧. ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستیقلال، ژمارە ١، سلێمانی: ٢٠-٩-١٩٢٣
١٣٨. ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستیقلال، ژمارە ٣، سلێمانی: ٤-١٠-١٩٢٣
١٣٩. ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستیقلال، ژمارە ٥، سلێمانی: ١٨-١٠-١٩٢٣
١٤٠. ڕۆژنامەی ژیانەوە، ژمارە ٣، سلێمانی: ١-٩-١٩٢٤
١٤١. ڕۆژنامەی ژیانەوە، ژمارە ١٢، سلێمانی: ٩-١-١٩٢٥
١٤٢. ڕۆژنامەی ژیانەوە، ژمارە ١٤، سلێمانی: ٢-٢-١٩٢٥
١٤٣. ڕۆژنامەی ژیانەوە، ژمارە ٤٣، سلێمانی: ٨-١٠-١٩٢٥
١٤٤. ڕۆژنامەی ژیانەوە، ژمارە ٤٧، سلێمانی: ٥-١١-١٩٢٥
١٤٥. گۆڤاری دیاریی کوردستان، ژمارە٧، بەغدا: ١٨-٦-١٩٢٥
١٤٦. گۆڤاری دیاریی کوردستان، ژمارە١٠، بەغدا: ٢١-١٠-١٩٢٥
١٤٧. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٩، سلێمانی: ١٨-٣-١٩٢٦
١٤٨. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ١٠، سلێمانی: ٢٥-٣-١٩٢٦
١٤٩. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٤٥، سلێمانی: ٩-١٢-١٩٢٦
١٥٠. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٤٩، سلێمانی: ٦-١-١٩٢٧
١٥١. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٥٤، سلێمانی: ١٧-٢-١٩٢٧
١٥٢. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٥٨، سلێمانی: ١٧-٣-١٩٢٧
١٥٣. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٦٠، سلێمانی: ٣١-٣-١٩٢٧
١٥٤. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٨٠، سلێمانی: ١-٩-١٩٢٧
١٥٥. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٨٧، سلێمانی: ٢٥-١٠-١٩٢٧

١٥٦. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٩١، سلێمانی: ٢٢-١١-١٩٢٧
١٥٧. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٩٤، سلێمانی: ١٣-١٢-١٩٢٧
١٥٨. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ١٠١، سلێمانی: ٩-٢-١٩٢٨
١٥٩. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٢٤٦، سلێمانی: ١٩-٦-١٩٣٠
١٦٠. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٢٩٠، سلێمانی: ٦-٨-١٩٣١
١٦١. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٢٩١، سلێمانی: ١٧-٨-١٩٣١
١٦٢. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٣١٦، سلێمانی: ٢٤-٣-١٩٣٢
١٦٣. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٣١٨، سلێمانی: ٧-٤-١٩٣٢
١٦٤. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٣٢٠، سلێمانی: ٢٨-٤-١٩٣٢
١٦٥. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٣٢١، سلێمانی: ٩-٥-١٩٣٢
١٦٦. گۆڤاری زاری کرمانجی، ژمارە ١، ڕواندز: ٢٥-٥-١٩٢٦
١٦٧. گۆڤاری زاری کرمانجی، ژمارە ٥، ڕواندز: ١٧ ی ڕەبیعی دووەم ١٣٤٥ ك
١٦٨. گۆڤاری زاری کرمانجی، ژمارە ٦، ڕواندز: ١٥ ی جەمادی یەکەم ١٣٤٥
١٦٩. گۆڤاری زاری کرمانجی، ژمارە ٨، ڕواندز: ٢٠-٢-١٩٢٧
١٧٠. گۆڤاری زاری کرمانجی، ژمارە ٩، ڕواندز: ٢-٦-١٩٢٧
١٧١. گۆڤاری زاری کرمانجی، ژمارە ١٠، ڕواندز: ٣-٧-١٩٢٧
١٧٢. گۆڤاری زاری کرمانجی، ژمارە ١١، ڕواندز: ١٤-٩-١٩٢٧
١٧٣. گۆڤاری زاری کرمانجی، ژمارە ١٣، ڕواندز: ٢٩-٣-١٩٢٨
١٧٤. گۆڤاری زاری کرمانجی، ژمارە ١٥، ڕواندز: ١١-١١-١٩٢٨
١٧٥. گۆڤاری زاری کرمانجی، ژمارە ٢١، ڕواندز: ٦-٤-١٩٣٠
١٧٦. گۆڤاری زاری کرمانجی، ژمارە ٢٢، ڕواندز: ٣٠-٤-١٩٣٠
١٧٧. گۆڤاری زاری کرمانجی، ژمارە ٢٣، ڕواندز: ٤-٦-١٩٣٠

**و – نامەی ماستەر و دکتۆرا**

١٧٨. ئازاد عەبدولواحید کەریم: نوێکردنەوە لە شیعری کوردی دا دوای جەنگی جیهانی یەکەم، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغدا، کۆلێژی پەروەردە (ابن رشد): ١٩٩٥

١٧٩. پەرێز صابر: ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب: ١٩٩٨
١٨٠. عەلی تاهیر حسێن: کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان: ٢٠٠٠
١٨١. کامیران محمد نبی بەرواری: جێگەی ئەحمەدی نالبەند لە شیعری نوێ ی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیجی ئاداب: ١٩٩٩

## ز - چاوپێکەوتن

١٨٢. عادل گەرمیانی(د.)، ٢٥-٦-٢٠٠٣
١٨٣. مارف خەزنەدار(د.)، ٢٤-٦-٢٠٠٣
١٨٤. هیمدادی حوسێن(د.)، ١-٦-٢٠٠٣

## *دووەم – بە زمانی عەرەبی*

## ا - کتێب

١٨٥. القران الكريم
١٨٦. ابوبكر عبدالخالق البزار: مسند البزار، تحقيق: د.محفوظ الرحمن زين الله، ط١، ج١، مؤسسة علوم القران، بيروت:١٤٠٩هـ
١٨٧. احمد شوكت(د.) و د. رجاء عيد: مقومات الشعر العربي الحديث والمعاصر، دار الفكر العربي للطباعة، كويت: ؟
١٨٨. احمد مطلوب(د.): معجم النقد العربي القديم، ج١، دار الشؤون الثقافية، بغداد:١٩٨٩
١٨٩. كاتب ؟: معجم (المنجد) في اللغة العربية المعاصرة، دار الشرق، بيروت: ؟
١٩٠. بله ج شيركو: القضية الكردية ماضي الكرد و حاضرهم، منشورات جمعية خويبون، ط٢، بيروت:١٩٨٦
١٩١. بى رهش: بارزان وحركة الوعي القومي الكردي١٨٢٦-١٩١٤، ؟، ؟: ١٩٨٠
١٩٢. جلال الخياط(د.): الشعر العراقي الحديث، دار الصادر، بيروت:١٩٧٠
١٩٣. جلال الخياط(د.) و د.صالح جواد الطعمة: تاريخ الادب العربي الحديث، ط١٧، مطبعة المعاني، بغداد:١٩٧٥

١٩٤. روهات الاكوم: خويبون وثورة اكري، ت: رابطة كاوا للثقافة الكردية، مطبعة اوفيست، هه ولير:٢٠٠٠
١٩٥. زنار سلوبي: في سبيل كردستان (مذكرات)، ت:ر.علي، دار الكاتب، بيروت:١٩٨٧
١٩٦. سروة اسعد صابر: كوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل ١٩١٤-١٩٢٦، مؤسسة موكرياني، اربيل:٢٠٠١
١٩٧. سوزان بيرنار: قصيدة النثر من بودلير الى ايامنا، ت: د.زهير مجيد مغامس، مطبعة دار المامون، بغداد:١٩٩٣
١٩٨. طراد الكبيسي: شجر الغابة الحجري، مطبعة الشعب، بغداد:١٩٧٥
١٩٩. طراد الكبيسي: الغابة و الفصول، مطبعة دار الحرية، بغداد:١٩٧٩
٢٠٠. عبدالرزاق الهلالي: تاريخ التعليم في العراق في العهد العثماني ١٦٣٨-١٩١٧م، الاهلية ذ.م.م، بغداد:١٩٥٩
٢٠١. عبدالستار طاهر شريف: الجمعيات و المنظمات و الاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، مطبعة دار الشؤون الثقافية، بغداد:١٩٨٩
٢٠٢. عبد اللطيف بندر اوغلو: اشارات اولية في الشعر التركي، منشورات دار الجاحظ للنشر، بغداد:١٩٨٣
٢٠٣. عبد اللطيف بندر اوغلو: قصائد مختارة من الشعر التركي الحديث، ؟، الكويت:١٩٧٩
٢٠٤. عبدالمجيد هندي(د.): الشعر العربي الحديث، مطابع سجل العرب، القاهرة:١٩٧٥
٢٠٥. عبدالواحد لؤلؤة(د.): النفخ في الرماد، دراسات نقدية، دار الرشيد للنشر، بغداد:١٩٨٢
٢٠٦. عيسى الناعوري(د.): ادب المهجر، ط٣، دار المعارف بمصر، القاهرة:١٩٧٧
٢٠٧. فريمان جرنفيل: التقويمان الهجري والميلادي، ت/عن الانكليزية: د.حسام الدين الالوسي، مطبعة الجمهورية، بغداد:١٩٧٠
٢٠٨. كمال خير بك(د.): حركة الحداثة في الشعر العربي المعاصر، ط٢، مطبعة دار الفكر، بيروت:١٩٨٦
٢٠٩. كمال مظهر احمد(د.): دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية، مطبعة الحوادث، بغداد:١٩٧٨

٢١٠. مالكوم برادبري و جيمس ماكفارلن: الحداثة، ت: مؤيد حسن فوزي، ج٢، مطبعة دار المامون، بغداد:١٩٩٠

٢١١. ماليسانز: بدرخانيو جزيرة بوتان، ت:شكور مصطفى، مطبعة وزارة الثقافة، اربيل:١٩٩٨

٢١٢. ماليسانز: القومية الكردية و د.عبدالله جودت، ت:شكور مصطفى، ط١، مطبعة وزارة التربية، اربيل: ٢٠٠٠

٢١٣. محمد بن سلامة القضاعي: مسند الشهاب، تحقيق:حمدي عبدالمجيد، ط٢، ج١، مؤسسة الرسالة، بيروت:١٩٨٦

٢١٤. محمد حسين الاعاجمي(د.): الصراع بين القديم و الجديد في الشعر العربي، دار الحرية للطباعة، بغداد: ١٩٧٨

٢١٥. محمد غريب عبدالمجيد: الادب التركي الحديث والمعاصر، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة:١٩٧٥

٢١٦. معروف خزندار(د.): موجز تاريخ الادب الكردي المعاصر، ت:د. عبدالمجيد شيخو، ؟، ؟، ١٩٩٣

## ب - رۆژنامه

٢١٧. جمال زنكنه: اول جمعية ثقافية كردية جمعية عزمي قوي كردستان، جريدة خبات، العدد٦٨٢، اربيل: تموز١٩٩٣

## ج - ئەنتەرنێت

٢١٨. هشام غصيب(د.): الخطاب الفكري العربي و تحديات الحداثة، http://www.google.com

## د – نامەی دکتۆرا

٢١٩. عبدالله محمد علي: كردستان في عهد الدولة العثمانية من منتصف القرن التاسع عشر الى بدء الحرب العالمية الاولى، رسالة دكتورا، جامعة صلاح الدين، كلية الاداب:١٩٩٨

## ***سێیەم – بە زمانی فارسی***

**ا - کتێب**

٢٢٠. عبد الرفیع حقیقت (تحقیق و تالیف): شاعران بزرگ ایران از رودکی تا بهار، انتشارات کومش، تهران:١٣٨١

٢٢١. کندال، عصمت شریف وانلی- مصطفی نازدار: کردها، ت:ابراهیم یونسی، انتشارات روزبهان، چ٢، تهران:١٣٧٢

٢٢٢. محمد رؤوف توکلی: تاریخ تصوف در کردستان، انتشارات توکلی، چ١، تهران:١٣٧٨

**ب - گۆڤار**

٢٢٣. پرویز ناتل خانلری(د.): پست و بلند شعر نو، مجله سخن، شماره٢، خرداد١٣٤١،لاپەڕە(١٤١-١٥١)

٢٢٤. پرویز ناتل خانلری(د.): پست و بلند شعر نو، مجله سخن، شماره٣، تیر١٣٤١، لاپەڕە(٢٥٩-٢٦٧)

## ***چوارەم – بە زمانی ئینگلیزی***

**- کتێب**

٢٢٥. Guddon,J.A: A Dictionary of Literary Terms, Penguin Books, England:١٩٧٩

٢٢٦. Merriam, G,C: Websters Third New International Dictionary, Philippines Copy Right, USA:١٩٧١

# الخـلاصة

هذا الكتاب الموسوم بـ (ملامح التجديد في الشعر الكوردي ١٨٩٨ – ١٩٣٢)، محاولة لتحديد تلك الملامح والتغيرات الجديدة التي دخلت على الشعر الكوردي المنشور في الصحف والمجلات شكلاً ومضموناً، بدءاً من صدور اول جريدة كوردية (كوردستان – ١٨٩٨) وصولاً الى صدور العدد الاول من مجلة (هاوار – ١٩٣٢)، ومن خلال ذلك تمكن المؤلف من التعرف وتحديد الشعراء الذين كانت لهم الريادة في مجال التجديد في الشعر الكوردي.

يتألف الكتاب من مقدمة وثلاثة فصول، فقد تناول الفصل الاول بيان مفهوم التجديد وتحديد مراحله في الشعر التركي والعربي والفارسي، وبيان اهم العوامل التي مهدت لظهور التجديد في الشعر الكوردي ولاسيما عامل الصحافة باعتباره عاملاً مؤثراً لحركة التجديد في الشعر الكوردي. كما تم التطرق في هذا الفصل الى الجذور الأولية للتجديد في اشعار حاجي قادري كويي المنشورة.

اما الفصل الثاني فبعد الحديث عن انشطة نشر الاشعار في مجلتي (ژين – اسطنبول – ١٩١٨) و (كوردستان – اسطنبول - ١٩١٩)، تم اظهار دور كل من عبد الرحيم هكاري ومصطفى شوقي قازى زادة في حركة التجديد في الشعر الكوردي.

وفي الفصل الثالث فقد تم توضيح الانشطة التي دعت الى نشر الشعر في الصحف والمجلات الكوردية للفترة الممتدة بين (١٩٢٠ – ١٩٣٢) وتحديد اسماء الشعراء وعدد اشعارهم المنشورة. فضلاً عن ذلك تضمن الكتاب دراسة شكل ومضمون الشعر الكوري المنشور للفترة المذكورة وذلك من اجل القاء الضوء على عملية الابداع والتغيرات الجديدة التي حلت بالشعر الكوردي.

# ABSTRACT

This thesis **" Innovation features of Kurdish poetry 1898 – 1932 "** is an attempt to point out new features and changes that the form and the content of Kurdish published poetry underwent in reviews and papers ( Kurdistan –1898) till the appearance of the first issue of **Hawar** review **1932**.And also to clarify the role of the poets who presented these changes and had their influence on the innovation of Kurdish poetry.

The thesis consists of an introduction and Three chapters, followed by the most important conclusions.

Chapter One deals with innovation concepts and its classification and stages in Turkish, Arabic and Persian poetry in addition to the factors behind the innovation of Kurdish poetry. Then the study goes into details about the role of journalism in that innovation as an effective factor. More over, it finds out the elementary roots of the innovation, especially in published poetry of **Haji Qadiri Koyi.**

Chapter Two is devoted to the explanation of the poetry publication movement in the reviews: ( Zhin-Istanbul-1918) and (Kurdistan- Istanbul-1918); then the role of the innovator poets : **Abdul-Rahim Rahmi Hakari** and **Mustafa Shawqi Qazi Zada.**

Chapter Three studies the movement of publishing poetry in reviews and papers from 1920 to 1932 and the presentation of the name of each poet and the number of the poems he published in Two separate axes devoted to the form and the content. The chapter also studies the creation and new elements emerged in Kurdish published poetry (1920-1932).

In the end the most important conclusions have been set down.